# ئەفسانەکانی خۆرهەڵات



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١ تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١

شوێنی ئاراس لە تۆڕی ئینتەرنێتدا:

www.araspublisher.com

یوری کراسنی

# ئەفسانەکانی خۆرهەڵات

وەرگێڕانی: غەریب پشدەری



ناوی کتێب: ئەفسانەکانی خۆرهەڵات
گێڕانەوەی: یوری کراسنی
گۆڕینی بۆ فارسی: گل اقا دانشیان
گۆڕینی بۆ کوردی: غەریب پشدەری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٠٥
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەری: دلاوەر صادق ئەمین
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٥)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# پێشدەستی

نەخش و نیگارەکانی سەر بەڕە و مافوور و قاڵییەکانی قەوقازی و زیوکارییە جوانەکانیان و هەڵکەندنی نەخشی سەر بەرد و دارەکانیان، تا بڵێی یەکجار زۆر سەر سوڕهێن و سەرسام ئاوەرن.

ئەدی ئاهەنگ و گۆرانی و ساز و ئاواز و شایی و هەڵپەڕکێی خەڵکی قەوقاز، ئەوە هەر مەپرسە چەندە گەرم و گوڕ و جوان و ڕازاوە و بەجۆش و خرۆش و پڕ جلوە و دەربڕینی چڕوپڕن.

ئەو گۆرانی و ساز و ئاواز و شایی و هەڵپەڕکێیانەش هەرچەندە و هەریەک لەبارەی خۆیەوە تایبەتمەندییەکی خودی هەریەک لە نەتەوە و ناوچە جیاجیاکانی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر لایەنی هاوبەشی ئەو نەتەوە و ناوچانەی گرتۆتە خۆ. کە ئەمەش لە فۆلکلۆر "ئەدەبی میللی"دا شتێکی ڕاستگۆیانە و بەجێیە. ئەو ئەفسانانەی کە خەڵکی قەوقاز کۆیان کردوونەوە لەبەر زۆرییان لە ژمارە نایەن. ئەفسانەی هەمە جۆری وەک: سەرگوزشتەی دوور و درێژی ئەفسوونی جادووگەران و ئەفسانەی پڕ شەڕوشۆڕ و شتی دەربارەی گیانلەبەران و داستانی بەتام و چێژی پڕ گاڵتە و جەفەنگ و ئەفسانەی چڕوپڕ لە هێرش و جنێو و قسەی نابەجێ بەدەوڵەمەند و ساماندار و بازرگانی ڕژد و چرووک و دڵکرمێ و کاری ناپاکانەیان.

گەل و نەتەوەکانی هەر لایەکی سەرزەمینی پان و پۆڕ و بەرینی قەوقازی ئەفسانە و حەماسەی ئازایەتی و دلێری تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام زۆر جاران دۆزینەوەی سەرچاوە و بنەچەکە و ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی ئەو ئەفسانانە وەگران دەکەوێ، بەتایبەتی ئەو ئەفسانانەی حەماسەئامێزن یان دەربارەی کوڕە کەچەڵان و کۆسە و باس و خواسیان گوتراون. لەوانەشە بتوانین بڵێین... ئەو جۆرە ئەفسانانە خاوەنەکانیان هەر ئەوانەن کە گێڕاویاننەوە و یا بنەچەکە و ڕەچەڵەکیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە و کردوویانەتە ئی خۆیان و تایبەتمەندی شوێنێک یا شەقڵی خەڵکانی ناوچەیەکی بەخۆوە گرتبێ.

دە دوو توێی ئەم کتێبەدا تەنیا هەر ئەفسانە جادووئامێزەکانی خەڵکی ئازەربایجان، ئەرمەنی و گورجی و تاجیکی و ئازەری... کۆکراونەتەوە و بەس. دەو کتێبەیدا بەجیهانی گەورە و فراوانی پڕ نهێنی و دنیای سەرگوزشتەی پەرییان و چەندین ئەفسانەی دیکەی جۆراوجۆر ئاشنا دەبن و دەچنە ناو دنیایانەوە. پاڵەوانی ئەفسانەکان کە زۆربەیان خاوەنی هێز و توانا و دەسەڵاتی لە ڕادە بەدەرن و لە هێز و توانا و دەسەڵاتی ئادەمیزادی ئاسایی زۆر بەولاوەتر و جوداترن. هەمیشە هەر خەریکی زۆرانبازی و بگرە و بەردە و ڕەنج و ماندوو بوون و شەکەتین و سەرەنجامیش هەر سەر دەکەون. لەو جۆرە ئەفسانانەدا، هەمیشە ڕووناکی و چاکی و پاکی و ڕاستی و دروستی بەسەر تاریکی و خراپە و درۆ و چەپەڵیدا سەر دەکەوێ.

لەو ئەفسانانەدا هێندە پاڵ وەڕەگەزی خەیاڵ و ئەندێشەوەوە دراوە هیچ پرسیارێک لەبارەی ڕاستی و ناراستی ئەو ئەفسانانە یا ئەو ڕووداوانەی ناو ئەفسانەکان بۆ گۆیندە یا بۆ بیسەر ناهێڵنەوە هەڵوێستەیەکیان لەبارەوە بکات. ئەکتەر و پاڵەوانەکان وەک ئەو ئەکتەر و پاڵەوانانەی ئەم دەور و زەمانەی ئەمڕۆ نین... جیهانیشیان جیهان و دنیای مە نییە. ئیشەکانیان بەکار و کردەوەی خەڵکی



ئاسایی ئەوڕۆکە ناچن. ئەو گیانلەبەرانەش کە بەکاریان دێنن و لە خزمەتی واندان یەکجار زۆر نائاسایی و جودا و تایبەتن، هەر بۆیەشە کە سوود لە کاروکردەوەی ئەفسوون و جادووگەری دەبینن. تەنانەت چوارچێوەی ئەفسانە جادوو ئامێزەکان و داستان و ڕووداوە پڕ شەڕوشۆڕ و هەرا و بگرە و بەردەکان، هەر لە بنچینەوە دەگەڵ ئەفسانە جۆراوجۆرە بەناوبانگەکانی گیانلەبەران و چیرۆک و سەربوردی ڕاستەقینە و هێندێک سەرگوزشتان یەکجار زۆر لێک جودان. بنچینە و سەرچاوە و بنەو بنەچەکەی ئەفسانە جادووئامێزەکانی قەوقازی، یەکجار زۆر کۆن و دێرینن. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە زۆربەی زۆری ئەو ئەفسانانە داستان و چیرۆک و سەرگوزشتەی دەستکردن. ئەگەر بمانەوێ بزانین داخوا سەرەتا و بنچینەی ئەو ئەفسانانە کەی و لەکوێوە هاتوون و سەرەتاکانیان دەستنیشان بکەین، ئەوە بێ گومان کارێکی یەکجار زۆر سەخت و دژوارە و لەوانەشە هەر نەتوانرێ هیچی دەگەڵ بکرێ. لە زۆربەی زۆری نێو دوو توێی ئەو ئەفسانانەدا بیر و باوەڕی سەردەمە کۆنەکانی وەک؟، خودا پەرستی و هێز و توانای لە بن نەهاتووی سرووشت و ستایش و پێدا هەڵدانی گیانلەبەران وەک ئەفسانە هەن و خۆ دەنوێنن. بەربڵاوی شوێنی سەرهەڵدانی داستانەکان و ئەفسانە جادووئامێزەکان ئەوانە هەموو بنەچە و شوێنی دیکەشیان هەن. چونکە ئەو ئەفسانانە ڕەگ و ڕیشەی یەکجار زۆر قووڵ و ڕەگاژۆیان دەژیانی ڕۆژانەی خاو و خێزان و کۆمەڵگادا ڕۆچووە و چۆتە خوارێ.

ئەفسانە جادووئامێزەکان زۆر لایەنی ستایشی پیاوچاکان و باوک سالاری و قوربانییەکانی ئادەمیزادانیان بۆ پاراستووین. هەر وەک چۆن لە "کچی خۆر"دا یادگارەکانی سەرەتای ژیانی مرۆڤ و لە ئەفسانەکانی دیدا بوونەوەرە سەیرە ئەفسانەییەکان، وەک دێو و درنجەکان هەن و وێنەیان کێشراوە.

بەدرێژایی ئەو سەدانەی کە ئەو ئەفسانە جادووئامێزانە پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕ و لە کوڕەوە بۆ نەوە و پشتەکانی دی، سینە بەسینە هاتووە و گەیوەتە ئێمە، وردە وردەش ڕەنگ و مانا و بۆچوونەکانی ناویان لە مێشکی ئەم سەردەمانەی ئەمڕۆدا کاڵ بوونەتەوە و مەبەستەکانی دوێنێی خۆیانیان لە دەست داوە و هەر بەشێوەی خەیاڵ و وەک کارێکی هونەری و ڕەگەزی سوننەتی دنیای سۆز و خەیاڵی چڕوپڕ کە پاڵەوانەکانی تیا دەژین و تێیدا هەڵدەسووڕێن و سەرقاڵی کارەکانیانن ماوەتەوە.

دەو هەموو سەدانەدا، ئەفسانە جادووئامێزەکان وەک ئۆرگانیزمێک کارتێکردنەکانی هەموو ئەو دنیا جیاوازانەی دەوروبەرەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بوو. شا و شازادەکان، باغ و باغچەی دڵگیر و خۆش و باسەفا، کۆشک و تەلاری جوان، زۆرانبازی و بگرە و بەردە لەسەر دەسەڵات و تەختی سەڵتەنەت و گەیشتن بەکچی پادشایان؛ هەموو ئەو شتانە کە دیاردەی چاخەکانی ناوڕاست بوون.

کامڵ بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پاڵەوانانی تازەی هێنایە ناو ئەفسانە جادووئامێزەکانەوە، کە بوونە شێوازی بنەما و خدە و نەریت و وەدیهێنانی گۆڕانێک لە دەم و دووی قسە و گێڕانەوە و گفتوگۆی سەردەمانێکی دوواتر.

بەهەر حاڵ ئەفسانە جادووئامێزەکان هێندێک بەولاوەتری دنیای خەیاڵات و داهێنانە لاوازەکانی ڕابوردوو و ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە سوننەتییەکانی دوێنێی لە دەست چوون.

پێش هەموو شتێک ئەو ئەفسانانە کەف و کوڵ و هەڵچوون و داچوون و خەون و دیدی ئەو کەسانەن یا ئەو گەل و نەتەوانەن کە دروستیان کردوون و زۆریان دەربارەی سەردەمە زێڕینەکان و دادە

کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی ئاسوودە و پڕ لە خێر و خۆشی و کار و کردەوەی بەتام و چێژ و جوانی و ئاشتی و ئارامی گوێ لێ بووە و گێڕاویانەتەوە. کە ئەمانەش هەمووی ئەو ڕووەی دیکەی مەسەلەکە دەردەخەن کە ئەویش ئازادی و سەربەستی و ڕەهابوونە.

ئەفسانە جادووئامێزەکان زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی پێشاندەری ڕاستەوخۆی تایبەتمەندییەکانی خەڵکی قەوقازن کە لە باسکردنی سرووشت و شێوەی جل و بەرگ و پۆشاکیان و هەڵسوکەوت و خدەو نەریت و شێوازی ژیانیاندا پەیڕەوییان لێ کردوون و دیسانەوەش یەکێتییەکی گشتی و تایبەتی و هاوبەشی و بەرین و بەرفراوان لە حەماسە خەیاڵییەکانی ئەو خەڵکانەدا هەیە وەک: یەکێتی بیروباوەڕ و مەوزوعاتەکان و وێنەسازی و تەکنیکی شیعری.

ئەفسانە جادووئامێزەکانی سێ میللەت و نەتەوان کە دەوکتێبەیدا کۆکراونەتەوە تەنیا بەشێکی زۆر کەمی گەنجینەیەکی زۆر گەورەیە کە بەئێمە گەیشتووە. کە ئێستاش ئەوانە وەک میرات و کەلەپوورێکی زۆر بەنرخ و گرانبەها هەڵدەگیرێ و دەپارێزرێ. گەنجینەی حەماسە و ئەفسانەکانی خەڵکی قەوقاز، بەشێکی گەورەی میراتی شارستانییەتی جیهانن.

پرۆفیسۆر: پومرانت سیوا

# لوقمانی حەکیم

## ئەفسانەیەکی ئەرمەنییە

لە وڵاتی ئادانی ڕاوچییەک هەبوو ناوی پۆرتۆ بوو، تەمەنی پازدە ساڵان بوو، ڕۆژێکی لە ڕاوێ بارانێکی یەکجار توندوتیژ و بەخوڕی لێ داکرد، ڕووی لە ئەشکەوتێکی کرد، هەر کە چووە ژوورێ پیرەمێردێکی دیت سەری سەری ئادەمییان و لەشی لەشی ماران بوو و چوار ماری دیش خۆیان لە تەنیشتییەوە لە گەزدابوو، تومەز ئەوە شای مارانە!

پۆرتۆ هەر خێرا ئاورێکی خۆشی کردەوە و جلەکانی وەبەردان تا وشک بوونەوە، ئەوجا هێنای کەبابێکی خۆشی لەو نێچیرەی ڕاوی کردبوو دروست کرد، بۆ خۆی کەمێکی لێ خوارد و ئەوی دیشی دایە مارەکان.

پیرەمێرد گوتی: «ئەوەی خواردنێ بدا دەبێ ئاویشی هەبێ.»

کوڕەلاو ڕاپەڕی و چووە سەر چاڵاوێ و کوندەیەکی پڕ لە ئاوی هێنایەوە ئەشکەوتێ. قوڵکێکی لە بەردی هەڵکەند و هێندێکی ئاو تێ کرد، مارەکان بەرەو قوڵکە ئاوەکە خزین، تا تێر بوون ئاویان خواردەوە و جا هاتنەوە جێی خۆیان.

پیرەمێرد گوتی: «کوڕەکەم ئەدی ئاوی چۆن دەدەیە من؟»

کوڕەلاو هەر خێرا کەوچکە دارێکی دروست کرد و ئاوی پێدایە پیرەمێردەکە.

سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەق باران وەک کوندەی سەربەرەوژێر برووکی نەدایە و ئەو لاوەش نەیتوانی پێ دەدەری ئەشکەوتێ نێ.

پیرەمێرد پرسی: «ئەرێ کوڕەکەم دەتوانی ئاوی لە ناو ئەشکەوتێ پەیدا کەی؟»

کوڕە بەم لاو لایدا گەڕا و سەرچاوەیەکی ئاوێی دە ئەشکەوتێدا دیتەوە، هات لە تەختی ئەشکەوتێ قوڵتێکی قووڵی هەڵکەند و ئاوی وەسەر گێڕا، دوایەش چوو شوورێکی ڕاوکرد و هێنایەوە و کوتە گۆشتی بەشیشێوەکردن و بەپیرەمێردی گوت: «ئەوە توێشوی تۆیە، کەینێ برا دەتوانی بیخۆی، ئێستا من دەڕۆم و دوایەش دێمەوە.»

شای ماران گوتی: «کوڕەکەم باوەڕ ناکەم تۆ جارێکی دی بێیەوە.»

لاوە ڕۆیی، بەڵام زۆری پێ نەچوو دووبارە گەڕایەوە، خواردنی بۆ پیرەمێرد و مارەکان هێنابۆوە. کە هەستا بڕواتەوە پیرەمێرد بەردێکی هێناو دایییە:

«کوڕەکەم، ئەم بەردە هەڵگرە، بەردێکی تایبەتییە. شەوێ وەک ئاگری داییسێ. لە پارچە پەڕۆیەکی شینی وەرپێچە.»

دوایی پیرەمێرد تکای لە کوڕە لاوە کرد تاوێکی لە تەنیشتییەوە دانیشێ. کوڕە لە تەنیشتییەوە ڕۆنیشت و ئەو گوتی:

«تۆ وەکوو فرزەندی خۆم نان و ئاوت بۆ هێنام. بەڵام نەکەی هەرگیز لەلای هیچ کەس خۆت ڕووت





کەیتەوە، چونکە نابی هیچ کەسێک نیشانەی منت بەلەشییەوە ببینێ.»

شای ماران نیشانەی خۆی بەپشتی پۆرتۆوە نا.

لاوە لێیدا ڕۆیشت و لە وڵاتی فەرەنگیان بەردی فرۆشت، خانوویێکی بۆ خۆی دروست کرد و چل سەر مەڕیشی کڕی و بەرەو ئەشکەوتی گۆڕین وەپێش خۆی دان، هەر کە گەیشتەوە وێ مەڕەکانی سەر بڕین و هەمووی دایە مارەکان. بەرخێکی ناسکیشی بۆ پیرەمێردی کردە کەباب. پیرەمێرد بەردێکی زۆر گرانبەهای دیکەی دایە لاوەکە و گوتی:

«لە بارەی منەوە هیچ بەکەس مەڵێ. من شای مارانم و ناویشم شا مارە.»

دە دەمی ماڵاواییەدا شامار ئەنگوستی بڵند کرد. چوار مار پەیدا بوون. دوو مار لە پێشەوە و دووش لە دوایە لاوەیان بەڕێ کرد. لاوە سوپاسی مارەکانی کرد و ئەوانیش لە وەڵامی سوپاسەکەیدا بنی پێیان لستەوە. دەو دەمەشدا پاشای وڵاتی ئادانی تووشی نەخۆشییەکی زۆر سەخت و گران ببوو و هەموو لەشی بەبرینان داوەشابوو. پزیشک و حەکیمیان لەسەر وەکۆ کردن. پزیشکی فەرەنگستانێ دەستووری دابوو دوو پەلەوەڕان چاکەن و لەسەر برینەکانیان دانێن، ئازاری پاشای کەمێک دامرکان و هێور بوونەوە، بەڵام دوای ماوەیەک سەرلەنوێ ئێش و ئازار سەریان هەڵدایەوە و وەک جاران دەستیان پێ کردەوە.

دوای ئەوەی کە وریاترین پزیشک تێیڕوانی، گوتی:

«شاها ئەگەر کەسێک هەبێ بتوانێ ئەو دەرمانەی دەیڵێم پەیدای بکا و بیهێنێ من بەماوەیەکی کەم چارەسەرتان دەکەم و کۆتایی بەئازارەکانتان دێنم»

تومەز ئەو پزیشکە جادووگەرێکی پەتیارەی بەدفەساڵ بوو و خۆی کردبووە پزیشکی حەکیمان،

دەیزانی کە پۆرتۆ نیشانەی شای مارانی بەپشتییەوەیە. بە شای گوت:

«پادشاها! تەنیا دەرمانی ئێوە شامارە و ئەویش بەکوڕە لاوێک کە ناوی پۆرتۆیە دەکرێ پەیدا بێ. خۆ ئەگەر ئامادەی هێنانی نەبێ، ئەوە بێ سێ و دوو بەڕێزتان دەمرن.»

چوون پۆرتۆیان هێنا و پاشا پێی گوت: «فریام کەوە شاماری بێنین.»

شاها ئەوە کارێکی یەکجار سەختە. مارانگاز دەبم و پێمەوە دەدەن، گەورەی حەکیمان پۆرتۆی هێنا و لە دارێی بەست و کوێت دێشێ، وەریگەڕایە، هاتوهاواری پۆرتۆی دەچووە کەشکەلانی فەلەک، بەڵام گەورەی حەکیمان تا دەهات هەر دەستی لێ توند دەکرد و لێی دەدا. تا وای لێ هات نەیتوانی هیچی دیکە بەرگەی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە بگرێ و بەناچاری ملی دا بچێ و شای ماران بێنێ.

لەڕێوە (١٠) دە سەر شووری ڕاوکردن و هێنانییە ئەشکەوتێ.

لەبەردەمی شاماریدا کڕنۆشی برد و چەمایەوە. بەڵام شامار زۆر زووتر دەیزانی پۆرتۆ بۆچی هاتووە و چی دەوێ و گوتی:

«زۆرت بۆ بەداخەوەم، تۆ وەکوو جگەرگۆشەی خۆمی و لەگەڵیشت دێم.» بۆ سبەی بەیانی وەڕێ کەوتن، پۆرتۆ لە پێشەوە و شاماریش لە دواوە ڕێی دەکرد. لەشکری ماران ویستیان بەڕێیان کەن و لەگەڵیان بچن بەڵام شامار ئاماژەیەکی کرد و گوتی:

«وەگەڕێن. ئەگەر هات و هەر دیارییەکتان پێ گەیی ئەوە بزانن کە هیچ شتێک ڕووی نەداوە»

مارەکان ڕاوەستان و پۆرتۆ و شاماریش کەوتنە ڕێ. هەر ڕۆیشتن، هەر ڕۆیشتن تا گەیینە تەپەی ناورۆز کە بەگوڵی بۆن و بەرامە خۆش داپۆشرابوو، شامار دەستی کرد بەغونچە چنینەوێ، داینە پۆرتۆی و گوتی ئەوانە بەبێ جووین قووت دە. دوایی پێنج چەپکە گوڵیشی چنی و دایە پۆرتۆ و گوتی: «ئەو گوڵانە سێ جاران لە ئاوی کوڵیو هەڵکێشە و ئاوەکەی بخۆوە تا هێز و توانای شیفا بەخشینی هەرچی گژ و گیا و گۆڵ هەیە بیزانی.»

پۆرتۆ چی پێ گوترابوو وای کرد، شامار فەرمانی پێ کرد بنوێ و سبەی بەیانی لێی پرسی:

«باشە پۆرتۆ، ئێستا هەست بەچی دەکەی؟ داخوا هیچ توانای شیفا بەخشینی لە مندا هەیە؟»

پۆرتۆ وەڵامی دایەوە:

«شاها چوار مێشک لە ناو کاسەی سەری تۆدا هەن، دوو مێشک لە لای ڕاست و دوو مێشکیش لە لای چەپ، ئەوانەی لای ڕاست ژەهراوین و ئەوانەی لای چەپیش شیفا بەخشن.»


«پیاڵەیەکی پڕ شەڕابی حەوت سانەی کۆنم بدەیە، دوایە بمنوێنە ئینجا توند توند شەتەکم دە، سەرم ببڕە و لاشەکەم بنێژە، بەڵام لە بیرت نەچێ کە هەمیشە دیاری بۆ مارەکان بنێری دەنا ئەگەر وا نەکەی تەواوی وڵاتی خاپوور و وێران دەکەن.»

پۆرتۆ ئەوەی پێی گوترابوو بەئەنجامی گەیاند، دوایە دوو جۆر دەرمانی لە مێشکی شامار دروست کرد، دەرمانێکیان ژەهر و ئەوەی دی شیفابەخش و چووە بەردەمی پاشا، پاشا فەرمانی بەحەکیم باشی کرد دەرمانەکەی تاقی بکاتەوە، پۆرتۆ دەرمانە ژەهرەکەی دایە، هەر کە لەسەر لێوی دانا بەلادا هات و مرد. بەڵام پۆرتۆی ڕاوچی دوای ئەوەی بۆ خۆی دەرمانە شیفابەخشەکەی تاقی کردەوە و دایە پاشاش. پاشا هەر کە دەرمانەکەی خوارد شیفای هات و چاک بۆوە. لەو ڕۆژە بەدواوە پۆرتۆ بووە حەکیم باشی و بەناوی



لوقمانی حەکیم ناو و ناوبانگی ڕۆیی.

مارێک لە لاوە بەمەرگی شاماری زانیبوو، بەمارەکانی دیکەشی گوت، مارەکان لێک خڕبوونەوە و دەستیان کرد بەنەهێشتنی خەڵکی وڵاتی.



پاشا کە بەمەی زانی دەستوبرد بەدوای حەکیم باشیدا نارد و لێی پرسی چارە چییە و چ بکەین؟ پۆرتۆ چل پارچە جەرگ و تەزبیحی نوێژی شاماری هەڵگرت و چووە سەردانی ماران، هەر کە چاویان بەتەزبیحەکە کەوت هەموو دامرکان و هێور بوونەوە و لوقمانیان کردە شای خۆیان. لوقمان بەمارانی گوت: «مادامەکی جەرگتان بەدیاری پێگەییوە، دڵنیاش بن کە شاتان هەر زیندووە.»

لوقمان ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، ئەو دەرمانەی لە مێشکە سەری شاماری دروست کردبوو مردووی پێ زیندوو دەبۆوە و تا حەوت ساڵانیش کەس نەمرد. ژنێک کە هەموو ڕۆژێ دەهاتە لای لوقمان و جلی بۆ دەشوشتن جارێکیان کوڕە لاوێکی گەنج و شۆخ و شەنگی دەگەڵ خۆی هێنا. ژنی لوقمان لێی پرسی:

«ئەو کوڕە لاوە کێیە؟»

«ئەوە کوڕمە، کەڕ و لاڵە، زۆر مەمنوون دەبم بەحەکیم باشی بڵێی بیکاتە شاگردی خۆی.»

لوقمان قایل بوو.

ڕۆژێکی لوقمان بەخێزانەکەی خۆی گوت: «ژنەکە وا پێدەچێ کە ئەو کوڕە لاوە نە کەڕ بێ و نە لاڵ!»

لوقمان دەیویست نهێنییەکانی کارەکەی لەو کوڕە لاوە وەشێرێ. هیچ گوێی نەدەدایە هەر بۆ ئەوەی وازی لێ بێنی و بڕوا. بەڵام شاگرد تا دەهات زیاتر خۆی ماندوو دەکرد و شانی دەدایە بەر ماندووبوون و ئەشکەنجە و ئێش و ئازاری کارەکەی. هەر کارێکی حەکیم پێی بسپاردبایە ئەو زۆر بەتەواوی و وردی و پوختەییەوە ئەنجامی دەدا. ئەو کوڕە جحێڵە حەوت ساڵی تەواوی بەردەستی لوقمانی کرد.

ڕۆژێک پیاوێکی دەوڵەمەند کە لە وڵاتێکی زۆر دوورەوە هاتبوو و دووچاری سەرێشەیەکی یەکجار زۆر سەیر ببوو هاتە لای لوقمانی حەکیم. لوقمان بردیە ژووری نەشتەرگەری خۆی و بەشەربەتێکی بێهۆشی کرد. دوایی بەکێردێک کاسەی سەری هەڵگرت. دیتی ئەوا جانەوەرێکی حەوت سەری بەمێشکییەوە نووساوە. زۆری هەوڵ دا و زۆری کرد و کۆشا و خۆی هێنا و برد بەڵام بێ سوود بوو، نەیتوانی هەڵیقەنێ. حەکیم لە ماندوویەتیان تک تک ئارەقەی بەنێوچاوانیدا دەهاتە خوارێ. شاگردی

حەکیمیش کە بەدزییەوە چاوی لە کارە بێ ئەنجامەکەی وەستای بڕیبوو ئارامی نەما و خۆی پێڕانەگیرا و هاواری کرد:

«وەستا مقەستەکە هێندە گەرم کە تا سوور سوور دەبێتەوە، ئەودەم دەتوانی بەئاسانی ئەو جانەوەرە لە مێشکی کەیتەوە و بیهێنیە دەرێ.»

شاگردەکە چۆنی گوت حەکیم وای کرد و نەشتەرگەرییەکەی ئەنجام دا و نەخۆشەکەی چاک بۆوە، بەڵام شاگردەکە هەڵات و چۆوە ماڵێ. سێ کووپەی یەکجار زۆر گەورەی هێنان: یەکەمی پڕ کرد لە شیر و دووەمیشی پڕ کرد لە شەڕاب و بۆ خۆشی چووە ناو ئەوەی سێهەمیانەوە.

ئێستا ئەوی لێرە بەجێ دێڵین و دەچینەوە سەر و سۆراغی لوقمانی حەکیم. لوقمان چ جێیەک نەما لە شاگردی نەکا بەڵام نەیدۆزیەوە. دەخەوێیدا دیت کە ئەو کوڕە لاوە لە نێوان دوو دەریای سوور و سپیدا دەژی، لوقمان هات و لۆتکەیەکی کڕی و بەنێو دەریایاندا کەوتە چارۆکە با هەڵدانێ.

بەڵام چەندی کردی و کڕاندی پێی نەدیترایەوە، دوایی هات چووە لای دایکی و گوتی:

«من پیرەمێردێکی تەمەن سەد و چلساڵەم. پێم خۆشە کوڕەکەتان ببینم. لە غەیبەوە پێیان گوتووم کە کوڕەکەتان لە نێوان دوو دەریای سوور و سپیدا دەژی. ئەوم بۆ بێنەوە سوێندیشت بۆ دەخۆم هیچی لێ نەکەم.»

دایکە کوڕەکەی لە کووپەی دەرێنا و بردیە پێش لوقمانی حەکیم. حەکیم گوتی:

«ڕۆڵە وەرەوە لای من، من ئەوا پیر بووم و دەردم کارییە و دەرمانی نییە و دەڕۆم و دەبڕێمەوە و لە بیر و خەیاڵان دەچمەوە.»

کوڕیژگەکە دەستی وەستای خۆی ماچ کرد و گەڕایەوە لای.

لوقمان بڕیاری دا سەرلەنوێ جحێڵ بێتەوە و بەشاگردەکەی گوت:

«کووپێکی گەورە وەسەر ئاگری نێ و جامێک شەربەتی پڕیش بدە بەمن.»

هەر کاتێ ئاوەکە کوڵی بمخەرە ناو کووپە ئاوە کوڵاوەکە، سەری کووپەکەش دامەپۆشە، دوای چل سەعات بمهێنە دەرێ. لە پارچە خورییەکەم وەرپێچە و ئەو قەترەیەشم دڵۆپ دڵۆپ دەزاری کە.»

کوڕە هەموو شتێکی بەدەستووری وەستای ئەنجام دا. بەڵام دەو دەمەیدا کە قەترەکەی دەزاری دەکرد دەستی لەرزی و تەنیا دڵۆپێکی گەییە زاری لوقمانی. ئەو دڵۆپە توانی تەنیا چەند هەناسەیەکی کەم بیژێنێتەوە کە هاواری لێ هەستا:

«تێیکە، تێیکە، تێیکە!» مرد.

شاگرد هێنای وەستای لە تەنیشت شاماریەوە بەخاک سپارد و لە دوای ئەو بۆ خۆی بوو بەحەکیم باشی.



# بەسەرهاتی مانگا سووری

## ئەفسانەیەکی ئەرمەنییە

هەبوو، نەبوو، ڕۆژێک بوو ڕۆژگارێک بوو، شوانێک هەبوو لەگەڵ ژنەکەی و دوو منداڵی کە یەکێکیان کوڕ و ئەوی دیکەیان کچ بوو، زۆر بەخۆشی و ئاسوودەیی دەژیان. لە ماڵی دنیایە مانگایەکی سووری ڕەنگ تێریان شک دەبرد. ڕۆژێکی ژنەکەی مرد، شوانە دوای ماوەیەکی ژنێکی هێنایەوە. ئەو زڕدایکە زۆری بەرامبەر ئەو دوو منداڵە لە دڵیدا بوو و هەمیشە دەیگوت:

«خۆ ئەوانە منداڵی من نین چۆن دەتوانم خۆشم بوێن.» هەمیشە هەر کوتان و پێدادان بوو و بەردەوام ئازار و ئەشکەنجەی دەدان.

ڕۆژێکی شوانە بڕیاری دا بیاننێرێتە بەر کار و بەرخان تا لە ماڵێ وەدوورکەون و لەبەر چاوی ئەو زڕدایکەی نەمێنن.

منداڵەکان کە دەگەینە دەشتێ، دەستیان دەکرد بەگریانێ، لەپڕ مانگا سوورێکیان لێ نزیک بۆوە و گوتی:

«غەمێ مەخۆن، وردیلەکانم، هەموو شتێ چاک دەبێ، من ئاگام لە کار و بەرخەکان دەبێ.»

مانگا سوور بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، بەدرێژایی ڕۆژێ ئاگای لە کار و بەرخەکان دەبوو و ئێواران لەگەڵ زەردەی خۆراوایە خڕی دەکردنەوە سەریەک و منداڵەکانیش وەپێش خۆیانیان دەدان و بەرەو ماڵیان دەکردنەوە.

هەموو سبەینانیش زڕدایکەکە هەندێک نانی ڕەقی وشکی بێ پێخۆر بۆ دەپێچانەوە و دەیدانێ، بەڵام لە دەشتێ مانگا سووریان دەگەیشتێ و شیری دەدانێ، تا بەنانی بخۆن. ئەوانیش مانگا سووریان دەدۆشی و تێریان نان و شیر دەخوارد. دوای ماوەیەک زڕدایکە کچێکی بوو، کە کچەکە فراژوو بوو تەواو لە خەم ڕەخسی ڕەگەڵ منداڵەکانی خست و ئەویشی ناردە بەر پەزی، بەڵام وەک ئەوانی دی هەر تەنیا نانی ڕەقی وشکی بۆ دە توربێنێ نەدەنا. بەڵکە چەند نانێکی ناسک و تازە و نەرم و شلی بۆ دەپێچایەوە. لە دەشتێ مانگا سوور بەمنداڵەکانی گوت:

«قەینا، لێ گەڕێن با ئەو منداڵەش لە شیرەکەی من بخواتەوە، شیرەکەی من بەزاری ئێوە شیرینە و دەزاری ویدا وەک ژەقنەمووتی تاڵی لێ دێ!»

سەرەنجام تا دەهات ئەو زڕخوشکەیان ڕۆژ بەڕۆژ لەڕو لاوازتر دەبوو و دەبنێسا. بەڵام منداڵەکانی شوانەی تا دەهات هەڵیان دەدا و پێچکەستوور و ملەستوورتر دەبوون. زڕدایکەکە هیچ سەرەدەرێکی پێ لەوە نەدەکرا.

ڕۆژێکی لە کچەکەی خۆی پرسی:

«من هەموو ڕۆژێ چوار پێنج ناسکە نانی تازە و نەرم و شل بۆ تۆ دەپێچمەوە و بۆ وانیش هەر تەنیا نانەڕەقێکی وشکەڵاتوو، کەچی دەبینم تۆ ڕۆژ بەڕۆژ هەر دادەماڵێیو و دەبنێسێی، کەچی ئەوانی دی تا

دێ سەر و مل زل و ئەستوورتر دەبن... ئەوە چییە؟»

کیژۆڵەکە گوتی:

«دایە شیری مانگا سووری بەدەمی وان شیرینە و بەدەمی من دەڵێی ژەهری ماری تاڵە.»

زڕدایکە گوتی:

«ئاوا، زۆر چاکە بۆ خۆم چارەی دەکەم.»

بۆ سبەینێ یەکەمین شتێک کە زڕدایکە بەمێردەکەی گوت ئەوە بوو:

«ئەوە نابینی کچەکەمان چەند نەخۆشە؟ دوێ شەوێ لە خەویمدا دیت ئەگەر بێت و مانگا سوورێ وەکوژین کچەکەمان چاک دەبێتەوە.»

مێردە لە وەڵامدا گوتی:

«نەمانی ئەو مانگایە زۆرم پەرێشان دەکا.»

ژنە دەستوبرد گوتی:


«ئەدی نەمانی کچەکەت پەرێشانت ناکا؟»

ژنە هێندەی پێ داگرت و هێندەی خۆ هێنا و برد تا سەرەنجام پیاوە تەسلیم بوو و بڕیاری دا مانگا سوورێ سەر بڕێ.

منداڵەکان ئاگایان لە هیچ نەبوو، کە چوونە دەشتێ دیتیان مانگا سوور زۆر غەمبار و خەمۆک لووتی داژەنیوە.

منداڵەکان پرسیان: «مانگای دلۆڤان، ئەوە بۆ وا غەمناک و خەمۆکی؟»

«منداڵە وردیلە خۆشەویستەکانم، زڕدایکەکەتان پێی دە کەوشێ ناوە لەبەر خاتری کچەکەی وەمکوژن.»





«مانگای میهرەبان، دەچینە لای زڕدایکەکەمان و لێی دەپاڕێینەوە وازت لێ بێنێ، خۆ ئەگەر ئەوەمان لەگەڵ بکا ئەوا دەست و پێی ماچ دەکەین.

«نا، منداڵینە وانەکەن، چونکە ئەو تەنیا وەڵامەکەی ئەوەیە کە لێتان دەدا و بەوەش من زۆر نا ڕاحەت دەبم. ئەوەی کە دەبێ بیکەن تەنیا ئەوەیە کە قرتقرتۆکەیان هەڵبڕیم بەدزییەوە خوێنەکەم لە دەم و ناڕاحەت دەبم. ئەوەی کە دەبی بیکەن تەنیا ئەوەیە کە قرتقرتۆکەیان هەڵبڕیم بەدزیەوە خوێنەکەم لە دەم و چاوتان هەڵسوون چونکە دەم و چاوتان وەک زێڕی دەدرەوشێتەوە. قۆچ و سمەکانیشم بەرن لە تەویلەی لە چاڵێکی نێن. ڕۆژێک دێت ئەوانەتان دەفریا دێت.»

منداڵەکان بەکوڵ دەگریان. مانگایەکە لێی پرسین: «ئەوە بۆ دەگرین؟»

منداڵەکان گوتیان:

«ئەگەر تۆ نەمێنی کێ ئاگای لێمان دەبێ؟ کێ خواردنمان دەداتێ و یارمەتیمان دەدات؟»

مانگا وەڵامی دایەوە: «مەگرین، لەگەڵ من وەرن، پیرێژنێک هەیە دەیناسم، ئەو ئاگای لێتان دەبێ.»

مانگا سوور منداڵەکانی بردە لای پیرێژنێ و گوتی:

«دەزانی دەیانەوێ بمکوژنەوە؟»

«بەڵێ دەزانم.»

«چاکە ئەوا ئەو منداڵانەی کە زۆرم خۆش دەوێن ئەوا هێناومنەتە لای تۆ، دوا تکاشم ئەوەیە کە تۆش زۆرت خۆش بوێن.»

پیرێژن گوتی: «بە چاوان، جا چۆن خۆشم ناوێن.»

دوای ئەوە مانگا سوور بەمنداڵەکانی گوت کە شاخەکانی ببڕنەوە گوتی:

«هەر کاتێ برسیتان بوو، بچن شاخەکانم بێنن و بیانمژن، تێر دەبن. هەر کاتێکیش لە دەشتێ بوون ئەوا پیرێژن ئاگای لێتان دەبێ و یارمەتیتان دەدات.»

بۆ سبەینێ مانگا سووریان سەربڕی منداڵە تیوەکان قاپێکیان خوێنی مانگا سووری هێنا و بردیانە ژوورێ و دەسەر و چاوی خۆیان سوی، تا بڵێی جوان و بەرچاو بوون.

زڕخوشکەکەیان یەکەمین کەسێک بوو کە پشکە گۆشتێکی مانگاسووریی دەزاری نا. بەڵام گۆشتەکە دەزاری ویدا تامی کای دەدا. دوایی هێندێکیشیان دایە منداڵەکانی دی، تامی گۆشتەکە دەزاری واندا تامی هەنگوینی دەدا. دوایی منداڵەکان سەلک و پێ و ئێسقانەکانیان کۆکردنەوە و چوون لە تەویلەی دەچاڵێیان ناو هەر کاتی برسیش دەبوون دەچوون لە تەویلەی شاخی مانگا سوورێیان دەمژی و تێر دەبوون. هەمیشەش برسی بوون، زڕدایکەکەشیان لە نانی ڕەق و وشکەڵاتوو زیاتر هیچی دیکەی نەدەدانێ و کچەکەی خۆشی دەماساند.

زستان بوو ماڵێ شوانەی بانگهێشتنی زەماوەندی ماڵە بووکێک کران، زڕدایکە کچەکەی خۆی ڕازاندەوە و ڕەگەڵ خۆی دا، و منداڵەتیوەکانی دی لە ماڵێ بەجێ هێشتن. دەنگی مانگا سووری لە تەویلەی ڕا بڵند بوو. بەدەنگی وی پیرێژن لە ئەشکەوتێڕا پەیدا بوو، کەلێنێکی تەویلەکەی دایەوە، دوو دەستە جلی جوان و ڕازاوەی دەرێنان و دەبەر منداڵەکانی کردن و وەدوو خۆی دان بۆ شاییە.

لەوێ بەرامبەر زڕدایکەکەیان دانیشتن. بەڵام ئەو نەیناسینەوە، زۆری تێهەڵڕوانین و زۆریشیان لێ وردبۆوە و دەبیرەوەچوو:

«چ منداڵێکی جوانن! جل و بەرگەکانیان چ ڕازاوەن! ئەو کوڕە لاوەی لێیی دەگەڕام ببێتە زاوام ئەوەیە.»

شەو درەنگانێک کە میوانەکان پەرتەیان کرد، پیرێژن بەسپایی منداڵەکانی هێنانە دەرێ و لە تەویلەی جلەکانی لێ داکەندن و شاردنیەوە و جل و بەرگە شڕ و وڕ و دڕاوە کۆنەکانی خۆیانی دەبەر کردنەوە. منداڵەکان بەدڵی شاد و ڕووی گەشەوە بەرەو ماڵ دەستیان بەغاردانێ کرد و چوونەوە خەویان لە خۆ خست. هەر کە زڕدایکەکەشیان هاتەوە لە خەویی ڕاستکردنەوە و گوتی:

«تەمبەڵینە، ئەوە بۆ نوستوون؟ ئەگەر دەزانن چ منداڵانێکی جوانکیلە و ڕازاوەم لەو شاییەدا دیتوون، کچۆڵەکی ژیکەڵەی جوان بەپاپووچێکی سپی زێوین و کوڕێکی ڕوو گەش و خۆش ڕووی جوان بەپێڵاوێکی زەردی زێڕییەوە، ئای چ جلێکیان لەبەر بوو! ئای کە بەنرخ و گرانبەها بوون!»

«دایە، ئەدی ئێمەتان بۆ لەگەڵ خۆتاندا نەبرد؟»

«ئای لەو سەیرەی، پێتان وایە لەسەر ئێوە ڕاوەستابوون! بڕۆن بنوون، پیسی خەلیسینە!»

بۆ بەیانی زڕدایکەکە چنگێکی هەرزن دە لەگەنێکی کرد و گوتی:

«وەرن دەسکەن بەگریانێ تا بەفرمێسکان ئەو هەرزنەی دادەپۆشن.»

بۆ خۆشی سەرلەنوێ کچەکەی خۆی گۆڕی و ملی لێ نایەوە بۆ شاییە و منداڵەکانی دیکەی لە ماڵێ بەو حاڵەی بەجێهێشتن بەڵام سەرلەنوێ پیرێژنیش پەیدا بۆوە و وەک ڕۆژی پێشوو منداڵەکانی گۆڕین و بۆ شاییەی بردن. دوای نان خواردنێ کە میوانەکان دەستیان کردەوە بەڕۆیشتنێ پیرێژن دەستی منداڵەکانی گرتەوە و بەرەو ماڵ بوونەوە. دەودەمەیدا کە بەلای حەوزی پاشایدا دەڕۆیشتن تاکێکی پاپووچی کچەکە دە ئاوی حەوزەکە کەوت کچۆڵەکە زۆر ناڕاحەت و هەراسان بوو لە تاوان:

«دایە، دایە گیان، پاپووچەکەم کەوتە ئاوێ.»

«قەی ناکا کچی خۆم، خێراکەن تا پێش ئەوەی زڕدایکەکەتان بگاتەوە ماڵێ ئێمە بچینەوە. ئەگەر ئەو ئەو جل و بەرگانەتان ببینێ لێتان دەستێنێ. کە گەیشتنەوە ماڵێ پیرێژن جلەکانی لەبەر منداڵەکان داڕنی و چوو شاردنیەوە و جلەکانی خۆیانی دەبەر کردنەوە. منداڵەکان چوونە ناو جێ و خۆیان لە خەو خست. بەڵام زڕدایکەکە هەر کە گەییەوە ماڵێ، ئەوانی لە خەو هەستاند:

«ئەوە بۆ نوستوون تەمبەڵینە، ئەو منداڵانەی دوێ شەوێ هاتبوون ئەوڕۆش هاتبوونەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەجل و بەرگێکی زۆر جوانترەوە! بەڵام وەک برووسکە لە شاییەکە ون بوون.»

منداڵەکان وایان پێشاندا نوستوون و لەسەرەخۆش پێدەکەنین.

بۆ سبەی بەیانی شازادە فەرمانیدا ئەسپەکەی بەرنە ئاودانێ، مەیتەران ئەسپیان ڕاکێشایە سەر حەوزێ، بەڵام هەرچییان کرد و کڕاند ئەسپ لە ئاوێ نیزیک نەبۆوە و ڕووی لە حەوزێ نەکرد و خۆی لە قەرەی حەوزی نەدا. هەواڵیان دایە شازادەی، شازادە بۆ خۆی هات دیتی ئەوا شتێک بەسەر ئاوێوە دەدرەوشێتەوە، دەستووری دا ئەو شتەی بۆ بێنن، هێنایان، هەمووی لێ خڕبوونەوە و دیتیان لینگە پاپووچێکە. شازادە لینگە پاپووچەکەی بردە لای شای و گوتی:



«گەورەم ئەو کیژەی پێی پڕ بەپڕی ئەو پاپووچەیە دەمەوێ بۆم بیننەوە. ئەگەر نا بەبێ وی ناتوانم بژیم.»

پاشا تەتەری بەهەر چوار لای وڵاتیدا بڵاو کردن و فەرمانیدا هەرچی کچ و کاڵی وڵاتی هەن هەمووان بێننە دەرباری شای. هەرچی کچ و کاڵی وڵاتی بوو خڕیانکردنەوە، تەنیا کچەتیو مابوو کە زڕدایکەکەی نەیهێشتبوو بچێتە کۆشکی شای:

«کچەتیوە جرپنێکی وەک تۆ چ کاری بەکۆشکی شایە؟ من کیژەکەی خۆم دەنێرم.» دەستی کچەکەی گرت و لەگەڵ خۆی برد.

پاشا پاپووچەکەی بەپێی هەمووان تاقی کردەوە بەڵام بەپێی کەسیان نەبوو. پرسی:

«چ کیژۆڵەیەک نەماوە، هەموو لێرەن؟»

وەزیران وڵامیان دایەوە:

«بەڵێ هەموویان لێرەن، تەنیا یەک کیژۆڵەی پەڕپووتی شەپڕێو نەبێ.»

«هەر ئێستا بیهێنن.»

هەر خێرا چوون و کچەکەیان هێنایە کۆشکێ و پاپووچەیان بەلاقی گرت، ڕاست ژمارە و ئەندازەی خۆی بوو. شازادە زۆر دڵی خۆش بوو، دەستی کیژۆڵەکەی گرت و گوتی:

«ئەوەیە بووکی هەڵبژاردەی من.»

پاشا و شاژن و وەزیر و میوانەکان، هەموو تێکڕا لە هەوڵی ئەوەدا بوون شازادە چاو لەو کچۆڵەیە بپۆشێ و پێیان دەگوت:

«تۆ شازادەیەکی، چۆن ئەوە بەڕاستتە؟ دەتەوێ ئەو کچە هەژارە شەپڕێوە شڕ و شیتاڵ دڕاوە بێنی؟!»

«بەڵێ، دەیخوازم و دەیهێنم.»

لە کچەیان پرسی و لە کوێڕا هاتووە. کچۆڵەکە گوتی:

«بابم پیاوێکی پیرە، زڕدایکێک و زڕخوشکێک و برایەکی خۆم هەیە.»

«ئەدی تاکەکەی تری پاپووچەکە لە کوێیە؟»

«نازانم، دایکم دەزانێ»

کچۆڵەکە هاتەوە ماڵێ و زڕدایکەکە هەر لە کۆشکێ مایەوە تا بەڵکە ئێ ئەوە خوایە بتوانێ شازادەی لەو کارەی وەگێڕێ. بەڵام شازادە نەیسەلماند و نەچووە گوێی.

سەلکی مانگا سوورێ بانگی کیژۆڵە خانێی کرد:

«برایەکەت بنێرە لای شازادە و پێی ڕابگەیەنێ کە ئەمشە و پیرە دایکت دێت و لە شازادەت مارە دەکا.

کچۆڵەکە چی بیستبوو ئەنجامی دا.

شەو درەنگانێک شازادە هاتە لای و پیرێژن کچۆڵەکەی زۆر جوان ڕازاندبۆوە و پێی گوت ڕەگەڵ شازادەی کەوێ، شازادەش ئەوی لەگەڵ خۆی برد و مارەی بڕی.

دوای هەفتەیەک زڕدایکەکە هاتە کۆشکی شای و تکای لێ کرد بووکەخان دوو ڕۆژان بێتەوە

باوەخوندێ. کە بووکی بردەوە هێنای هەرچی جل و بەرگی بووکێنییەیە لە بەری داکەند و لەبەر کچەکەی خۆی کرد و بردییەوە کۆشکی شای و تا ببێتە هاوسەری شازادەی و بۆ خۆشی هاتەوە ماڵێ.

کە شەو هات شازادە چووە ژووری هاوسەرەکەی، دیتی فێڵیان لێ کردووە، چووە لای شا و هەموو شتێکی دەربارەی دوو ڕوویی و فێڵ و فەتەر و تەڵەکەی زڕدایکەکە پێ گوت.

پاشا زۆر تووڕە بوو و فەرمانیدا خۆی و کچەکەی شاربەدەر کەن. دەستوپێوەند ڕاپەڕین، بەفەرمانی شا زڕدایکە ئێروەیی و بەدفەساڵەکە و کچەکەیان لە شاری وەدەرنان.



# ئوخیک

## ئەفسانەی ئەرمەنی

ڕۆژ و ڕۆژگارێک بوو، ژن و مێردێک تاقە کوڕێکیان هەبوو، ڕۆژێکی بابەکە دەستی کوڕەی گرت و وەدوو خۆیدا تا لە شاگردییەکی دامەزرێنێ و فێری کارێکی بێ. لە ڕێیە گەینە سەر کانی و ئاوێکی و لایاندا، بابەکە هێندێکی ئاو خواردەوە و گوتی:

«ئوخی.»

لە پڕ ئوخیک (خێوی ئاوێ) لە ئاوێ هاتە دەرێ و پرسی:

«هەر چی دەفەرموون سەرم لە ڕێتانە؟ خەریکی کوێن.»

کرمانجە وەڵامی دایەوە:

«کوڕەکەم بۆ شاگردیە دەبەمە لای پیشەگەرێکی.»

«ئەوی بەمن بسپێرە، من پیشەگەرێکی چاکم.»

بابە کوڕەکەی بەوی سپارد. ئوخیک کوڕەی لەگەڵ خۆیدا بردەوە بن ماڵی ئاوێ و کرمانجە گەڕایەوە ماڵێ. ماوەیەک ڕابرد. ژیانی ماڵێ کرمانجەی زۆر سەخت و ناخۆش ڕادەبرد. ڕۆژێکی بابە هاتەوە سەر کانی و ئاوێ و هێندێکی ئاو خواردەوە و گوتی:

«ئوخی!»

«ئەوە بۆ بانگم دەکەی؟»

بابە گوتی:

«ژیانمان زۆر ناخۆشە، هاتووم کوڕەکەی بەرمەوە، بەڵکە ئێ ئەوە خوایە یارمەتییەکمان بدات و بەهانامان بێ.»

ئوخیک گوتی:

«ئەو جارێ هیچ فێر نەبووە.»

«جا باشە ئەگەر وایە هەر نەبێ شتێکمان بدەیە هەتا کوڕەکە دێتەوە پێی بژین.»

ئوخیک چووە بن ئاوێ، سفرەیەکی هێنا و دایە دەست کرمانجەکەی و گوتی:

«هەر کاتێ برسی بوویت، ئەو سفرەی ڕاخە.»

کرمانجە سفرەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ بۆوە، هەر کە گەیشتەوە سفرەی پان ڕاکرد و کتوپڕ هەموو جۆرە خواردنێکی لەسەر ئامادە بوو. ئیدی ژن و مێردە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەکیان نەما، ڕۆژێکی ژنە گوتی:

«ئەرێ بۆ ژنی سوڵتانی بۆ نیوەڕۆیەکی بانگهێشتن نەکەین؟»

مێردە گوتی:

«نا وا چاکە لێی گەڕێی، چونکە هەر چاوی بەو سفرەیە بکەوێ دەیهەوێ.»

ژنە هەر سوور بوو کە: «هەر چی دەبێ با ببێ، من دەبێ هەر بانگهێشتنی کەم.»

«کچێ نەکەی، ئەوە ڕاست نییە، ئەوە پێت دەڵێم دوایە پەشیمان دەبیەوە.»

بەڵام ژنە هیچ گوێی نەدایە قسەی مێردەکەی و ژنی سوڵتانی و ژنانی دەر و دراوسێی هەموو بۆ نانخواردنی نیوەڕۆیە بانگهێشتن کردن. کە هەموو هاتن و خڕ بوونەوە و دیتیان هیچ شتێک بۆ نیوەڕۆیە نەکراوە، تەنانەت تەندووریش دانەخرابوو. میوانەکان تێکیانەوە هاویشت و لێکتریان دەپرسی:

«باشە ئێمەیان بۆ بانگهێشتن کردووە؟»

وەختێ نیوەڕۆیە خانەخوێ هێنای سفرەی ڕاخست و دەستبەجێ هەرچی جۆرە خواردنێکی خۆش و بەتامە لەسەر سفرەی قووت بۆوە. ژنی سوڵتانی لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئەو سفرەیە بۆ من باشە.» و بەگوێی کارەکەرەکەیدا چرپاند و گوتی:

«لە ماڵێ سفرەیەکی لەو ڕەنگەمان هەیە، خێراکە زو برۆ بیهێنە.»

کارەکەر دەستوبرد چوو سفرەیەی هێنا و هاتەوە، ژنی سوڵتانی زۆر وەستایانە و بەدزییەوە چاپووکانە سفرەکەی گۆڕی.

میوانەکان ماڵاواییان کرد و ڕۆینەوە.

ئەو شەوە دەمە و ئێوارێ، ژنی کرمانجەی وەک جاران سفرەی هێنا و ڕایخست، بەڵام هیچی لەسەر پەیدا نەبوو. پێیان وابوو ژنی سوڵتانی سفرەکەی دزیبێ.

بۆ سبەینێ ژن و مێردە هەر دوو پێکەوە چوونەوە سەر کانی و ئاوێ، ئاویان خواردەوە و گوتیان:

«ئوخیک!»

ئوخیک دەستوبرد لە ئاوێ هاتە دەرێ:

«ها چتان دەوێ؟»





«برسیمانە!»

«ئەدی سفرەم نەدانێ!»

«ژنی سوڵتانی هاتە ماڵێ مەو سفرەکەی دزی.»

ئوخیک چۆوە بن ئاوێ و کوولەکە زەردکێکی هێنا: «ئەوە کوولەکە زەردکەیە، هەر کاتێکی ڕایتەکێنێ یەک دەستە سوارەی جەنگی لێ دێنە دەرێ و بەگژ سوڵتانیدا دێن.»

ژن و مێردە کوولەکە زەردکەیان هێنایەوە، لە ماڵی دەستیان کرد بەڕاتەکاندنێی. سوارەی جەنگی بەخۆ و بەچەکی تەواو عەیارەوە هاتنە دەرێ و تاویاندایە ماڵی سوڵتانی و دەر و دەرکە و دیوار و پەنجەرەی ماڵەکەیان ورد و خاش کردن و ئاداریان بەسەر پاداریەوە نەهێشت. خەڵکێکی زۆر خڕبوونەوە و پرسیان:

«ئەوە بۆ هێرش دەبەنە سەر سوڵتانی؟»

سەربازەکان وەڵامیان دانەوە:

«ئێمە بۆ ئەستاندنەوەی سفرەیەک دەجەنگێن کە ژنی سوڵتانی دزیویەتی.»

ترسی لە دەستدانی تاج و تەخت و بەختیان سەرتاپای سوڵتانی داگرت و چوو سفرەکەی هێنایەوە و دایەوە دەست جەنگاوەرەکان.

ئەوانیش سفرەکەیان دایەوە کرمانجی و هەر بەفەرمانی وی هەموو چوونەوە ناو کوولەکە زەردکەی و ئەویش هێنای کوولەکەی بەدیواریەوە هەڵواسی. چەند ساڵێک تێپەڕی. سەرەنجام ڕۆژێکی کرمانجە بەژنەکەی گوت:

«ئێستا پێم وایە کوڕەکەمان شتێکی فێر بووبێ، با بچین و بیهێنینەوە.»

چوونەوە سەر کانی و ئاوێ و ئاوێکی زۆریان خواردەوە و گوتیان:

«ئوخی!»

ئوخیک پەیدا بوو و پرسی:

«بۆ بانگتان کردم؟»

«کوڕەکەمان بدەوە، ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە شاگردە.»

ئوخیک گوتی:

«با بچم تاقی بکەمەوە، ئەگەر زانیم بۆتە وەستا ئەوە بۆتان دێنمەوە.»

ئوخیک چۆوە قوولایی ئاوێ تا بچێتەوە ماڵێ. ئوخیک کچێکی هەبوو ئەو کچە بەکوڕەی گوت:

«ئەو هەموو کەللە سەرانە دەبینی؟ ئەوە هەموو سەری شاگردەکانی بابمن. ئەگەر بابم پرسێ داخوا هیچ فێر بووی، وەڵامی بدەوە نەخێر. دەنا تۆش وەک ئەوانە بێ سەر دەبی.»

ئوخیک هاتەوە ماڵێ و لە کوڕەی پرسی:

«باشە، ڕۆڵە پێم بڵێ بزانم داخوا هیچ فێر بووی؟ ئەوە داک و بابت هاتوون بتبەنەوە.»

کوڕە وەڵامی دایەوە:

«نەخێر وەستا.»

ئوخیک بەمست و پێلەقان وەریگەڕایە: «بڵێ فێر بووم! بڵێ فێربووم!»

بەڵام کوڕە بەردەوام هەر دەیگوت:

«نەخێر، نەخێر، نەخێر!»

تا سەرەنجام ئوخیک لە پەل و پۆ بوو لە ماندوویەتییان و ئینجا کوڕەی هێنایەوە و دایەوە دەست داک و بابی و گوتی:

«برۆ بەڵام هەر دەتگرمەوە.»

کوڕە لاوە خۆی هێنایە سەر وێنەی ئەسپێکی ڕەش و چوار ناڵەکی کەوتە ڕێیە، کە لە داک و بابیشی نزیک بۆوە، ئەوانی ناسیەوە بەڵام هەر بەغار لەوان تێپەڕی. نەختێک لەوان دوورتر خۆی کردەوە کوڕێژگەیەک و هاتە دیدەنی ئەوان. بابەکە گوتی:

«ئای ڕۆلە لەو بەدبەختییە، هەر ئێستا ئەسپێک بەلای ئێمەدا ڕابرد و کەچی ئەوا تۆش بەپێی پیادە ڕێ دەکەیت. ئەگەر لەگەڵمان بای ئەسپەکەمان بۆ دەگرتی.»

لە ڕێی ماڵێ کوڕە چەند جارێکان خۆی لەسەر شێوەی چەندین گیانلەبەری جۆراوجۆر نواند و بەلای داک و بابیدا تێدەپەڕی. لە ماڵێ بەبابی گوت: «بابە! ئەو ئاسک و شوور و گیانلەبەرانەی کە بەلای ئێوەدا ڕەت دەبوون ئەوانە هەموویان من بووم. ئیشی من خۆگۆڕینە. من خۆم دێنمە سەر شێوەی بارگینێک و تۆ دەتوانی لە بازاڕی بمفرۆشی. بەڵام هەرگیز نەکەی بەهەوسارەوە بمفرۆشی. ئەگەر وا بکەی هەرگیز ناگەڕێمەوە لاتان.» کوڕە چەند جارانی خۆ کردە بارگین و بابی لە بازاڕی فرۆشتی، بەڵام شەوێ دووبارە دەهاتەوە. ڕۆژێکی بابەکە خەریک بوو کوڕەی -کە خۆی کردبووە ئەسپ - بفرۆشێ، بەڕێکەوت ئوخیک ئەوێ ڕۆژێ لە بازاڕی دەگەڕا، هەر زوو بابی شاگرد و ئەسپەکەی ناسینەوە و بەرەو لای وان هات، بەڵام کرمانج ئوخیکی نەناسیەوە.

ئوخیک پرسی:

«ئەو ئەسپەی بەچەند دەدەی؟»

بابە وەڵامی دایەوە:

«سەد و پەنجا ئەشرەفی زێڕ.»

«بەڵام من بەهەوسارەوەی دەکڕم.»

«نەخێر بەهەوسارەوەی نافرۆشم.»

ئوخیک هەر پێی داگرت:

«ئەگەر بەهەوسارەوەم بدەیەی، دوو سەد ئەشرەفی زێڕت دەدەمێ.»

کرمانج دڵی گۆڕا و قایل بوو.

ئوخیک ئەسپەکەی بردەوە ماڵێ و لە کۆڵەگەی بەستەوە و بەکچەکەی گوت:

«تا دەچم تیر و کەوانان دێنم چاوێکت لێی بێ.»

بەڵام کچە ئەسپەکەی بەرهەڵدا کرد. ئەسپە خۆی هێنایە سەر شێوەی کۆترێک و لە شەققەی باڵانی دا. ئوخیکیش خۆی هێنایە سەر شێوەی بازێکی شکاری و سەری لە دوو نا.

کۆترە لە ڕێیە چاوی بەزەماوەندێکی بووک هێنان کەوت، خۆی کردە سوورە گوڵێک و کەوتە نێو




میوانەکان. بازی شکاریش دەستوبرد خۆی کردە شەیدا و ئەویندارێک و بەخۆ و سازەوە هاتە نێو میوانان، میوانەکان سوورە گوڵەکەیان بۆن دەکرد، کاتێ ئاوازی ئەو شەیدا ئەویندارە تەواو بوو سوورە گوڵەکەی وەرگرت و لە نێو دەستیدا پرواندی و کاتێ هێندەی نەمابوو بەیەکجاری بپروێ خۆی کردە چەنگێک هەرزن و بەوناوەدا بڵاو بۆوە. دەنکێک لەوان کەوتە ژێر پاپووچی نەرمی یەک لە میوانەکان. ئەویندار بەشێوەی مریشکە کورکێک دەستی بەخواردنی هەرزنەکە کرد. دەو دەمەیدا دەنکە هەرزنی ژێر پاپووچەکە بەشێوەی ڕێوییەک هاتە دەرێ و پڕی دایە مریشکەکە و قرتەی لێ بڕی و کوشتی. دوایی ڕێوییەکە هاتە سەر شێوەی لاوێکی شۆخ و لەگەڵ میوانان تێکەڵ بوو.

سێ سێو لە ئاسمانێوە بەربوونەوە: یەکەم بۆ گۆێندە و دووەم بۆ گوێگران و سێهەمیش بۆ تەواوی خەڵکی دنیایە.

# کچی خۆر

## ئەفسانەی گورجی

هەبوو نەبوو، لە سەردەمانێکی زۆر زووی پێش ئێستا، سێ برا هەبوون پێکەوە دەژیان، کێلگەیەکیان هەبوو بەهەرسێکیان کێڵایان و تۆویان پێوەکرد و چاوەڕێی بەرهەم بوون. چۆنیان دەویست ئاوا شین بوو. کێڵگەکە وەک دەریا دەهات و دەچوو و شەپۆلی دەدا. دڵی بەرزگران لە خۆشیان هەروا تەپەی بوو. تا ڕۆژێک لە پڕ ئاسمان تاریک بوو و هەورەکان تێکیانەوە دا و چڕ بوونەوەو تەرزە دایدا. زەوییەکانی دیکەی ئەو لاو لای کێڵگەکەی وان چ زیانێکی وای وێ نەکەوت، بەڵام لە ناوەڕاستێڕا وای کوتابوو ئاداری بەسەر پاداریەوە نەهێشت و هەمووی تەفر و توونا کرد. کاتێ بەرزگری چارەڕەش کێڵگەکەی وا بەوێرانی دێ، دڵی سست بوو، هیچی نەگوت، هەناسێکی هەڵکێشا و داسی تاو دایە و ملی لە ڕێیەنا، تا لە جێیەکی دی بەختی خۆی تاقی کاتەوە.



هەر ڕۆیی ڕۆیی تا گەییە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند. ئەو پیاوەش کێڵگەیەکی هێندە بەرین و گەورە و فراوانی هەبوو، جێی سەد ڕۆژ دروێنەی تەواو. بەرزگر بەپیاوە دەوڵەمەندەکەی گوت:

«ئەگەر هەموو کێڵگەکەت بەڕۆژێکی بۆ وەدرووم چم دەدەیەی؟»

وەڵامی دایەوە: «نیوەی بەرهەمەکە»


بەرزگر لە کاری ڕاچوو. تا نیوەڕۆیە باقەبێنی بۆ سواڵەگەنمان ڕیز کردن. دوایە داسی تاو دایە و دەستی بەدروێنەی کرد. هەر دەیدرووەوە و باقەی دەکردن و لە پەنایەکی دەیکردنە گەڵیشە، ئەوی ڕۆژێ تا ئێوارێ ئەوی هەبوو هەمووی دروەوە، کاتێ خۆر خەریکی ئاوابوونێ بوو تەنیا یەک سواڵەی مابوو بیبەستێ.

بەرزگر پشتی ڕاست کردەوە و کڵاوی لەسەری هێنایە خوارێ و کەوتە پاڕانەوە لە ڕۆژێ:

«وەرە مەردی چا بە، لەسەرخۆ، ئاوا مەبە، سەیر کە تەنیا یەک سواڵە ماوە بۆ بەستنێ.»

بەڵام خۆر هیچ گوێی نەدایە تکا و پاڕانەوەی بەرزگر و ئاوابوو. ئەویش کە خاوەن کێڵگەکە هات دوایین سواڵەی بەستبوو. کە دیتی ئەوا کێڵگەکە سەر تا سەری هەموو درواوەتەوە و سواڵەکان بوونەتە گیشە و خەرمانێکی زۆر گەورە، واقی وڕما و گوتی:





«باشە، ئێستا هەر وەک بڕیارمان دابوو با بەرهەمەکە بەش کەین.»

بەرزگر گوتی:

«نا، دیارە خۆشی لە من زیزە، من نەمتوانی پەیمانەکەم بەجێ بگەیەنم و دوایین سواڵەم دوای خۆراوایە بەست، تۆ بەخێر و ئێمە بەسەلامەت.»

لۆژە لۆژ وەدوور کەوت.

هەر ڕۆیی ڕۆیی، تا گەییە وڵاتی پاشایەکی. لەوێ بۆ ماوەی چوار ساڵان بووە شوان. بەو مەرجەی ئەگەر لە ماوەی ئەو چوار ساڵەیدا هیچ سەرێک نەمرد و گورگ نەیخوارد و لەنێو نەچوو، بەکورتی ئەگەر پەزەکان هیچیان لێ نەهات، ئەوا نیوەی تەواوی مەڕەکانی بدەنێ، خۆ ئەگەر واش نەبوو ئەوە هیچی نەدەنێ و بەدەستی بەتاڵ و مایە پووچ وەدووی کاری خۆی کەوێ.

شوانە بەو قەرار و بڕیەوە، مەڕی وەپێش خۆدان بۆ لەوەڕێ. ماوەی چوار ساڵی تەواو چاودێرییەکی زۆر وردی لە مەڕەکان کرد، تەنانەت نەیهێشت بەڵا بگاتە هیچ یەکێکیان، بەڵام لە دوا ساتی بەرەو ماڵ بوونەوە و دابەشکردنیاندا، نازانم گورگێک لە کوێڕا پەیدا بوو و پڕی دایە بەرخۆڵێکی و بەرەو دارستان فڕاندی. شوانە مەڕەکانی بەرەو ئاغەلی لێخوڕین. خاوەن مەڕەکە دیتی هێندە بەجوانی و وا بەوردی و ڕێکوپێکی چاوەدێری لە مەڕەکان کراوە، دەستی کرد بەبژاردن و بەشکردنیان، شوانە بێ ئەوەی ورتەیەکی لێ بێ گۆچانەکەی دانا و لەوی وەدوورکەوت، دیسانەوە نەیتوانیبوو پەیمان و شەرتە شوانییەکەی بەرێتە سەر و یەک لە بەرخۆڵەکان فڕێندرا و ئەویش پاداشتەکەی نەویست. ڕۆیی ڕۆیی تا گەییە سەر ڕووبارێکی، لە قەراغ ڕووبارەی دانیشت تا وەحەسێ. دیتی ئەوا سێ کچە خۆر لە ئاسمانێوە هاتنە خوارێ لە ڕووبارەکە خۆ بشۆن. یەکجار زۆر جوان بوون هێندە شۆخ و شەنگ تا ئێستا کەس جوانی وای نەدیبوون.

لە جێی خۆی هەستا و بەدزە دزە لە کچە خۆران نزیک بۆوە، یەکێکی لێ گرتن و هەڵات. بەڕاکە ڕاکە تا گەییییە کێڵگەیەکی و لەوێ کۆخێکی هەڵنا. لەوێ لە ناو کۆخەیدا ژیانیان دەست پێ کرد، ئەو ژن و مێردە هێندە هەژار و نەدار بوون هیچ شتێکیان لە داری دنیایەدا شک نەدەبرد، پیاوە نەدەچووە ئیشێ و دەیگوت:

«ڕووم لە هەر جێیەک کرد و دەستم بۆ هەر چییەک برد بەخت بەپیرمەوە نەهات، ئیدی بۆ بەخۆڕایی مل لە کارێ نێم.»

کچی خۆر ئەنگوستیلەیەکی ئەفسووناوی هەبوو دایە مێردەکەی و گوتی:

«ئەوە جیازی بووکێنیمە، لەسەر زەوی دانێ، مێزێک پەیدا دەبێ، دوایە ئەنگوستیلەکە لە سەر زەوی هەڵگرەوە و بیخە سەر مێزەکە، هەر چی خواردن و خواردنەوەی خۆش و بەتامە لە سەری ڕیز دەبێ، ئەگەر ئەنگوستیلەکەت لە سەر مێزەکە لابرد ئەوە هیچی لەسەر نامێنێ و خۆ ئەگەر ئەنگوستیلەکەشت شاردەوە ئەوە یەکجاری مێزەکەش ون دەبێتەوە. ئەوەش هەموو سامانەکەی منە.»

مێردەکەی زۆر شادمان بوو. زۆر بەئاسوودەیی و خۆشییەوە دەژیان و سەریان پێکەوە نابوو، تا پیاوە بڕیاری دا کە فەرمانڕەوا بانگهێشتنی ماڵە خۆی کا. ژنە زۆری لەگەڵ کرد واز لەو کارە بێنێ، گوتی:

«کوڕە داساتێ، بانگهێشتنی فەرمانڕەوای گاڵتەی منداڵان نییە، تۆ لە داری دنیایە ئەنگوستیلەیەکی چکۆڵە شک دەبەی. دەتەوێ بەوەش فەرمانڕەوای دەستەمۆ کەی؟ ئاگات لە خۆ بێ ئەوەش لە دەست نەدەی.»

پیاوە هەر پێی دادەگرت و خێرا خێراش دەیگوت:

«نا، نا، دەبێ فەرمانڕەوای هەر بانگهێشتن کەم، واز بێنە با بێت و بەچاوی خۆی ببینێ کە ئێمەی لادێیی چۆن دەژین و با بشزانێ کە ئێمە لەو دنیایەدا هەین و دەتوانین فەرمانڕەوای بانگهێشتنی ماڵە خۆمان کەین.»

سەرەنجام ڕۆژێکی ملی لە دەرباری ماڵێ فەرمانڕەوای نا، تا بانگهێشتنی کاتە ماڵە خۆی، شتێکیشی دەست و دیاری لەگەڵ خۆی هێنابوو چووە لای فەرمانڕەوا دوای ئیکلامێکی زۆر دیارییەکەی پێشکەش کرد و تکای لێ کرد:

«پێمان خۆشە بەتەشریف هێنانتان بەخواردنی نانی نیوەڕۆیەک و نمەک کردنمان لە ماڵێ سەربەرزمان کەن.»

فەرمانڕەوا پێکەنی و گوتی:

«تۆ کێیت و بۆ دەتەوێ ئێمە بانگهێشتن کەیت؟»

دواییش درێژەی بەقسەکانی دا:

«من بۆ خۆم نایەم، ئەگەر هەر سووریشی لەسەر هاتنێمان ئەوا ڕاوێژکارەکانمت لەگەڵ دەنێرم.»

فەرمانڕەوا ڕاوێژکارەکانی کۆکردنەوە و گوتی:

«بڕۆن بزانن بۆ خەیاڵی داوەت کردنی مەی چۆتە مێشکی. داخوا بەڕاستی شتێکی هەیە و دەیەوێ پێشانی مەی بدا، یان هەر دەیەوێ بەئانقەست گاڵتەمان پێ بکات.»



کاکی کرمانج بەپێی پیادە وەپێش ڕاوێژکاران کەوت و ڕێنمایی دەکردن. لە ڕێیە زۆر برسی بوون. قەرەقاوڵێکیان ڕاوکرد و دایانە دەست خزمەتکارێک تا بچێ لە جێیەکی بۆیان بکاتە کەبابی بەرکوڵێ، خزمەتکارە چوو کۆخێکی دیتەوە کە ڕێکەوت هەر هەمان کۆخ بوو کە کابرای کرمانج و هاوسەرەکەی تێدا دەژیان. چووە ژووری کۆخی و سەرقاڵی کەباب کردنی بوو، کە لەپڕ کچی خۆرێ هاتەوە نێو کۆخێ.

هەر کە خزمەتکار چاوی پێ کەوت بەندی جگەری پسا و پێیەوە ئەبڵەق بوو و ئیدی نەیتوانی ڕووی لێ وەرگێڕێ، هەموو شتێکی لە بیر چۆوە، نەیزانی بۆچی و لەبەرچی هاتۆتە وێندەرێ. کە وەئاگا هاتەوە قەرەقاوڵ ببووە خەڵووز. پەلەوەرە سووتاوەی هەڵگرت و هێنای لە بەردەمی ڕاوێژکارانی دانا. ڕاوێژکاران هەموو تووڕە و تەنگاو بوون و گوتیان:

«ئەو پەلەوەرەت بۆ وا سووتاندووە؟»

خزمەتکارە وەڵامی دانەوە:

«ژنێک لەو کۆخەی دابوو، هۆش و گۆشی پێ نەهێشتم و ئاگام لەخۆ نەما. ئیدی نەهیچم دیت و نە هیچم بیست کاتێکی بەخۆ هاتمەوە پەلەوەرە سووتاوە.»

ڕاوێژکاران و هاوڕێیانیان بۆ دیتنی ئەوەی خزمەتکار گوتبووی بەسواری ئەسپەکانیان چوارناڵەکی بەرەو کۆخی ژنەی وەڕێ کەوتن. ژنێک کە خزمەتکارەکە هێندەی باسی جوانییەکەی کردبوو دەکرا لە دیتنێی ڕاوەستی؟!

لە نزیک کۆخێ لە ئەسپان دابەزین کابرای کرمانج کە بەڕاکەڕاکە خۆی گەیاندەوە وان، ئەنگوستیلەکەی دەرێنا و بەرەو لای ئەسپەکان چوو، هەر یەکەی تووڕەکە کا و جۆیەکی چاکی بەسەر وەکردن و دوای تێر بوونی ئەسپەکان تووڕەگە بەتاڵەکانی ون کردنەوە. لە نێو کۆخەکەیدا دوور لە میوانان ئەنگوستیلەکەی دەرێنایەوە و لەسەر زەوی دانا، مێزێک هاتە دەرێ، ئەنگوستیلەکەی لەسەر زەوی هەڵگرت و لەسەر مێزەکەی دانا، خواردن و خواردنەوەی یەکجار زۆر بەتام و چێژ و بەپای پیلان لەسەر مێزێ پەیدا بوو، سفرە بەشێوەیەک ڕازابۆوە کە تەنانەت دوو چێشتی وەک یەکت لەسەر مێزەکەی نەدەدیت، ئەوەی کرابوو نەکرابۆوە.

ڕاوێژکارانی فەرمانڕەوا هەموو لە حەژمەتان دەمیان بەش ببۆوە. لەو کۆخە چکۆڵە و تەنگەبەرە و لاتەریکەدا نە چێشتلێنەرێک و نە مەتبەخێک نەبوو، ئەو هەموو خواردنە جۆراوجۆر و ئەو هەموو زەڵاتە و خواردنەوە نایابانە بەو جۆرە ئامادە بکات. باشە ئەدی ئەو هەموو خۆراکە لە کوێڕا هاتبوو؟.

هەموویان تێکڕا بەو واقەوڕ و کاسەوە نانەکەیان خوارد و دوایی وشیاری هاتنە ژوورەوەی کچی خۆر بوون، ڕاوێژکاران کە تا ئێستا و هەرگیز کچێکی وەک کچی خۆر جوانیان نەدیتبوو، بەدوودڵییەوە لێکتریان دەڕوانی و بەدەردی دەڵێن هێندەی نەمابوو شاخ و باڵ دەرکەن. ئیدی هەر چۆنێک بوو زاوای خۆر میوانەکانی زۆر شاهانە پێشوازی کرد و زۆر بەڕووخۆشییەوەش بەڕێی کردنەوە. ڕاوێژکاران هاتنەوە خزمەت فەرمانڕەوا، فەرمانڕەوا پرسی:

«باشە، لەوێ چتان دیت؟»

ئەوانیش هەرچی دەربارەی پێشوازی و چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەو هەموو خواردن و خواردنەوە جۆراوجۆرانەی بێ کابان و مەتبەخ و ئاگر و دوو و جوانی و شۆخ و شەنگی ژنی ئەو کرمانجەی و هەر چی

دیبوویان بۆ فەرمانڕەوایان گێڕایەوە و گوتیان:
«ژنێکی وا هەر شایستەی هاوسەرێتی فەرمانڕەوایە و دەبێ ئی وی بێ.»
فەرمانڕەوا پرسی: «چۆن دەتوانم ئەوەم وە چەنگ کەوێ؟ چ بەڵایەکی بەسەر مێردەکەی بێنم لە کۆڵ بێتەوە و لە دەستانی ڕزگار بم؟»
ڕاوێژکاران گوتیان:
«دەستوور بفەرموو کرمانجەی بێننە ئێرە و داوای لێ بکەن پەڕی زێڕین کە بەخۆرەوە بەندە بیهێنێ. ئەگەر ئەو بەدوای ئەو پەڕەدا بڕوا هەرگیز بەزیندوویی ناگەڕێتەوە و ئێوەش دەتوانن ژنەکەی بێنن.»
فەرمانڕەوا دەستوبرد بەردەستێکی نارد کرمانجەیان هێنا و ئەویش پێی گوت:
«تۆ دەبێ پەڕی زێڕین کە ڕاستەوخۆ بەخۆرەوە بەندە بچی و بۆمان بێنی.»
زاوای خۆر بەدڵی پڕ غەم و کەسەرەوە، هاتەوە ماڵێ لای هاوسەرەکەی و گوتی:
«فەرمانڕەوا فەرمانی پێ کردووم پەڕی زێڕینی خۆری بۆ پەیدا کەم و بۆی بێنمەوە.»
هاوسەرەکەی گوتی:
«باشە تۆ ئەو بەڵایەت بۆ بەسەر خۆت هێنا؟ دەبایە لە پێشدا بیر بکەیتەوە، بەڵام تازە غەمی ناوێ، واچاترە هەستی و بەدوای ئەو شتەیدا بگەڕێی.»
کچی خۆر چەند دیارییەکی دایە بۆ خزمەکانی و خستیە سەر ڕێیە.
زاوای خۆر ملی ڕێگای گرت.
ماوەیەکی زۆر بەڕێیەدا ڕۆیی، بەزۆر وڵاتاندا و بەزۆر سەرزەمینی وشک و برینگ و بێ گیا و گۆڵو زۆر بیابانی گەرمەسێردا تێپەڕی. ڕۆیی ڕۆیی تا سەرەنجام گەیییە مەنزڵگای مانگ و خۆر.
خۆر پێش کازبوە ڕۆیییبوو تا بەگزنگی خۆی جیهان ڕووناک کاتەوە، بەڵام مانگ لە ماڵێ بوو، مانگ پێشوازی تازە میوانی کرد و زۆری بەخێر هێنا و بەو دیارییەش کە هاوسەرەکەی پێیدا ناردبوو ناسییەوە، زۆر بەشادمانی و خۆشی و گەرم و گوڕییەوە وەری گرت.
مانگ گوتی: «خۆر بەو زوانە دێتەوە، بەڵام تۆ بەرگەی تینی گەرمای وی ناگری و دەسووتێی.»
مانگ ئەوی کردە دەرزییەک و لە کونە کۆڵەگەیەکی ڕاکرد. ئێوارە وەختان کە خۆر هاتەوە گوتی: «بۆن دێ، بۆنی ئادەمییان دێ.»
مانگ بەدەنگی بەرز گوتی: «گێلە، چۆن ئادەمی دەتوانێ بێتە ئێرە؟ ئەوە بۆ خۆتی هەموو دونیات لێکداوە و ئەگەر بۆنی ئادەمییانیش بێت ئەوە هەر بۆ خۆت لەگەڵ خۆتدا هێناوە.»
دوایی درێژەی بەقسەکانی دا: «باشە ئەگەر بەڕاستی زاوای کچەکەمان بۆ دیدەنێ هاتبایە ئێرە چت دەکرد؟ نەتدەسووتاند؟.»
خۆر سوێندی خوارد کە: «نا، نا، ئەوەندەم بەسە چاوێکم پێی بکەوێ و بزانم ئەو زاوایەمان کێیە!.»
مانگ دووبارە کابرای کرمانجی کردەوە بنیادەم و لەبەردەمی خۆری ڕاگرت، خۆر بەخێر هاتنی زاواکەیانی کرد و لێی پرسی چۆنە هاتۆتە ئێرە. ئەو وەڵامی دایەوە:
«فەرمانڕەوا دەیەوێ کچەکەتانم لێ بستێنێ. ئەو بیستوویەتی کە ئێوە شاپەڕی زێڕینتان هەیە و منی



بۆیە ناردووە تا ئەوی بۆ بەرم، ئەگەر نا هاوسەرەکەمم لێ دەستێنێ بۆ خۆی.»
خۆر دڵی دایەوە و گوتی:
«مەترسە، وەرە با بچینە نێو باغی و لەوێ تۆزێک وەحەسێ.»
چوونە نێو باغی، باغێکی سەرسووڕهێن بوو، هەندێ درەخت تازە بەری دەدا و هەندێکیش لە چرۆیاندا ون ببوون و هەندێک تازە گوڵیان دەپشکووتن و گەڵای هەندێکانیش خەریکی وەرینێ بوون. میوان باغی زۆر بەجوانی و ڕازاوەیی هاتە بەر چاوان و بەدەمی پڕ ستایش و واقی وڕەوە هەنگاوی دەنان و دەوێدا دەگەڕا. خۆر گوتی:
«لێرە بمێنەوە و وەحەسێ، گەورەی باوبۆرانان و شای گورگان پێشوازیت لێ دەکەن و ئاگایان لێت دەبێ.»
زاوای خۆر برسی بوو دانیشت و چاوەڕێی خواردن بوو.
شای گورگان پەیدا بوو و مێزێکی هێنا، دوای وی گەورەی باوبۆرانان وەدەرکەوت و خواردن و خواردنەوەیەکی یەکجار زۆری لە پێش ڕۆنا. لەو ماوەیەدا، زاوای خۆر هەر خەریکی یاری کردنێ بوو بەو گۆپاڵە بەڕووەی بەدەستیەوە بوو. بانگی شای گورگانی کرد و گوتی:
«لە بیرتە چۆن چوار ساڵی تەواوم شوانی مەڕ و بەرخەلان کرد و نەمهێشت تەنانەت یەک سەریان لێ زایە بێ، تا تۆ هاتی و لە پڕ لەو ڕۆژەی شەرتە شوانییەکەم تەواو دەبوو و ڕۆژی بەشکردنی بوو پڕتدایە بەرخۆڵێکی و بردت؟ باشە ئەوەت بۆ کرد؟» و بەو گۆپاڵەی بەدەستیەوە بوو وەریگەڕایە، هێندەی لێدا تا دڵی داکەوت. دوایی بانگی کردە گەورەی باوبۆرانان و گوتی:
«لە بیرتە ئەو کێڵگەیەی لە نێوان دوو کێڵگەی دیدا دام چاندبوو لە دەمە دەمی دروێنێ و هەڵگرتنەوەی بەروبووماندا، داتدایە تەرزە و هەرچی بەروبووم بوو بردت و دەنکێکت نەهێشتەوە؟ باشە ئەوە چ شتێک ئەو کارەی پێکردی؟» و دوایە سەری لە دوو گەورەی باوبۆرانان نا و وەریگەڕایە و بەکوتەکان و کوێت دێشێ، هەموو لەشی شین و مۆر کردەوە، دواکوتەکیشی کە وەخراندێ هەر دوو چاویشی کوێر کرد. کە لەو کارانە ماندوو بوو دانیشت و دەستی بەخواردنێ کرد. کاتێکی تێر بوو، ڕاست بۆوە و کەوتە گەڕانێ لە باغیدا، هەرچی دار و بار هەبوو شکاندنیەوە و میوەی بەدارانەوە نەهێشت و هەمووی لە ڕەگەوە هەڵکێشان و تەواوی ئەو باغ و باغاتەی لە نێو برد. دوای ئەوەی کە دڵی داکەوت ئۆخەی کرد و لێی پاڵدایەوە.
شای گورگان و گەورەی باوبۆرانان چوونە لای خۆر و شکایەتیان لێ کرد. خۆر هات و دیتی، ئەوەی بەسەر ئەو باغەی هاتبوو تەنانەت دوژمنیش دڵی پێ دەسووتا.
خۆر پرسی:
«باشە ئەو کارەت بۆ کردووە؟»
کرمانج وەڵامی دایەوە:
«کێڵگەیەکم هەبوو گەورەی باوبۆرانی هات و بەتەرزەی هەمووی کوتا و ڕایماڵی. چوار ساڵان شوان بووم. زۆرم ڕەنج کێشا. تا ڕۆژێکی شای گورگان پەیدا بوو. تەواوی ئەو ڕەنجەی بە با دام. پەڵە گەنمێکی کە سەد ڕۆژی ڕەبەقی دروێنە دەویست و بەڕۆژێکم دروەوە و تەنیا یەک مەلۆی مابوو

بەباقەبێنێ بیبەستم و ئاوڕت لەو هەموو پاڕانەوەیەم نەدایەوە و کە لێت پاڕامەوە تا ئەو مەلۆیەی دەبەستم ئاوانەبی، کەچی هەر ئاوا بووی و مایەپووچت کردم.»

خۆر نەیتوانی هیچ وەڵامێکی بداتەوە، پەڕی زێڕینی دایە و ڕەوانەی کردەوە. هاتەوە و پەڕی زێڕینی دایە فەرمانڕەوا. فەرمانڕەوا دەستی لە بنی هەنبانە بۆرینەی هاتە دەرێ و دەستخەڕۆ بوو. ڕاوێژکارانی بانگ کردن و گوتی:

«ئەدی ئێستا چ بکەم؟»

ڕاوێژکاران گوتیان: «بینێرنە دنیای دی و ڕایسپێرن ئەو ئەنگوستیلەی دایکی ڕەحمەتیتان لەگەڵ خۆی بردووە بیهێنێتەوە.»

فەرمانڕەوا کرمانجەی بانگ کردە پێش خۆی و گوتی:

«دەبێ بچییە ئەو دنیای دی و ئەو ئەنگوستیلەی دایکم لەگەڵ خۆی بردووە، بۆم بێنیەوە.»

زاوای خۆر چووە لای هاوسەرەکەی و گوتی:

«فەرمانڕەوا دەیەوێ بمنێرێتە ئەو دنیای دی و تۆ لە من بستێنێ.»

هاوسەرەکەی سێوێکی دایە و گوتی:

«ئەو سێوەی لەسەر زەوی خلۆر کەوە، ڕووی لە هەر لایەکی کرد بەدوایدا بڕۆ، دەتباتە ئەو جێیەی دەتەوێ.»

سێوەکەی وەرگرت و خلۆری کردەوە و سەری دەدوونا. سێوە هەر ڕۆیی هەر ڕۆیی تا گەییە مێرگێکی سەوز و پاراو لە دارستانێکدا. لە مێرگەیدا نێریە شوورێک ڕاوەستا بوو کە شاخەکانی تا بن لووتی ئاسمانی چووبوون. ڕێبوارە گوتی: «ڕۆژ باش!»

شوور لە وەڵامدا گوتی: «ڕۆژ باش، ئەوە بۆ کوێ دەچی، چ شتێک تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟»

«من دەچمە ئەو دنیای دی، دەبێ بچم و ئەنگوستیلەی دایکی فەرمانڕەوای بۆ فەرمانڕەوای بێنمەوە.»

شوور گوتی:

«بەڵکە لەوێش بتوانی دەرمانێکیش بۆ من بێنی. سەیر کە چۆن شاخەکانم هێندە زل بوونە پێم هەڵناگیرێن.»

زاوای خۆر گوتی: «باشە» و ملی لە ڕێیە نایەوە.

گەیشتە گاشە بەردێکی زل و دیتی وا گایەکی بێ ئالیک و بێ ئاوی پێوە بەستراوەتەوە، بەڵام گای تاین هێندە قەڵەو و خەپلە و خڕ و پڕ بوو هێندەی نەمابوو پێستەکەی بتەقێ.

زاوای خۆر واقی وڕما و پرسی:

«بەبێ ئاو و ئالیک چۆن واهێندە قەڵەو و خەپەتۆرەی؟»

گا گوتی:

«زۆرم دیون بێرەدا هاتوون و تێپەڕیون و هەرگیزیش نەگەڕاونەوە، بەڵام ئەگەر هاتیەوە پێت دەڵێم.»

زاوای خۆر کەوتە ڕێ تا گەییە مێرگ و شیناوەردێکی یەکجار زۆر زەنوێر. دیتی ئەوە گیا ڕەشی تەڕ و تازە و بۆنخۆشی ئەو شیناوەردەی وەک دەریای شەپۆلان دەدا و کەروێشکەیەتی. جۆگەلە ئاوی ڕوون و



سازگاری لە هەموو لایەکەوە هەڵدەقوڵێ و ئەوا گایەکیشی لە نێوەڕاستێدا بەستراوەتەوە. بەڵام چۆن گایەک هێندە لەجەڕ و کز و لاواز و داتەپیو، کە هەر ئێسک و پێست بوو و هیچی دی.

زاوای خۆر بەحەپەساوییەوە پرسی:

«بەو هەموو گیا و گۆڵ و ئاوە سازگارەی دەوروبەرتەوە ئەدی بۆ هێندە وا لاواز و کز و داتەپیوی؟»

گا گوتی:

«زۆرم دیون بەو ڕێیەیدا تێپەڕیون و هەرگیزیش نەگەڕاونەوە، بەڵام ئەگەر تۆ هاتیتەوە، ئەوا پێت دەڵێم.»

زاوای خۆر کەوتەوە ڕێ، ژن و مێردێکی دیتن کە لەسەر دەمی تیژی تەورێک ڕاکشابوون. هەر دووکیان زۆر ئاسوودە بوون و تەنانەت لەسەر ئەو دەمە تیژەشەوە هێشتا جێی بەتاڵی دیکەشیان هەبوو.

زاوای خۆر بەحەپەساوییەوە پرسی:

«ئەوە چۆن لەسەر ئەو دەمە تیژەی ئەو تەورە وا ڕاکشاون و تەنانەت جێی زیادیشتان هەیە؟»

ژن و مێردە لە وەڵامدا گوتیان:

«زۆرمان دیون لەو ڕێیەیڕا ڕۆیون و هەرگیزیش نەگەڕاونەوە، بەڕێی خۆتدا بڕۆ، ئەگەر لەوسەری هاتییەوە پێت دەڵێین.»

زاوای خۆر بەلایاندا ڕابرد و کەوتەوە ڕێ.

ڕۆیی، ڕۆیی، نازانین چەند ڕۆیی، تا گەییە ژن و مێردێکی دیکە لەسەر پێستە گایەکی پان و پۆڕ و بەرین ڕاکشابوون و هەر پاڵیان وێکدەدا و پاڵیان پێکترەوە دەنا:

«دە واوە بڕۆ، تۆزێکم جێکەوە.»

زاوای خۆر چووە لایان و ڕۆژ باشی لێ کردن و پرسی:

«ئەری ئەوە چییە؟ ئێوە لەسەر پێستەگایەکی وا پان و پۆڕ و بەرین ڕاکشاون و کەچی جێشتان نابێتەوە؟»

ژن و مێردە لە وەڵامدا گوتیان:

«زۆرمان دیون بەو ڕێیەیدا ڕابردوون و هەرگیزیش نەگەڕاونەوە، تۆش بەڕێی خۆتدا بڕۆ، ئەگەر لەو سەری هاتیەوە پێت دەڵێین.»

زاوای خۆر ئەوانیشی بەجێهێشت و بەڕێی خۆیدا ڕۆیی، پیرێژنێکی دیت ئەوا کێوێک هێلکەی خڕ کردوونەوە و خەریکە قوللەیەکیان پێ هەڵچنێ. هەر ئەو دەیهێنان و لەسەر یەکی دادەنان، زۆری پێ نەدەچوو قووللە خرمەی دەکرد و هێلکەکان بەقرمەقرم خلۆر و بڵاو دەبوونەوە. زۆریشیان دەشکان، بەحەپەساوییەوە بەرەو لای ژنە چوو و گوتی:

«ئەرێ دایکە ئەوە تۆ چ دەکەی، کێ بیستوویەتی قوللە لە هێلکان دروستکرێ و کێ توانیویەتی ئەو کارە ئەنجام دا؟»

پیرێژن گوتی:

«جارێ بەڕێی خۆتدا بڕۆ، ئەگەر هاتیەوە پێت دەڵێم.»

زاوای خۆر لەویش ڕەت بوو و بەدوای سێوی خۆی کەوت و ملی لە ڕێیەنا.

هەر بەڕێوە چاوی بەپیرێژنێکی دی کەوت لەبەردەمی تەندوورێکی بەپێوە ڕاوەستابوو نانی سپی وەک کافووری بەتەندوورێوە دەدا و نانی ڕەشی وەک خەڵوزی ڕەشی لێ دەکردەوە و دەری دێنا. سەری سوڕما و پرسی:

«ئەوە مـــانای چیـــیـــە، هەویرێکی وا ســـپی و ســـۆڵ بەتەندوورێوە دەدەی و ئەو نانە ڕەشـــەش لێ دەکەیەوە؟!»

پیرێژن گوتی:

«زۆرم دیون بەو ڕێیەدا تێپەڕیون و هەرگیز نەگەڕاونەتەوە، ئەگەر هاتیەوە پێت دەڵێم.»

زاوای خۆر لەوێش ڕەت بوو و کەوتە ڕێی خۆی.

پیاوێکی دیت ئەوا بەسەر خەرەندێکدا چەماوەتەوە و خەڵکێکی زۆریش بەسەر پشتـیدا دەپەڕنەوە. لێی پرسی:

«چ بووە، ئەوە بۆ دەڵێی پردی و لێرە چەماویەوە؟»

پردە پیـاو گـوتی: «زۆرم دیون بەو ڕێیـەیدا ڕابردوون و هەرگـیـز نەگـەڕاونەوە، ئەگـەر هاتیـەوە پێت دەڵێم.»

زاوای خۆر لەوێش تێپەڕی و ڕێی دایە بەر.

تا سەرەنجام گەییبیە داکی فەرمانڕەوای و گوتی:

«کوڕەکەت دەستووری فەرمووە ئەو ئەنگوستیلەی لەگەڵ خۆت بردۆتە قەبری بیدەیەوە بەمن.»

داکە ئەنگوستیلەکەی دایەوە دەستی و گوتی:

«بیگرە، بیدەوە بەکوڕەکەم و پێشی بڵێ: "نەفرەتی منی لێ بێ، تەنانەت لێرەش وازی لێ نەهێنام و نەیهێشت وەحەسێم، ئاواتەخوازم هەر بەدەستی ڕاوێژکارەکانی خۆی پارچە پارچە کرێ."»

دوایی زاوای خۆر پرسی:

«لە ڕێیە کە دەهاتم شوورێکم دیت شاخەکانی تا بن لووتی ئاسمانێ چووبوون، زۆر بەگرانی دەیتوانین، دەکرێ بفەرموون چۆن کۆمەگێکی پێ بکەم؟»

داکە گوتی:

«بلێ لە ئاوی بەختە بارانی مانگی جۆزەردانێ بخواتەوە، لەو باری ڕەنج و ئازارەی ڕزگار دەبێت.»

زاوای خۆر سوپاسی کرد، ئەنگوستیلەی دە گۆڵمی نا و بەرەو ماڵ بۆوە. لە ڕێیە دووبارە گەییبیەوە ئەو پیاوەی وەک پرد چەمیبۆوە. پیاوەکە پێی گوت:

«لە دنیـای ڕوون من پاسـەوانی پردان بـووم، نەمـدەهێـشت کـەس بەبێ خـۆ خـوراندن دەرچێ. پارەم لە هەموو کەسێک وەردەگرت، تەنانەت بەزەییم بەسواڵکەرانیشدا نەدەهاتەوە. ئەوە بۆیە لێرە وا بەم جۆرە ڕەنج دەکێشم.»

زاوای خۆر لەوی تێپەڕی و گەییبیەوە ئەو پیرێژنەی نانی پێوەدەدا، پیرێژن پێی گوت:

«لەو دنیای یەکجار زۆر قەڵب و چرووک و چاوچنۆک و چاوبرسی و ڕژد و قرچۆک بووم، کە نانم دەکرد



ئەگەر برسییەک یا سواڵکەرێک یا ڕێبوارێکم دیبایە بەرەو لای من دێ، بەئانقەست سەرم دە تەندووری دەنا و دەهات هەر دوو چاوم دەرپۆقن و بێنەدەرێ و سەر و ڕووم هەمـوو هەڵکڕووزێ و داپلۆخێ، کەچی ئەوەم پێ چاتر بوو لەوەی سەر بڵند کەم و ناچار بم نانێکیان دەمێ. ئەوا ئێستا سزای خۆم وەردەگرم. هەر من نانی سپی بەتەندوورێوە دەدەم و هەر نانی ڕەشی لێ دێتە دەرێ.»

زاوای خۆر ئەویشی بەجێ هێشت. گەییبیەوە ئەو پیرێژنەی قوللەی بەهێلکان هەڵدەنا.

ئەو گوتی:

«لەو دنیای هێلکەم دەدزین و ئێستاش لێرە بەم جۆرە ئاوا سزا دەکێشم.»

زاوای خۆر لەویش ڕەت بوو و ملی لە ڕۆینێ نا، هەر ڕۆیی و ڕۆیی، نازانین چەند ڕۆیی تا گەییبیەوە ئەو ژن و مێردەی کە لەسەر پێستە گایەکەی ڕاکشابوون و جێیان نەدەبۆوە.

پێیان گوت:

«لەو دنیا ئێمە هیچمان یەکتریمان خۆش نەدەویست و سەرانسەری دنیامان پێ تەسک بوو و جێمان تێدا نەدەبۆوە. ئێستاش هەرچەندە لێک بێزارین ناتوانین لێک جودابینەوە.»

زاوای خۆر لەوانیش تێپەڕی و ڕۆیی تا گەییبیەوە لای ئەو ژن و مێردەی لەسەر دەمی تیژی تەورێک درێژ ببوون. گوتیان:

«ئێمە ئەویندارى یەکتری بووین، لێرەش هەر وەک ئەو لا بەدڵی یەک گونجاوین، هەموو شوێنێک بۆ ژن و مێردی ئەویندار بەتام و چێژ و خۆشە و تەنانەت لەسەر دەمی تیژی تەورێکیش جێمان دەبێتەوە، بەو مەرجەی لێک دانەبڕێین و هەرگیز یەکتری لەدەست نەدەین.»

زاوای خۆر گەییبیەوە لای گای برسی و لەڕ و لاوازی نێو شیناوەردی زەنوێر و پڕ ئاو و گیا و گۆڵ، گایەکە گوتی:

«من خزمەتکارێکی زۆر خراپی خاوەنەکەم بووم و هیچ سوودێکم پێ نەدەگەیاند، هەر بۆیەشە ئەوا ئێستا ئاوا سزا دەکێشم.»

زاوای خۆر لەویش ڕابورد و گەییبیەوە لای گایە قەڵەوەکەی بەگاشە بەردەکەوە بەسترابۆوە، گایەکە پێی گوت:

«من بەڕاستی و دروستی و ڕاستگۆیانە فەرمانبەرداری خاوەنەکەم بووم، لە زەوی کێڵانێدا لەگەڵ گایەکانی دی هیچ دەغەڵییەکم نەدەکرد و زۆر بەچاکی ئەرکی خۆمم ئەنجام دەدا، هەر بۆیەش بوو زۆر خۆش ژیام، خاوەنەکەم زۆری خۆش دەویستم، لێرەش کە هیچ ناخۆم و لەگەڵ ئەوەشدا برسی نیم و ڕۆژ بەڕۆژیش هەر قەڵەوتر دەبم.»

زاوای خۆر لەو گایەش ڕەت بوو و گەییبیەوە نێرییە شوورەکە و پێی گوت:

«ئاوی بەختە بارانی مانگی جۆزەردانێ وەخۆ، لەو ڕەنجەت ڕزگار دەبێ» نێرییە شوور ئاوی بەختە بارانێی مانگی جۆزەردانێی خواردەوە و شاخەکانی وەرین.

زاوای خۆر هاتەوە لای فەرمانڕەوا و ئەنگوستیلەکەی دایەوە دەستی و پەیامە نەفرەتییەکەی دایکیشی ڕاگەیاندێ.

هەر کتوپڕ فەرمانڕەوا بوو بەکەروێشک و ڕاوێژکارانیشی هەموو بوون بەگورگ و لە چاو تروکانێکدا گورگەکان فەرمانڕەوای -کەروێشک-یان لێک و پێک کردەوە و پارچە پارچەیان کرد.

تەواوی ئەو سامان و دارایییەی خوا بەفەرمانڕەوای دابوو، بووە هی زاوای خۆر و هاوسەرەکەی...

«ئەمنیش کاڵەم دڕا و هیچم پێ نەبڕا.»



# گوڵی ئیژوان

## ئەفسانەی گورجی

سەردەمانێکی زوو داک و کوڕێک هەبوون، سەریان پێکەوە نابوو، ئەوەی خودا بەبەندەی خۆی دابوو نەیانبوو.

کوڕە گەورە بوو و گوتی:

«دایە ژنم دەوێ»

داکە گوتی: «زۆر چاکە، منیش بەئاواتی ئەو ڕۆژەوەم تۆ بەزاوابەندی ببینم.» بەڵام دڵی کەسی نەدەگرت. ڕۆژێکی دایکی پێی گوت:



«هەموو ڕۆژێ بچۆ سەر ڕووباری و نانێکی باوێژە ناوێ. ڕۆژی بیستەم ئەو ژنەی دەتەوێ پەیدا دەبێ.»

کوڕە هەموو ڕۆژێ دەچووە سەر ڕووبارێ و نانێکی داویشتە ناوێ. ڕۆژی بیستەم پێش ئەوەی کوڕە لە ماڵێ بێتە دەرێ، داکی مرد. کوڕە زۆر بەڕێز و ئیکلامەوە داکەی بەخاک سپارد، دوایی چووە سەر ڕووبارێ و بیستەمین نانی هاویشتێ، کیژۆڵەیەک لە ئاوێ هاتە دەرێ. دەستی گرت و بردیەوە ماڵێ و وەک ژن و مێردان سەریان پێکەوە نا. ڕۆژێکی پیاوە بەهاوسەرەکەی گوت:

«چیدی حەزم لە ژیانی ئێرە نەماوە، با بچینە جێیەکی دی.»

ژنە دڵی لەوێ بەر نەدەبوو بەڵام لەبەر پێداگرتنی پیاوەی بەناچاری قایل بوو و بارگە و بنەیان تێکنا و بەرەو لایەکی دی کەوتنە ڕێ و لەوێ کۆخێکیان بۆ خۆیان هەڵنا. ڕۆژێکی ژنە لەبەر دەرکی کۆخێ دانیشتبوو خەریکی ئیشان بوو. بەڕێکەوت یەک لە نیزیکانی سوڵتانی ئەو شوێنە بەوێدا ڕابرد و گوتی:

«ژنێکی زۆر جوانم دیوە، ژنی پیاوێکی هەژارە و تازە هاتۆتە ئەم مەرز و بوومە، ئەو ژنە خوا هەر دایناوە ژنی سوڵتان بێ.»

سوڵتان گوتی:

«هزرێکی چاکە! بەڵام بەژن و کچێکەوە چۆن دەتوانم ئەوە بکەم و چۆنی لە چنگی مێردەکەی دەربێنین.»

یەک لە ڕاوێژکارانی سوڵتان گوتی:

«ئەگەر بەکارێکمان ڕاسپارد و نەیتوانی بیکا، ئەوا دەتوانی بەو فێڵە ژنە بکەیە ئی خۆت.»

«باشە چ کارێک؟»

«بینێرە هێلکێکی پەیدا کا هەرچی باڵندە و گیانلەبەرانی دنیایەی لێ بێنە دەرێ.»

بۆ بەیانی سوڵتان ناردی بەدوای پیاوەدا و گوتی:

«ئەگەر بتوانی ئەو هێلکەی تەواوی باڵندە و گیانلەبەرانی دنیایەی لێ دێتە دەرێ پەیدا کەی ئەوە چاکە و ژنی خۆت ئی خۆت، خۆ ئەگەر نەشتتوانی ئەوە ژنەکەت لێ دەستێنین.»

پیاوە زۆر پەرێشان بوو. چۆوە ماڵێ و ئەوەی ڕووی دابوو بەژنەکەی گوت. ژنە گوتی:

«باشە بۆ ماڵوێرانت کردین؟ هەزار جارم پێگوتی با لەو جێیەی خۆمان نەبزووین: باشە ئێستا قوڕی کوێ بەسەر خۆماندا کەین؟»

دوایە ژنە، کەمێکی بیر کردەوە و گوتی:

«بچۆوە سەر ئەو ڕووبارەی منت لێوە دەسگیر بوو، سێ جاران بانگی داکم کە، دێت و داوای لێ بکە هێلکەی مریشکە سپیت داتێ.»

پیاوە چۆوە سەر ڕووبارێ. لە ڕۆخی ئاوێ دانیشت و هاواری کرد:

«مامۆژن، مامۆژن، هۆۆۆۆی مامۆژن!»

مامۆژن لە ئاوێ هاتە دەرێ، پیاوەی بەستەزمان سڵاوی کرد و گوتی:

«کچەکەت تکا دەکا ئەگەر هێلکەی مریشکە سپیمان دەیەی.»

دایکی کچە گەڕایەوە و دوو هێلکەی هێنان و داینە زاوایەکەی. پیاوە بەرەو ماڵ بۆوە، لە نیوەی ڕێیە شەو بەسەر داهات، پیاوە بۆ حەسانەوەی چووە سەر دارێکی بەڵام یەکێکی لە هێلکەکان لە دەستی بەربۆوە و شکا. هەر ئەوەندەی خۆش بوو، هەرچی پەلەوەر و باڵندە و گیانلەبەری دنیایەیە هەموو سەریان لەو هێلکەیەی دەرهێنا. هەر یەکەیان بەلایەکدا کەوتنە فڕین و بڵاوبوونەوێ. پیاوە بەحەپەساوییەوە لە دارێ هاتە خوارێ و ملی ڕێیەی گرت، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە هەرگیز باوەڕی بەوەی نەدەکرد کە دیبووی.

هێلکەی دایە سوڵتانی. سوڵتان هێلکەی شکاند و باڵندە و گیانلەبەرانی لێ دەرپەڕین. حەوش و بانێکی قایمیان بۆ ئەو باڵندە و گیانلەبەرانی پێکەوە ناو دەوێیان کردن و خەڵکی بەواقی وڕ و سەری سوڕماوەوە دەهاتنە سەیرێیان و لێویان بەئافەرینەوە هەڵدێنایەوە.

ڕاوێژکاری بەدفەساڵ بەسوڵتانی گوت: «ئەمجارەیان کارێکی ڕادەسپێرینێ هەرگیز پێی ئەنجام نەدرێ، دوای ئەوەی ژنەکەی دەبێتە ئیوە.»

سوڵتان گوتی: «چ کارێک؟»

«بە دوای هێشووە ترێیەکی هێندە گەورەیدا ڕادەسپێرین کە تەواوی سوپای مە لێی بخوا و واش هێندەی بمێنێتەوە و بتوانین شەرابی تەواوی سوپاکەشمانی لێ بگرین.»

سەرلەنوێ کابرایان بانگ کردەوە و پێیان گوت:



«برۆ هێشووە ترێیەکی بێنە تەواوی سوپای مە لێی بخۆن نەبڕێ و هێندەشی لێ بمێنێتەوە و بای شەرابی تەواوی سوپای مەی شەراب لێ بگیرێ.»

پیاوە غەمبار و پەرێشان و دڵشکاو، هاتەوە ماڵێ و ئەوەی ڕووی دابوو بۆ ژنەکەی گێڕایەوە.

ژنە دووبارە کەوتەوە سەرزەنشت و گلە و گازندان لێی، کە:

«من چیم لێرەدا بوو. تازەش خۆ کار لە کار ترازاوە و لەوە بەولاوە کە فەرمانی سوڵتانی بەجێ بێنین چارەیەکی دیکەمان نییە.»

بچۆوە سەر ڕووبارێ و داکم بانگ کەوە و تکای لێ بکە کە هێشووە ترێیەکت لە ڕەزە ترێی خۆی بداتێ.»

پیاوە ڕاست بۆوە، بەرەو ئەو مەرز و بوومەی پێشدان لێی دەژیان وەڕێکەوت و ڕۆیی تا گەییەوە ڕووبارێ، لە قەراغێ ڕاوەستا و هاواری کرد:

«مامۆژن، مامۆژن، هۆهۆی مامۆژن!»

خەسووی دیسانەوە هاتە دەرێ و پرسی:

«دیسان چتدەوی؟»

«کچەکەتان تکاتان لێ دەکا کە هێشووە ترێیەکی لە ڕەزی خۆتان بۆ بنێرن.»

داکە تێگەیی کە کچەکەی لە بارێکی نارێک و گرفتێکی نالەبار دایە. بەنیگەرانییەوە پرسی:

«ئەو ترێیانەی بۆ چ دەوێ؟»

«نازانم، تەنیا هەر داوای کردن و نەیگوت بۆ چییەتی.»

خەسووەکەی ڕۆیشت، دوای تاوێک هاتەوە و هێشووە ترێیەکی پێبوو و دایە دەستی، پیاوە بەستەزمانەکە هێشووە ترێیەکەی وەرگرت و بەرەو ماڵ کەوتە گورگەلۆقان. لە ڕێیە برسی بوو، بۆڵوە ترێیەکی هاویشتە زاری، هێندە تێر بوو بۆڵویەکی دیکەی پێ نەخورا. هەروا بەحەپەساوی بەڕێیەدا دەهات، بەڵام نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە ئادەمیزاد بەبۆڵوە ترێیەکی هێندە تێر دەبێ. هێشووە ترێیەی بۆ سوڵتان هێنا. سوڵتان هێشووە ترێیەی دایە سوپای تا بیخۆن، ئەوانیش تا توانیان و تا تێر بوون خواردیان و بەشی شەرابیشی بەزیادەوە لەبەر مابۆوە.

سەرلەنوێ لە بن گوێی سوڵتانی هەڵخوێندەوە:

«ژنەکەی هەر لە دەست دەردێنین!»

سوڵتان پرسی:

«جا چۆن؟»

«فەرمانی پێ بکەن منداڵێکی پەیدا کا چواردە زمانان بزانێ و بەو چواردە زمانانە لەگەڵ هەموو ڕاوێژکارەکانتاندا بدوێ.»

سوڵتان جارێکی دیکەشی پیاوە بانگ کردەوە و فەرمانی دایە:

«ئەگەر بتوانی منداڵێکی پەیدا کەی بەچواردە زمانان بدوێ و بەهەر چواردە زمانان لەگەڵ ڕاوێژکارەکانمدا قسان بکا ئەوە چاکە، دەنا ژنەکەت لێ دەستێنین.»

پیاوە دیسانەوە بەدڵی پڕ غەم و حەسرەتەوە هاتەوە لای ژنەکەی و ئەوەی ڕووی دابوو پێی ڕاگەیاند.

ژنە دووبارە کەوتەوە سەرزەنشتی ئەو پێداگرتن و گێلیەی مێردەکەی کە ئاوابوونە مایەی دەردەسەری بۆیان، بەڵام بۆ گلەیی و گازاندە و سەرزەنشت چاری هیچ گرفتێکی دەکرد؟ ناچار پێی گوت: «بچۆوە سەر ڕووبارێ و بانگی دایکم کەوە و لە منەوە پێی بڵێ: داخوا براژنەکەم زاوە و منداڵی بووە؟ ئەگەر بوویەتی ئەوا ئەم منداڵەمان بداتێ چەند ڕۆژێکانمان لابێ.»

ڕۆیی، ڕۆیی تا گەییەوە سەر ڕووبارێ و بانگی کرد:

«مامۆژن! مامۆژن! کچێ مامۆژن!»

مامۆژن لە ئاوێ هاتەوە دەرێ و لە زاواکەی پرسی:

«دەی بزانم، ئەم جارەیان چت دەوێ؟»

«کچەکەتان دەیەوێ، ئەگەر بووکەکەتان هیچی بووە، ئەوە چەند ڕۆژێکان ئەو منداڵەمان بۆ بنێرن لامان بێ.»

مامۆژن گوتی:

«ڕاوەستە، تۆزێک چاوەڕێ بە.»

مامۆژن ڕۆیشت و پیاوە وەک لەسەر ئاو و ئاگران بێ چاوەڕێ ما. ساتە وەختێکی کەمی چاوەڕوانی لێ ببوە چەند سەعاتێک. ماوەیەک ڕابرد، خەسوەکەی بەخۆی و منداڵێک بەباوەشەوە پەیدا بۆوە.

هەر کە منداڵە چاوی بەکوڕە لاوە کەوت، گوتی:

«سڵاو مامە، داخوا چۆنن؟»

پیاوە ئەبلەق بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەتۆ بڵێی ساوایەک ئاوا قسان بکا؟ منداڵەکەی لە ئامێزی کرد و بەرەو ماڵ بۆوە. منداڵەکە لە ڕێیە وەکوو پیاوان لە هەموو شتێک دەدوا، پیاوەکە شیفتەی ئەو زمانە ڕەوانەی منداڵەکە ببوو، هەموو ئەو ڕێیەی بەبێ ماندووبوون لەبەرچوو، سەرەنجام گەییەوە ماڵێ.

هەر کە منداڵەکە چاوی بەپووری کەوت گوتی:

«پوورێ گیان سڵاو، چۆنن داخوا؟»

ژنە برازاکەی خۆی ماچ کرد و هەواڵی هەموانی پرسی و دوای تاوێک حەسانەوە بردیانە لای سوڵتان. دیتیان ئەوە چواردە ڕاوێژکار لە چواردە وڵاتی جۆرا و جۆرەوە ئەوە لەوێ دانیشتوون. منداڵە لەگەڵ هەریەک لە ڕاوێژکاران بەزمانی خۆی کەوتە گفتوگۆ. هەموو لە حەژمەتان زاریان بەش بۆوە، دوایی دەگەڵ مێردی پوورێی هاتنە دەرێ و دوای ئەوەی ماڵاوایی لە پووری و مێردەکەشی کرد بەرەو ڕووبارێ کەوتە ڕێ.

ڕاوێژکاران گوتیان:

«دەبێ بیرێکی دی بکەینەوە.»

شتێکی دیکەیان بەمێشک داهات، پیاوەیان بانگ کردەوە و گوتیان:

«ئەگەر گوڵی ئیژوان بۆ سوڵتانی بێنی ئەوا لێت قایل دەبێ و ڕێت دەدا هەتا ماوی لەگەڵ ژنەکەی خۆت وێکڕا بژین. دەنا ژنەکەت لێ دەستێنین.»



پیاوە گوتی:

«زۆر چاکە، تەنیا نۆ مانگانم مۆڵەت دەنێ و لەو ماوەیەشدا کەسێکی بنێرنە لای خێزانەکەم چاوی لێی بێ.»

بەوە قایل بوون و بۆ ئەو مەبەستەش کچی سوڵتانیان دەستنیشان کرد. ئەویش کچی سوڵتانی لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵێ لای ژنەکەی تا بەتەنی نەبێ. پیاوە کەوتە ڕێ، پێش وەی بڕوا ژنەکەی ئەڵقەیەکی دایە تا لە بیری نەکات و هەمیشە وەبیری بێتەوە و گوتی:

«یەک لە ئەسپەکانی سوڵتانیش بەرە.»

پیاوە چوو، ئەسپێکی هێنا و ملی لێنا. لە ڕێیە تووشی هەر کەسێ بوایە پرسیاری گوڵی ئیژوانی لێ دەکرد، کەس نەیدەزانی ئەو گوڵە لە کوێ هەیە. هەشت مانگی تەواو بەڕێیەدا ڕۆیی، لە سەرەتای مانگی نۆهەمدا تووشی پیرێژنێکی بوو، پیرێژن گوتی:

«ئەو گوڵە ژنێکی جوان چاوەدێری و پەروەردەی دەکا و چۆنیەتی وەدەست هێنانیشی دەبێ بچیە لای ئەو سێ برایەی لەوێ دەژین و لەوان بپرسی.» پیرێژن ماڵی سێ براکانی نیشاندا و دوور کەوتەوە.

پیاوە ڕۆیی و لە پێشدا بانگی برا گچکەی کرد، ژنی برا گچکەی هات و لێی پرسی بۆ هاتۆتە ئێرە، دوایی چووە ژووری ماڵێ و بەجنێوان و بەقسەی سووک و بێ مانا مێردەکەی بانگ کرد. پیاوێکی چەماوەی سەر و ڕیش ماش و برنجییەکی بۆز هاتە دەرێ، پیاوە لێی پرسی:

«پێم بڵێ چۆن دەتوانم بگەمە لای ئەو ژنە شۆخ و شەنگەی گوڵی ئیژوانی لایە؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

«ئەوە برا ناونجییەکەم دەزانێ.»

پیاوە بەرەو ماڵی برا ناونجییەکە ڕۆیشت. ژنی ئەو برایەش هات و پرسی بۆ هاتۆتە ئێرە، دوایە ئەویش بەجنێو و قسەی نابەجێوە بانگی مێردەکەی کرد. پیاوێکی پیری کەنەفت و پەککەوتەی چەماوەی موو ماش و برنجی بۆز هاتە دەرێ. لەویشی پرسی:

«بڵێ بزانم چۆن دەتوانم بگەمە لای ئەو ژنە شۆخ و شەنگەی گوڵی ئیژوانی لایە؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

ئەوە برا گەورەکەم دەزانێ.»

پیاوە بەرەو ماڵی برا گەورەی وەڕێکەوت. ژنەکەی هاتە دەری و گوتی:

«جارێ مێردەکەم نوستووە و کەی هەستا ئەوە پێی دەڵێم، جارێ دڵم نایە هەڵیستێنم.»

پیاوە سەری سوڕما! ژنەکانی دی بەسەر مێردەکانیاندا دەشیڕاند و قسەی بێ جێ و جنێوی سووکیان پێ دەدان، بەڵام ئەمەیان دڵی نایە تەنانەت لە خەویشی کا. دانیشت و چاوەڕێ ما.

چەند سەعاتێکی خایاند، تەنیا یەک هەفتەی مۆڵەت مابوو. کە سێهەمین برا لە خەوێ ڕابوو، ژنەکەی پێی ڕاگەیاند کە پیاوێک چاوەڕێیەتی و ئەویش لە ماڵێ وەدەرکەوت. لاوە ئەبڵەق ما، برا هەرە گەورەکە قەیرە پیاوێکی خۆش ڕوو و بەسەر و سیما بوو، کە برا لەخۆ بچووکترەکانی بەتەواوی پیر و پەککەوتە و کەنەفت بوون. دیارە ئەوەش هۆی هاوسەرەکەی بوو کە زۆر بەباشی چاوەدێری و خزمەتی دەکرد و لە

فەرمانی دەرنەدەچوو. برا گەورە گوتی:

«ئەو ژنە جوان و شۆخ و شەنگەی تۆ لێی دەپرسی لە قوللەیەکدا دەژی کە هیچ ڕێیەکی ناچێتێ. بەڵام کاتێ دێتە سەربانی قوللەکە و بەرەو خوار دەست دەکا بەسەر و پرچ داهێنانی و پرچان دادێڵێتە خوارێ، دەبێ تۆ لە خوارێ لە پەنایەکیڕا کە پرچی شۆڕ بوونەوە بیگری و چەند لۆیەکی لە دەستی خۆت ئاڵێنی و ئەو بەپرچی خۆی هەڵتدەکێشێتە سەرێ و تۆش دەبێ خۆت زۆر توند بگری و سوێندی بخۆی کە دەیخوازێ. لەوە بەولاوە نایەڵێ یەک هەناسە بەزیندوویی وەمێنی.»



کوڕە لاو ڕابوو و کەوتە ڕێ، گەییبە بن دیواری قوللەی و چاوەڕێما. ژنەی شۆخ و شەنگ وەدەرکەوت و سەروپرچی بەردانەوە، کوڕە لاو ترسی لێ نیشت و نەیوێرا دەستی بۆ درێژ کا. ژنە جاری دووەم و سێهەمیش پرچی بەردانەوە. سەرەنجام کوڕە سوێندی خوارد کە بیهێنێ و دەستی درێژ کرد و پرچی ژنەی لە دەستی خۆیەوە پێچا. ژنە وردە وردە پرچ و پیاوەکەی هەڵوێزنینەوە و هەڵیکێشانە سەرێ. لاوە هێندەی نەمابوو بترازێ. بەڵام لە ترسی ڕوحی پرچەکەی تا دەهات توندتر دەگرت و خۆی پێ هەڵدەواسی و خۆی لە بەربوونەوەی ڕزگار کرد. ژنە زۆری بەخێر هێنا و خواردن و خواردنەوەی بۆ هێنا و هەردووک پێکەوە کردیانە ئاهەنگ و خۆشی و لە دوایە پیاوەکە گوتی:

«هەر چەندە بەڕاستی سوێندم خواردووە بتخوازم و بتهێنم بەڵام ئێستاکەش من ژنم هەیە و هەر لەبەر خاتری ڕزگاری ئەویشە هاتوومە ئێرە.»

شۆڕەژن گوتی:

«جا قەیدی چیە، خۆ ژن ژنی نەخواردووە! ئەمنیش دەبمە ژنی تۆ.»

پیاوە کەوتە سەر باسی ژنەکەی کە چۆن سوڵتان بەفێڵ و دەهۆ و تەڵەکەبازی و فرتوفێڵان دەیەوێ لە دەستی دەرێنێ و ماوەی مۆڵەتەکەشی هێندەی نەماوە تەواو بێت، بۆیە وا بەپەلەیە و هێندە بەکوڵ و دڵەوە سەری لە دووی پەیدا کردنی گوڵی ئیژوان ناوە.

شۆڕەژن ئەسپی باڵداری هەبوون، هەر هەستا و دەستی بەچنینەوەی گوڵی ئیژوان کرد و دایە دەست کوڕە لاوەی. هەر دووکیان سواری ئەسپی باڵدار بوون و ژنە هەی لە ئەسپی باڵدار کرد:

«بەرەو ئەو سوڵتان نشینەی ئەو کوڕە دەڵێ، باڵان لێکدە و بفڕە.»

ئەسپەکان لە ئاسمانێ وەک بای دەفڕین. گەیشتنەوە مەرز و بوومی سوڵتانی. دەو دەمەیدا کە دەهات مۆڵەتی نۆ مانگەی تەواو بێ و ژنی پیاوە هەژار و بەستەزمانەکەش دەم بەدەم زیاتر نیگەران و بێوازتر



دەبوو کە نەکا بۆ سوڵتانی بەرن.

لاوە گەییبەوە دەرکی ماڵێ خۆیان و لە دەرکێی دا، بەڵام کچی سوڵتانی مە پێی وا بوو ئەوە بابیەتی و هاتووە، هاواری کرد:

«لەسەر خۆ بابە، بۆ هێندە بەپەلەی؟ ئێستاش چەند دەقیقەیەکی ماوە، بەڵکو ئەوە خوایە لەسەر وەختی خۆیدا بێتەوە.»

بەڵام نا ئەوە مێردەکە بوو لە دەرکێی دەدا.

ژن و کچەکە کە پێیان وا بوو ئەوە سوڵتان و دەستوپێوەندەکانیەتی لە دەرکێ دەدەن، دەرگایان نەکردەوە، پیاوە تووڕە بوو، پەنجەرەی شکاند و ئەو ئەڵقەی ژنەکەی دابوویە هەڵیدایە ژوورێ و نەڕاندی:

«منم: هاوسەرەکەتم! هاتوومەوە!»

بەڕاستی شاد و شەنگوڵ و خۆشحاڵ بوون و دەرگایان کردەوە. لاوە گوڵی ئیژوانی بۆ سوڵتانی برد. سوڵتان و ڕاوێژکارانی حەپەسان کە چۆنی گوڵی ئیژوان پەیدا کردووە و بەزیندوویی هاتۆتەوە. سەریان سوڕما کە ئیدی چ پیلانێکی دیکەی بۆ دارێژن.

لاوە هاتەوە ماڵێ و شۆڕەژن پێی گوت:

«سوڵتان واز ناهێنێ، بڕۆ پێی بڵێ ئەگەر لە پێش تاو هەڵاتێ پردێکی لەسەر ڕووباری دروستکەم تەواوی سوپا و ڕاوێژکارانتان بەخۆ و بەماڵ و منداڵیانەوە، بەباغ و باغات و دەزگا و دوکانیانەوە لەوێ جێ کەمەوە، ئەوە یەکجاری واز لە ژنەکە دێنن. دەنا بۆ خۆتانی ببەن چۆنە.» لاوە چووە لای سوڵتانی و ئەوەی شۆڕە ژن ڕایسپاردبوو بەسوڵتانی گوت:

پێش تاوهەڵاتێ شۆڕەژن، تاڵە کەزییەکی بەسەر ڕووبارێدا ڕایەڵ کرد. بەو موانە پردێکی بەتەواوی ماڵ و دوکان و باغ و باغاتەوە لەسەر ڕووبارێ دروست کرد.

سوڵتان بەخۆی و ڕاوێژکارانی و تەواوی سوپاکانیەوە، کەوتنە هەنگاونان بەسەر پردێدا و دەستیان کرد بەشایی و ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمەکیان بەرپا کرد ئەو سەری دیار نەبێ.

شۆڕەژن لێ گەڕا تا هەموو سەرقاڵ و سەرگەرمی شایی و ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمی خۆیان بوون، دوایی تەکانێکی بەتاڵە مووی کەزیەکانی دا. پرد تێکقرما و ئاوەژوو بۆوە و هەرچی لەسەر پردێ بوو هەموو کەوتنە ڕووبارێ و نقووم بوون.

شۆڕەژن و پیاوە و هاوسەرەکەی هاتنەوە ماڵێ.

دوایی، کوڕە لاو مێردێکی لەباری بۆ شۆڕەژنێ دیتەوە. هەموو پێکەوە کەوتنە ئاهەنگ و زەماوەند و شایی بووکێ و لەوەودواش ژن و مێردە چوونەوە ئەو جێیەی یەکەم جار لێوەی هاتبوون و زۆر بەخۆشی و بەختەوەری و خۆشگوزەرانییەوە ژیانیان بردە سەر.

ئێوەش ڕۆژانی ژیانتان هەر بەخۆشی و بەختەوەری بەسەر بەرن.

# ئەو دێوەی ویستی کوڕی ئاشەوانی بکوژێ

## ئەفسانەی گورجی

دە ئەفسانانندا هاتووە کە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم داستانە هەمووی بەڕاستی ڕوویان داوە و بەسەرهاتەکانی هەمووی ڕاستن. بەڵام تەنانەت یەک وشەشی لەگەڵ ڕاستیدا بەرابەر نایەتەوە. لە سەردەمێکی زۆر پێش ئێستا پاشایەک دەبێ و تەنیا کچێکی دەبێ و هیچی دی. پاشا کچەکەی لە قەڵایەکی زۆر بڵنددا دەخاتە ژێر چاودێری خۆی و هەموو ڕۆژێش جارێکی سەر لێ دەدا و دەیکێشێ تا بزانێ قەڵەو بووە یا لاواز.

کەمێک لەولای قەڵاوە جووتیارێک دەبێ ئاشەوانییە دەکا. ئەویش تەنیا کوڕێکی دەبێ و هیچی دی.

ئاشەوان کۆچی دوایی کرد و کوڕیژگە بێ باب مایەوە، زۆری نەبرد داکیشی چاوی تاهەتای لێک نا و دنیای بەجێ هێشت. کوڕیژگە هەراش بوو. هەندێک هەن کەم کەمە بەگوتەی هەندێکان ساڵ بەساڵ گەورە دەبن، بەڵام ئەو ڕۆژ بەڕۆژ هەڵی دەدا و گەورە دەبوو، کچی پاشای هەموو ڕۆژێ لە قەڵاوە بەسەر خوارێیدا دەڕوانی و هەموو ڕۆژێش کوڕی جووتیارەی دەدیت. کچی پاشای شەیدای کوڕی جووتیارەی بوو، بەڵام لە بابیشی دەترسا، سەرەنجام ڕۆژێک لە ڕۆژان ترسی خۆی شکاند و نامەیەکی لە قەڵاتێوە بۆ کوڕەی هاویشتە خوارێ. لاوژە دوای ماوەیەک بیر کردنەوە گوریسێکی درێژی هێنا و سەرێکی بەبەردێکەوە بەست و سەرەکەی دیکەشی بەرەو یەک لە پەنجەرەکانی قەڵاتێ هەڵدا، کچی پاشای گوریسەکەی دیتەوە و لە کۆڵەگێکی شەتەک دا. لاوژە بەگوریسی هەڵگەڕا و لە قەڵاتێ وەسەر کەوت و پێکەوە دەستیان تێکەڵاو کرد. هەر کاتێ بابی کچەی دەهاتەوە ماڵێ لاوژە لە جێیەکی خۆی مات دەکرد، تا شا بۆنی هاتنێی نەکا و پەی بەبوونی وی نەبا.

هەروەک چۆن گوتمان پاشا هەمو ڕۆژێ کچەکەی دەکێشا، ئێستا هەستی دەکرد کە خەریکە کچەکەی قەڵەو دەبێ.

کچە تێگەیی کە بابی گومانی لەو قەڵەویە نائاسایییەی وی هەیە، بۆیە بەلاوژەی گوت:

«ئێمە دەبێ هەڵێین.»

هەردووکیان بەگوریسیدا هاتنە خوارێ و کوڕی جووتیاری دەزگیرانەکەی بردە نێو کاولە هەژارانەکەی خۆی و داینا.

کاتێ هەڵاتنی کچەیان لە قەڵاتێ بەپاشای ڕاگەیاند، دەستوپێوەند و دەرباریانی بەهەموو لایاندا بڵاو کردن تا جێ و ڕێی کچە وەبینن. تا نۆکەر و دەستوپێوەند شوێنی کچەیان دیتەوە کە لە کاولی کوڕە ئاشەوانییە. پاشا حەوت پیاوی لە دەربارانی خۆی ناردن تا کوڕە ئاشەوان و کچەکەی خۆی بگرن و بیانهێننە دەرباری. کوڕە ئاشەوان لە دەری کاولە ماڵەکەی خۆی خەریکی خۆشوشتنێ بوو. دەربارییان چاویان پێکەوت و بۆ گرتنێی بەرەو لای وی وەغار کەوتن. کوڕە ئاشەوان ڕایکردەوە ماڵێ و شمشێری ڕاکێشا و یەک نەبێ دەنا ئەوانی دیکەی هەموو کوشتن. کوڕی ئاشەوانی بەو تاکە زیندووە ماوەی گوت:



«بڕۆ بەشای بڵێ کەسی دیکەم نەنێرێتە سەرێ. تازە ئەو کچە هاوسەری منە و دەبێ هەر لەگەڵ مندا بژی»

شا کە ئەوەی بیست زۆر تووڕە بوو ئەو جارە دوازدە پیاوی دیکەی بۆ گرتنێ ناردە سەری، ئەو دوازدانەش زۆریان خۆ هێنا و برد زەفەرێکی بەکوڕە ئاشەوانی بەرن بەڵام بۆیان نەکرا. هەر کە شمشێری هەڵکێشا سەری یازدەیانی لە لەشیان جودا کردنەوە و دوازدەهەمینی ئازاد کرد و گوتی:

«بڕۆ بەشای بڵێ با هیچی دی کەسمان نەنێرێتە سەرێ.»

ڕۆژێکی کچە بەمێردەکەی گوت:

«واچاترە لێرە بڕۆین، چونکە هەرچی بکەین بابم دەستبەردارمان نابێ و کۆڵمان لێ نادا.»

کوڕە ئەو قسەی هاوسەرەکەی چووە دە دڵی. هەر دوای ئەوە هەرچی هەیان بوو کۆیان کردەوە و کەوتنە ڕێ. لاوژە تیرێکی لە تیردانێ دەرکێشا و لە ژێی کەوانێی ڕاکێشا تا تیرە لە هەر جێیەکی بکەوێ ئەوان بچنە وێ و لەوێ بناغەی ژینی خۆیان هەڵنێن.

تیر لە نۆ کێوان ئاوابوو و چوو لە ماڵێکی کەوت کە ماڵی نۆ برا دێوان بوو. دێوەکان هەستیان کرد کە تیرێکیان کەوتە نێو ماڵێ. ڕایان کرد کە تیرەکەی لە زەوی دەرکێشن کەچی نەیانتوانی. تا دوایی ژن و مێردە گەینە وێندەرێ. لاوژە لە دێوەکانێ پرسی:

«ئەرێ هیچتان هەیە بماندەنی بیخۆین؟»


و دوایش چوو تیرەکەی لە زەوی دەرکێشایەوە و هات لەبەردەمی دێوەکان ئیکلامی کێشا. دێوەکان هەموو تێکیانەوە هاویشت و تەماشای ویان کرد و سەرسام مان کە چۆن ئەوان بەنۆ دێوان نەیانتوانی تیرەی لە زەوی دەرکێشنەوە کەچی لاوژە هەر بەدەستی چەپی خۆی تیرەکەی دەرکێشایەوە. دێوەکان بڕیاریان دا تاقی کەنەوە داخوا بەڕاستی ڕاستی وا هێندە بەهێز و توانایە یان نا؟ دێوەکان مەنجەڵێکی یەکجار گەورەی زنجیرداریان هەبوو چێشتیان تێڕا لێ دەنا. ئەو مەنجەڵە بەهەر نۆ دێوان نەبوایە نەدەچووە سەر ئاوری. دێوەکان بەلاوژەیان گوت:

«ئەو مەنجەڵەی لە سەر ئاوری داگرە.»

ئەویش بەرەو مەنجەڵەی چوو و هەر لە چاو تروکانێکدا هەڵیگرت و لەسەر عەردی دانا. دێوەکان تێگەیشتن کە بەڕاستی بەهێز و توانایە و ئەوان دەروەستی وی نایەن. بۆیە بڕیاریان دا دۆستایەتییەی لەگەڵ بکەن. بەڵام نەیانتوانی لەوە زیاتر خۆ ڕاگرن و هاتنەوە سەر خوو و خدەی خۆیان و هەر زوو بەزوو دەستیان دەبەرۆکی یەک نا و بەربینگی یەکدیان گرت و شەڕ و هەرایان کەوتەوە نێوانی. کوڕی ئاشەوانی هەشت دانە دێوی لێ کوشتن و یەکێکیان نەبێ کە بەشەلەشەل خۆی دەچاڵێکیدا شاردبۆوە و خۆی پەنا دابوو - ڕزگاری بوو - ژن و مێردەش هەرچی خوا بەدێوانی دابوو دەستیان بەسەرداگرت و کردیانە ئی خۆیان. زۆر بەخۆشی و شادی و بەختەوەری و ئاسوودەیی ڕۆژانی ژیانیان بەسەر دەبرد و دەژیان. ماوەیەکی زۆر نەبوو کە ڕۆژێکی لاوژە بڕیاری دا بچتە ڕاوێ. لە دەمی ڕۆینێدا بەهاوسەرەکەی گوت:

«کە هاتمەوە تا سێ جاران لە دەرکێ نەدەم نەیکەیەوە، نەوەک بێگانەیەک بێتە ژووری.»

دێوە شەلە گوێی لە هەموو قسەکان بوو، کوڕی ئاشەوانی ڕۆیی بۆ ڕاوێ. دێوە لە چاڵێ هاتە دەرێ و بەرەو دەرکێ خزی و وەک چۆن مێردە بەژنەکەی گوتبوو، سێ جارانی لە دەرکێ دا. ژنە هەر خێرا تێگەیی



که ئەوە مێردەکەی نییە و دەرکەی نەکردەوە. دێوە بەزمانێکی شیرین گوتی:

«من شەیدای تۆ بووم، ئەگەر دەرکێش ناکەیەوە، هەر ئەنگوستە چکۆڵەکەت لە کونی دەرکێڕا بێنە ئەودیوی، ماچی دەکەم و لێرەوە دوور دەکەوم» ئەویش ئەنگوستە چکۆڵەی لە درزی دەرکێڕا بۆ ئاودیو کرد. دێوە تا توانی زۆر بەتوندی ئەنگوستەی بەددانی گرت و ژنە لە تاوان هاواری لێ هەستا. دێوە گوتی:

«دەرکێ وەکە دەنا ئەنگوستت دەقرتێنم.»

ژنە بەرگەی ئازارێی نەگرت و دەرکەی کردەوە و دێو چووە ژوورێ. بەرە بەری ئێواریێ پیاوە هاتەوە ماڵێ سێ جارانی لە دەرکێ دا، هاوسەرەکەی دەرکەی کردەوە، دەو دەمەیدا کە ژنە چوو دەرکێ وەکا، دێوە بەهەلی زانی و چوو خۆی لە پەنایەکی شاردەوە.

سبەی بەیانی دووبارە لاوژە چۆوە ڕاوێ. ژنە و دێوە شەلە بەتەنێ مانەوە. دێو گوتی:

«دەبێ لە ناوی بەرین.»

ژنە پرسی:

«جا چۆنی لە ناو بەرین؟»

دێوە گوتی:

«کە مێردەکەت هاتەوە خۆ نەخۆش کە. ئەگەر لێی پرسی چتە و بەچی چاک دەبیەوە، بلێ جۆرە بەرازێکی کێوی لە نێو دارستانێ لە بن دار بەڕوویدا دەژی بەجەرگی وی چا دەبمەوە. پێی بلێ ئەگەر جەرگی ئەو بەرازەم بۆ پەیدا دەکەی ئەوە باشە و چاک دەبمەوە و وەک جارانم لێ دێتەوە دەنا دەمرم.

ئەو بەدوای بەرازی کێویدا دەچێ، بەراز دەیکوژێ و من و تۆش ڕزگارمان دەبێ لە دەستی.»

مێردە لە ڕاوێ هاتەوە. دیتی ژنەکەی دەناڵێنێ بەڵام چۆن، ها ئێستا بمرێ ها تاوێکی دی.»



پیاوە پرسی:

«ئەوە چ بووە؟»

ژنە بەناڵە و نرکەوە گوتی:

«زۆر نەخۆشم، بیستوومە بەرازی کێوی دە دارستانێدا هەیە ئەگەر جەرگی ویم بگاتێ ئەوە چاک دەبم دەنا دڵنیابە دەمرم و ئەو بەرازە کێوییەش هەر لە بن داربەڕوویدا دەژی.»

لاوژە بۆ ڕاوە بەرازی بەداربەڕووی هەڵگەڕا و خۆی لە بۆسە دا. بەرازی کێوی بۆنی ئادەمیانی وەبەر لووتی هاتبوو بەخێرایی لە داربەڕووی هاتە پێشێ و مرۆڤێکی لە نێوان لق و پۆپی داربەڕوویدا بەدی کرد.

هێرشی بردە سەر داربەڕووی و شفرە درێژەکانی لە قەدی دارەی گیر کردن و لە نێوەڕاستێڕا بڕییەوە و کردیە دوو لەت. دووبارە هێرشی کردەوە سەر داربەڕووێ بەڵام ئەمجارەیان لە تووڕەییان لە جیاتی ئەوەی شفرەکانی لە قەدی دارێدا لە ڕەگەکانی گیر بوو. لاوژە هاتە خوارێ و لە سەر لقێکی دیکە دانیشت، شمشێری دەرکێشا و کەوتە وێزەی بەرازە کێوی، هێندەی بۆیە شمشێر دەلەشی ڕادەکرد دەیگوت داخوا لە تاوان شفرەکانی لە ڕەگەکان دەکاتەوە یان نا. بەراز بەردەوام خۆی دێنا و دەبرد شفرەکانی لەڕەگی دارەکەی کاتەوە بەڵام بێ سوود بوو و بۆی نەکرا. لاوژە خۆی لە دارێ فڕێ دایە خوارێ و سەری بەرازەی گۆشا و گۆش بڕی، کەلەشەکەی کردە دوو لەت. جەرگەکەی هێنایە دەرێ و بەرەو ماڵ بۆوە. گەییەوە بەر ماڵێ و لە دەرکێی دا. ژنە و دێوە پێیان وابوو تازە ئیدی ئەو مردووە بۆیە بێ غەم خەریکی شادی و خۆشی و بەزم و ڕەزمی خۆیان بوون. ئەوان کە چاوەڕێی هاتنی کەس نەبوون، بەلەدەرکەدانێ تێکڕا بوون. دێوە خۆی شاردەوە و ژنە دەرکەکەی کردەوە.

کوڕی ئاشەوانی دەستوبرد جەرگی بەرازەی هێنا و لێینا و دایە ژنەکەی تا بیخوا. ژنە هیچ چارەی نەما لەوەی زیاتر کە جەرگەکەی بخوا و خۆی وا پێشان دا کە چاک بۆتەوە.

بۆ سبەی بەیانی دووبارە لاوژە بۆ ڕاو و شکارێ لە ماڵێ وەدەرکەوت، دێوە لە حەشارگەی خۆی هاتە دەرێ و داوای لە ژنەی کرد کە مێردەکەی هاتەوە، سەرلەنوێ خۆی نەخۆش کاتەوە و بلێ تەنیا دەرمانیشی جەرگی شووری کێوییە. دێو گوتی:

«ئەو بۆ ڕاوی نێرییە شووری دەچێ و نێریە شووریش بێ هیچ گومان و دوودڵییەک دەیکوژێ و ئێمەشی لە دەستان ڕزگار دەبین.»

مێردە لە ڕاووشکارێ هاتەوە و دووبارە ژنەکەی دیت ناڵە و نرکەیەتی، لێی پرسی:

«دیسانەوە چییە، خۆ بەیانی چاک بووی، بۆ سەرلەنوێ ناڵە و نرکەتە؟»

ژنە بەدەنگێکی وا کە زۆر نەساغە گوتی:

«جەرگی نێرییە شوورێم بۆ بێنە بیخۆم، تا چاک ببمەوە دەنا دەمرم.»

پیاوە چووە ڕاوی نێرییە شووری. بەڵام ئەو شوورەی لە کوێ ڕاوکا؟ دوور یا نێزیک گوێی لەوانە نەبوو، ڕێی دەشت و بیابانی گرت و ملی لێنا تا سەرەنجام گەییە داوێنی کێوێکی، دامێنی ئەو کێوەی مێرگ و مێرغوزارێک بوو، دوازدە وەرزێری چاپووک بەبێ ڕاوەستان دروێنەی گیایان لێ دەکرد، لاوژە کە لە کار و خۆبادان و خۆهێنان و بردنیان ڕامابوو، هاواری کردنێ:

«ماندوو نەبن!»

بەڵام ئەوان وا دەکاری خۆیان ڕاچووبوون و هێندە سەرقاڵی ئیشێ بوون وەڵامیان نەدایەوە.

کوڕی ئاشەوانی دووبارە قوولاندیەوە:

«ماندوو نەبن!»

ئەم جارەیان لە دوازدان یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

«ئەوە دەڵێی چی! ماندوو بوونی چی؟ ئەگەر تا ئێوارێ هەموو ئەو گیایەی نەدروویننەوە نێرە شوور هەموومان دەکوژێ و لە جێی گیای دەمانخوا.»

لاوژە بانگی کردن:

«هەمووتان وەرنە ئێرە لای من.»

هەموو هاتن. لاوژە لێی پرسین. نێرییە شوور لە کام لاوە دێت. ئەو هەرچی ویستی و پێویستی بوو لێی پرسین. داسەکانی لێ وەرگرتن. دەستی بەدروێنێ کرد، هەموو گیایەکەی دروەوە و کردنیە سێ کۆی گەورە. یەکێ لەسەر ڕێی نێرییە شووری و ئەویدیکەی لە ناوەڕاستی و سێهەمیشی لە لایەکی دی کردنە جۆخین. بۆ خۆشی چوو لە ناو سێهەمیان خۆی مات کرد.

نێرییە شوور داگەڕا، لە سەرەتاوە کۆی یەکەمی گیایەکەی هەر بەڕێوە قووت دا. دوایە کۆی دووهەمیش و سەرەنجام بەرەو جۆخینی سێهەم ملی لێنا. لاوژە لە پشت جۆخینێ گیای هاتە دەرێ و تیرێکی هاویشتە نێرییە شوورێ و تێکیەوەگلاند و خستی. هەموو تێکڕا شوورەیان کەوڵ کرد. لاوژە جەرگەکەی دەرێنا و بەرەو ماڵ بۆوە.

دەو دەمەیدا ژنەکەی دەگەڵ دێوەی خەریکی بەزم و ڕەزمی خۆیان بوون و هەر پێشیان وانەبوو کە جارێکی دی بەزیندوویی دێتەوە. لە پڕ گوێیان لە تەقەی دەرکێ بوو. دێوە چوو خۆی شاردەوە و ژنە دووبارە دەرکەی کردەوە و ئەویش هاتەوە ژوورێ و جەرگەکەی سەروبەر کرد و دایە ژنەکەی.

بۆ سبەینێ دووبارە لاوژە چۆوە ڕاوو و شکارێ و دێوە بەژنەکەی گوت:

«ئەو جارەش خۆ نەخۆشکەوە و ئەگەر لێشی پرسییەوە چتە بڵێ تەنیا ئاوی حەیاتە بتوانێ لە هانات بێ. ئەویش بەدوای ئاوی حەیاتدا دەڕوات و ئەو چوونەش چوونی هەیە و گەڕانەوە نا. ئەو دەمی ئێمە بەدڵنیاییەوە سەر پێکەوە دەنێین.»

مێردە هەر کە گەییەوە ماڵێ دووبارە دیتی ژنەکەی نەخۆشە و پرسی:

«چ بووە؟»

ژنە هەناسێکی هەڵکێشاو گوتی:

«ئەگەر ئاوی حەیاتێم بۆ دێنی. دەنا دەمرم.»

بە پێی پیادە وەڕێ کەوت، لە ڕێیە گەییە ئەسپێکی. ئەو ئەسپە ئەسپێکی ئەفسووناوی بوو، بەلاوژەی گوت:

«بێ من ناگەیە چ جێیان. سواری پشتی من بە تا بتگەیەنم.»

لاوژە دڵخۆش و شاد و خەندان بوو. لە سەر پشتی ئەسپەی، ڕۆیشت هەر ڕۆیشت تا گەییە تاوێرە



بەردێکی. هەر بەدەم تێڕامانێوە دیتی بەردەکە زاری لێک کردەوە و پێکی دادایەوە.

ئەسپەکە گوتی:

«سێ ڕکێفم لێدە. ڕکێفی وا کە سێ زیواڵە پێستم لێ ببنەوە.»

کاتێ بەردەکە دەمی لێک کردەوە لاوژە سێ ڕکێفی زۆر کاریگەری ئاخێویە خالیگەی ئەسپەی. ئەسپە کەوتە فڕین و هەروا بەهەواوە خۆی هاوێشتە نێو شەویلاکەی بەردەیەوە. بەڵام کاتێ کە دەمی پێکدادایەوە کلکی ئەسپەی لێ گیر بوو و لە بنڕا هەڵکەندرا. ئەوان درێژەیان بەڕۆیشتنی خۆیان دا. گەیینە پەڵە ئاگرێکی بەرین کە وا پێ دەچوو نە بەپیادە و نە بەسواری لێی دەرنەچێ.

ئەسپە گوتی:

«سێ ڕکێفان لە خالیگەی لای دیکەم دە. ڕکێفی وا کە سێ زیواڵە پێستم لێ ببنەوە.»

لاوژە سێ ڕکێفی خێواندە ئەسپەی، ئەسپ وەهەوا کەوت و بەسەر ئاگریدا بازرەقەی بەست و پەڕییەوە.

سەرەنجام گەیشتنە ئاوی حەیاتێ. لاوژە زینی لە ئەسپەی کردەوە و لغاوی لە سەر دامالی و بەرهەڵدای کرد تا بلەوەڕێ و بحەسێتەوە. چووە سەر کانییە، دەموچاوی خۆی شوشت، ئاوی خواردەوە، مەلەی کرد، جا هات لەسەر کانییە لێی ڕاکشا و دەخەوێکی قووڵ ڕاچوو.

لەو نزیکانە خانوویەکی چوارنهۆمی گەورە هەبوو، ژنێکی جادووگەر و حەوت شاگردی پێکەوە لەوی دەژیان. جادووگەر بۆنی لاوژەی وەبەر لووتی هاتبوو، یەک لە شاگردەکانی نارد تا بزانێ چ باسە.

کچەی شاگرد هات و لاوژەی دیت. لاوژە هێندە جوان و لێوەشاوە و خۆشڕوو بوو کیژۆڵەکە نەیتوانی چاوی لێ بترووکێنێ، لە جێی خۆی وەک جادووی لێ کرابێ وشک بوو.

جادووگەر دووەمی نارد، سێهەم و چوارەمی نارد، بەڵام ئەوەی دەچوو نەدەهاتەوە. هەر حەوت کچە شاگرد هەر کە کوڕەیان دەدیت دۆخینیان دەپسا و گیرۆدە و دڵبەندی ئەو لاوەی دەبوون و لە جێی خۆیان دەچەقین. دوایە جادووگەر بۆ خۆی چوو، شاگردەکانی لێ دوورخستنەوە. ئینجا لاوژەی لە خەوێ وەئاگا هێنا (چونکە بۆ خۆی جادووگەر بوو هەموو شتێکی دەزانی) و پێی گوت:

«ژنەکەت بێ وەفایە، ئەو دێوێکی خۆش دەوێ. ئەوان خەریکی پیلانێکن بتکوژن، کوڕە نەچیەوە.»

لاوژە باوەڕی بەقسەی جادووگەرەی نەکرد. گۆزەی لە ئاوی حەیاتێ پڕ کرد، سواری ئەسپەکەی بۆوە و ڕێی لای ماڵێی دایە بەرێ.

کە گەییەوە ماڵێ لە دەرکێی دا، دێوە خۆی شاردەوە و ژنەکە دەرگای کردەوە. ژنە ئاوەکەی خواردەوە و وای خۆ پێشاندا کە چاک بۆوە. ڕۆژی دوایی لە ماڵێ هاتەوە دەرێ و ملی لە ڕاو و شکارێ نایەوە. دێوە بەژنەکەی گوت:

«ئێمە ئەومان ئاوا پێ لەناو ناچێ. مەگەر پەی بەڕازی هێز و توانای وی بەری، تا باری لێ ببینینەوە، دەنا هیچمان پێ دەگەڵ ناکرێ.»

لاوژە لە ڕاوێ هاتەوە، ژنە ئامێزی لێدا و پرسی:

«ئەری ڕازی ئەو هەموو هێز و توانایەی تۆ چییە؟»

لاوژە کە زۆر سادە دڵ و خۆشباوەڕ و ساوێلکە بوو و ژنەکەشی ئەوەی دەزانی گوتی:

«وەرە هەموو قامکەکانم بەپەتێکی توند توند بپێچە تا بزانم دەتوانی بیانشکێنی یان نا؟»

ژنە هەموو قامکەکانی بەچەند لۆیان پێچا و توند توندی لێک گرێدان. ئەویش بەتەکانێکی هەمووی لەبەرێک بردنەوە و پساندنی و دەست و پەنجەکانی خۆی کردنەوە.


ژنە دووبارە پرسییەوە:

«سەرچاوەی هێز و توانای تۆ لە کوێوەیە؟»

مێردە وەڵامی دایەوە:

«لە شانەکانم دایە.»

ژنە گوتی:



«وەرە دەو مەنجەڵە گەورەیدا دانیشە، تا بزانم دەتوانی بەهێزی شانەکانت ئەو مەنجەڵەی بشکێنی و پارچە پارچەی کەی.»

لاوژە چووە نێو مەنجەڵێ، ئەو مەنجەڵەی دێوان چێشتیان تێڕا لێدەنا، دێوە شەلە دەو دەمەیدا هاتە دەرێ و کەوتە یارمەتیدانی ژنەی تا مۆروپێچەکانی سەرەکەی لەسەر توند کەن. دوایە دێوە مەنجەڵەی بەپشتی خۆی دادا و بردی لەسەر بەردێکیڕا هەڵیداشتە خەرەندێکی قووڵی بێ بنی ئەوتۆ بنی دیار نەبێ و بۆ خۆی هاتەوە ماڵێ. لە بنی خەرەندی ڕووبارێک هاژەی بوو. ئەو ڕووبارە بەتەنیشت کانی ئاوی حەیاتێ و ماڵێ جادووگەریدا ڕادەبرد. جادووگەر شاگردەکانی بانگ کردن و گوتی:

«بچنە سەر ڕووبارێ، شتێکی ڕەشی گەورە بەسەر ئاوێوەیە بزانن چییە؟»

شاگردەگان چوون مەنجەڵەیان هێنایەوە و لەبەر دەمی جادووگەرەیان دانا. سەری مەنجەڵیان هەڵدایەوە، دیتیان لاوژەیە دەوێدا. هەناسەی نەدەدا، هەموو لەشی تێکشکابوو، جادووگەر هێنای هەموو لەشی پارچەپارچە کرد و بەئاوی حەیاتێی شوشتنەوە، دوایی پارچەکانی لەشی هەموو هێنان بەتەنشت یەکەوە هەر پارچەی لەجێی خۆی دانانەوە و لاوژە زیندوو بۆوە و چاوەکانی هەڵێنان و هەستایە سەر پێ.

جادووگەر زۆر شاد و دڵخۆش بوو. لاوژەی لە باوەشی وەرێنا و ماچی کرد.

لاوژە گوتی:

«باوەڕم بەقسەکانی تۆ نەکرد، بەڵام هەمووشیان ڕاست بوون. ئێستاش دەڕۆم تۆڵەی خۆم بکەمەوە. دوایی دێمەوە و دەتخوازم.»



هاتەوە ماڵێ. هەر کە گەییەوە ژوورێ دێوەی دیت ئەوا لەگەڵ ژنەکەی وی بەخۆشی ئەوەی لە دەست ویان ڕزگار بووە ئەوە خەریکی ڕابواردن و کەیف و سەفای خۆیانن. چووە پێشێ لینگێکی دێوەی گرت و ئەویدیکەی لە بن پێی خۆی نا و لێکیهەڵقلێشاند و کردیە دوو لەت. ژنەکەشی کوشت. دوایە گەڕایەوە و جادووگەرەی خواست.

ئاهەنگێکی زۆر گەورەیان سازکرد. من بۆ خۆم لەوێ بووم.

یەکجار زۆرم نۆشابە خواردەوە و یەکێک لە شاگردەکانی جادووگەریشیان بەهاوسەری دامێ.

# بەسەرهاتی هەتیوێک

## ئەفسانەی ئازەری

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر و کەس لە بەندەی ڕووڕەشتر نەبوو، سەردەمانێکی زۆر زوو ڕاوچییەکی زۆر هەژار و نەدار هەبوو، بەڵام ئەو ڕاوچییە وەک هیچ ڕاوچییەکی دیکە نەبوو. ڕاوچی ئەو داستانەمان لە تەواوی ڕۆژانی ژیانی خۆیدا نە گیانلەبەرێکی کوشت و نە باڵندەیەکیشی سەر بڕی. ئەو هێندە میهرەبان و دڵۆڤان و دڵناسک بوو نەیتوانی تەنانەت دەستێک چییە لە هیچ زیندەوەر و بوونەوەرێکی ئەم زەمینەی هەڵتەکێنێ. ئەوەی لەو دونیا گەورە و گران و پان و بەرینەشدا هەیبوو تەنیا دوو شت بوون: فلووتێک کە دەیتوانی هەزار و یەک ئاوازی پێ لێدا و یەک تۆڕی ڕاوێش کە لە مووی کلکی ئەسپان چنرابوو.

ڕاوچییە، هەموو ڕۆژێ دەچووە نێو دارستانێ، ئەو جێیەی کە جۆگە ئاوێک و شیناوەردێکی سەوز و پاراو بوو و لەوێ تۆڕەکەی پان ڕادەکرد و دەینایەوە و تۆزێک بەولاوەتر لە بن سێبەری درەختێکی دادەنیشت و دەستی دەکرد بەفلووت لێدانێ، هەر لەگەڵ دەنگ و ئاوازی فلووتەی باڵندە لە هەموو لایەکیڕا لە شەقەی باڵیان دەدا، تا گوی بۆ ساز و ئاوازی فلووتە هەڵخەن و بۆ خۆشیان دەست کەن بەجیکە و جووکە و جریکەی هەزاران ئاوازی دڵفڕێن و شادی بەخش و شۆڕئەنگێز تێهەڵکەن.

ڕاوچییە خۆی مات دەکرد تا باڵندە دەهاتنە سەر تۆڕەکە و دەنیشتنەوە، ئەوجا ئەو پەتەی سەرێکی بەتۆڕەکەوە و سەرەکەی دیکەی لای خۆی بوو ڕایدەکێشا، بەو جۆرە باڵندەی پێوەدەکردن و دەیگرتن و دەیهێنانەوە ماڵێ. ماڵەکەی پڕ بوو لە باڵندەی جوان و هەمەڕەنگ و ڕەنگاوڕەنگ، هەمیشە چاوەدێری ئەو باڵندانەی دەکرد و نان و ئاوی دەدانێ و زۆر بەتاسەوەش گوێی بۆ ئاوازی خوێندنەکانیان هەڵدەخست؛ هەر کاتێکیش ئازووقە و خواردنی لە کەمی دابایە ئەوە یەکێکی لەو باڵندانە دەبردە بازاڕی و دەیفرۆشت و بەپارەکەی درێژەی بەژیانی خۆی دەدا.

ئەو ڕاوچییەی مە ژن و کوڕێکی هەبوو، کوڕەکەی ناوی برایم بوو. برایم هێشتا منداڵ بوو کە بابی نەخۆش کەوت و مرد.

دوای ماوەیەکی کەم برایم و دایکە بێوەژنەکەی بەتەواوی دەستکورت بوون و بێ پارە و پوول کەوتنە گۆڕێ. هێندە دەستکورت بوون تەنانەت نانێکیان پێ نەدەکرا. هەر چەندە برایم زۆریش منداڵ بوو بەڵام خۆڕاگر و مل کەچ و گوێ لەمشت و بردەبار بوو. هەر چەندە ژیانی ئەو و دایکە بێوەژنەکەشی زۆر سەخت و گران بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو ئەو تۆڕ و فلووتەی بەیادگاری لە بابییەوە بۆی بەجێ مابوو بیانفرۆشێ.

مانگ و ساڵ تێپەڕین، برایم گەورە بوو. هەموو کەسێک بەبرایمەتیویان ناو دەبرد. برایم لە ماڵێ یارمەتی دایکی دەدا و ڕۆژانەش کەمێکی دەچووە نێو دارستانێ و ڕاست دەچووە ئەو جێیەی جاران بابی ڕاوی باڵندانی لێ دەکرد.

کە برایم بووە پازدە ساڵانە بەدایکی گوت:



«دایە ئیدی من منداڵ نیم، دوای مردنی بابم ناچار بووی چاوەدێریم بکەیت و ئاگات لێبم. بەڵام ئێستا نۆرەی منە کە چاوم لە تۆ بێت و ئاگام لێبی. فلووت و تۆڕەکەی بابم بدەیە تا لە سبەینێوە بچمە ڕاوی نێو دارستانێ.»

دایکی برایمی دەیزانی کە کوڕەکەی زۆر پیاوە و دەشیزانی کە تەواوی نێو دارستانێ بست بەبست شارەزایە. هێنای تۆڕ و فلووتەکەی بەیەکجاری دانە برایمی بۆ خۆی.

ڕۆژی دوایی برایم زوو لە خەوێ ڕابوو و ملی لە دارستانێ نا، برایم تەواوی درەخت و هەموو گژ و گیا و گوڵ و گەڵای وانی دەناسی، هەر بۆیەش ترسی ونبوونێی نەبوو، چووە نێو قەدی دارستانێ، تۆڕی هاویشت و دەستی کرد بەفلووت لێدانێ، تەواوی ئەو ڕۆژەی تەنانەت باڵندەیەکیشی لێ نزیک نەبۆوە. کە خۆرئاوابوو و تاریکی باڵی بەسەر هەموو جێیەکدا کێشا، برایم ماندوو و مردوو، بەدەستی بەتاڵ هاتەوە ماڵێ.



ئەوە ئەو شتە بوو کە دایکەکە پێش وەخت دەیزانی، چونکە ڕاوی باڵندان کارێک نییە یەک ڕۆژەی دوو ڕۆژە بیزانێ. ئەو دەیزانی کە برایم سەر و سەودایەکی زۆری ماوە و لەگەڵ دارستانێ و ڕێیەکی دوور و درێژی لەبەرە. ئەوە زۆری دەوێ تا بتوانێ فلووتی وا لێبدا کە باڵندان ڕاکێشێ. لەو بیر و لێکدانەوانەدا بوو کە لە دوورەوە برایمی دیت بەرەو ماڵ دەبۆوە، بەپیریەوە چوو، نان و ئاوی بۆ دانا و گوتی:

«ڕۆڵە، بابت هەروا بەڕۆژێکی نەبووە ڕاوچی. کە دەستی بەڕاوێ کرد مانگێکی تەواو دە دارستانێدا هەر ون بوو. تەنانەت نەیتوانی پەپوولەیەک بگرێ نەک باڵندەیەک، بەڵام کە ڕێی ڕاوێی دیتەوە، ڕۆژی وا بوو سێ چوار باڵندەی دەگرتن و دەیهێنانەوە ماڵێ.

قسەکانی دایکەکە برایمی ئومێدەوار و دڵگەرم کرد و هانی دا، بیری کردەوە کە چاکترین شت ئەوەیە کە بەورە و خۆڕاگر بێت و کۆڵ نەدات و بۆ گەیشتنە ئامانجیشی بەردەوام بێت.

ڕۆژ و هەفتە تێپەڕین و وردە وردە برایم ڕاهات و فێری چەند ئاوازێکان بوو بەفلووتەکەی لێی بدا. چۆن تۆڕەکەی باوێ و چۆنا و چۆن خۆی لە پەنا درەختان حەشار دات و خۆی وەشارێ. ڕۆژێکی باڵندەیەکی زۆر دەگمەن دەتۆڕێ برایمی کەوت. بابیشی جارێکی باڵندەیەکی ئاوا بەڕەنگی پەلکە زێڕینەی دەداوی خستبوو. برایم زۆر دڵخۆش و شاد و شەنگوڵ بوو، باڵندەی هێنایەوە ماڵێ و دەقەفەزێکی کرد. بەیانی کە لە خەوێ هەستا دیتی باڵندەکە هێلکەیەکی ڕەنگا و ڕەنگی کردووە، برایم هێلکەکەی هەڵگرت و بردیە شاری.

دەو سەر و وەختەیدا بازرگانێکی دەهۆ و فێڵباز و دنیا دیدە دەو شارەیدا هەبوو، هەموو کار و کردەوەیەکی ئەو بازرگانەی کڵاو لەسەر نانی خەڵکی هەژار و فێڵ و تەڵەکە بازی بوو. توخمی یەک ڕۆبڵی بەپێنج ڕۆبڵ دەدا و توخمی پێنج ڕۆبڵیشی بەیەک ڕۆبڵ دەکڕی.

بازرگان هەر کە هێلکەکەی بەدەست برایمییەوە دیت خێرا بانگی کرد:

«هۆ برایمەتیو! ئەگەر ئەو هێلکەی دەفرۆشی من دەیکڕم.»

برایم دەیزانی کە ئەو پیاوێکی چاوچنۆک و فێڵبازە. بۆیە نرخێکی یەکجار زۆری داوا کرد. بازرگان بێ ئەوەی چەنەی لێکدا پارەکەی بژارد، برایم سەری سوڕما. دوای کڕینی هێندێ شت گەڕایەوە ماڵێ. شەو و ڕۆژێک ڕابرد، بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی دیتی ئەوە باڵندەکەی هێلکەیەکی دیکەی وەک هێلکەی یەکەمجاری کردۆتەوە. برایم ئەو هێلکەشی هەر بەو بازرگانە چاوچنۆک و ڕژد و قرپۆکە فرۆشت.

ئیدی هەموو ڕۆژێ باڵندەکە هێلکەیەکی دەکرد و برایمیش دەیبرد بەو قرچۆکەی دەفرۆشت، تا وای لێ هات بازاڕ و بازرگانیان بۆ هەمیشە لە نێواندا پەیدا بوو. برایم وای لێکدایەوە کە دەبێ شتێک هەبێ، ئەو کابرایە ئەو هەموو پارەی دەدا بەو هێلکە ڕەنگاوڕەنگانە. بێ گومان سوودێکی یەکجار زۆری لێ دەکردن. ڕۆژێکی برایم بڕیاری دا بەدزیەوە خۆی لە بازرگان بگرێ، لەوانەیە باوەڕ نەکەن کە چی دیت! ئاشکرا بوو کە بازرگانی فێڵ و تەڵەکەباز هەموو ڕۆژێ دەچێتە لای پاشا و ئەو هێلکانەی بەچەند بەرابەری نرخی خۆی دەفرۆشێتەوە پاشای. برایم بیری کردەوە «بۆ من بۆ خۆم ئەو هێلکانە بەپاشای نەفرۆشم؟» و هەر واشی کرد. بازرگان کە ئەو هەموو سوود و قازانجەی لە کیس چوو بڕیاری دا کە تۆڵە لە برایمی بکاتەوە. چووە لای پاشا و گوتی:

«شای گەورە پایەدار بێ، ئێوە بۆ هەموو ڕۆژێ ئەو پارە زیادەی بەو هێلکانەی برایمەتیوی دەدەن؟ کە دەتوانن ئەو هێلکانەتان بەخۆڕایی و بەبێ پارە و پوول دەست کەوێ.»

هەڵوێستەیەکی کرد و دەستی پێ کردەوە:

«برایم باڵندەیەکی زۆر دەگمەنی لە ماڵێ هەیە و ئەو باڵندەیەیە هێلکانی بۆ دەکا. باڵندەکەی لە دەستی دەربێنن. هەم دەبنە خاوەنی باڵندەکە و هەم هێلکەکانیشی.»

پاشا بیرێکی کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

«بازرگان ڕاست دەکات.» کاتێ بیر دەکەیەوە دەبینی من پاشام و برایمیش ڕاوچییەکی هەژار: بۆ دەبێ لەو جێیەی منی لێم ئەو خاوەنی ئەو باڵندە ئەفسوونییە بێت.»

پاشا داوای برایمی کرد و فەرمانی دا:

«بڕۆ ئەو باڵندەی لە ماڵێتە بۆم بێنە ئێرە.»

برایم هەر زوو تێگەیی کە ئەوە شوێنی بازرگانی فێڵباز و ڕژد و دڵڕەشە. پاشا هێندە گێڵ بوو هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەدەهات، لێکداتەوە برایم ئەو هێلکە ڕەنگاوڕەنگانەی چۆن دەست دەکەون. دەتوانێ چ بکات؟ ئەگەر سەرپێچی لە فەرمانی شا بکات ئەوا ژیانی خۆی و دایکی دەکەوێتە مەترسییەوە. لەوە زیاتر کە باڵندەکە بۆ شای بەرێ چارەیەکی تری نەما. بەڵام نائومێد نەبوو سەرلەنوێ تۆڕ و فلووتەکەی تاودایە و ڕووی لە دارستانێ کردەوە. ئێستا ئیدی فلووتێکی لێدەدا هەر مەپرسە، باڵندە لە هەموو لایەکیڕا لە شەقەقەی باڵیان دەدا و بەرەو لای وی دەفڕین. هەر ڕۆژەی جۆرە باڵندەیەکی ڕاو دەکرد؛



ڕۆژێک کەو و ڕۆژێک بلبل و یەکی دیکە کڵاوکوڕەیەک. ئەو باڵندانەی دەشیگرتن لە بازاڕی دەیفرۆشتن و زۆر بەئاسوودەییەوە دایکەکەی دەژیاند. برایم بەڕاوچییەکی زۆر شارەزا لە ڕاوێ ناو و ناوبانگی دەرکرد. هەر کەسێکی چ باڵندەیەکی ویستبا ئەوە برایم بۆی دەگرت و بۆی دێنا. بازرگان هەوڵی دا برایمی چەشە کات و تەماحی وەبەرنێ و باڵندەکانی بەخڕی لێ بکڕی و بەگرانی بەخەڵکیان بفرۆشێتەوە، بەڵام بۆی نەچووە سەر و نەیتوانی جارێکی دیکەی هەڵخەڵەتێنیتەوە، چونکە برایم هێندەی نەفرەت و بێز لێ دەکردەوە تەنانەت ئامادە نەبوو یەک باڵندەشی پێ بفرۆشێ.

بازرگان لەو جۆرە کەسانە بوو کە لە پێناوی پارەدا دەستی بۆ هەر جۆرە کارێکی ناشایستەش درێژ کا. دەیتوانی خەڵکی بەدناو و سووک و چرووک کا، لە ژیان بێبەش کا، خانوو لە خاوەنی بکڕێ و هەر بۆ ئەوەی دەریکات و بێ سەرپەنا دەریکاتە گۆڕێ.

ڕۆژێکی دی سەرلەنوێ بازرگان چووە کن شای و گوتی:

«پاشام هەر لە خۆشیدا بێت! باڵندەکانت دڵتەنگی تەنیایین. وا بکەن برایمی بانگ کەن و فەرمانی پێ بکەن بچێ جووتێکی وەک خۆیانیان بۆ پەیدا کا.»

فەرمانڕەوای ئەلکە و بێ مێشک، تۆزێک ڕاما و لە دڵی خۆیدا گوتی:

«بازرگان هەقیەتی، ڕاست دەکا.»

برایمی بانگ کرد و فەرمانی دایە باڵندەیەکی دیکەی وەک ئەویدی پەیدا کا و بیهێنێتە کۆشکێ.

برایم دەمی هەڵێنایەوە قسەیێکی بکا، بەڵام پاشا ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا و گوێی نەدایە. ئەو گوتی:

«ئامادە نیم تەنانەت یەک وشەش ببیسم. چل ڕۆژت مۆڵەت دەدەمێ. لەو چل ڕۆژەیدا جووتێکی بۆ باڵندەکەم پەیدا نەکەی فەرمان دەدەم لە سەرت دەن.»

برایم بەدڵی پڕ غەم و کوڵەوە هاتەوە ماڵێ، بۆ ئەوەی دایکیشی ناڕەحەت نەبێ هیچ شتێکیشی دەربارەی فەرمانی شای پێ نەگوت. تۆڕ و فلووتەکەی تاو دایە و ڕووی لە دارستانێ کرد.

ڕۆژ و هەفتەکان ڕابردن، برایم خورد و خەوی لە خۆی حەرام کرد و شەو و ڕۆژ هەر بەدوای باڵندەکەدا وێڵ بوو. هەوڵ و تەقەللا و ماندوو بوونەکەی بەفیڕۆ نەچوو، سەرەنجام توانی ئەو باڵندەیەی کە پاشا بەقسەی بازرگانی ڕایسپاردبوو، وەگیر بێنێ. باڵندەی بۆ پاشا هێنایە کۆشکێ. بێ گومان لێی وەرگرت و بەدەستی بەتاڵ بەڕێی کردەوە و تەنانەت پوولێک چیە نەیدایە.

برایم تێگەیی کە پاشا بایی سەرە دەرزییەکی لە بازرگانی قرچۆک هەڵنەبواردووە، تەنیا جیاوازی نێوانیان هەر ئەوەندەیە کە بازرگان پیاوێکی فێڵ و تەڵەکەباز و چاوچنۆک و قرچۆکە، بەڵام پاشا پیاوێکی گێژ و وێژ و گەلحۆیە و هیچی دی.

پاشا بەجووتی ئەو باڵندەیەی برایم بۆی هێنابوو زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام بازرگان لەو سەرکەوتنەی برایمی زۆر تووڕە و تۆسن و نائومێد و دڵگران بوو. بازرگان دەیزانی برایمی لاو بەهۆش و گۆش و ئازا و نەبەز لە هەلێکی دەگەڕێ باجی ئەو هەموو فێڵ و تەڵەکانەی پێ بداتەوە. بازرگان لەوەی لە برایمی دەترسا کە بەدەستی پاشای گێڵ و وێل تۆڵەی لێ بکاتەوە. بازرگان پێی وانەبوو کە برایم دەتوانێ بەچل ڕۆژان جووتی باڵندەی پاشای پەیدا کات و فەرمانەکەی بەجێ بێنێ و پاشاش لەتۆڵەی ئەوەدا لە سەری دەدا و دەیکوژێ. بەڵام ئێستا کە برایم ئەو باڵندەیەی بۆ پاشا هێناوە ئەوی زۆر نێگەران و نائومێد

کردووە، بۆیە هەمیشە لە دڵی خۆیدا خەریکی دارشتن و تانوپۆی پیلانێکی نوێتر بوو. هەر بۆیەش هاتەوە لای پاشا و گوتی:

«پاشامان بەردەوام بێت! لە هەندێ لە پیاوانی ڕیش چەرمگم بیستگەیە ژن بۆ مانی ئەو باڵندانەی ئێوە، پێویستیان بەشتێکی زۆر سەیرە دەنا دەمرن.»

پاشا پرسی:

«بڵێ بزانم! ئەو شتە سەیرە چییە؟»

«سەری پاشای سەلامەت! لە باغی دێوی سپیدا گوڵێک دەڕوێ پێی دەڵێن سەمەن گوڵ. کە ئەو باڵندانە دەبێ ساڵێ جارێک ئەو گوڵانە بۆن کەن، خۆ ئەگەر بێت و بۆن و بەرامەی ئەو گوڵانەیان نەگاتێ ئەوە هەموو دەمرن.»

شا پرسی:

«بەڵام چۆنا و چۆن دەتوانین ئاوا گوڵێک وەدەست بێنین؟ تۆ بۆ خۆت دەڵێی ئەو گوڵانە لە باغی دێویدا دەڕوێن و ئێمەش ئەو شتە باش دەزانین کە هیچ کەسێک ناتوانێ بچێتە نێو ئەو باغەی. خۆ ئەگەر یەکێکیش پێی نایە نێو باغی، دێوە نایەڵێ بەزیندوویی بێتە دەرێ و بۆ خۆی دەبا.»

بازرگان گوتی:

«پاشامان هەر شاد و کامڕەوا بێ! تەنیا پیاوێک هەیە کە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ ڕێیەکی بۆ چوونە ناو باغی دێوی وەبینێ و ئەو پیاوەش برایمی ڕاوچییە. دەستوور بفەرموون بیهێنن و فەرمانی پێ بدەن کە سەمەن گوڵی پەیدا کا.»

ئەم جارەش هەر وەک چۆن بازرگانی تەڵەکەباز نەخشەی کێشابوو پاشا بەگوێی کرد و ناردی برایمیان هێنا و گوتی:

«تۆ دەبێ سەمەن گوڵم لە باغی دێویرا هەر بۆ بێنی، چونکە ئەگەر باڵندەکانم ئەو گوڵەی بۆن نەکەن هەموو دەمرن.»

برایم گوتی:

«خۆشگوزەرانی شامان هەر بەردەوام بێ! داوای باڵندەکەمتان کرد هێنامە خزمەتتان، دوایی فەرمانتان دا جووتێک بۆ باڵندەکەتان پەیدا کەم، خستمە سەر چاوم و پەیدام کرد، بەڵام دەربارەی باغی دێو من تەنانەت نازانم لە کوێشە.»

پاشا گوتی:

«تا لێی نەگەڕێی نایدۆزیەوە، ئەگەر نەشتدۆزیەوە ئەوە لە بازرگانی بپرسە، ئەو هەموو شتێکی دەربارەی ئەو باغە دەزانێ.»

برایم بیری کردەوە:

«هەر لە سەرەتاوە چاکی بۆ چووم، کە ئەوە کاری بازرگانی فێڵبازە و بەقسەکەی پاشاشڕا دیارە.»

برایم گوتی:

«پاشامان بەرقەرار بێت! ئەگەر بازرگان هێندە زیرەک و زانا و دانایە و هەموو شتێکی دەزانێ دە



بانگی کەن و فەرمانی پێ بکەن با ئەو بۆ خۆی وەدوای ئەو کارەی کەوێ و ئەنجامی دات.»

پاشا وەڵامی دایەوە:

«نەخێر... بازرگان بەمنی گوت کە ئەوە هەر تۆی بتوانی بچیە نێو باغی دێوی سپی.»

برایم گوتی:

«پاشامان تەمەن درێژ بێ! من تازە دەگەمێ و توانای ئەوەم نییە دە گژ دێوی ڕاچم و پێی بوێرم، من تەنیا ڕاوچییەکی ڕووتەڵەم، دێو هەر ببینێ لەبەر یەکم دەبا.»

پاشا بەسەری لووتی وەڵامی دایەوە:

«باشە، جا با بتکوژێ، قەیدی چییە. دڵنیابە ناتوانی پاشگەزم کەیەوە، من ناتوانم مەرگی باڵندەکانم بەمانی تۆ بدەم.»

برایم زاری هەڵێنا بەنیازی ئەوەی ئەو پاشا گێلە کەودەنە لە ڕاستییەکان بگەیەنێ، بەڵام پاشا ئاوری گرت و بەتووڕەییەوە شیراندی:

«گوێ بگرە برایمەتیو! تەنانەت نامەوێ یەک وشەی دیم گوێ لێ بێ. چل ڕۆژت مۆڵەت دەدەمێ، ئەگەر تا خۆراوای چلەمین ڕۆژ سەمەن گوڵم بۆ نەهێنیە ئێرە فەرمان دەدەم لە سەرت دەن.»

برایم پرسی:

«ئەدی ئەگەر دێوە کوشتمی چی؟»

پاشا زۆر بەئەسپاییەوە وەڵامی دایەوە:

«شتێک نییە ئەگەر هەر نەتتوانی ئەو گوڵە بێنی و دێویش بتکوژێ لە هەر شوێنێک بێ وادەکەم لاشەکەت بێننەوە و بەمردوویی لە سەرت دەن. گوێ گرە! ئەگەر یەکجاری دی زار هەڵێنیەوە فەرمان بەجەللادی دەدەم هەر ئێستا لە سەرت دا.»

برایم تێگەیی کە ئەو پاشا گێل و کەودەن و زۆردارە هیچی دەگەڵ ناکرێ. بگرە و بەردە و بێنە و بەرە لە دەردەسەری بەولاوە ئەنجامێکی نییە، لەبەر ئەوە بێ ئەوەی ورتەی لە زاری بێتە دەرێ، گەڕایەوە ماڵێ.

ماوەیەکی زۆر دەبیر و خەیاڵان ڕاچوو، چ بکا و چ نەکا، تا سەرەنجام بڕیاری دا پرس و ڕای خۆی بەپیری دانا بکا. لە شاریدا پیرەمێردێکی کۆنەساڵی ڕیش چەرمگی دنیا دیدە و سەفەر کردەی بەهەموو کیشوەراندا هەبوو، خەڵکێکی زۆری دیبوون، بنیادەمی جۆراوجۆری زۆر دەناسین و هەڵسوکەوت و خووی زۆرانی دیبوون و ئەزموونێکی یەکجار زۆری وەسەریەک نابوو. ئەو پیرەمێردە بەدانایی و دڵۆڤانی بەناوبانگ بوو. برایم بەپرسیاران پیرەمێردی جیهاندیدەی دیتەوە و هەموو ئەو بەسەرهاتانەی بۆ گێڕایەوە کە بەسەری هاتبوون. پیرەمێردی دانا دوای قسەکانی برایمی گوتی:

«ڕۆڵە! دیارە تەواوی ئەو بەدبەختی و نارەحەتیانەت هەموو لە بن سەری بازرگانین. هەر لەو ڕۆژەوە کە هێلکەکانت پێ نەفرۆشت و لە پارە و پوول و قازانجێکی کەلانت کرد، ئەویش ڕقی لێ هەڵگرتی و بڕیاری دا تۆڵەت لێ بکاتەوە. ئەو بازرگانە هێندە چاوچنۆک و قرچۆک و ڕژد و چاوبرسییە، ئامادەیە سەد کەس بۆ قرۆشێک بەکوشتدا.»

برایم گوتی:

«ئەوەی دەزانم. بەڵام تۆ بفەرموو داخوا گوڵێک بەناوی سەمەن گوڵەوە هەیە و ئایا ئەوەش ڕاستە کە دەڵێن ئەو باڵندانەی پاشا لە منی ستاندوون ئەگەر ساڵێ جارێکی بۆنی ئەو گوڵەی نەکەن دەمرن؟»

«ڕۆڵە من بیستوومە کە ئەو جۆرە گوڵە هەیە و جۆرە باڵندەیەکی لەو باڵندانەی تۆش گرتووتن تەنیا لەو جێیەی دەژین کە ئەو گوڵانەی لێ دەڕوێن، تەنانەت ئەگەر ئەو باڵندانە ساڵانە بۆ لایەکی دیش کۆچ بکەن لەبەر ئەو گوڵانە وەرزی بەهارێ دێنەوە. من بیستوومە کە دێو ئەو گوڵانە دەچێنێ تا باڵندەکانی باغەکەی بژین و نەمرن.» برایم پرسی:

«باشە ئەگەر من بتوانم ئەو گوڵانە بچنم باڵندەکان وەدوام دەکەون؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، بەڵێ، بەڵام دەبێ ئەوەی بزانی کە وەدەست هێنانی سەمەن گوڵ لە باغی دێوی سپی یەکجار کارێکی سەخت و دژوارە، ئەو باغە تەنیا یەک دەرگای هەیە و ئەویش دێو نەبێ کەس ناتوانێ بیکاتەوە.»

«من دەیکەمەوە، تەنیا ئەوەندەم پێ بڵێ باغی ئەو دێوەی لە کوێیە؟»

پیرەمێرد ناونیشانی باغی دێوەی بەبرایمی گوت و ڕێنماییشی کرد چۆنی دەگاتێ و هەر بەدەم قسەکانیشەوە گوتی:

«کوڕەکەم! بیستوومە زۆر پاڵەوانی ئازا و نەترس و بێ باک خۆیان لە قەرەی ئەو باغە داوە و کە چوونەتە نێوی بەزیندوویی نەهاتوونەوە. دێو زۆر بەهێز و ئازا و جەربەزەیە و تۆ دەروەستی نایەی. بۆیە دەبێ ڕێیەکی وا ببینیەوە کە دێو نەتبینێ، دەنا هەلا هەلات دەکا.»

برایم هەموو ئەو شتانەی پیرەمێردی وەک ئەڵقە لە گوێ کردن و هاتەوە ماڵێ. بەیانی ڕۆژی دوایی کەلوپەلی پێویستی هەموو ئامادە کردن و هەی لە لاقی کرد و ڕێی دایە بەرێ.

برایم هەر ڕۆیی ڕۆیی، شەو و ڕۆژی دانە دەم یەک هەر ڕۆیی تا سەرەنجام گەییە باغی دێوی. باغ دیواری بەرز و بڵندی لە دەورێ بوو، بەدوای دەرکێدا بەچواردەورەی باغیدا کەوتە گەڕانێ. حەوت ڕۆژی تەواو تەنانەت بێ ئەوەی بیەڵێ چڵە گیایەک بلەرێ بەدەوری باغیدا گەڕا و سووڕا تا سەرەنجام گەییە دەروازەی باغی. ئەو دەرکەش لە تاشە بەردی یەکجار گەورە و گران دروست کرابوو. بەهێزترین پاڵەوانی دونیایە نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجوولێنێ. جا چ جای برایمی.

برایم لە نزیک دەرکێ دانیشت، هێندە ماندوو بوو هەر دانیشت و خەوی لێ کەوت، دوایی لە گرمە گرم و هاڕە هاڕی برووسک ئاسا لە خەوێ ڕاپەڕی. گرمە گرمەکە لە دوورەوەڕا دەهات، بەڵام تا دەهات لێی نزیک دەبۆوە، برایم هەر زوو قسەکانی پیرەمێردی وەبیر هاتنەوە کە دێو جار جارە دەچێتە ڕاو و شکارێ و باغی بەجێ دێڵێ.

دوایی لە نێو ئەو گرمە گرم و هاڕە هاڕە برووسکاسایەی کە گوێی کەڕ دەکردن، برایم بەبیریدا هات کە: «دەبێ ئەوە دێوە بێ لە ڕاو و شکارێ دێتەوە.»

برایم کاتی ئەوەندە نەبوو، هەر ئەوەندەی پێ کرا پێش ئەوەی دێو دەرکەوێ ئەو خۆی لە بن پووش و پەڵاشاندا شاردەوە. برایم پێی وا بوو ئەوە کێوێکە دێت و دەچێ و دەجوولێ و خەریکە لێی نیزیک



دەبێتەوە. بنیادەم گورزێکی ئەو دێوە زەبەلاحەی بەس بوو پێی کەوێ و ببێتە تۆز.

هەر چۆنێک بوو برایم خۆی ڕاگرت و نەترسا. ئەو ڕاوچییەکی شارەزا بوو دەیزانی مرۆڤ بەخۆڕاگری و ئارام و بەئازایی و لە سەرخۆیی دەتوانێ بەسەر بەهێزترین دوژمنی خۆیدا زاڵ بێت. برایم دووبارە قسەکانی پیرەمێردی وەبیر هاتنەوە:



«ئەگەر بتوانی دێو نەتبینێ، ئەوە سەرکەوتن ئی تۆیە.»

برایمی ڕاوچی، لە خۆشاردنەوێ هاوتای نەبوو، دیارە ئەو کە لە دارستانێدا خۆی دەشاردەوە باڵندە نەیان دەدیت ئیدی لێرە دێو چۆن دەتوانێ بیبینێ. هێند چاپووکانەی خۆ مات کرد دێو نەیدیت. دێو لەو پووش و پەلاشەی برایمی لە بن بوو تێپەڕی و لەسەرخۆ بەرەو دەروازەی باغی چوو. برایم هەناسەی لە خۆ بڕی و بەدوای ویدا خزی. دێوە دەرکێ باغی کردەوە و چووە تێ، برایم دەستوبرد بەدوای ویدا خۆی دە باغی کرد و لە پشت دارێکی ئەستوور خۆی مات کرد. لە خشەی چڵە گیایەکی دادەچڵەکی. تەنیا ئەو کاتەی دێو چۆوە ماڵێ برایم سەرێکی بڵند کرد. هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و چاوی لە دێوەی وەرنەگێڕا. چ دیمەنێکی سەر سووڕهێنی هاتە بەرچاوان. ئەوە باغ نەبوو، ڕاست پارچەیەکی بەهەشت بوو. ئەو گوڵە جوانانە! بولبول و باڵندەکان چ ساز و ئاواز و جریوە و جووکەیەکیان بەرپا کردبوو. بەڕاستی ئەو باغە بەهیچ باغێکی دیکە نەدەچوو.

برایم شەوی دەباغیدا ڕۆژ کردەوە و بەیانی کە دێو بۆ ڕاو و شکارێ چووە دەرێ برایم دەستی کرد بەگەڕانێ بەنێو باغیدا. لە نێوان هەموو ئەو باڵندانەدا هێندێکی دیکەی دیتن کە ڕێک وەک ئەوانەی بەناچار بۆ شای بردبوون، دە باغیدا دەگەڕا و بۆنی گوڵانی دەکردن بەڵام نەیدەزانی کامەیان لەوانە سەمەن گوڵە. هەروا بەدەم بۆن کردن و پشکنینی یەکە یەکەی گوڵەکان گەییە ماڵێ دێوەی.

ئەو خانووە گەورەیە چل ژووری هەبوو کە هەر یەکەیان لەویتر خۆشتر و جوان و ڕازاوەتر بوو و کەسیشیان تێدا نەبوو و چۆڵ و هۆل بوون. کاتێ برایم پێ‌ی نایە چلەمین ژووری ئەو خانووە گەورەیە ناڵەیەکی زۆر لاوازی هاتە بەر گوێ. برایم زیاتری گوێ ڕاداشت. وا دەهاتە بەرچاو ئەو ناڵەیە لە ژێر ئەو مافوورەی لە ژوورەکەدا ڕاخرابوو بێت. مافوورەی هەڵدایەوە، دەرگایەکی چکۆڵەی دیت. دەرکۆکەکەی کردەوە. پلیکان بوون. بەپلیکاناندا چووە خوارێ و خۆی لەناو خەندەکێکی باریکەڵەی نیوە ڕووناکدا دیتەوە. ناڵەیەکی دڵتەزێنی هاتەوە بەر گوێ، بەدەوروبەری خۆیدا ڕوانی، دیتی وا کیژۆڵەیەک بەپرچەکانی خۆی بەبن میچیەوە هەڵواسراوە.

کیژۆڵە پرسی:

«ئەی لاو! تۆ کێی و چۆنت توانیوە بێیە ئێرە؟ زوو هەڵێ، هەر بینە دێوە هاتەوە و پارچە پارچەی کردی.»

برایم وەڵامی دایەوە: «مەترسە، دێوە چۆتە ڕاوێ، ئەدی پێم بڵێ ئەتۆ کێی؟»

«من ناوم خورشیدە، چەندساڵێکە ئەو دێوە منی بەند کردووە و لەو سیاچاڵە شێدار و تاریکەیدا هێشتوومیەوە.»

برایم پرچی کیژۆڵەکەی لە بن میچی کردەوە و بەسپایی لە ناوەڕاستی ژووریی دانا. کە خورشید هاتەوە سەرخۆ سەرلەنوێ پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

«پێم بڵێ، کێی و چۆن هاتوویە ئێرە و دەتەوێ چ بکەی؟»

برایم تەواوی سەرگوزەشتەی خۆی بۆ کچە گێڕایەوە.

خورشید بەزەردەخەنەوە پرسی:

«ئەو گوڵەی بەدوایدا وێڵی، دیتتەوە؟»

برایم وەڵامی دایەوە:

«ئەو شتەی من دەمەوێ بیری لێ بکەمەوە گوڵ نییە، بەڵکە ڕزگارکردنی تۆیە لە دەست ئەو دێوە زۆردارە.»

کچە گوتی:

«برایم! تۆ لاوێکی دلۆڤانی، بەڵام گوێ بگرە، ئەوە من بووم کە بۆ یەکەم جار سەمەن گوڵم چاندووە و بۆیە ئەگەر تۆ بتوانی من لێرە ڕزگارکەی ئەو گوڵانە دەبنە ئی تۆ و باڵندەکانیش هەموو لە شەققەی باڵان دەدەن و دێن بەرەو لای تۆ.»

«بەڵام نازانم چۆنت لێرە بەرمە دەرێ؟»

خورشید دوای کەمێک بیر کردنەوە گوتی:

«لە تەویلەی دێوەیدا ئەسپی باڵدار هەن. ئێمە دەبێ دوو ئەسپان لەوانە بێنین و پێش ئەوەی دێو لە ڕاوێ بێتەوە ئێمە بفڕین.»

برایم گوتی:

«بیرێکی چاکە، بەڵام چۆن دەروازەی باغی بکەینەوە؟»

کچە وەڵامی دایەوە:

«ئەوەی بۆ من لێگەڕێ، من دەزانم چۆنی بکەمەوە. هەر بۆیەشە دێوە منی لەو سیاچاڵە تاریکەی بەستۆتەوە. دەترسێ هەڵێم.»

برایم گوتی:

«با چیدی ڕانەوەستین.»

هەردووکیان چوونە تەویلەی و دوو ئەسپیان زین کردن. خورشید دەرکەی کردەوە و چوار ناڵەکی وەدوور کەوتن.

***



ئێستا کە ئەوان خەریکن بەچوار ناڵە لەوێ دوور دەکەونەوە، ئەوان بەجێ دێڵێن و دەچینەوە سەر و سۆراغی دێوەی.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کە دێوە لە ڕاوو شکارێ هاتەوە دیتی دەرکی باغی لەسەر پشتە. دەستوبرد چووە سەر سیاچاڵێ. کە کچەکەی لەوێ نەدیت ڕای کردە تەویلەی ئەسپان و دیتی دوو ئەسپی لە هەرە ئەسپە چاک و ڕەسەنەکان نەماون.

دێوە تێگەیی کە بێگانەیەک هاتۆتە نێو باغی و کچەی لەو سیاچاڵەی ڕزگار کردووە و لەگەڵ خۆی بردووە. دێوە، سەراسیمە و تووڕە و تۆسن، خۆی هاویشتە سەر پشتی یەک لە ئەسپە خۆشڕەو و ڕەوهانەکانی و بەهیوای گرتنیان سەری لە دوونان. برایم و خورشید زۆر خێرایان داژوا. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن – کە نازانم چەند بوو – خورشید بەبرایمی گوت:

«ئاوڕ دەوە بزانە کەسمان لە دوو نییە؟»

برایم ئاوڕی دایەوە و گوتی:

«کەس نییە بەڵام شتێک وەک هەورێکی ڕەش دیارە لە دوورەوەڕا دێت.»

خورشید گوتی:

«ئەوە دێوەیە بەدووی مەدا دێت، ڕکێفی لە ئەسپەکەت دە.»

هەیان لە ئەسپان کرد و ڕایانپەڕاندن. ماوەیەک ڕابرد لە پشتەوەڕا هەستی دەنگی سمی ئەسپێکیان کرد. برایم هەر لە سەر قەرپووزی زینێوە ئاوڕی دایەوە و دیتی کە هەورە ڕەشەکە خەریکە بگاتە سەریان.

کچە هاواری کرد:

«دێوە خەریکە دەمانگاتێ.»

برایم لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

«مەترسە، ئێمە خۆشڕەوترین ئەسپمان لە بندان. ئەسپی دێوەی وەک ئەسپەکانی مە نابێ. دێوەکە بۆخۆشی زۆر لە ئێمە قورسترە. ئەگەر ئێمە تۆزێکی دی خۆشتر لێخوڕین، ئەسپی دێوەی هەرگیز تۆزمان ناشکێنێ و نامانگاتێ.»

برایم و خورشید خێراتریان ئەسپەکان تاو دەدان. دوای تۆزێک خورشید گوتی:

«برایم ئاوڕێکی دەوە بزانە چ باسە؟»

برایم ئاوڕێکی وە دوایە دایەوە و گوتی:

«لا لغاوەی ئەسپی دێوەی کەفیان کردووە و هەناسەبڕکێ بووە.»

خورشید گوتی:

«ئیدی ئێستا ترسمان نەماوە. دێوە هەرگیز نامانگاتێ.»

خورشید هێشتا قسەکەی هەر لە زاریدا بوو کە دەنگێکی زۆر بەهێزیان هاتە گوێ. هەردووکیان لەسەر پشتی زینێڕا ئاوڕیان دایەوە، دیتیان دێوە بەخۆی و ئەسپەوە ئەوە لەسەر زەوی غلۆر دەبنەوە.

خورشید گوتی:

«ئەوە لە شەڕی دێوەی ڕزگارمان بوو، ئیدی با لێگەڕێین و جڵەوی ئەسپەکان شل کەین وردە وردە و

ئارام و لەسەرخۆ برۆن.»

هەر دووکیان ماوەیەکی زۆر ئەسپیان ئاژۆت و سەرەنجام گەینەوە ماڵێ برایمی. داکێ برایمی دوای ئەو هەموو ناخۆشییەی کە برایمی دیت، لە خۆشیان لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە و نەدەحەجمی، بەتایبەتی کە نەک هەر بەساغ و سلامەتی هاتۆتەوە، کچێکی زۆر جوان و نازداریشی دەگەڵە خۆ هێناوە. دەو دەمەیدا کە چاوەکانی ماچ دەکردن گوتی:

«ڕۆلە گیان کارێکی یەکجار چاکت کردووە کە خورشیدت لە چەنگ ئەو دێوە زۆردار و نگریسەی ڕزگار کردووە، بەڵام بڵێ بزانم داخوا سەمەن گوڵت پەیدا کردووە؟»

برایم بەحەپەساوییەوە گوتی:

«خۆ کە من لێرە وەدەر کەوتم هیچم بەتۆ نەگوت، ئەدی چووزانی وەدووی هێنانی گوڵی سەمەن گوڵ کەوتووم؟»

دایکەکە ڕوونی کردەوە:

«کەمی دوای ڕۆیشتنی تۆ پاشا ئەو بازرگانەی کردە وەزیری خۆی و ئەو وەزیرەش هەموو ڕۆژێ خوا دایناوە دەهاتە ماڵێ مە و لە تۆی دەپرسی، تووشی هەر کەسێکیش بایە پێی دەگوت کە تۆ سەمەن گوڵت پێ پەیدا نابێ و پاشا لە سەرت دەدا. ئەو وەزیرە بەدفەساڵ و ڕەزا گرانە ئەو پیرەمێردەشی دە زیندانێ ناوە کە ڕێی باغی دێوەی بەتۆ پێشاندا.»

دە وەختی قسەی دایک و کوڕاندا خزمەتکاری وەزیری تازە هات و پرسی:

«داخوا برایم هاتۆتەوە یان نا؟»

برایم پێش ئەوەی دایکی ورتەی لێوە بێ وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ هاتمەوە.»

خزمەتکار گوتی:

«ئەورۆ دوایین ڕۆژی مۆڵەتی شایە کە بەتۆی داوە. باشە بڵێ بزانم داخوا سەمەن گوڵت هێناوە؟»

برایم کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی درۆیەکی نەکردبوو، خەریک بوو بڵێ نەخێر نەمهێناوە، کە خورشید هاتە نێو قسانیانەوە و گوتی:

«بەڵێ هێناویەتی. هەروا چەند سەعاتێکی دی بۆ خۆی دێتە لای شای و گوڵەکەی دەداتێ.»

کاتێ خزمەتکاری وەزیری تازە ڕۆیی، برایم لە خورشیدی پرسی:

«باشە چ بکەم، خۆ من چ گوڵم نەهێناوە.»

خورشید زەردەیەکی هاتێ و گوتی:

«با، تۆ هێناوتە.»

بەلەمێکی چێشتێی هێناو لە دەم و چاوی خۆی نزیک کردەوە و پتێکی لە لووتی خۆی دا. دوو دڵۆپە خوێن بەربوونەوە نێو بەلەمەکەی. ئەو دوو دڵۆپە خوێنە تێکیانەوەدا و کەوتنە جوولە و گەورە بوون تا هەر دوو دڵۆپ بوونە یەک پارچە پەڵەیەکی سەمەن گوڵ.

خورشید گوڵەکانی دانە دەست برایمی و گوتی:



«ئەو گوڵانە تا ئێستا هەرگیز دە باغی دێویدا نەڕواون. بەڵام دێوە دەیزانی من ئەم گوڵانە لە خوێنی خۆم دروست دەکەم، هەر بۆیەش بوو منی دەو سیاچاڵەی هاویشتبوو و دەرکەی لەسەر گاڵە دابووم. ئەو گوڵانە بۆ شای بەرە بەڵکە ئێ ئەوە خوایە وازت لێ بێنێ.»

برایم گوتی:

«تا ئەو کاتەی ئەو بازرگانە ستەمکار و ئەو پاشا گێلە هەبن، هەرگیزا و هەرگیز خێری لە خۆم نابینم.»

«دەتەوێ چ بکەی؟»

برایم لە جیاتی وەڵامدانەوەی پرسی:

«ئەگەر ئەو دوو چەپکە گوڵانە بەرم دەتوانی ئیدیش دروست کەی؟»

خورشید وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، من تەواوی باغی پڕ دەکەم لەو گوڵە و هەرچی باڵندەکان هەن لە باغی دێویڕا بەباڵەفڕێ دەگەنە ئێرە تا لەگەڵ ئێمەدا بژین.»

برایم بەشادییەوە گوتی:

«زۆر چاکە، ئەگەر وا بێ بەیارمەتی ئەو دوو چەپکە گوڵانەوە دەتوانم لە شەڕی ئەو بازرگان و ئەو پاشایەی ڕزگار بم.»

برایم چەپکە گوڵەکانی دەگوڵدانێکی زۆر جوان نان و بەرەو ماڵی پاشای چوو. ڕاست لەو وەختەدا گەیبۆوە باڵندەکان جووکەیان لێ بڕابوون بەڵام هەر کە چاویان بەو گوڵانە کەوت کە برایم هێنابوونی بەسیان بوو تا سەرلەنوێ بکەونەوە چریکە و جموجۆڵ و ئاوازی خۆش و بەسۆز تێهەڵکەنەوە. پاشا زۆر شاد و شەنگوڵ بوو، بەڵام وەزیری تازەی یانی هەمان بازرگانی بەدفەساڵ و ڕەزا گران و دڵکرمێ، نێوچەوانی تێکنان و سەرلەنوێ ئاگری ڕق و کینەی لە گیانیدا زمانەی کێشا، دوای کەمێک خۆی ڕاگرت و ئارامی بەخۆی دایەوە و هاتەوە سەرخۆ، زۆر چاپلووسانە ئیکلامی کێشا و گوتی:

«شادی پاشای هەر بەردەوام بێت! ئێوە فەرمانتان بەبرایمەتیوی کردبوو پەڵە گوڵێکی گەورە بۆ بەرێزتان بێنێت کەچی برایم چووە چەپکێکی هێناوە. برایم دەبێ هەر لەو ڕۆژەوە تا ئەو چەپکانە سیس نەبوون و نەژاکاون بچێت و پەڵە گوڵێکی گەورە بێنێ.»

برایم لە دڵی خۆیدا گوتی:

«زۆر چاکە بازرگان، مادام وای لێهات دەبینی داخوا کاممان زیرەکترین.»

پاشا گوتی:

«برایم وەزیری من ڕاست دەکا، تۆ دەبی بچی پەڵە گوڵێکم بەڕەگ و ڕیشەوە لە باغی دێوبڕا بۆ بێنی.»

برایم گوتی:

«شادی پاشام هەر بەردەوام بێت! ئەو گوڵە لە باغی دێویدا ناڕوێت بەڵکو لە شارێکیدا دەڕوێت دەق وەک ئەم شارەی ئێمە و هەر بەو ناوەشە، هەموو ئەو کەسانەی مەش کە تائێستا مردوون و ئێمەیان

بەجێهێشتووە ئەوە لەوێدا دەژین. پاشای ئەوێش هەر باوکی خوالێخۆشبووتانە. کاتی کە ناوی ئێوەشی بەر گوێ کەوت دەستی کرد بەگریان و گوتی:

«بۆ کوڕەکەم نایەتە سەردانم؟»

کاتی کە داوای سەمەن گوڵم لێ کردن گوتی: «ئەگەر من پەڵە گوڵێکی وای بۆ بنێرم کوڕەکەم قایل و دڵنیا دەبێت و هەرگیز نایەتە دیدەنیم. من دڵم دڵی دەخواتەوە بۆ دیتنی، لێی گەڕێ با بۆ خۆی بێت و هەرچی کە شایستە و شایانی وی بی دەیدەمێ. جەنابی وەزیر بابی بەڕێزیشتانمان لەوێ دیت، ئەوان ڕێیەکی تازەیان بۆ من دیاری کرد کە هاتن و چوون بەو ڕێیەیدا و بۆ ئەو شارە لە سێ چوار سەعات زیاتر ناخایەنێ.»

بازرگان هەر خێرا هەستی بەوە کرد کە برایم دەیەوێ ئەو و پاشا هەردووکیان پێکەوە هەڵخەڵەتێنێ.»

بەڵام پاشا هەر یەکسەر قسەکانی برایمی چووە مێشکی و فەرمانی دا:

«خێراکەن، جل و بەرگم بۆ ئامادە کەن. دەمەوێ چاوم بەباوکی خۆشەویستم بکەوێ.»

وەزیری فێڵباز و دەهۆ هەر خێرا و دەستوبرد پەڕییە نێو قسەکانی پاشا و گوتی:

«تۆزێک ڕاوەستن! مۆڵەت بدەن با بۆ ئەو سێ چوار سەعاتە ڕێیە برایم چاوساغمان بێت و ڕێنماییمان بکات.»

برایم پاشا و بازرگانی هێنانە کەنار ڕووبارێکی کە بەنزیک شارێکیدا ڕەت دەبوو. لە جێیەکی زۆر قووڵ و گێژەندا، برایم بە شا و وەزیری گوت:

«ئەو ڕێیەی عەرزم کردن بەبن ئەو ڕووبارەیدا دەڕوات و تێدەپەڕێ، ئەوەی کە دەشبێ بکرێ ئەوەیە کە خۆت هاویشتە نێو ئەو ڕووبارەوە دەبێ نەختێک بەرەو خوارتر بڕۆی تا پێت وەبنی ڕووبارەکەی دەکەوێ، ئینجا لە سەر پێیان بوەستی و تا سەد بژمێری. هەر بەتەواو بوونی ژمارەی سەد دەروازەی شاریتان لە ڕوو دەکرێتەوە.»

پاشا دەیویست خۆی باوێتە ناو ئاوێ، بەڵام وەزیر خۆی هاویشتە پێشێ و گوتی:

بەختەوەری پاشامان هەر زیاد بێ! من باوەڕ بەتەنها یەک وشەی ئەو ڕاوچییە ناکەم. ئەگەر درۆ ناکا با لەبەر چاوی ئێمە بچێتە ئەو شارە و چەپکێک سەمەن گوڵمان بۆ بێنێ و بێتەوە. ئەگەر وای کرد ئەوا ئێمەش پێی باوەڕ دەکەین.»


برایم قایل بوو و گوتی:

«ئەوە زۆر پەسندە! بەڵام من ئەوڕۆ زۆر ماندووم. سبەی ئێواری وەرنەوە ئێرە، من لە پێش چاوی هەموانتان گوڵتان بۆ دێنم.»

ئەوان هەموو ڕازی بوون.

برایم نیوە شەوێ لە خەو ڕابوو، دووەمین چەپکە گوڵی تاو دایە، توورەگەیەکی پڕیشی لەو زێڕەی لە ماڵی دێوپرا هێنابوویان پڕ کرد و هەستا بردیە ئەو بەری ڕووبارەکە و لەجێیەکی زۆر نهێنی شاردنیەوە و





هاتەوە ماڵێ.

سبەی دوای نیوەڕۆیە، پاشا و بازرگان و کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لەوێ خڕ بوونەوە. هەرکە هەوا بوولێڵ بوو برایم خۆی ڕووت کردەوە و خۆی بەڕووبارێدا دا. ئەو مەلەوانێکی چاک بوو دەیتوانی ماوەیەکی زۆر بەبێ هەناسە لەبن ئاوێدا وەمێنێ. ئەوەش لە ڕاوی باڵندان فێر ببوو کە هەموو جارێ لەسەر زەوی خۆی لە گەز دەدا و هەناسەی لەخۆی دەبڕی. برایم بازرەقەیەکی دە ئاوێدا بەست و خۆی گەیاندە ئەوبەری ڕووبارێ. لە ئاوێ هاتە دەرێ و خۆی لە پشت درەختێکی گەورەدا مات کرد، دوو سێ سەعاتان لەوێ مایەوە تا پاشا و بازرگان و خەڵکەکەش گومان بەرن کە چۆتە شارەکە. دوایی توورەگە زێڕ و چەپکە گوڵەی تاودایە و دە ئاوێدا بازرەقەیەکی دیکەی هاویشت و بەمەلە هاتەوە لەبەر چاوی ئەبڵەق و سەرسامی هەمووان سەری لە ئاوێ هێنایەوە دەرێ. چۆن وایە! توورەگە زێڕێک بەدەستێکەوە و چەپکە گوڵێکیش بەدەستەکەی دیکەوە. چاوی بازرگانی ئەبڵەق بوو و دەمی بەش بۆوە. برایم بەرەو لای پاشای چوو و چەپکە گوڵەی پێشکێش کرد. دوایی سەری توورەگە زێڕی کردەوە و زێڕەکەی دەکۆشی بازرگانیدا هەڵڕشت و گوتی:

ئەو زێڕانە دیاری بابتن. ئەو گوتی کە بازاڕی زۆر گەرمە، چاوەڕێتە ئەگەر بچیە لای چەند هێندانەی دیکەشت بداتێ. وەزیری سووتاو و کەلەلا، بەدیتنی توورەگە زێڕ و قسەکانی برایمی کە دەربارەی گەرمی بازاڕ و بازرگانی بابی گێڕانیەوە، ئاوەزی لە سەریدا نەما و هۆش لە کەللەی پەڕی هەر بەغار بەرەو ڕووبارێ ملی لێنا. پاشا قوولاندی:

«کوڕە وەزیر ڕاوەستە با منیش بێم، خۆ من هەرگیز ناتوانم بەتەنێ ڕێیە وەبینم.»

ئەوەی گوت و بەدوای وەزیردا کەوتە هەڵێنگان.

خەڵکەکە ماوەیەک ڕاوەستان و چاوەڕێ مان. بەڵام نە وەزیر و نەپاشا هیچیان نەگەڕانەوە.

بەو شێوەیە برایمی ڕاوچی خەڵکەکەی لە زۆر و ستەمی پاشای گێل و وەزیری ستەمکار ڕزگار کرد و ئەو پیرەمێردە دلۆڤانەشی لە زیندانی هێنایە دەرێ کە ڕێی ماڵە دێوەی پێ نیشان دابوو و هەرچی باڵندەکانیش بوون بەرەو ماڵی خورشید و برایمی لە شەققەی باڵانیان دا.



# بولبولی ئازەران

## ئەفسانەیەکی ئەرمەنییە

لە سەردەمانێکی زوو پاشایەک بوو سێ کوڕی هەبوو، دوویان زۆر زرنگ و وریا و چاپووک و سێهەمیان زۆر سادە و ساکار بوو، ئەو کوڕەیان ناوی ئالودینۆ بوو. ئەو پاشایە باغێکی یەکجار زۆر جوان و ڕازاوەشی هەبوو کە بێجگە لە هەموو جۆرە درەختێکی بەردار دارسێوێکیشی هەبوو. کە ئەو دارسێوەی تەنیا سێ سێوی دەگرت. ڕۆژێکیان سواڵکەرێک هاتە باغێ و گوتی:

«تکایە یەکێک لەو سێوانەم بدەنێ.»

باغەوان گوتی:

«نا، ئەوانە نابێ دەستیان لێدرێ، ئەوە تەنیا پاشا دەتوانێ لێیان کاتەوە.»

سواڵکەرە زۆر تووڕە بوو و کەوتە تووک و نەفرینان لە باغەوانی. کتوپڕ هەرچی دار و درەخت و گژ و گیای باغی بوون، هەمووی تێکڕا سیس بوون و ژاکان. باغەوان حەجمینی لێ هەڵگیرا و شێتانە هاواری کرد:

«ئەوە چت کرد؟ چۆن جارێکی دی باغی مە ناژێتەوە و سەوز هەڵناگەڕێتەوە؟»

پیرەمێرد لەسەر خۆ وەڵامی دایەوە:

«ئەو باغە هەرگیز ناژیەتەوە، جا مەگەر بولبولی ئازەرانی بۆ پەیدا کەن و بیهێننە ئێرە بخوێنێ.»

دوایە پاشا هات، کە باغەکەی وا بەسیس و ژاکاوی دیت، زۆر تووڕە و ناڕەحەت بوو و کەوتە سەرزەنشتی باغەوانی. باغەوان بەسەرهاتی سواڵکەری گەڕیدەی بۆ گێڕایەوە.

پاشا نەڕاندی:

«باشە ئێستا چ بکەین؟ کێ دەتوانێ بولبولی ئازەران پەیدا کات، بیهێنێتە ئێرە بخوێنێ.»

کوڕە گەورەی کە گوێی لە قسەکانی شای بوو گوتی:

«بابە! ئەمن دەچم بولبولی ئازەران دێنم.»

دوای وی کوڕی ناوەنجی گوتی:

«بابە! ئەگەر مۆڵەت بفەرموون ئەمن دەچم و بولبولی ئازەران دێنم.»

دوا وتەیەک کە باوکیان گوتی ئەمە بوو:


«هەردووکتان پێکەوە بڕۆن و بولبولی ئازەران پەیدا کەن و بیهێننە ئێرە.»

کوڕە گچکەی شای کە ناوی ئالودینۆ بوو و چووبووە گەڕانێ و ئاگای لە هیچ نەبوو، کە هاتەوە ماڵێ برایەکانی لەوێ نەدیتن. لە دایکی پرسی:

«دایە! ئەرێ ئەوە برایەکانم لە کوێن؟»

دایکە گوتی:

«دەزانی تۆ جحێڵێکی زۆر گێژ و حۆلی و ئاگات لە دنیایە نییە. برایەکانت بەدوای بولبولی ئازەراندا



ڕۆیشتن.»

ئالودینۆ ئەو تیر و توانجانەی دایکی زۆر پێ ناخۆش بوو، بێ ئەوەی بیر لە سەرەنجامی ئەو کارەی بڕیاری بۆ دابوو بکاتەوە بانگی مەیتەری کرد و پێی گوت:

«ئەسپێکی چاکم بۆ هەڵبژێرە، دەمەوێ بچمە سەفەرێ.»

مەیتەر وەڵامی دایەوە:

«هەر کامێکیان دەستنیشان دەکەن و حەزتان لێیە تا بۆتان زین کەم.» ئالودینۆ چووە نێو ئەسپەکان. کە دەستی لەسەر پشتی هەر یەکێکیان دادەنا لە قورسی ئەو پشتیان دەنووشتاندەوە و دەچەمینەوە. ئالودینۆ تەویلەی ولاغانی بەجێ هێشت. لە نزیک دەرکەی ئەسپێکی تووکنی چڵکنەی پیسی دیت کە کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، ئالودینۆ تا دەستی هێنای لەپێکی لە پشتیدا بەڵام ئەسپە وای پێ لە زەوی چەقاندن کە هەر وەک هیچی وە پشتی نەکەوتبێ، داینەنواند. دەستووری دایە مەیتەری ڕۆژێ سێ جاران پشتی ئەو ئەسپە برینداره‌ی دەرمان کات و هەر سەعاتەی یەک مەن کشمیشی بداتێ.

دوای سێ ڕۆژەی ئالودینۆ خۆی هاویشتە سەر پشتی ئەسپەی و ملی ڕێیەی گرت. ئەو کە بەسواری ئەسپێکی وا خۆش بەز و یەرغە و چاپووک بەڕێیەدا دەڕۆیی زۆری نەخایاند گەییەوە برایەکانی. هەر کە برا گەورەکە چاوی بەئالودینۆ کەوت زۆر تووڕە و ناڕەحەت بوو و بەتووڕەییەوە هاواری کردێ:

«بۆ بەدوای مەدا هاتووی، یا دەتەوێ هەمیسان ببیە مایەی سەرلێشێوان و شەرمەزاریمان.»

برا گەورە ڕایکردە ئالودینۆی لێیدا، دەودەمەیدا برا ناوەنجیەکە خۆی هاویشتە نێوانی و گوتی:

«بڕایەوە، لێی مەدە با ڕەگەڵ مە کەوێ. هەر چۆنێک بێ پشتیوانیەکمان لێ دەکا و یارمەتیەکمان دەدا.»

هەر سێ برا کەوتنە ڕێ، ماوەیەکیان بەسواری ئەسپان بڕی تا گەینە سێ ڕێیانێکی. لە سەری سێ



ڕێیانەی پیرەمێردێک دانیشتبوو. هەر سێ برا سڵاویان لێ کرد و گوتیان:

«سڵاوت لێ، پیرە باب!»

«خوا ڕاوەستاوتان کات، شازادەکان!»

برا گەورە پرسی:

«ئەو ڕێیانە بۆ کوێ دەچن؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

«یەکێکیان بۆ تبلیسێ، ئەویدیان بۆ یەریڤان و سێهەمیشیان بەرەو جێیەکی دەچێ کە گەڕانەوەی لە دوا نییە. ناوی ئەو جێیەش (گیدەن گەلەز)ە یانێ ڕێی بێ گەڕانەوە.

برا چووکەکەیان گوتی:

«ئێوە بەو دوو ڕێیە بێ تەلزگەیەدا بڕۆن و منیش ڕێی گیدەن گەلەز دەگرمە بەر.»

برا گەورە گوتی: «با لێی گەڕێین بڕوا، ئەوە هەلێکی باشە تا لە دەست شەڕی ئەو برا گێلە کەودەن و سادە و ساکارە ڕزگار بین.»

***

هەردوو برا گەورە و ناوەنجییەکە تووشی ناخۆشی و بەسەرهات و لێقەومانێکی یەکجار زۆر بوون. هەر لەبەر برسیەتی و نەداریە ئەسپ و جل و بەرگەکانیان فرۆشتن و لە گەرماوێکی گشتیدا دامەزران. یەکیان بووە تونچی کورەی بن حەمامێ و ئەویدیشیان پەشتە ماڵ گرەوە. لەو لاشەوە ئالودینۆ هێندەی ئەسپ بەرەو ڕێی گیدەن گەلەز لێخوڕی تا سەرەنجام گەییە سەرزەمینی خاکی سوور.

ئەو شوێنە دار و درەخت و گڵ و خۆڵ و بەردی هەمووی هەر سوور بوو. لەپڕ ئەسپەکەی وەک ئادەمییان بەقسە هات و گوتی:

«ئالودینۆ دەزانی ئەمن و تۆ هاتووینە کوێ؟ ئێرە سەرزەمینی دێوی سووری سێ سەرە.»

بەرەبەری ئێوارێ ئالودینۆ گەییە ماڵێ دێوی سوور. ژنێک لەبەر دەرکێ ڕاوەستا بوو، هەر کە ژنە چاوی بەئالودینۆ کەوت زۆری زگ پێ سووتا و پێی گوت:

«کوڕە لاوە، وەرە باوەتشێرم، تا دێو نەتبینێ.»

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«لە جیاتی ئەو قسە بێ سەروپا و پڕوپووچانە، من برسیم شتێکم دەیە بیخۆم باشترە.»

«ژنی دێوەی چۆوە ژوورێ و سێ چوار قاپی خواردن هێنان.»

«ئەوە چییە هێناوتە؟ ئەوە مەگەر هەر بۆ تامێ بیهاوێمە بن کلۆراییە ددانم! من گوتم شتێکی بێنە بیخۆم.»

«ئەگەر ئەوەندەت بەش ناکا، ئەوە بڕۆ حەوشێ خواردنی دێوەی لەسەر مێزێ دانراوە، تا هەنگڵت دێشێ بخۆ.»

ئالودینۆ چووە حەوشێ دیتی ئەوا پازدە مەن برنج و دوو نێرەگای گەورەی سوورەوەکراو لەسەر مێزێ داندراوە. لە چاو تروکانێکدا هەر هەموو برنجەکە و هەردوو گایەکەی لرف لێدا. دووبارە ژنی دێوەی

زگی پێ سووتایەوە و گوتی:

«لاوە! دیارە تۆ بەخۆڕایی خەریکی ژیان و گیانی خۆت لە دەست دەدەی، زۆرت بۆ بەداخەوەم، وەرە بابتشارمەوە.»

ئالودینۆ لە سەرەخۆ گوتی:

«من لە دێوەی ناترسم و هەر بۆ دیدەنی ویش هاتوومە ئێرە.»

لە پڕ ماڵەکە وەلەرزە هات:

ئالودینۆ پرسی: «ئەوە ماڵەکە بۆ دەلەرزێ؟»

ژنە وەڵامی دایەوە:

«دێوە خەریکە دەگاتەوە ماڵێ. ئەو لە هەر شوێنێکی نزیک بێتەوە ئەو شوێنە لەبەر تەپەی پێی وەلەرزە دێت.»

دێوە خەریک بوو نزیک دەبۆوە. کۆمەڵێک گورگ و ڕێوی و دڕندە و گیانلەبەرانی کێوی دیکەی لەگەڵ خۆی هێنابوون. ئەوانەی هەموو لە حەوشێ کردن و چووە ژووری ماڵێ. چاوی بەئالودینۆ کەوت و گوتی:

«بەخێربێی ئالودینۆ.»

ئالودینۆ پرسی:

«چۆن من دەناسی؟»

«ئەو ڕۆژەی لە دایک بووی، من لە کێو و بەندەنان بەنێو دار و بەرد و لێرەوارانددا دەگەڕام. هەرچی درەخت و گژ و گیای ئەو ناوە هەبوون هەموو تێکڕا هەواڵی بوونی تۆیان پێڕاگەیاندم. هەر بۆیەش پێم وایە تۆ ئالودینۆ بی چونکە لە تۆ بەولاوە هیچ کەسێک غیرەتی هاتنە ئێرەی نییە و ناتوانێ بێت.»

دوایە دێوە ڕووی کردە ژنەکەی و گوتی:

«باشە ژنێ! شتێکمان دەیە بیخۆین.»

ژنی دێوەی گوتی:

«ئەو لاوە هەموو خواردنەکەی تۆی خوارد و هیچیشی بۆ نەهێشتیەوە.»

دێوە هیچی نەگوت، چوو ورگی چەند گورگێکی دڕی و ژنەش دەستوبرد خواردنی ئامادە کرد و دانیشتنە سەری. دێوە سەیری کرد ئالودینۆ هیچ ئێسکێک لە خوارنەکە ناگرێ و هیچ فڕێ نادات و هەر لەگەڵ پارووە گۆشتی قووتی دەدا. دوای نانخواردنێ دێوە گوتی:

«ئالودینۆ ئێستا لێکدەین یا بیخەینە سبەینێ.»

«هەر چۆنێکت پێ خۆشە، با بەئارەزووی تۆ بێ. من هەمیشە ئامادەم.»

بۆ سبەینێ دێوە و ئالودینۆ لەگەڵ بوولێڵدا لە خەوێ ڕابوون و هەر یەکە گورزی خۆی تاودایە.

ئالودینۆ گوتی:

«یەکەم جار با نۆرە گورزی تۆ بێ، تۆ گورزی خۆت بوەشێنە من میوانم.»

دێوە گوتی:

«ها بگرە!»



دەودەمەیدا ئەسپی ئالودینۆی وەدەنگ هات و گوتی:

«هەر کە دێو دەستی بڵند کرد تۆ دوو ئاوزەنگیانم بگەیەنە خالیگەی. من هەڵدەستم و گورزی دێوەی بەبن زگی مندا ڕەت دەبێ.»

ئالودینۆ هەموو ئەمانەی ئەنجام دا. دێو سێ جارانی گورزی خۆی ڕاوەشاند و هەر سێ جارانیش نەیگرت.

ئالودینۆ گوتی: «ئەوجا نۆرە گورزی منە.»

هاتە پێشێ و بەیەک گورزی گران هەر سێ سەری دێوەی پان کردنەوە و دوایە هات دەم و لووتی دێوەی بڕین و هاویشتنیە خورجێنێ و بۆ ڕێز لێنانی ژنێ دێوەی چۆوە ماڵێ دێوەی.

«ماندوو نەبی، خوشکێ!»

«من خوشکت نیم، من دەمەوێ ببمە هاوسەری تۆ.»

ئالودینۆ گوتی:

«من ناتوانم تۆ بێنم تۆ دەبیە ژنی برا گەورەکەم.»

دوای سێ ڕۆژان ئالودینۆ بڕیاری دا بڕوات و ئەوێ بەجێ بێڵێ. بێوەژنی دێوەی پرسی:

«دەتەوێ بچیە کوێ؟»

«بە دوای پەیسەری بولبولی ئازەراندا دەچم.»

«تکات لێ دەکەم مەچۆ. بەخۆڕایی ژیانی خۆت دەتەلەزگەی داوێی.»

«نا هەر دەبێ بچم ناچارم.»

***

ئالودینۆ چووە سەرزەمینێکی کە تەواوی دار و درەخت و گڵ و خۆڵ و بەردی هەمووی تێکڕا سپی بوون. ئەسپەکەی گوتی:

«دەزانی ئێرە وڵات و سەرزەمینی دێوی سپییە. ئەمشە و میوانی ماڵی دێوەی دەبین، ئەو وەکو دێوی سوور نییە، ئەو حەوت سەری هەیە.»

ئالودینۆ گوتی:

«ئەوە هەر هیچ نییە، من هەر حەوت سەرەکانی پێکەوە دەپەڕێنم و لە لەشی جودا دەکەمەوە.»

ئێوارە وەختە گەینە بەر دەرکی ماڵێ دێوەی، بەڵام هەموو دەرگایەکان تێکڕا گاڵە درابوون. ئالودینۆ بەدەنگێکی بەرز شیڕاندی:

«ئاهای! ئەرێ کێی لێیە؟»

لە دەنگی وی ژنێک پەیدا بوو و دەرکەی کردەوە و وەپێش ئالودینۆی کەوت تا ئەسپەکەی دامەزرێنێ.

ئالودینۆ ئەسپەکەی بردە تەویلە و دوایی چوونە ماڵی دێوەی و داوای لە ژنی دێوەی کرد خواردنی بۆ بێنێ، ئەویش چوو پێنج شەش قاپی پڕ لە خواردنی بۆ هێنا.

«ئەری تۆ وا تێدەگەی من منداڵم؟ من گوتم شتێکم دەیە بیخۆم!»

ژنی دێوەی گوتی:

«برِۆ سەر مێزێ دانیشە و تا زگت دێشی و تا دەتوانی بخۆ.»

ئالودینۆ مەنجەڵێکی گەورەی لەسەر مێزەکە دیت کە شەست مەن برنج و سێ گای سوورەوەکراوەی تێدا بوو. هەر لە چاوترووکانێکدا ئالودینۆ تەواوی ئەو خواردنانەی هەڵلووشی و قاپەکانی لستنەوە. لە پڕ ماڵەکە وەلەرزە هات.

ژنە دێو گوتی: «لاوژە ئەوە دێوەیە خەریکە دێتەوە وەرە با بتشارمەوە.»

ئالودینۆ گوتی:

«نارەحەت مەبە، من هەر ڕاست بۆ دیتنی دێوەی هاتووم.»

دێوە بەخێرایی هاتەوە ماڵێ، کۆمەڵێک گیانلەبەری جۆرا و جۆر و جیاوازی وەک شێر و گورگ و ورچی بەرەو ماڵ وەپێش خۆ دابوون. هەموویانی لە حەوشێ کردن و بەپلیکاناندا هاتە سەرێ. ئالودینۆی دیت، دەستی درێژ کرد تا تەوقەی لەگەڵ بکات:

«ماندوو نەبی ئالودینۆ!»

«چۆن دەزانی کە من ئالودینۆم؟»

«کە تۆ لە دایک بووی تەواوی دار و بەرد و گژ و گیا و مێرگ و مێرغوزارەکان هەواڵی هاتنە دنیای تۆیان دامێ. بەوەیڕا دەزانم کە تۆ ئالودینۆی چونکە جگە لە تۆ هیچ کەسێکی دی ناتوانێ بێتە ئێرە.»

دێوە داوای لە ژنەکەی کرد نانی بۆ بێنی بیخوا. بەڵام ژنەکەی گوتی کە میوانەکەیان هەرچی هەبوو هەمووی خواردووە و هیچی نەهێشتۆتەوە.

دێوە گوتی:

«زۆر چاکە ئێستا لەو گیانلەبەرانەی هێناومن خواردنێکی دروست دەکەین.»

شام زوو ئامادە بوو، دێوە دەیدیت کە میوانەکەیان ئێسکەکان لەگەل گۆشتەکەی دەخوا. دوای نان خواردنێ دێوە پرسی:

«باشە ئێستا لێک ڕاست بینەوە یا بیخەینە سبەینێ؟»

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«هەر چۆنێکت حەز لێیە با ئارەزووی تۆ بێت. من هەمیشە ئامادەم!»

دێوە گوتی:

«باشە با بۆ بەیانی بێ، خدە و نەرێتی مە وایە کە شەوێ میوانان چاک خزمەت بکەین و بەخێریان بێنین و بەیانیش لەگەڵیدا بجەنگێین!»

سبەی بەیانی ئالودینۆ هاواری کرد:

«هەستە ڕاست بەوە. کاتی زۆرانبازی و ململانێ و لەبەرێک ڕاچوونە.»

دێوە ڕابوو، گورزەکەی تاو دایە و هاتە مەیدانێ. کاتێ ئالودینۆ خۆی هاویشتە سەر پشتی ئەسپەکەی، ئەسپەکە لە ژێر لێوەوە پێی گوت:

«وەبەر ڕکێفانم دە، من لە جێ بڵند دەبم و هەڵدەستم و گورزی دێوەی بەبن زگمدا ڕەت دەبێ و ناتپێکێ.»



دێوە گرماندی:

«دەی دەست پێکە.»

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە، لە پێشدا تۆ گورزی خۆت بوەشێنە، من میوانم.»

«خۆت بگرە هات.»

دێوە سێ جارانی گورز بەدەوری سەری خۆیدا هەڵسووڕاند و ڕایوەشاندە دوژمنەکەی بەڵام ئەسپی ئالودینۆی توانی لە وەختدا بڵند بێت و گورزەکە بەبن زگیدا تێپەڕی. نە ئەسپ و نە سوارەکەی هیچ کامیان تینیان نەگەیشتێ و نەپێکران. لە نێو تۆز و خۆڵ و گەردی گورزی دێوەیدا دێوە ئالودینۆی نەدیت و وای بۆچوو کە ئەنگواوە و بەو گورزەی کوژراوە. قاقا پێکەنی و گوتی:

«ئالودینۆ کوای؟ وەرە ئێستا دەتبینمەوە.»

ئالودینۆ زۆر بەسپایی وەڵامی دایەوە:

«ئەوەتام براله! پێویست ناکات خۆت بۆ دیتنەوەی من ماندووکەی، ها بگرە هات!»

ڕکێفێکی گەیاندە خالیگەی ئەسپەی و گەییە سەر سەری دێوەی. لەگەل شمشێری ڕاوەشاند، هەر حەوت سەری دێوەی وێکڕا لە لەشی جودا کردنەوە و پەڕاندنی. جا لە ئەسپەکەی دابەزی و دەم و لووتەکانی هەمو بڕین و دە توورەگێکی کردن و هاتەوە ماڵێ دێوەی.

ژنی دێوی حەوت سەر گوتی:

«ئازیزەکەم! دەستخۆش کارێکی چاکت کرد ئەو نەعلەتیەت کوشت. تۆ من بەهاوسەری خۆت قەبووڵ بکە»

ئالودینۆ گوتی:

«نا، تۆ دەبیە هاوسەری برا ناوەنجییەکەم.»

و خۆی بۆ قۆناغی دوایی سەفەرەکەی ئامادە کرد.

بێوەژنی دێوەی حەوت سەر پرسی:

«ئەو جارە بۆ کوێ دەچی؟»

«بە دوای پەیسەری بولبولی ئازەراندا.»

ژنە دێو گوتی:

«بەڵام تۆ هەرگیز ئەوەت وەگیر ناکەوێ»

ئالودینۆ گوتی:

«دەبی هەر وەگیرم کەوێ و وەدەستی بێنم» و لێیدا ڕۆیی.

***

کاتێ گەییە سەرزەمینی دێوی ڕەش دووبارە ئەسپەکەی وەقسە هاتەوە:

«ئالودینۆ ئێرە سەرزەمینی دێوی چل سەرە. سەیر کە! ئێرە خاک و خۆڵ و دار و بەرد و گژ و گیای هەموو هەر ڕەشە.»

ئالودینۆ چووە ماڵێ دێوی ڕەش، مەنجەڵێکی زنجیرداری هێندە گەورەی دیت کە سەد و بیست مەن برنج و چوار گای سوورەوەکراوی لە سەر داندرابوو. ئالودینۆ هەر لە چاو تروکانێکدا برنجەکەی خوارد و

گۆشتی هەر چوار گایەکانیشی لرف لێدا و بەگەروێیدا ڕۆهێشتن و دەستێکی بەسمێڵیدا هێنا و چووە ژووری تایبەتی دێوەی.

بەرە بەرەی ڕۆژاوایە بوو مـاڵەکـە وەلەرزە هات. ئەوە دێوی ڕەش و نێـچـیـرەکـانی بوون بەرەومـاڵ دەبوونەوە. کە ئالودینۆی دیت، هاتە پێش و گوتی:

«ئالودینۆ! سلاو.»

«چوزانی من ئالودینۆم!»

دێوە گوتی:

«دار و بەرد و کێو و لێرەوار و گژ و گیـا هەواڵی لە دایک بوونی تۆیان بۆ هێناوم.» و ئینجا ڕووی کردە ژنەکەی و داوای خواردنێی کرد.

هاوسەری دێوەی گوتی:

«ئالودینۆ نان و شیوەکەی تۆی خوارد.»

«قەیدێ ناکا، لەو شتانەی هێناومنەوە خواردنێکی ساز کە.»

دوای شێو کردنی هەموو ڕاکشان بنوون. بەیانی زوو لەگەڵ کازیوەی ڕاست بوونەوە و ملیان لەبەر ملی یەکتری نا. سێ شەو و سێ ڕۆژان یەکتریان هێنا و برد. کەسیان پشتی ئەوەی دیکەی پێ لە عەردی نەدرا. تا سـەرەنجـام ئالودینۆ توانی بەسـەر دێوەیدا زاڵ بێت و بیکوژێ، دەم و لووتی بڕین و دە توورەگێکی ئاخنین و هاتە ژووری تایبـەتی ماڵی دێوەی، ژنە دێو بێ ئەندازە دڵخۆش و شـاد و شەنگوڵ بوو و گوتی:

«من بەهاوسەری خۆت قەبووڵ کە.»

ئالودینۆ گوتی:

«زۆر چاکە.» و دەبیر و خەیاڵانەوە چوو.

«بیر لە چی دەکەیەوە؟»

ئالودینۆ گوتی:

«باغـەکەمان سیس و ژاکاوە و من بەدوای پەیسەری بولبولی ئازەراندا وێڵم و ئێستـاش نازانم ڕوو لە کوێ کەم.»

ژنە گوتی:

«وەدەستهێنانی بولبولی ئازەران هێندە ئاسان نییە. چاچونتس شا خاوەنی ئەو بولبولەیە. ئەو چل ڕۆژە نوستووە خۆ ئەگەر وە ئاگا بێ ئەوە دڵنیا بە چل پاڵەوانی وەک تۆی دەروەست نایەن و دەیانکوژێ.»

ئالودینۆ گوتی:

«زۆر چاکە. ئەوا ئێستا دەڕۆم. کەی بێرەدا هاتمەوە ئەوە دەتخوازم و دەتهێنم.»

ئەوەی گوت و ماڵاوایی لە ژنەی کرد و ملی ڕێیەی گرت. کە گەیییە دەریایە ئەسپەکەی گوتی:

«من ئەسپی دەریایی نیم و ناتوانم لێی وەپەڕم و بەسەریدا ڕەت بم.»

ئالودینۆ لە ئەسپەکەی دابەزی. سەری وەبەردێکی کرد و بۆرژا، چاوی چوونە خەوێ و نەچوونە خەوێ.



لە پڕ گوێی لە دەنگێک بوو دەیگوت:

«ئالودینۆ! لە بن ئەو بەردەی سـەرت وێ کـردووە، سێ لغـاوی ئەسـپـە دەریاییانی لێیـە. دوان لەوان لە پشتی خۆت ئاڵێنە و سێهەمیشیان باوێ دەریایە.»

ئالودینۆ بەردەی بڵند کرد و چۆنیـان پێ گوتبـوو ئاوا بوو، سێ دانە لغـاوی ئەسپی دەریایی لە بن بوو. دوویانی لە پشتی خۆی پێچان و سەرێکی سێهەمیانی هاویشتە دەریایە. لە پڕ ئەسپێکی دەریایی پەیدا بوو و ویستـی ئالودینۆی هەڵلووشێ. بەڵام ئەو ئارامی خۆی لە دەست نەدا، یاڵی ئەسپـەی گرت و خۆی هاویشتە سەر پشتێی.»

ئەسپ وەک ئادەمیان وەقسە هات و گوتی:

«ئالودینۆ پێم بڵێ بزانم چت دەوێ. هەرچیم لێ بخوازی بۆت ئەنجام دەدەم.»

«من بولبولی ئازەرانم دەوێ.»

«من ناتـوانم ئەوت وەگیـر خـەم، بەڵام تۆ دەبەمـە ئەوبەری دەریایە، ئەو جێیـەی خوشکە گـەورەکـەمی لێیە، ئەو یارمەتیت دەدات تا بتوانی بولبولی ئازەران وەگیر خەی.»

ئەسپـە، ئالودینۆی بردە ئەوبەری. بەڵام دەو دەمـیدا ئالـودینۆ لە بیـری چوو لغـاوەکە لە سەری ئەسپـە دەریایەکە دارنێتەوە و ئەسپەکە بەلغاوەوە چۆوە دە دەریایە.

ئالودینۆ بەنیگەرانییەوە گوتی:

«ئاه... جا ئێستا چ بکەم؟ خۆ ئەسپەکە لغاوەکەی برد.»

مـاوەیەکی زۆر دەو دوورگەیەدا سەرگەردان مـا و زۆر بەقـوولی دەبیـر و خەیاڵانەوە چوو. دوایی لە پڕ و بێ ئاگا دەستی بۆ پشتێندێ برد. وەبیری هاتەوە کە دوو دانە لغاوی دیکەشی لە خۆ پێچاون. زۆر دڵشاد بوو. لغاوێکی لە خۆ کردەوە و سەرێکی هاویشـتە دەریایە. لە ناکاو ماینە دەریاییەک لە بن ئاوێڕا هاتە دەرێ و یەکڕاست هەڵیکوتایە سەر ئالودینۆی هەڵی لووشێ. بەڵام ئالودینۆ خۆی هاویشتە سەر پشتێی و سواری بوو.

ماینەکە گوتی:

«بڵێ بزانم چت دەوێ؟ هەرچی بتەوێ بۆت ئەنجام دەدەم.»

ئالودینۆ گوتی:

«من بولبولی ئازەرانم دەوێ.»

ماینەکە گوتی:

«ئەمە کارێکی یەکجار سەخت و گرانە. قەفـەزی بولبولی ئازەران بەپەنجەرەی کۆشکی شا چاچونتسەوە هەڵواسراوە و کۆشکیش لەسەر کەناری دەریایەیە، ئەگەر بتـوانی ڕکێفێکی وا لە خالیگەی من بسرەوێنی هەر سێـسەد و شەست ڕەگ و دەمـاری بەدەنم وەبرووسکە بێن من دەتگەیەنمە کۆشکی شـای و ئەودەم تۆ دەتوانی دەست درێژ کەی و قـەفـەزەکەی لێکەیەوە و بیـهێنی، ئەوەشت پێ بڵـێم خۆ ئەگـەر لەوەختـدا نەتتوانی قەفەزەکەی لێکەیەوە ئەوە دڵنیابە کە هەر دووکمان پێکەوە فەوتاوین و ڕزگارمان نابێت.»

ئالودینۆ گوتی:

«زۆر چاکە!»

ئاوزەنگییەکی مامزەداری وای لە دوو خالیگەی ماینەی سرەواندن جەرگی ژانی کرد و هەر سێسەد و شەست دەماری ڕاچڵەکین. ماینی تاین کەوتە فڕین لە ئاسمانێ و یەکسەر گەییبە بەر پەنجەرەی کۆشکێ. ئالودینۆ دەستی درێژ کرد و قەفەزەی لێکردەوە. کاتێ لەسەر زەوی نیشتنەوە ماینەکە گوتی:

«ئێستا بەرمدە بڕۆم.»

ئالودینۆ ماینەی بەرهەڵدا کرد و بۆ خۆی بەپێیان ملی لێنا. ئەسپەکەی خۆی دیتەوە و بەسواری بەرەو سەرزەمینی دێوی ڕەش ڕێی گرتە بەر. سڵاو و چاک و چۆنی لە هاوسەرەکەی کرد و ئینجا بەبولبولەکەی گوت:

«بولبولی ئازیز! دەنگت بێ و بخوێنە تا ئەو هەموو کەژ و کێو و دار و بەرد و گژ و گیایانە سەوز هەڵگەڕێنەوە.»

بولبولی ئازەران دەستی بەخوێندنێ کرد و کێو و دەر و دەشت و دار و بەرد و گژ و گیا بەرگی سەوزی مەخمەریان پۆشی.

دوایە هەرچی سامان و دارونەداری دێوەی هەبوو کۆیان کردەوە و بەرەو سەرزەمینی دێوی سپی هاتن، لەوێش ئەو سامان و بوون و نەبوونەی دێوی سپییان لەگەڵ ژنی برای ناوەنجی هەڵگرت و بەرەو سەرزەمینی دێوی سوور ملی ڕێیان گرت. لەوێش خەزێنەی دێوی سووریان بارکرد و بەرەو لای پیرەمێردەی کە تا ئێستا لە سەری سێڕێیانەکەی دانیشتووە بەڕێ کەوتن. ئالودینۆ سڵاوی لە پیرەمێردەی کرد و گوتی:

«لە بارەی برایەکانمەوە چ دەزانی و چت ئاگا لێیانە؟ داخوا گەڕاونەوە یان نا؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

«نا، شازادە کەسیان نەگەڕاونەوە.»

ئالودینۆ گوتی:

ئێستا کە نەگەڕاونەوە، من ئەو سێ کچ و ئەو باڵندە و شتانە لێرە لای تۆ بەجێ دەهێڵم و وەدووی سۆراغی برایەکانم دەکەوم.»

ئالودینۆ شار بەشار و دی بەدێ و وڵات بەوڵات بەدوای برایەکانیدا گەڕا بەڵام نەیدیتنەوە و سەر و سۆراغێکیان نەبوو، تا لە شارێکی خانەخوێیەکی لێ پەیدا بوو و لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵێ. لەوێ لە خانە خوێیەکەی پرسی:

«چۆن دەتوانم سەر و سۆراغی ئەو لاوەکی و پەڕاگەندە و غەریبانەی ئەم شارە بکەم و بزانم کێیە؟»

خانە خوێ وەڵامی دایەوە:

«سبەینێ بچۆ ناو بازاڕی و بیکە قاو کە دەتەوێ بانگهێشتنی پەڕیوە و غەریبانی ناو ئەو شارەی بکەی و ئاهەنگێکیان بۆ ساز بدەی. ئەوانیش هەر کە ئەوەیان وەبەر گوێ کەوت هەر بەغاردان دێن و ئەودەمی ئەوەی تۆ لێیان دەگەڕێی ئاسان وەبەر چاوان دێن.»

بەیانی زوو ئالودینۆ حەوت نێرەگای کڕین و دەستووری دا سەریان ببڕن و سووریان کەنەوە و بیانکەنە



قاورمە، ئینجا دەنگی جارچییانی دا لە مەیدانی شاری جاڕ ڕابێڵن و هەرچی بێکارە و پەڕیوە و غەریبەی شاری هەیە ئەوڕۆ داوەتی نانخواردنێن. برایەکانی ئالودینۆش کە یەکێکیان تونچی حەمامێ و ئەویدیان پەشتە ماڵگێڕ بوو، هەر کە گوێیان لەو بانگ ڕاهێشتنەی بوو لە خاوەنکارەکەیان پرسی داخوا ئەو جاڕ و بانگهێشتنە چییە؟ خاوەن کارەکەیان وەڵامی دانەوە:

«غەریبە و پەڕیوە و بێکاران نان دەدەن و بانگهێشتن کراون.»

هەردوو برا داوایان کرد مۆڵەتیان بدرێتێ تا بتوانن بەدەم ئەو بانگهێشتنەی غەریبە و پەڕاگەندانەوەی شاری بچن کە هەمووی تێدا بەشدارن.»

هەرکە ئالودینۆ برایەکانی خۆی دیتنەوە یەکسەر چوو خواردن و خواردنەوەی بۆ دانان و لێی پرسین:

«ئەرێ دەمناسنەوە؟»

وەڵامیان دایەوە:

«نەخێر.»

«ئێوە لە کوێ ئیشێ دەکەن؟»

«لە گەرماوێکی گشتی یەکمان تونچی و ئەوەی دیکەمان پەشتەماڵگێڕین.»

ئالودینۆ برایەکانی بردەوە لای حەمامچی و گوتی:

«وەرە حیسابیان دەگەڵ کە، چونکە دەیانبەمەوە.»

«ئەوان چی تۆن؟»

«برامن.»

برا گەورەکە گوتی:

«ئێمە تۆ ناناسین، تۆ کێی؟»

«بێ مێشکینە! من ئالودینۆم!.»

برا گەورەکە گوتی:

«ئەگەر ڕاست دەکەی تۆ برای ئێمەی، بڵێ بزانین ئێمە بەدوای چیدا وێڵین و لە ماڵێ وەدەر کەوتووین؟»

«بولبولی ئازەران، ئەویشم پەیدا کردووە.»

«ئەدی کوا لە کوێیە؟»

«لە لای ئەو پیرەمێردەم بەجێ هێشتووە، با بڕۆین تا پێتان نیشاندەم.»

ئالودینۆ سەرو دەستەجلێکی نوێی بۆ برایەکانی کڕی. خۆیان گۆڕی و هەرسێکیان پێکەوە بەرەو لای پیرەمێرد ملیان لێنا. برایەکان کە ئەو سێ ژنەیان لای پیرەمێرد دیت پرسیان:

«ئەوانە کێن؟»

ئالودینۆ گوتی:

«ئەوەیان ژنی دێوی سوورە کە کوشتوومە.»

هەر ئەو دەم دەم و لووتی دێوی سووری دەرێنا و لە پێش برایەکانی دانان تا بیبینن و گوتی:



«کاکە، ئەوەیان ژنی تۆیە. ئەوەشیان کە ژنی دێوی سپییە و ئەویشم هەر کوشتووە و سەیری دەم و لووتەکەشی کەن. ئەوە دەبێتە ژنی برا ناوەنجییەکەمان. سێهەمیشیان ژنی دێوی ڕەشە دەبێتە ژنی خۆم.»

هەر سێ برا بولبولی ئازەرانیان هەڵگرت و سواری ئەسپیان بوون و هەریەکەش ژنی خۆی هاویشتە پاشکۆی خۆی و بەرەو ماڵ بوونەوە، ڕێ زۆر دوور بوو. سەرەنجام گەینە دارستانێکی و لەوێش گەینە سەر بیرە ئاوێکی. برایەکان گوتیان:

«ئالودینۆ تینوومانە. بچۆ ناو بیرێ و ئاومان بۆ هەڵێنجە.»

کاتێ هاوسەری ئالودینۆ گوێی لەو قسانە بوو بەسپایی هاتە بن گوێی ئالودینۆی و پێی گوت:

«نەچی ئەوانە نیازیان وایە لە ناوت بەرن.»

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«نا. برایەکانم تینوویانە، دەچمە دەبیرێ و ئاویان بۆ هەڵدەهێنجم.»

«باشە بەڵام تاکێک دەسکێش و تاکێکی سۆڵەکەم لەگەڵ خۆت بەرەو زۆرت ئاگا لێبێ و ونیان نەکەی. دوایە من تاکەکانی ئەوانەم لە شای دەوێنەوە، بەوەیرا دەزانم کە هەر دەچاڵێدای یان نا.»

ئالودینۆ بەبیریدا چووە خوارێ. برایەکانیشی هەر ئەو کەوتە بیرێ تاویان دایە بولبولی ئازەران و لەگەڵ ژنەکانیان لێیان دا ڕۆیشتن.

کە گەینەوە دەروازەی شاری تەتەرێکیان ناردەوە لای شای تا هەواڵی گەڕانەوەیانی بدەنێ. شا هەموو گەورە پیاوان و دەرباریان و گەورە سەربازانی کۆکردنەوە و بەپێشوازی کوڕەکانییەوە چوو تا هەرچی چۆن بەرێزتر و لێوەشاوەتر بیانهێننەوە کۆشکێ.»

شا پرسی:



«ئەدی ئەم ژنانە کێن؟»

برا گەورە گوتی:

«ئەوەیان هاوسەری من و ئەویشیان هاوسەری برای ناوەنجییە. سێهەمیش قەرەواشمانە.»

ژنی ئالودینۆی گوتی:

«گەورەم! هەرچی دەڵێن درۆیە. من قەرەواشی وان نیم.»

«کوڕەکانم! وا بزانم وەک ناخۆشیتان لە نێواندا بی وایە و منیش هەرچەند دەکەم تێناگەم داخوا کامتان بولبولی ئازەرانتان هێناوە، کێ دەتوانی بولبولی ئازەران وەدەنگ بێنێ و هەر کەسێک ئەو کارەی لە دەست هات دیارە ئەو هێناویەتی.»

برا گەورە گوتی:

«دا ڕێم کەن تا من وەدەنگی بێنم!»

ڕووی دەمی لە بولبولی ئازەران کرد و گوتی:

«بولبولی شیرین زمان! دەی بچریکێنە با باغە سیس و ژاکاوەکەمان سەرلەنوێ بەرگی سەوزی تازەی لەبەر کاتەوە و بژیەتەوە.»

بولبولی ئازەران تەنانەت دەندوکیشی لێک نەدان.

ئینجا برای ناوەنجی هاتە پێشێ و گوتی:

«بولبولە ئازیزەکەم! دە بخوێنە با سەرلەنوێ باغەکەمان بگەشێتەوە.»

بولبولی ئازەران جووکەی نەکرد.

خەڵکی هەموو سەرسام و باغیش هەروا سیس و ژاکاو بوو.

***

با بێینەوە سەر سەروسۆراغی ئالودینۆی کە نازانین ماوەی چەند لە بیرێدا مایەوە. سەرەنجام بازرگانێک ڕێی دەکەوێتە سەر ئەو بیرە و بەکاروانچییەکانی دەڵێ ئاوی بۆ هەڵگۆزن. ئالودینۆ کە گوێی لە دەنگە دەنگی دەبێ هاوار دەکا:

«من ئاوتان بۆ هەڵدەهێنجم. ئێوەش مەردی چا بن و یارمەتیم بدەن با لێرە ڕزگارم بێ و بێمە دەرێ.»

سەتڵێکیان شۆڕ کردەوە نێو بیرێ و بەپری هەڵیان کێشایەوە سەرێ. دوایە گوریسەکەیان بەبیرێدا شۆڕ کردەوە خوارێ و بەچەند کەسێکان ئالودینۆیان لە بیرێرا هەڵکێشایەوە. بازرگان لە ئالودینۆی پرسی چۆناوچۆن کەوتۆتە دەو بیرەیەوە:

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«من ڕێبوارێکی نەشارەزام و ڕێم ون کردووە، شەو بوو بێرەدا هاتم، هەوا تاریک و نووتەک بوو بەر پێی خۆمم نەدەدیت تا کەوتمە دەو بیرەیەوە.»

بازرگان پرسی:

«دەتەوێ بچیە کوێ؟»

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«بۆ شاری خۆم.»

نانی ئێوارەیان پێکەوە خوارد و ئالودینۆ ئەو شەوەی لەگەڵ بازرگانی ڕابوارد. بەیانی هەریەکەیان بەرێی خۆیدا ڕۆیی. ئالودینۆ کە گەییەوە شارەکەی خۆی کەوتە سەروسۆراغی ئەو پیرەمێردەی کە ئالودینۆی وەک جگەرگۆشەی خۆی دادەنا، تا لە لای وی بمێنێتەوە و ژیان بەسەر بەرێ. ڕۆژێک پیرەمێردە دیتی کەوا دەستوپێوەندەکانی شای تاکی دەستکێشێکیان پێیە و بەخەڵکیەوە دەگێڕن و جاڕ ڕادێڵن:

«شا، ژنێ بۆ کوڕەکەی دێنێ. کێ دەتوانێ تاکێکی دیکەی وەک تاکی ئەم دەستکێشە بۆ بووکی شای بچنێ؟»

پیرەمێرد تەواوی ئەو باس و خواسانەی بۆ ئالودینۆ گێڕایەوە. ئالودینۆ خۆی لە پیرەمێرد دزیەوە و چوو بوو بەشاگردی بەرگدروویەک.

بەرگدروەی بەستەزمان نەیدەزانی ئەوە یەکێکە لە شازادەکانی شا و ئالودینۆی بەشاگردی ڕاگرت. ئالودینۆ شاگردێکی زۆر گوێڕایەڵ و گوێ لە مشت بوو. هەموو ڕۆژێ دوکانەکەی خاوێن دەکردەوە و هەر کارێکی داوا لێ کرابایە دەستوبرد بەجێی دێنا.

وەزیرانی شای سەریان بەتەواوی بەرگدرووەکانی شاریدا دەگرت و دەستکێشەکەیان پێشان دەدان تا گەیشتنە ئەو دووکانەی ئالودینۆی لێ شاگرد بوو. داوایان لە بەرگدرووەکە کرد دەستکێشێکی ئاوایان بۆ بچنێ. وەستا ئەو کارەی وەرنەگرت و قبوولّی نەکرد. لە پڕ شاگردەکەی هاتە پێشێ و داوای لە وەستای کرد قبوولّی کات و وەری گرێ، ئەو گوتی:

«من دەتوانم ئەو دەستکێشە بچنم.»

وەستا گوتی:

«ئەوە شێت بووی، تۆ لە دوێنێوە دەستت بەکاری بەرگدروونێ کردووە و ئەوڕۆ دەڵێی من کارێکی ئاوا سەخت و دژوار ئەنجام دەدەم.»

پیاوانی شای بەبەرگدروویان گوت:

«لێی گەڕێ با بەختی خۆی تاقی کاتەوە.» و هەر بەدەم قسانیشەوە ئەوەیان دووپات کردەوە: «بەڵام ئەگەر نەیتوانی دەستکێشێکی وا بچنێتەوە ئەوە شا لە سەری دەدا.»

ئالودینۆ زۆر بەئارامییەوە گوتی:

«زۆر چاکە قبوولّمە.»

بەرگدروو، کە زۆری زگ بەشاگردەکەی سووتا بەدوو دڵییەوە گوتی:

«لاوە تۆ ژیانی خۆت بەخۆڕایی بەفیڕۆدا! من ئەوا بیست ساڵە بەرگدرووم، بەڵام تا ئێستا کارێکی وام پێ ناکرێ، بەڵام تۆ...»

ئالودینۆ، کە سام و ترس و ژانێکی لە ڕووی بەرگدرووەی دیتن گوتی:

«وەستا نیگەران مەبە! ئەگەر پێنج مەن پستەم بۆ بکڕی ئەو کارەی ئەنجام دەدەم.»

بەرگدروو چووە بازاڕی و چوار مەن پستەی بۆ شاگردەکەی کڕی.



ئالودینۆ لە بەرگدرووەکەی پرسی:

«بۆ کەمت کڕیوە.»

بەرگدروو وەڵامی دایەوە:

«پارەی تەواوم پێ نەبوو.»

ئالودینۆ شەوێ نەنوست و هەموو پستەکەی خوارد، ڕۆژی دوایی کە بەرگدروو هاتەوە دووکانێ چ ببینێ، ڕاست دەستکێشێکی وەک ئەو دەستکێشەی پیاوانی شای ویستبوویان، چاوکرد. لە حەژمەتان چاوی ئەبلّەق بوون، دەستی برد بۆ دڵنیایی زیاتر دەستکێشەکە لە دەستی کا. بەڵام ئالودینۆ گوتی:

«وەستا! دەستی مەدەیە خرای دەکەی.»

دەو دەمەیدا پیاوانی دەرباری شای وەژووری دووکانێ کەوتن و هەر بەهەوای ئەوەی کە دەستکێشەکە نەکراوە، بەگاڵتە و لاقرتێوە پرسیان:

«وەستا! حاڵو باڵ لە چ دایە! داخوا ڕاسپاردەکەمان ئامادەیە؟»

بەرگدروو، کە هێشتاش سەری هەرگێژی دەخوارد و دوو دڵ بوو لە ترسان هیچی نەگوت، ئالودینۆ هاتە پێشێ و دەستکێشەکەی دانێ. دەستوپێوەندانی شا زۆر بەوردی سەرنجیان دایە و ئەودیو ئەودیویان کرد و واقیان وڕ ما.

فەرمانبەرانی شا دەستکێشەیان تاو دایە و بەبەرگدروویان گوت:

«وەستا فەرموو، ڕەگەڵمان کەوە بۆ کۆشکی شای و پاداشی خۆت وەرگرە.»

ئالودینۆش گوتی:

«وەستا هەستە بچۆ و ئەو پاداشەی شای بۆ خۆت وەرگرە.»

بەرگدروو کە هێشتا دڵەراوکێ و شڵەژانەکەی نەڕەوییبۆوە گوتی:

نا ڕۆڵە، من ناچم، تۆ بۆ خۆت بچۆ، ئەدی بڕیار وا نەبوو ئەگەر دەستکێشەکە بەدڵی شای نەبوو لە سەرت دا!»

ئالودینۆ لەگەڵ پیاوانی شای چووە کۆشکێ. کە دەستکێشەکەیان بەشای نیشاندا گوتی:

«من سەرم لەو شتانە دەرناچێ، بیبەن بەبووکەکەمی نیشان دەن.»

بووکەکە بەدیتنی دەستکێشەکە زۆر شاد و دڵخۆش بوو و سێ سەد ڕۆبڵی دایە وەستا و شاش دوو سەد ڕۆبڵی دیکەی هاویشتە سەرێ.

ئالودینۆ هاتەوە دووکانێ و پارەکەی لە پێش وەستای ڕۆنا و گوتی:

«فەرموو وەستا، ئەو پارانە هەمووی بۆ تۆن.»

وەستا زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو و پارەکەی هەڵگرت، دوایە ئالودینۆ گوتی:

«دەزانی تۆ مرۆڤێکی چاک نیت؟»

«بۆ؟»

«چونکە من داوای پێنج مەن پستەم لێ کردی کە چی تۆ چوار مەنت کڕی. بۆیە هیچی دی لێرە کارێ ناکەم و لە لات نامێنمەوە.»

ئالودینۆ چووە دووکانی پینەدۆزێکی و گوتی:

«وەستا! من هەتیوێکی بێکەس و بێدەرم. کەسم نییە دالّدەم بدات و چاوەدێریم بکات. وەرە و پیاوی چا بە و بمکە بەشاگرد و ئەو کارەی خۆتانم فێر کە.»

پینەدۆز لەگەڵ خۆی بردەوە ماڵێ. یەک دوو ڕۆژی پێچوو پیاوانی شای هاتنە دووکانی پینەدۆزەی و سۆلێکیان بەوەستای نیشان دا و لێیان پرسی داخوا دەتوانێ تاکێکی دیکەی وەک ئەو تاکەیان بۆ دروست کا یان نا؟ وەستا ویستی ئەم ڕاسپاردەیە ڕەت کاتەوە کە ئالودینۆ هاتە پێشێ و گوتی:

«من دەتوانم ئەو کارەی بکەم.»

پینەدۆز بەتووڕەیییەوە گوتی:

«تۆ تازە کاری. چۆن دەتوانی ئەو کارەی بگێڕیەوە و وە ئەستۆی بگری؟»

ئالودینۆ زۆر لەسەرەخۆ گوتی:

«تووڕە مەبە وەستا، من دەتوانم بەرعۆدەی ئەو کارە بم.»

ئالودینۆ بەو قسەیەی وەستای هێور کردەوە.

وەزیر گوتی:

«بەڵام ئەگەر نەتانتوانی تاکی ئەو سۆلەی بدروون، ئەوە پاشا لە سەری هەردووکتان دەدا.»

پینەدۆز بەشاگردەکەی گوت:

«وەرە مەردی چا بە، بەزەییت بەمنی پیر و کەنەفتدا بێتەوە و ئەو کارەی مەکە.»

«وەستا گیان نارەحەت مەبە. من پێم دەکرێ. ئەگەر بچی بیست مەن پستەم بۆ بکڕی هەر ئەو شۆ تەواوی دەکەم.»

پینەدۆز چوو نۆزدە مەن پستەی بۆ کڕی.

«وەستا ئێستا تۆ بچۆوە ماڵێ و منیش دەست بەکار دەبم.»

پینەدۆز بەدڵی پڕ غەمەوە چۆوە ماڵێ، ئارامی لێ هەڵگیرا بوو تا بەیانی نەنووست. هەر نیوە شەو بوو بەرەو دووکان بۆوە و لە کونی دەرکەیڕا سەیری ئالودینۆی کرد، کە ئالودینۆی دیت ئەوا خەریکی پستە خواردنێیە لە ناخی دڵیەوە کەوتە جنێودان و نەفرین و تووک لێکردنی و گوتی: «باشە خوا غەزەبی لێ گرتبووم ئەوەم بەشاگردی ڕاگرت. بەهیچ و خۆڕایی سەرم لە ڕێی ئەو کارە دادەنێم.»

کە هەوا ڕووناک بوو پێنەدۆز دەرگای دووکانێی کردەوە و چووە ژوورێ، لەپڕ چاوی بەتاکە سۆلێکی دیکە کەوت کە لە تەنیشت ئەو تاکە سۆلەی ماڵی پاشای داندرابوو و ڕێک وەک وی، دەستی درێژ کرد هەڵیگرێ بەڵام ئالودینۆ گوتی:

«دۆینێ تۆ نەتویست کارەکە قبووڵ کەی بۆیە منیش نایەڵم تۆ دەست دەیتە ئەو سۆلە.»

زۆر زوو سەر و کەللەی فەرمانبەرانی شا پەیدا بوونەوە. بەدوودڵییەوە دەسۆلەکەی ڕامان و کاتێ دڵنیابوون کە چاویان هەڵەی نەکردووە زۆریان ستایشی پینەدۆزی کرد و لێی قایل بوون. وەختی ڕۆیشتنێش گوتیان:

«با یەکێکیشتانمان لەگەڵ بێتە دەربار و پاداشی کارەکەتان لە پاشای وەرگرن.»



پینەدۆز بەئالودینۆی گوت:

«لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەوانەیە شا ئەو کارەی بەدڵ نەبێ.»

ئالودینۆ لەگەڵ پیاوەکانی شای چووە کۆشکێ. سۆلەکەیان لەبەردەمی شای دانا و ئەویش دەستوبرد فەرمانیدا بیبەن بەبووکەکەی نیشان دەن. بووکی شای هەر زوو تێگەیی کە ئەوە ڕاست سۆلەکەی خۆیەتی و سەرلەنوێ ئالودینۆی ناسیەوە و پرسی:

«چاوەڕێی چین؟»

«ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«پەلە مەکە، هێشتا وەختی نەهاتووە.»

بووکی شای پێنج سەد ڕۆبڵی دایە وەستا و پاشاش پێنج سەد ڕۆبڵی دیکەی هاویشتە سەرێ. ئالودینۆ دراوەکەی تاو دایە و هاتەوە لای پینەدۆز و گوتی:

«فەرموو وەستا، ئەوە هەموو پارەکە و چیدیش لای تۆ کارێ ناکەم.»

«بۆ؟»

«من داوای بیست مەن پستەم لێ کردی بەڵام تۆ نۆزدە مەنت بۆ کڕیبووم.»

ئالودینۆ ئەوەی گوت و چووە لای پیرەمێردەی گۆڕین. پیرەمێرد پرسی:

«ئەرێ ڕۆڵە ئەوە لە کوێ بووی؟»

ئالودینۆ وەڵامی دایەوە:

«ئیدی من گەنجم، چوومە شاری هێندێک گەڕام.»

چەند چەنگە زێڕێکی دایە پیرەمێردی. هێندەی پێ نەچوو پیرەمێرد دیتی سەرباز بەبازاڕی وەربوون و بیستیشی چاچونتس شا بەخۆی و سوپاوە هاتووە و لە دوی ئەو کەسەی دەگەڕێ بولبولی ئازەرانی لە کۆشکی وی فڕاندووە.

کە ئالودینۆ ئەوەی بیست بەپیرەمێردی گوت:

«باوە، بچۆ کن شا و پێی بڵێ ئەسپێکی خۆتم وێدە بۆ کوڕەکەم دەچێتە لای چاچونتس شای بۆ گفتوگۆ کردنێ دەربارەی جەنگ و شەڕ و هەرا و پێکدادانێ.»

پیرەمێرد چووە کۆشکێ و ئەوەی ئالودینۆ گوتبووی بە شای ڕاگەیاند.

شا لە وەڵامی قسەکەی پیرەمێردیدا گوتی:

«لەو ڕۆژەیڕا ئەو ئەسپەیان هێناوەتەوە، هەر لە سەر دەسبەندێیە لە تەویلەی نەهاتۆتە دەرێ و ئێستاش کەس ناوێرێ لێی بچێتە پێشێ.»

کە بووکی شای تێگەیی مێردەکەی خۆی پیرەمێردەی ناردۆتە لای شای، داوای لە شای کرد مۆڵەت بدا و ئەو بۆ خۆی بچێ و ئەسپەکەی لە تەویلەی بێنێتە دەرێ. شا داوای بووکەکەی گرتەوە و بووکەکەشی چوو ئەسپەکەی هێنایە دەرێ و دایە دەست پیرەمێردەی. پیرەمێرد ئەسپەی هێنایە بەر ڕکێفی ئالودینۆی.

ئالودینۆ سوار بوو و بەرەو مەیدانی شاری ئەسپی لینگدا. لە مەیدانێ چاوی بەبرا گەورەکەی خۆی کەوت و پرسی:

«ها خەریکی کوێی؟»
برایەکەی وەڵامی دایەوە:
«ئەوە من بووم بولبولی ئازەرانم هێناوە و ئێستاش ئەوە دەچمە لای چاچونتس شا تا تەواوی هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕمەوە.»
جا سەری جڵەویی هەڵەنگاوت و بەرەو سوپای چاچونتس شای کەوتە ڕێ.
«چادری شای کوا؟»
«هۆوەتا، ئەو چادرە سوورەیە.»
برا گەورە چووە نێو چادرە سوورەکە و حەوت جارانی ئیکلام بۆ شای کێشا.
چاچونتس شا پرسی:
«تۆ شازادەی؟»
«بەڵێ قوربان.»
«ئەرێ ئەوە تۆ بولبولی ئازەرانت لە کۆشکی من فڕاندووە؟»
«بەڵێ قوربان»
«باشە چۆنت گرت؟»
«من ئەو بولبولەم لە سەرداریکی دارستانی ئێوەدا گرت.»
شا گوتی:
«درۆیە براله! ئەوە تۆ نیت ئەو بولبولەت گرتبێ.»
شازادە هاتەوە ماڵێ. ئەوجا برا ناوەنجییەکە چووە لای چاچونتس شا.
ئالودینۆ پرسی:
«ها ئەوە خەریکی کوێی؟»
«دەچمە لای چاچونتس شا و پێی ڕادەگەیەنم کە ئەوەی بولبولی ئازەرانی فڕاندووە منم.»
ئەویش چووە نێو چادری شا و حەوت جارانی ئیکلام کێشا.. چاچونتس شا پرسی:
«باشە ئەوە تۆ بووی بولبولی ئازەرانت گرت؟»
«بەڵێ قوربان.»
«زۆر چاکە، وەرە بڵێ بزانم چۆن؟»
«هەوا تاریک بوو، لە پڕ دیتم ئەوا باڵندەیەک دێتەوە هێلانەکەی. دەستم درێژ کرد و گرتم.»
«درۆیە، ئەوە تۆ نیت بولبولەکەت گرتووە.»
دوای ئەوە چاچونتس شا بانگەوازێکی بەم ناوەرۆکە بڵاو کردەوە:
«دەبێ ئەو کەسە بدۆزرێتەوە کە بولبولی ئازەرانی گرتووە، دەنا تەواوی خاکی ئەم کیشوەرە ژێرە و ژوور دەکەم.»
ئالودینۆ هاتە خزمەت شا و مۆڵەتی لێ خواست تا وەڵامی ئەو بانگەوازەی بداتەوە. شا کوڕەکەی خۆی نەناسیەوە و گوتی:



«زۆر چاکە، ئەگەر دەتەوێ بچی، بچۆ.»
ئالودینۆ گوتی: «شاها! بفەرموو ئێمە قەرار و بڕیەیەک بکەین. ئەگەر چاچونتس شام لێرە دوور خستەوە ئەوا جڵەوی کارو باری وڵاتم بۆ سێ سەعاتان بدەیە دەست.»
شا قایل بوو، ئالودینۆ سوار بوو و بەرەو لای چاچونتس شا ملی لێنا.
چاچونتس شا پرسی:
«ئایا تۆ شازادەی؟»
«بەڵێ قوربان.»
«تۆ بولبولی ئازەرانت گرتووە؟»
«گەورە و پایەدار، بەڵێ ئەوە من بووم بولبولی ئازەرانم گرت.»
شا بەسەرسامییەوە گوتی:
«کەواتە تۆ ئالودینۆی؟»
«بەڵێ قوربان.»
«بەڵام من چۆن باوەڕ بکەم کە تۆ تەواوی ئەو کارانەت هەموو ئەنجام داوە؟»
ئالودینۆ دەستوبرد سەری ئەو پرێسکەی پێی بوو کردیەوە و دەم و لووتی براوی هەر سێ دێوانی لەبەردەم چاچونتس شای دانان، ئینجا شا چاچونتس گوتی:
«من ئەو بولبولە پێشکێشی تۆ دەکەم.» و سەربازەکانی بانگ کردنەوە و بەو ڕێیەیدا گەڕایەوە کە لێوەی هاتبوو.
ئالودینۆ هاتەوە لای بابی و لێی پرسی:
«من دەناسی؟»
«نەء.»
«من ئالودینۆی کوڕتانم.»
«جا ئەگەر بەڕاستی کوڕی منی ئەوە سەرلەنوێ باغەکەمان سەوز کەوە.»
ئالودینۆ چووە بەردەمی بولبولی ئازەران و گوتی:
«بولبولە ئازیزەکەم! دەی تێ چریکێنە با سەرلەنوێ باغەکەمان بگەشێتەوە و سەر سەوز خۆی بنوێنێ.»
بولبول دەستی بەخوێندنێ کرد، هەر لەگەڵ خوێندنی ویدا باغ دەستی بەسەوز بوونەوە کردەوە.
جا ئالودینۆ هەستا چۆوە خزمەت شا و گوتی:
«تۆ پەیمانت دابوومێ سێ سەعاتانم کار و باری مەملەکەتی هەموو پێ بسپێری.»
شا گوتی:
«زۆر چاکە. من هەر لە سەر پەیمان و قەول و بڕیەی خۆمم.»
ئالودینۆ چووە سەر تەختی پاشایەتی و برایەکانیشی ڕاکێشانە بەردەمی دادگا. برایەکانی دانیان بەهەموو شتێک دانا.
ئالودینۆ لە باوکی پرسی:

«ئەوانە چۆن سزا بدرێن باشە؟»

«ڕۆڵە ئێستا تۆ گەورە و فەرمانڕەوای وڵاتی و هەر فەرمانێکی بیدەی هەر ئەوە دەخوا.»

ئالودینۆ گوتی:

«ئەوان منیان نەکوشت، بۆیە منیش ئەوان ناکوژم، بەڵام دەبێ بەخاوخێزانەوە خاکی ئەم مەملەکەتە بەجێبێڵن و لێرە بڕۆن.

ئا بەو شێوەیە ئەو برایانەی کە دەیانویست بەفێڵ و دەهۆ و تەڵەکەبازی خۆ بکەنە ئازا و نەبەرد و دلێر و پاڵەوان، ڕیسوا بوون و پەردەیان لە ڕوو هەڵماڵدرا و شاربەدەر کران.



# کوڕی پاشا و ڕێوی فەرماندە

## ئەفسانەی گورجی

هەبوو نەبوو، لە ڕۆژگارێکی زۆر زوو پاشایەک بوو، تاقە کوڕێکی هەبوو، ڕۆژێکی پاشا بەکوڕەکەی گوت:

«ڕۆڵەی خۆم، زۆرم پێ خۆشە ژنێ بێنی.»

کوڕە گوتی:

«زۆر چاکە، بەڵام من تەنیا کچی پاشای ڕۆژهەڵاتیم دەوێ. ئەگەر بتوانن ئەوم بۆ بێنن ئەوە ژنێ دێنم دەنا نا؛ لەویش زیاتر کەسی دیم ناوێ.»

پاشا گوتی:

«نا پاشای ڕۆژهەڵاتی دەستکورت و هەژار و نەدارە. ئەمن بۆ خۆم دەگەڕێم کچی پاشایەکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووت بۆ دێنم.»

کوڕە ملی نەدا و گوتی:

«من ژنی دیکەم ناوێ و لەویش زیاتر کەسی دی ناهێنم.»

پاشا تووڕە بوو و گوتی:

«تۆ کوڕی منی و دەبێ هەرچی ئەمن پێت دەڵێم وا بکەی.»

کوڕە بێ ئەوەی گوێ بداتە تووڕە بوونی بابی گوتی:

«نا، نا!»

ئەو زۆر گوستاخانە لە سەر قسەکەی خۆی مایەوە و سەرەنجام بڕیاری دا ماڵە بابی بەجێبێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا. ئەسپ و جل و تفەنگی تاودانێ و ڕووی لە بیابانێ کرد. هەر ڕۆیی ڕۆیی تا گەییە کێوە بڵندە سەرکەشەکانی چانچ خێرلی، سنووری نێوان سیخ و کالاکی. لەوان لووتکە کێوانە هەڵۆ و داڵ و واشە هێلانەیان هەڵنابوون لە داوێنێشەوە هەر سەرچاوە و کانیاوی ڕوون و سارد و کەللەتەزێن بوون هەڵدەقوڵین و خوڕەیان بوو. کوڕی پاشای ئەشکەوتێکی دیتەوە و ئەسپەکەی بردە ژوورێ و لەوێی بەستەوە و بۆ خۆشی ملی لە ڕاو و شکارێ نا و هەموو ڕۆژێ دەچووە ڕاوێ و شوورێکی زەلامەی دەکوشت، کە هەرگیز هەمووی پێ نەدەخورا. ئەوی کە دەیخوارد دەیخوارد، ئەوەی دەشمایەوە هەڵی دەدایە دووری ئەشکەوتێ. ڕێوییەکی برسی کە بۆنی کەبابی گۆشتی نێچیرێی وەبن لووتی هەڵاتبوو، زۆر بەپارێزەوە دەهات ئەو پاشماوانەی دەخوارد کە کوڕی پاشای فڕێی دەدان. هەر لەو ناوەش داڵێک لە ئاسمانێوە بەدوای پەیسەری گۆشتیدا دەفڕی و لەنگەری دەگرت و دەیڕوانی. لە لایەکی دیشەوە سەر و کەللەی پشیلێکیش پەیدا بوو. هەروەها کەروێشکە کێوییەکیش بوو بەهاوبەشی خواردنێیان. ئەوانە هەموو لە دەوری ئەو سفرە پان و پۆڕەی خواردنێ گردبوونەوە و بوونە ئاشنا و ڕۆشنا. هەموو پێکەوە شاد و شەنگوڵ هەمیشە دە خۆشیدا بوون. تا ڕۆژێکی مام ڕێوی گوتی:

«خزمینه وەرن با بەمام ورچ و مام گورگیش بلێین ئەوانیش بێنە ئێرە. ئەوانیش برسین با بێن شتێکی بخۆن. خۆ چ زۆرە گۆشت زۆرە.»

چوون مام ورچ و مام گورگیان بانگهێشتن. تێریان گۆشت خوارد و ئێسکەکانیشیان شکاندن و تێر و تەسەل بوون. دوایە مام ڕێوی بەزیبک و زاکون بیرێکی بەمێشکیدا هات:

«ئەوان دەبێ گەورەیەکی بۆ خۆیان هەڵبژێرن و لە قسەی دەرنەچن، دەنا ڕۆژێکی هەر دەقەومێ بەشەڕ بێن و ورگی یەکدی بدڕن و یەکتر پارچە پارچە کەن.»

لە بەر ئەوە هات هەموو ئەو دۆستانەی کۆکردنەوە و گوتی:

«ئێمە دەبێ گەورە و فەرماندەیەک لە نێو خۆماندا و بۆ خۆمان هەڵبژێرین. دەبێ ئەوەی فەرماندەش دەمانداتێ ئەگەر کوتێکیش بێ هەر پێی ڕازی بین، دەنا بێ ئەوە هەرامان لێ پەیدا دەبێ و لێمان دەبێتە ناخۆشی. دەڵێن چی؟ ئەو ڕایەتان پێ چۆنە؟»

هەموو برادەران گوتیان: «بیر و ڕایەکی یەکجار زۆر بەجێیە.»

ڕێوی زۆری حەز لە دەمڕاستی و فەرماندەیی بوو، بەڵام وا خۆی دەرنەخست و بەمام گورگی گوت:

«تۆ ببە بەفەرماندە.»

گورگ قەبووڵی نەکرد و گوتی:

«نا، ئەوە بەمن ناکرێ، ئەگەر من گۆشتی دابەش کەم لەوانەیە بەشێکی زیاتر بۆ خۆم دابنێم و ئێوەش ئەوەی قەبووڵ ناکەن و نارەحەت دەبن و پڕم دەدەنێ و پارچە پارچەم دەکەن.»

«زۆر چاکە، مام ورچ ئەتۆ فەرماندە بە.»

هەموو لە هەڵڵایان دا:

«نا، نا، تۆ خۆت فەرماندە بە.»

مام ڕێوی گوتی:

«زۆر چاکە بەڵام نابێ کەس لە قسەم دەرچێ.»

گیانلەبەران تێکڕا هاواریان کرد:

«هەرگیز لە قسەت دەرناچین.»

«زۆر چاکە، گوێ ڕاگرن: ئەرێ ئێوە هەرگیز بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەو هەمووگۆشتە لە کوێڕا دێت؟»

هەموو پێکەوە بەیەک دەنگ گوتیان:

«نەء.»

مام ڕێوی گوتی:

«ئەو هەموو گۆشتە لاوێک دەمانداتێ کە لە ئەشکەوتێدا دەژی. جا بۆیە دەبێ تێیبگەیەنین کە زۆری منەتبارین و زۆریشی سوپاسگوزارین.»

هەموو تێکڕا پرسیان:

«جا چ بکەین؟»



«من پێتان دەڵێم. ئێمە دەبێ کچی پاشای ڕۆژهەڵاتیی بۆ بێنین و لێی مارەکەین.»

گیانلەبەران پرسیان:

«باشە جا چۆنی وەدوو کەوین؟»

مام ڕێوی گوتی:

«پێتان دەڵێم، ئێوە مام ورچ و مام گورگ و داڵەهۆ، دەچنە دەوروبەری کۆشکی ماڵی پاشای. مام ورچ و مام گورگ دەست دەکەن بەجووت و کێڵانی زەوییەکانی پاشای. کە پاشا ئەوەی دیت زۆری پێ سەیر دەبێ و لە سەر سامییان پێی وا دەبێت کە تەنانەت گیانلەبەرانیش لێی دەترسن و لە فەرمانبەرداری ویدا مل کەچن و لێی تۆقیون و ئەوا بۆ خۆیان زەوییەکانی بۆ دەکێڵن. بانگی ژن و کچەکەی دەکا و پێیان دەڵێ بنۆڕنێ چ پاشایەکم. تەنانەت گیانلەبەرانی کێوی و دڕەندەش فەرمانبەردارمن. کچی پاشای بۆ تەماشا کردنێ دێتە سەر سوێیە. ئەو دەمی داڵەهۆ لەسەر کۆشکێ خەریکی چەرخانە و دایدێتێ و هەڵیدەگرێ و دەیفڕێنێ. بەم شێوەیە کچی پاشای دەهێنرێ.»

دەبوو فەرمانی فەرماندە هەر جێبەجێ بێتن داڵەهۆ لە سەر کۆشکی پاشای کەوتە چەرخان و ورچ و گورگیش کەوتنە جووت و کێڵانێ. پاشا و ژن و کچەکەی هاتنە دەرێ. هەر کە داڵەهۆ چاوی بەکچەی کەوت وەک بەرد لە ئاسمانێڕا بێتە خوارێ خۆی لوول کرد و دایهاتێ و فڕاندی. گیانلەبەران کچەیان گەیاندە ئەشکەوتێ و بەرهەڵدایان کرد. لاوە لە ڕاو و شکارێ هاتەوە و دیتی ئەوا یەکێک لە ئەشکەوتێدا دانیشتووە. واقی وڕما و پرسی:

«تۆ کێی؟»

کچە گوتی:

«من کچی پاشای خۆرهەڵاتێم.»

لاوە زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو و گوتی:

«ئای... لەو بەختەی، من لەبەر تۆیە وازم لە ماڵ و حاڵ و سەڵتەنەت هێناوە و وا بەتەنیا لێرە دەژیم، بەڵام کێ تۆی هێنایە ئێرە؟»

کچە جوانەکە هەرچی هەبوو و نەبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە.

لاوە سەری سوڕما و گوتی:

«مەبەستت گیانلەبەرانی ئەو دەوروبەرەی ئێرەیە تۆیان هێناوە؟)

زۆر شاد و شەنگوڵ بوو لەوە بەولاوە زیاتری ڕاو دەکرد و گۆشتی زیاتری بۆ دۆستەکانی دێنایەوە. ڕێوی دووبارە ئاوەڵەکانی کۆکردنەوە:

«ئەرێ ئێوە دەزانن کە ئەمانە ئادەمین و ناتوانن لە سەر عەردی ڕووت بنوون؟»

گیانلەبەران پرسیان:

«جا چمان پێ دەکرێ، چ بکەین؟»

مام ڕێوی گوتی:


«پێتان دەڵێم: گورگ ئێوە دەچنە شاری (سیخ)ان. لە ناو بازاڕی دەست دەکەن بەهەڵاتنێ بەناو

بازاڕیدا، کە خەڵکی چاویان پێ کەوتی هەموو دووکان و موغازەکانیان بەجێ دەهێڵن و وە دووی تۆ دەکەون. ئەو دەمی ورچ دەچێتە موغازێکی و تۆپێک قووماشی زێڕدۆز تاو دەداتێ و دەیهێنێ.»

گورگ گوتی:

«دەمگرن. ئەودەمی بەسەگان خواردووم دەدەن.»

ڕێوی شیڕاندی:



«شەرمت بێ، وەبیرت نایە کە برسی بووی چۆن دەبەزیت؟ ئێستاش وەک بەرازیت لێ هاتووە و لەبەر قەڵەویان هیچت لە دەست نایە؟ مردن مردنە لینگە فرتێ چییە؟»

گورگ ترسا و بەمام ورچی گوت:

«زۆر چاکە، پێم وا بێ هەر دەبێ بچین و ناچارین.»

ڕۆیشتن، چوونە ناو شاری و گورگ زۆر بەخێرایی بەناو شاریدا هەڵاڕۆیی. ئەوەی لە بازاڕی بوو هەمووی وەدوو کەوتن، ورچ خۆی دە موغازێکی کرد و تۆپە زێڕدۆزێکی تاودایە و هەر بەدەستوبردی لەو ناوەی وەدەرکەوت. هێندێک وەدووی گورگەی و هێندێکیش وەدوو ورچەی کەوتبوون. بەڵام نەیانتوانی هیچ کامێکیان بگرن.

گیانلەبەرەکان هاتنەوە جێ و ڕێی خۆیان. چوونە ناو ئەشکەوتێ و پارچە قوماشەیان ڕاخست.

ئێستا کوڕە و کچە و تەواوی گیانلەبەران لێرە بەجێ دەهێڵین و دەچینەوە سەر و سۆراغی پاشای ڕۆژهەڵاتێ.

***

پاشای ڕۆژهەڵاتێ بانگەوازێکی بەم جۆرەی بڵاو کردەوە:

«هەر کەسێکی کچەکەم بۆ بدۆزێتەوە و بۆم بێنێتەوە بەقورسایی و سەنگی خۆی بەزێڕی هەڵدەکێشم.»

پیرێژنێکی جادووگەر گۆچانی تاو دایە و چووە کۆشکی پاشای و گوتی:

«من کچەکەتان بۆ دێنمەوە.»

پاشا گوتی:

«زۆر چاکە، ئەوە زێڕەکەیە هەر ئێستا نیوەت دەدەمێ و نیوەکەی دیکەشی ئەگەر کچەکەمت هێنایەوە.»

جادووگەر گوتی:



«قایلم، ئێوە تەنیا کووپەیەکی شەڕابم دەنێ و هیچی دی.»

کووپەیان دایە، جادووگەر دەر و ژووری کووپەی قیر دا، دوایە چوو مارێکی هێنا. لە ناو کووپەکەی دانیشت و مارەکەی وەک قامچی ڕاوەشاند. کووپە لە جێی خۆی بەرز بۆوە و کەوتە ئاسمانێ. هەر ڕۆیی ڕۆیی تا کەوتە گوندی (چیخۆری) کەڕاست دەکەوێتە داوێنی چیای چانچ خێرلی.

جادووگەری پیر لە کووپەی هاتە دەرێ. قامچییەکەی کە مارەکە بوو دەوێیدا بەجێ هێشت. گۆچانەکەی تاو دایە و بەمینگە مینگ کەوتە ڕێ. دەو دەمەیدا کوڕی پاشای کە چوو بووە ڕاوێ چاوی بەپیرێژنێ کەوت و زۆری زگ پێی سووتا و گوتی:

«ڕۆژ باش داپیرە! تۆ کێی و لە کوێڕا هاتووی؟»

پیرێژن وەڵامی دایەوە:

«ژیانت باش ڕۆڵە! من بۆ حەمامێ هاتبوومە (ئەسپیندازسک). بەڵام خەڵکی (خیزاباوریم)، کە لەگەڵ ژنانی گوندی پێکەوە هاتبووین و ئەوان هەموو گەڕانەوە و من بەتەنێ بەجێمام و ڕێم لێ هەڵەبووە. من پیر و کەنەفتم، نازانم چۆن بچمەوەماڵێ.»

لاوە زۆری زگ بەپیرێژنێ سووتا و گوتی:

«قەیدی نییە، من تۆ دەبەمەوە ماڵی خۆمان.»

«ڕۆڵە ئەتۆ لە کوێ دەژیت؟»

«لێرە لە ناو چیایەکانی چانچ خێرلی.»

پیرێژن گەشایەوە و گوتی:

«یا خوا ڕۆڵە خێری لە خۆت ببینی، کە زگت بەپیرێژنێکی وەک من بێ هێز و کەنەفت و کەلەلا سووتا!»

پیرێژنی بڵند کرد و هاویشتیە پاشکۆی خۆی، بەڵام چونکە ئەسپی تاین بۆنی دوژمنی کردبوو پێی گرتنەوە و چوار پەلی چەقاندن و نەڕۆیی.

لاوە وەبەر قامچیانی دا، هێندەی لێدا هەتا هەموو لەشی ئەسپەی وەسەر خوێن گەڕا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەنابەدڵییەوە کەوتە قاڵدوان. لاوە پیرێژنی هێنایەوە ماڵێ، بەڵام ژنەکەی زۆر ناڕەحەت بوو و گوتی:

«دەتەوێ چ لەو پیرێژنە پەرپووتەی بکەی؟»

لاوە وەڵامی دایەوە:

«دڵی مەشکێنە. ئەوشۆ دەیحەوێنینەوە و سبەینێ بەڕێی دەکەینەوە.»

لێگەڕان پیرێژن هەر لەوێ بێ بۆ ئاودەنگیە. ئاوی خۆشوشتنێی بۆ کچەی گەرم دەکرد و زۆر وردەکاری دیکەشی ئەنجام دەدان.

کچە زۆری پێ خۆشحاڵ بوو و بەهاوسەرەکەی گوت:

«لێیگەڕێ و مەینێرەوە با هەر لەگەڵ خۆمان بێ و لەگەڵ ئێمەدا بژیەت.»

مێردە گوتی:

«دیتت، دوێنێ نارەحەت بوویت و نەتدەویست، بەڵام ئەورۆ پێی ڕازیت.»

بەڵێ پیرێژن کارێکی دەکرد مەپرسە، وای لێ هات شازادەی جوان بەبێ پیرێژنێ هەڵی نەدەکرد. ڕۆژێکی مێردە چووە ڕاوێ و گیانلەبەرەکانیش هەر یەکە بەلایەکیدا سەریان لەدوو کارێکی نا. پیرێژن و شازادەخان پێکەوە مانەوە، جادووگەری پیر گوتی:

«وەرە با بچین کەمێک بای باڵی خۆمان بدەین و تاوێک بگەڕێین.» شازادەی جوانی بردە ئەو جێیەی کووپەکەی لێبوو، شازادە پرسی:

«ئەو کووپە چ دەکا لێرە؟»

«نازانم ئازیزەکەم، دادەی با بچین تەماشایەکی بکەین.»

چوون و کەوتنە تەماشا کردنێی. شتێک دە کووپەکەیدا بوو. شازادە پرسی:

«ئەوە چی تێدایە؟ دادەی دەری بێنە.»

جادووگەر گوتی:

«ئای کچەکەم! ئەمن کوا پشتم ڕاست دەبێتەوە. دەستم نایگاتێ، دەوەرە بەڵکە ئێ ئەوە خوایە تۆ بتوانی.»

شازادەی نازدار بەرەو کووپەی چوو. سەر و دەستێکی شۆڕ کردنەوە ناو کووپەی. دەو دەمەیدا جادووگەر لە پشتەوەڕا پاڵێکی پێوەنا و دەکووپەکەی هاویشت و بۆ خۆشی خۆی هەڵدایە ناوێ و کووپە وەهەوا کەوت. بەو شێوەیە شازادەیان بۆ پاشای هێنایەوە ماڵێ. ئەویش تەواوی بەسەرهات و ڕووداوەکان و چۆنیەتی و شوێنی ژیانی ئەو چەند وەختەی بۆ بابی گێڕایەوە و گوتی:

با ئەوان لێرە بەجێ بێڵین و بچینەوە پەیسەری کوڕی پاشا و ڕێوی فەرماندە.

مام ڕێوی لە ڕاوێ هاتەوە تەماشای کرد، شازادەخان دیار نییە، لە پشیلەی پرسی:

«ئەوە لە کوێیە؟»

پشیلە گوتی:

«نازانم.»

ڕێوی دەبیرەوەچوو:

«هەبێ و نەبێ شوێنی ئەو پیرێژنەیە بردوویەتیەوە.»

ڕێوی زۆر تووڕە بوو کەوتە سەرزەنشتی ورچ و گورگ و داڵەهۆی کە چاکیان چاوەدێری لە شازادە خانمێ نەکردووە و ئاگایان لێ بڕاوە. فەرمانی دا:

«پشیلەم بۆ بانگ کەن.»

پشیلەیان هێنا، ڕێوی گوتی:

«هەر ئێستا دەچیە ماڵێ پاشای ڕۆژهەڵاتێ و وادەکەی شازادە بتبینێ. دڵنیام کە چاوی پێکەوتی دەڵێ: کتکە خنجیلانەکەم. پشە چووکەڵەکەی خۆم، ئەوە چۆن گەیشتوویە ئێرە، ئەدی خاوەنەکەت کوا؟ و ئینجا دەستبەجێ دەگەڕێیەوە و بەسەرهاتەکەمان بۆ دەگێڕیەوە. زۆریش وریا بە بزانە داخوا دیتنی تۆی زۆر پێ خۆشە یان نا؟



پشیلە لێی دا ڕۆیی. هەر ڕۆیی، هەر ڕۆیی، تا گەییە کۆشکی پاشای و لەوی چووە ژوورێ. هەر کە شازادە چاوی وێکەوت ناسیەوە.

«ئەوە پشەکەی خۆمانە. پشە بچکۆلانەکەم. ئەوە چۆن گەییویە ئێرە؟ ڕاوەستە با بچم خواردنت بۆ بێنم، دیارە برسیتە؟»

کچە چوو گۆشتی بۆ بێنێ، بەڵام پشیلەکە هێندە دڵشاد بوو هەر مەپرسە، لەسەر خواردنێ ڕانەوەستا، هەر بەغار لەوێ وەدەرکەوت و بەرەو لای ئاوەڵەکانی، تا هاتەوە و ئەوەی دیتبووی بۆ مام ڕێوی گێڕایەوە.

ڕێوی یەکێکی بەدوای داڵەهۆیدا نارد و گوتی:

«ئەو جارە نۆرەی تۆیە، بەرەو کۆشکێ بفڕە و وریا بە و بزانە شازادە خانم کەینێ دێتە دەرێ. ئەویش تۆ دەناسێ و متمانەی پێتە، هەڵی دە سەر پشتی خۆت و هەستەوە.»

داڵەهۆ لە شەقەقەی باڵانی دا و هاتەوە سەر کۆشکێ. شازادەی جوان چاوی پێ کەوت. هاتە دەرێ و داڵەهۆی ناسییەوە. داڵەهۆ بەرەو لای وی لوول بوو. شازادە کەوتە سەر پشتی داڵەهۆی، ئەویش کەوتە ئاسمانێ. جارێکی دی گەینەوە نێو چیا و لێڕەوار و بەندەنان و هێنای لەبەر دەرکی ئەشکەوتێی دانا. کوڕی پاشای بەهاتنەوەی دەزگیرانی زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو، بەڵام مام ڕێوی گوتی:

«برادەران وا نابێت. ئێمە دەبێ ئاگامان لەوانە بێت. گورگ دەچێتە چیخۆری و لەوێ پاسێ دەکا. ورچ دەچێتە نێو دارستانێ، کەروێشک دەچێتە ناو شیناوەردێ و داڵەهۆش لەسەرەوە لە ئاسمانێ چەرخان دەدات و دێت و دەچێت. بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ئاگامان لە پیلان و فێڵ و دەهۆی دوژمنان بێت.»

***

بەڵام پاشای ڕۆژهەڵاتێ تەواو لەشکر و سەرلەشکریانی خۆی کۆکردنەوە و بانگ و شەیپووری شەڕێی لەگەڵ زاوایەکەی لێدا. ئەو دەیزانی لە کوێن. چونکە کچەکەی هەموو شتێکی پێ گوتبوو. هاتن هەتا گەینە کێڵگەکانی چیخۆری و لەوی ئوردوویان هەڵدا.

ئەستوندەکی چادرێکی ڕەشیشیان بۆ پاشای چەقاند. گورگ ئەوانەی هەموو دیبوون و دەستوبرد خۆی گەیاندە لای مام ورچ:


«پاشا بەخۆ و بەلەشکرەوە هاتووە شازادە خانێ بەرێتەوە. دەستوبرد بگە مام ڕێوی و ئەو هەواڵەی بدەیە.»

ورچ هەر بەغار بەرەو لای مام ڕێوی کوتای:

«ئەوە پاشا بەخۆ و بەلەشکرەوە خەریکە بەرەو لای ئێرە دێ.»

کاتێ کە مام ڕێوی و ورچ و گورگ و داڵەهۆ و کەروێشک و پشیلە، هەموو پێکەوە لێک خڕ بوونەوە، خۆر خەریکی ئاوابوونێ بوو.

ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ورچ شای هەموو ورچان بوو و گورگیش شای تەواوی گورگان و داڵەهۆ و کەروێشک و پشیلەش هەموو هەر شا بوون. لەو ناوەیدا کە مام ڕێوی بەفەرماندەی هەمووان هەڵبژێردرا بوو بەمام ورچی گوت:



«سەد هەزار ورچم لە تۆ دەوێ.»

بە مام گورگیشی گوت:

«سەد هەزار گورگیش لە تۆ.»

هەروەها بەم جۆرە بەداڵەهۆ و کەروێشک و پشیلەشی گوت و ئینجا فەرمانی دا:

«نیوە شەوێ هەواڵی تەواوی هێزەکانی خۆتانم بدەنێ.»

گورگ چووە دارستانی گومارتی و بەلوورە لوورێ هەمووی بانگ کردن. ئەوانیش هەر بەغار هاتن. ورچیش ئاواڵەکانی خۆی لە دارستانی جائیت خڕ کردنەوە. داڵەهۆش لە بەردە ڕەشێ هەر بەهەواوە دۆستەکانی خۆی هەموو وەکۆ کردن. کەروێشک چووە مێرگی کیش لەک و برادەرەکانی لەوێ ئامادە کردن. پشیلە چووە خیزاباوری کە زۆر دوور نەبوو، هەموو پشیلەکانی کۆکردەوە. هەر بەو پێیە هەموویان لە دوورە گوندی ساخیری بەخۆ و هێزەکانیانەوە کە شوێنی دیاریکراویان بوو، کۆبوونەوە. مام ڕێوی چووە سەر کۆلکی بنەدارێکی و دەستی بەقسان کرد:

«هەرچی ڕووی تێ کردن پەلاماری دەن. گۆشتی ئادەمییان نەخۆن، تەنیا گۆشتی ئەسپان بخۆن. ئەو چادرەی ئەمنیش پاسی دەکەم کەس خۆی لێ نەدا و لێی نزیک نەبێتەوە.»

هەموو سەرکردەکان فەرمایشەکانی مام ڕێویان بەئاواڵەکانی خۆیان ڕاگەیاند.

هەموو تێکڕا بەرەی شەڕییان گرت و هێرش دەستی پێ کرد. هەر پێش خۆراوایە تەواوی لەشکری پاشایان تەفر و توونا کرد و لە ناویان بردن. مرۆڤەکانیان دڕین و ئەسپەکانیان خواردن. ڕێویش لە بەردەمی چادری پاشای هەر دەهات و دەچوو. گیانلەبەرەکان دوای ئەوەی سوپای پاشایان تار و مار کرد و نەیانهێشتن فەرمانی ئازاد کردن و بڵاوەی لەشکرەکەیان دا. پاشا لە چادرێ وەدەر کەوت و دیتی لەشکرەکەی هیچی نەماوە.



ڕێوی بەپاشای گوت:

«چت بەخەیاڵدا دەهات؟ پێت وا بوو لەگەڵ کێدا دەجەنگی؟»

پاشا گوتی:

«تەنیا ڕێی دیتنی زاوایەکەمم بدەنێ. دواییش ئەگەر ئارەزووتان کرد بمکوژن!»

ڕێوی گوتی: «ئەڵبەتە! ئێوە دەبەینە لایان تا بیانبینن.»

ڕێوی بەرەو ئەشکەوتێ وەپێش کەوت. پاشا چووە نێو ئەشکەوتێ و بەزاوایەکەی گوت:

«کوڕەکەم! ڕۆڵە! وەرە با بچینەوە کۆشکێ. لێرە لە ناو ئەو دار و بەرد و لێرەوارەی چ دەکەی؟»

لاوە گوتی:

«ڕێم دەیە با پرسێکی بەمام ڕێوی بکەم.»

لەگەڵ مام ڕێوی دووا. مام ڕێوی گوتی:

«زۆر چاکە. بچۆ.»

هەموو تێکڕا هەستان و وەڕێ کەوتن. زاوا و بووک لە پێشەوە و ڕێوی و گورگ و ورچ و داڵەهۆ و کەروێشک و پشیلەش لە دوایە. لە ماڵێ پاشای هەموو ڕۆژێ مام گورگ مەڕێکی دەخوارد. ورچ گایەک، داڵەهۆ قازێک، ڕێوی عەلیشیشێکی سوورەوەکراو، کەروێشک یەک سەبەتەی پڕ لە گێزەر و پشیلە جامێکی پڕ لە شیر. ئەوان حەوتوویەکی تەواویان بەو شێوەیە لە ماڵێ پاشای بەسەر برد. بەڵام پاشا لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو زاوایەکەی بکوژێ. ڕێوی لە نیازی پاشای گەیی. بۆیە هات درێژ بوو و خۆی لە خەو خست. دوایە خۆی وا پێشاندا کە لە خەوێ ڕاپەڕیوە، قیت بۆوە و گوتی:

«دەخەوێدا دیتم ئەوا نەنکم و باپیرم هەر دووکیان هاتوونە دیدەنیم و زۆریش ناڕەحەت بوون، لەوەی کە بۆچی جارێک لە جاران سەرێکیان لێ نادەم و ناچمە سەردانیان لەو دنیای دی. بۆیە هەر ئێستا دەبێ بچمە لایان و بزانم چۆنن و چۆن نین.»

پاشا و دەوروبەرەکانی پرسیان:

«جا چۆن دەچیە ئەو دونیای دی؟»

پێتان دەڵێم: «دوو بارە داری قەلاشکەری وشکم بۆ بێنن و لەسەر یەکیان دانێن. منیش لە بنەوەڕا دەچمە نێوەڕاستی دارە هەڵچنراوەکان و ئێوەش لە هەر چوار دەورەیڕا نەوتی پێداکەن و ئاگری دەن. ئاگر و گڕ و کڵپە زمانەی دەکێشێ و منیش لەگەڵ دووکەڵێ بڵند دەبم و دەچمە ئاسمانێ.»

ئەوەی مام ڕێوی گوتبووی ئەنجامیان دا. گردێکیان لە داری قەلاشکەری هەڵچنی، ڕێوی چووە بنێ و دەودەمەیدا کە ئەوان خەریکی نەوت پێدا کردنی دارەکان بوون ئەو لە بنەوە دەستی کرد بەعەرد دانەوێ و کونێکی قووڵی هەڵکەند و خۆی تێدا مات کرد. کە ئاگر کڵپەی کرد و زمانەی کێشا. دووکەڵ بەری ئاسمانێی گرت. پاشا و دەوروبەرەکەی بەدووربینێ کەوتنە تەماشا کردنی ئاسمانێ تا بزانن مام ڕێوی لەگەڵ دووکەڵێ دەڕوا یان نا، بەڵام چەڕە دووکەڵ هێندە ڕەش و ئەستوور بوو کەس هیچی نەدەدیت. ماوەیەک ڕابرد، ڕێوی لە بن خۆڵەمێشێ هاتە دەرێ و چووە لای پاشای. دوای سڵاو گوتی:

«نەنک و باپیری ئێوەش زۆر دڵتەنگ و ناڕاحەت بوون لەوەی کە تا ئێستا ئێوەش سەرێکتان لێ

نەداون و نەچوونەتە لایان و بەسەرتان نەکردوونەوە.»

«باشە مام ڕێویەک بچێ کەس و کاری خۆی ببینێ و دیدەنیان بکات. ئەدی ئەمن بۆ نەچمە لایان و نەیانبینم؟»

چوون دووبارە داری قەڵاشکەریان هێنا، گردۆڵکەیەکیان لە داران لێ هەڵنا. پاشا و دەربارییەکان هەموو پێکەوە چوونە بنێ و فەرمانیان دا:

«نەوتی پێدا کەن و ئاگری دەن.»

پاشا و دەربارییانی – بەفەرمانی خۆیان – دە ئاوریدا بوونە خۆڵەمێش و وەهەوا کەوتن.

ڕێوی بەکوڕە لاوەی گوت:

«بۆ خۆت لە سەر تەختی دانیشە، لەمەودوا تۆ پاشای و ژنەکەشت شاژن. فەرمانڕەوای چاک بە.»

لاوە چووە سەر تەختی و دەستی بەفەرمانڕەوایی وڵاتی کرد. داوای لە مام ڕێوی و گورگ و ورچ و داڵەهۆ و کەروێشک و پشیلە کرد لەوێ بمێننەوە و لەگەڵ وان ژیان بەرنە سەر.

***

گەنم لە ئاشی.
ئارد لە توورەکێ.
ئێوە دەڕۆن، ئێمە دەمێنین.
بەڵام کەی دەگەڕێنەوە؟



# ئانائیت

## ئەفسانەی ئەرمەنی

ڕۆژێکی واچاگانی کوڕە جحێڵە، تاقانەی واچاشان لە سەر سوێی ماڵە خۆیان ڕاوەستا بوو. ڕۆژێکی خۆشی گیاڕەشی بەهارێ بوو. مەل و باڵندەکان لە نێو باغ و لالەزاراندا هەمەجۆر ئاواز و چریکەی دڵفڕێن و پڕ سۆز و شادیان تێهەڵکردبوو. خۆش ئاوازترینی دەنگی هەمووانیش ئاواز و چریکە و چەهچەهەی بولبولێ بوو. هەر کە بولبول تێی هەڵدەکردە ئاوازان و دەی چریکاند، مەل و باڵندەکانی دی لەجێی خۆیان بێ دەنگ دەبوون و جریوە و جووکەیان لێ دەبڕا و گوێیان بۆ ئاوازە دڵنەوازەکانی وی هەڵدەخست، هەر بۆ ئەوەی لە نهێنی و ڕازی هونەری ئەو چریکەیە بگەن. هەر یەکەیان بەشێوەیەک لاسایان دەکردەوە، یەکێک تێچریکانەکەی و ئەویدی ئاوازەکەی و سێهەمیشیان فیتەکێشانەکەی. ئینجا بەهەموان ئاوازێکیان لێ سازکرد و پێکەوە تێیان هەڵدەکردەوە



دەیانگوتەوە، بەڵام کوڕە جحێڵە چ ئاگای لەوانە بوو. ئەو دڵی لە جێیەکی دی لێی دەدا. شاژن (ئاشخین)ی داکی هاتە لای و گوتی:

«واچا، کوڕە نازدارەکەم! ئەوە چییە، هەمیشە هەر غەمبار و دڵتەنگت دەبینم، ڕۆڵە چت لە دڵیدایە لە مەی مەشارەوە، بڵێ بزانم چتە و غەمێ لە چ دەخۆی؟»

«دایە من هیچ تام و چێژێک لە خۆشی ژیان ناکەم. من پێم خۆشە بچمە جێیەکی چۆڵوهۆڵ و بەتەنیایی و گۆشەگیری بژیم. پێم خۆشە بچمە گوندێکی وەک گوندی ئاتسیک.»

«پێم وابێ تەنیا هۆی ڕۆیشتنت بۆ ئەوێ هەر ئەوەیە لە (ئانائیت)ی جادووگەر نزیک بیت.»

«دایە تۆ ئەو ناوەی وی لە کوێڕا دەزانی؟»

«بولبولانی باغی لەبارەی وییانەوە قسە بۆ کردووم. واچان کوڕەکەم، دەبێ تۆ ئەوەی بزانی کە کوڕی پاشای ئەفغانستانی و دەبێ هەر شازادەیەکی بێنی و یان هەر نەبێ لە چین و توێژی خۆمان بێ، نەک کچە وەرزێرێک، پاشای گورجستانێ سێ کچی زۆر جوانی هەن، ئەتۆ دەتوانی لە هەر سێکان یەکێ هەڵبژێری، شازادە گۆگاریش کچێکی یەکجار زۆر ناسک و نازدار و شۆخ و شەنگی هەیە و تاقە جێنشینی سەرزەمین و تاج و تەختی ویشە، شازادە سیئۆنیکیش زۆر جوانە، ئەدی وارسنیک کچی

فەرماندەکەی خۆمان، کە هەر لە منداڵییەوە لە ماڵی خۆمان گەورە بووە و تا گەورەش بوو هەر لە لای خۆمان بوو، چ عەیبێکی هەیە؟»

«دایە، من لە ئانائیت بەو لاوە کەسی دیکەم ناوێ.»

ئەوەی گوت و بەرەو باغی هەڵات.

واچا کە تازە دەهات پێی لە بیست ساڵی دەنا، جحێڵێکی ڕەنگ زەردی کز و لاوازی ڕەنگ پەڕیوە بوو. ڕۆژێکی بابی گوتی:

«ڕۆڵە، واچاگان، تۆ کوڕە تاقانەی منی و هەموو ئومێدی ژیانیشم هەر بەتۆیە، ئێستاش تۆ دەبێ ژنێ بێنی، چونکە ژن هێنان یاسا و ڕێسای ژیانە.»

بەڵام واچاگان گوێی لەو قسانە نەبوو، بەیانیان زوو ڕووی لە کێو و بەندەنان دەکرد و ئێواران بەرەبەری ڕۆژئاوایە دەهاتەوە ماڵێ. زۆر لە کچە شازادانی بەهەویا بوون و حەزیان لێ دەکرد. بەڵام ئەو هەر لێیان دوور دەکەوتەوە و گوێی نەدەدانێ. ئەو هەر لەگەڵ خزمەتکارەکەی (واجیناک)ی ئازا و سەگە بەئەمەکەکەیدا هەمیشە پێکەوە بوون. ئەوی لە ڕاویش بیدیبیان نەیدەزانی کامیان شازادە و کامیان خزمەتکارە، هەر دووکیان هەر جل و بەرگی سادە و ساکاری ڕاوێیان لەبەر دەکرد، توربەی تیر و کەوانیان بەشانیدا دەکرد و خەنجەری دەم پانیشیان لەبەر پشتێ دەنا. ژیانی کێو و بەندەن و لێڕەوار و دەر و دەشتێ – بەپێچەوانەی هەموو شازادەکانەوە – واچاگانی، ئازاو دلێر و نەبەرد و ساغتر کردبۆوە.

ڕۆژێکی واچاگان و واجیناک ڕێیان کەوتە گوندی ئاتسیک و لەسەر کانی و ئاوێکی بۆ حەسانەوێ لایاندا. دەودەمەیدا کیژانی گوندی هاتبوونە سەر کانییە ئاوێ بەرن. واچاگان زۆر تینوو بوو، داوای چۆڕێک ئاوی لێ کردن، کچێک گۆزەکەی پڕ کرد و دایە دەستی. بەڵام لە پڕ کچێکی دی گۆزەکەی لە دەست فڕاند و ئاوەکەی ڕشتەوە، چەند جارێکان بەو شێوەیە هەر بۆیان پڕ دەکردەوە و ئەو کچە دەیڕشتەوە. واچاگان گەرووی وشک ببوو لە تینوان و وا دەهاتە بەر چاوان ئەو کچە بەو کارەی گاڵتەی پێ بکات. دوای ئەوەی کچە شەش جاران ئەو کارەی دووپات کردەوە. ئینجا گۆزە ئاوێکی پڕی دایە دەست واچاگان. واچاگان ئاوەکەی خواردەوە و لە کچەکەی پرسی:

«باشە بۆ هەر لە هەوەڵ جارەوە ئاوەکەت نەدامێ بیخۆمەوە؟ بۆ گاڵتەت بوو یا دەتویست قەشمەریم پێ بکەی؟»

کچە وەڵامی دایەوە:

«ئەوە لە لای ئێمە نییە گاڵتە بەغەریبان بکەین. بەڵام ئێوە ماندوو بوون و هەموو لەشتان ئارەقە بوو، لەوانەبوو ئاوە ساردەکە تووشی چرتومێکتان بکات. هەر بۆیە یەکەمجار نەمهێشت ئاوەکە بخۆنەوە.»

وەڵامی کچەی واچاگانی سەرسام کرد و جوانییەکەشی هێندەی دیکە ڕایکێشا، پرسی:

«ناوت چییە؟»

«ئانائیت.»

«باوکت کێیە؟»

«باوکم ناوی ئارن و شوانی گوندییە، باشە بەڵام ناوی من و باوکمت بۆ چییە؟»



«بۆ ناو پرسینی کەسێکی گوناهە؟»

«جا باشە ئەگەر گوناه نییە ئێوە کێن و لەکوێڕا دێن؟»

«ڕاستییت دەوێ یا درۆ؟»

«تۆ بۆ خۆت چۆنت پێ چاکە وا.»

«من هەمیشە لەگەڵ ڕاستیدام، بەڵام ناتوانم پێت بڵێم کێم.»

«زۆر چاکە کەواتە گۆزەکەم دەوە.»

ئانائیت گۆزەکەی وەرگرتەوە و خودا حافیزی کرد و ڕۆیی. ڕاوچییەکانیش بەرەو ماڵ بوونەوە. واجیناک هەرچی دیبووی هەمووی بۆ شاژنێی گێیڕایەوە. ئەوەبوو کە داکێ واچاگانی هەموو نهێنییەکانی وی دەزانی. واچاگان هیچ کچێکی دیکەی نەدەویست، سەرەنجام شا و شاژن هەڵبژاردەی وییان پەسند کرد. هەستان واجیناکیان لەگەڵ دوو کەسی پایەبەرزی دیکەدا نارده ئاستێک بۆ خوازبێنی ئانائیتێ. ئارنی شوان پێشوازییەکی یەکجار زۆر گەرمی لێ کردن. میوانەکانی لەسەر قاڵییەک ڕۆنان کە ئارن بۆ خۆی بۆی ڕاخستبوون.

واجیناک گوتی:

«قاڵییەکی چەند جوانە! پێم وایە خانمی ئەو ماڵە چنیبیەتی.»

ئارن وەڵامی دایەوە:

«من ژنم نییە، دە ساڵ دەبێ ژنەکەم مردووە، ئەوە دەسکاری ئانائیتی کچمە.»

یەکێکی دیکە کە لەگەڵ واجیناکدا شا بۆ خوازبێنێی ناردبوون گوتی:

«ئەم جۆرە قاڵییە تەنانەت لە ژوورەکانی کۆشکی شاشدا نین. ئێمە زۆر دڵشادین بەوەی کە کچەکەتان وا دەست ڕەنگینە. ئەو ناو و ناوبانگی گەییوەتە دەرباری شا. بۆیە ئێمەی ناردۆتە لاتان تا دەربارەی خوازبێنی کچەکەتان بۆ کوڕە تاقانەکەی کە جێنشینی تاج و تەخت و تەواوی مەملەکەتیەتی قسەتان لەگەڵ بکەین و لێتان بخوازین و بزانین داخوا دەڵێن چی؟»

دەربارییانی شای پێیان وا بوو شوانە ئێستا لە خۆشییان باڵ دەگرێ و دەفڕێ و چ جێیەک بەخۆی ناگرێ. بەڵام وانەبوو.

واجیناک پرسی:

«برالە. وارن، بۆ بێدەنگی. ئەوەی کە ئێمە بۆی هاتووین پێمان وایە کە دەبێ مایەی شادی بێ، نە دەرد و غەم و دڵتەنگی. خۆ ئێمە نەهاتووین کچەکەت لێ بستێنین و بەزۆر بیبەین. ئەگەر پێت خۆش بوو دەیدەی، پێت خۆش نەبوو هیچ.»

ئارن وەڵامی دایەوە:

«میوانە خۆشەویستەکان، مەسەلە ئەوەیە کە من کچەکەم ناچار ناکەم و زۆری لێ ناکەم. ئەگەر ئەو بۆ خۆی ڕازی بێ من هیچ ناڵێم.»

دەو دەمەیدا ئانائیت بەخۆ و سەبەتۆکێک میوەوە هاتە ژوورێ. ئیکلامی بۆ میوانان کێشا و میوەکەی لە بەردەمی دانان و چووە سەر پێچاڵێ بۆ قاڵی چنینێ.

دەرباریبیان هەموو لە دەست و پەنجەکانی وی ڕامابوون و سەریان لەو هەموو چاپووکی و جوانییەی سووڕ مابوو.

واجیناک پرسی:

«ئانائیت ئەوە تۆ بەتەنێ ئیشێ دەکەی؟ خۆ من بیستوومە شاگردت زۆرن؟»

ئانائیت وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، بەڵام هەمووم مۆڵەت داون بچنە ترێ چنینەوێ.»

«بیستووشمە کە تۆ بەردەستەکانیشت هەموو فێرە خوێندن و نووسینیش دەکەی؟.»

ئانائیت وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، ئێستا تەنانەت شوانەکانیشمان فێرە خوێندنەوە و نووسین بوون و کاتێ کە پەزەکان خەریکی لەوەڕێن، ئەوان یەکتری فێر دەکەن، لەسەر قەدی هەموو درەختەکانی نێو دارستانەکانی ئێمە و لەسەر هەموو شوورەی قەڵاتان و سەر بەرد و گابەردی نێو شێناوەردان و لەوەڕگاکان هەر وشەیە و بەخەڵووزی ڕەش نووسراونەوە. هەر یەکێک وشەیەک دەنووسێ و ئەوی دی لێی زیاد دەکات. بۆیە تەواوی شیو و دۆڵ و لاپاڵ و هەڵدێر و خەرەندەکانی ئێمە هەمووی هەر نووسینە.»

واجیناک گوتی:

«لە لای ئێمە خوێندن ئەو نرخ و بەهایەی نییە: شارییەکانی ئێمە تەنبەڵ و تەوەزەلن. بەڵام ئەگەر ئێوە بێنە لای ئێمە هەموو شتێکیان فێر دەکەن. ئانائیت تکایە کەمێک دەست لە ئیشەکەت هەڵگرە و تائێرە وەرە.

فەرموو سەیر کە شا چ دیارییەکی بۆ ناردوویت.»

کە واجیناک ئەو هەموو جل و بەرگە ئاوریشمییانەی لێک کردنەوە و ئەو هەموو زێڕ و زەبەر و مروارییانەی بەئانائیت پێشان دان ئانائیت سەرپێیی سەیرێکی کردن و پرسی:

«ئەوە من چۆن وا بوومەتە شایستە و جێ پەسەندی ئەو هەموو لوتفەی شا؟»

«واچاگانی شازادە تۆی لەسەر کانییە دیتوە و گۆزە ئاوت داوەتێ و ئەویش شەیدای جوانی و هوشیاری و زرینگی تۆ بووە، شاش ئێمەی بۆ خوازبێنی ئێوە، بۆ ئەو کوڕەی، ناردۆتە لاتان. ئەو گەردانە و ئەنگوستیلە و بازنانەشی هەر بۆ ئێوە ناردوون.»

«بۆ ئەو ڕاوچییە شازادە بوو؟»

«بەڵێ.»

«لاوێکی جوان و ڕێک و پێکە. بەڵام ئایا هیچ کار و پیشەیەک دەزانێ؟»

«ئانائیت ئەو شازادەیە، تەواوی ژێر دەستان لە بەر خزمەتی وی لێرەن. ئەو کاری بەزانین و شارەزاییش و کاران چییە بیانزانێ یان نا.»

«زۆر ڕاستە، بەڵام واش ڕێدەکەوێ ڕۆژێک لە ڕۆژان پاشایەکیش ببێتە خزمەتکارێک. هەموو کەس دەبێ کارێکی هەر بزانێ، جا چ شا و گەدا و چ شازادە بێت.»

قسەکانی ئانائیت هەموویانی سەرسام کرد. ئارن دەستی بۆ قسەکانی کچەکەی لە ملی دا.



دەرباریبیان پرسیان:

«ئێوە مەبەستتان ئەوەیە بڵێین چونکە شارەزای کار و پیشەیەک نییە و ئیشێک نازانێ خوازبێنییەکەی ڕەت دەکەنەوە؟»

«بەڵێ. هەموو ئەو جیاز و دیاری و نیشانانەش لەگەڵ خۆتان بەرنەوە و بەشازادەش بڵێین، زۆرم خۆش دەوێ و ئەو کارەشم زۆر پێ خۆشە، بەڵام من سوێندم خواردووە مێرد بەکەسێک نەکەم کارێک نەزانێ، هیوادارم بمبوورن.»

کە دەرباریبیان دیتیان قسەکانی ئانائیت زۆر بەڕاشکاوییەوەیە هیچیان نەگوت.

هەستان و هاتنەوە کۆشکێ و ئەوەی ڕووی دابوو هەمووی بۆ شای گێڕایەوە، کاتێ کە شا و شاژن لە قسە و مەبەستەکانی ئانائیت ئاگادار بوون بەگومانی ئەوەشەوە کە واچاگان لە بڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە زۆر دڵخۆش بوون.

بەڵام واچاگان گوتی:

«ئانائیت ڕاست دەکا، دەبێ منیش وەک هەموو کەسێکی دی کارێکی فێر ببم.»

شا هەموو ڕاوێژکاران و پیاوماقووڵ و شارەزایانی بانگ کردن تا کارێکی وای بۆ بدۆزنەوە شایستە و ئاسان بێت، سەرەنجام بەوە گەیشتن کە گونجاوترین ئیش بۆ شازادەی، زێڕدۆزییە. وەستایەکی یەکجار زۆر کارامەیان لە ئێرانێڕا بۆ هێنا، لە ماوەی ساڵێکدا واچاگان زۆر وەستایانە فێری زێڕدۆزی بوو و لە داوی دەزووی زەردی زێڕین یەک پارچە پەشتەماڵی بۆ ئانائیت درووو و بەواجیناکدا بۆی نارد. کە ئانائیت لێکی کردەوە گوتی:

«پەندێکی پێشینیان هەیە دەڵێ: ئەوەی گوێ ناداتە پێش هات و بەسەرهاتەکانی ژیان، نیاز و پێویستییەکانی ژیان خۆیان دەبنە هاندەر و هۆی فێرکردنی. بەشازادە بڵێین ئەمن ڕازیم و ئەم قاڵیەشم بەنیشانەی دیاری لێ قەبووڵ بکات.»

پێویستییەکانی زەماوەند ئامادەکران و حەوت شەو و حەوت ڕۆژان لە تەقەقەی دەهۆڵ و زوڕنایان دا و شایی و هەڵپەڕکێ و زەماوەند بەردەوام بوو. چەند ڕۆژێک دوای بووک گواستنەوە و شایی و لۆغان، واجیناکی دۆستی نیزیک و خزمەتکاری واچاگان بزر بوو. جی نەما لێی نەگەڕێن و بەدوایدا نەچن، بەڵام بێ سوود بوو تا سەرەنجام لێی نائومێد بوون. هەر لەو سەردەمانەدا شا و شاژن هەردووکیان دوای چەند ساڵێکان مردن و واچاگان لە جێی بابی چووە سەر تەختی و بووە شا، ڕۆژێکی ئانائیت بەمێردەکەی گوت:

«شاها! دەزانی ئێوە لە حاڵ و باڵی خەڵکی وڵاتی زۆر بێ ئاگان. ڕاوێژکاران هەموو شتێکت پێ ناڵێن. ئەوان سەر و بنی زمانیان ئەوەیە کە گوایە هەموو کەسێک لە خێر و خۆشی و شادی و بەختەوەریدا دەژین، بەڵام لەوانەیە واش نەبێ. وا چاکە بۆ خۆت لەبەرگی گەدایەک، بازرگانێک یا کرێکارێک وەک هەموو خەڵکی ئاسایی بچیە ناو خەڵکی و لە نزیکەوە لە حاڵ و باڵیان ئاگادار بیت.»

شا گوتی:

«ڕاست دەکەی. دەپێشدا کە دەچوومە ڕاوێ هەمیشە خەڵکم چاکتر دەناسی و زیاتریان لێ شارەزا بووم. بەڵام ئێستا چۆن دەتوانم تاج و تەخت و کاروباری وڵاتی بەجێ بێڵم و بڕۆم؟ کە من لێرە نەبووم

کێ لە جێی من ئەو کارانە ئەنجام دەدا؟»

ئانائیت وەڵامی دایەوە:

«من.»

و بەردەوام بوو:

«هیچ کەسێکیش نازانی تۆ لێرەی یان نا.»

«زۆر چاکە، هیچ لە سبەینێ زووتر نییە، دەڕۆم. ئەگەر تا بیست ڕۆژی دیکە نەهاتمەوە ئەوە بزانە یا مردووم یا تووشی بەڵا و چورتمێک هاتووم.»

واچاگان جلوبەرگێکی لادێیانی لەبەر کرد و بەوڵاتیدا کەوتە گەڕانێ. زۆری دیت و زۆری بیست تا گەییە شاری پڕۆژ. لە ناوەڕاستی شاری مەیدانێکی گەورە هەبوو کە بازاڕ و کارگەی پیشەسازی و دوکانی بازرگانان کەوتبوونە پشت ئەو مەیدانەوە. ڕۆژێکی واچاگان لەو مەیدانەی دانیشتبوو، لە پڕ کۆمەڵە خەڵکێکی دیت پیاوێکی نوورانیان وەپێش خۆ دابوو، پیرەمێرد زۆر لە سەرخۆ هەنگاوی هەڵدێنان، خەڵکەکەش بەر پێیان پاک دەکردەوە و خشتەیان داویشتە بەر پێی تا بەسەریدا بڕوا و پێی پیس نەبێ.

واچاگان لە یەکێکی پرسی:

«ئەو پیرەمێردە کێیە؟»

وەڵامی دایەوە:

«ئەدی نازانی ئەوە گەورە قەشەی ئێمەیە، ئەو هێندە پیرۆزە پێی لەسەر زەوی دانانێ نەک نەزانێ و پێی لە مێروولەیەک بنێ.»

دوایە خەڵکەکە قاڵییەکی پان و پۆڕ و گەورەیان لە مەیدانێ بۆ ڕاخست. لەسەر ئەژنۆیان دانیشت. واچاگان بەناو خەڵکەکەدا لێی چووە پێشێ بزانێ دەڵێ چی.»

قەشە چاوی زۆر تیژ بوون سەیرێکی واچاگانی کرد و زانی لە ڕێیەکی دوورەوە هاتووە. پرسی:

«تۆ کێی و لێرە چ دەکەی؟»

واچاگان وەڵامی دایەوە:

«من کرێکارم و لە شوێنێکی دیکەڕا هاتووم، دەمەوێ کارێکی بۆ خۆم پەیدا بکەم.»

«زۆر چاکە، تۆ لەگەڵ من وەرە، من کارێکی پڕ دەرامەتت دەدەمێ.»

واچاگان سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند، قەشەی گەورە چەند وشەیەکی چرپاندە بن گوێی دەوروبەرەکانی و ئەوانیش هەر یەکەی بەلایەکیدا بڵاو بوون و ڕۆیشتن، دوای ماوەیەک هەموویان بەخۆ و چەند وڵاغێکەوە هاتنەوە کە هەر یەکەیان چەندین باری جۆراوجۆریان لە شتومەکی بازرگانی لێ بار کرابوون، قەشە هەستا و بەرەو ماڵ بۆوە. واچاگان زۆر بەبێ دەنگییەوە بەدوای ویدا کەوتە ڕێ تا گەیشتنە دەروازەی شاری. لەوی نزای بۆ خەڵکەکەی کرد و دوایی خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد. تەنیا قەشەی گەورە و واچاگان و کاروانچییەکان مانەوە. شاریان بەجێ هێشت و گەیشتنە دیوارێکی. لەوێ قەشە کلیلێکی دەرێنا و دەرگاکانی کردنەوە. لەو دیوی دیوارەکەوە چوار دەورەی ژووری بچووک بچووک بوون. بارەکانیان



خست، قەشە واچاگان و کاروانچییەکانی بردە لایەکی دیکەی پەرستگایەکە، دەرگایەکی ئاسنی کردەوە و گوتی:

«وەرنە ژوورێ، لەوێ کارتان دەدەنێ.»

هەموویان بێدەنگ و سەرسام خۆیان لە دالانی ژێرزەمینێکی تاریک و نووتەکدا دیتەوە. قەشەی گەورە لە پشتەوە دەرگاکەی لەسەر داخستنەوە، ئێستا تێگەیشتن ڕێگای گەڕانەوەیان نییە، بەرەو پێشەوە چوون، ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن. لە پڕ ترووسکاییەکیان بەدی کرد، دوایی گەینە ئەشکەوتێکی کە دەنگی هات و هاوار و داد و بێداد و بڕۆی لێوە دەهات. بەسەرسامییەوە لەو دیوارە بەوشکەکەڵەک هەڵچنراوانە ورد بوونەوە و گوێیان بۆ ئەو ناڵە و هات و هاوارانە هەڵخست. لە ترووسکاییەکەوە شتێک وەک تارمایی بەرەو لای وان دەهات. وردە وردە تا دەهات نزیکتر و گەورەتر دەبۆوە و زیاتر بەئادەمیان دەچوو.

واچاگان بەرەو تارماییەکە چوو و بەدەنگێکی بەرزەوە تێی ڕاخوڕی:

«کێی؟ ئادەمیزادی یا شەیتان؟ ئەگەر ئادەمیزادی بڵێ ئێمە لە کوێین.»

تارماییەکە هاتە پێشتر و ڕاوەستا، مرۆڤێک بوو بەڵام چ مرۆڤێک! دەم و چاوی وەک دەم و چاوی مردووان، دوو چاوی بەقووڵداچوو و ئێسکی ڕوومەتی دەرپەڕیو، بەکورتی پەیکەرە ئێسکێکی ئادەمیزاد بوو کە دەتتوانی تاک تاکە هەموو ئێسکەکانی بژمێری. بەدەم گریانەوە بەزمانێکی تێکەڵ و پێکەڵەوە گوتی:

«وە دووم کەون، من هەموو شتێکتان پێشان دەدەم.»


دوای بەجێ هێشتنی دالانە باریک و تاریکەکە کەوتنە دە ئەشکەوتی دووەمەوە. لێرەدا خەڵکێکی زۆر کەوتبوون و وەک لە سەرەمەرگێدا بن دەیان ناڵاند، لە سێهەمین ئەشکەوتێدا مەنجەڵی گەورە گەورە ڕیز کرابوون، کە گوایە چێشتیان تێدا لێدەنرێ. واچاگان بەسەر مەنجەلێکیاندا نووشتایەوە و لە ترسان هەموو لەشی لەرزی. بەڵام هیچی بەئاواڵەکانی نەگوت. دوایی خۆیان لە دالانێکی دیکەدا دیتەوە. ئێرە کە شوێنێکی نیوە تاریک بوو، چەند سەد کەسێکی لەڕ و لاواز و بێ تین سەرقاڵی ئیش کردنێ بوون. هێندێک میلیان دەکێشا و هێندێکی دی خەریکی چێشتێ و هێندێکی دیکەیان دروومانیان دەکرد.

پیاوێک کە لە بەر مردەڵەیی و لاوازیان پەیکەرە ئێسکێک بوو گوتی:

«ئەو قەشە شەیتان خووەی کە هەموو ئێوەی هێناوەتە ئێرە، ئاواشی ئێمە هەڵخەڵەتاند و هێناینیە ئەو ژێرزەمینە. نازانم چەند ساڵە لێرەم، چونکە لێرە شەو و ڕۆژی دیار نییە. هەر تاریکییە و هیچی دی؛ تەنیا ئەوەندەی دەزانم ئەوانەی لەگەڵ من هاتنە ئێرە هەموویان مردن. ئەوانە خەڵکی دێننە ئێرە، ئەوەی کارێکی دەزانێ هەتا مردنێ کاری پێ دەکەن و ئەوی هیچیش نازانێ ئەوە دەیانبەنە کوشتارگا و دەو مەنجەڵانەیان داوێن کە دیوتانە.هەر تەنیا ئەو قەشە شەیتان خووە نییە بەتەنێ، بەڵکو هەموو قەشەکانی دیکەش یارمەتی دەدەن و دەستیان لەگەڵ وی تێکەڵە.»

واچاگان دوای ئەوەی گوێی بۆ قسەکانی ئەو پیاوە ڕاگرت و لە دەم و چاو و ڕەنگ و ڕواژای ورد بۆوە، ناسییەوە کە ئەوە هەمان واجیناکی خۆشەویست و ئاواڵی گیانی بەگیانییەتی. بەڵام خۆی لێ ئاشکرا نەکرد، لەوە ترسا کە بزانێ واچاگانە لە خۆشی و حەژمەتان بەلادا بێت و بمرێت.

کە واجیناک دوور کەوتەوە، واچاگان لە هاوڕێیەکانی خۆی پرسی داخوا کێن و چ کارێکی دەزانن،



یەک گوتی ئەمن بەرگدرووم و ئەوی دی گوتی ئەمن چنینێ دەزانم... واچاگان ویستی لە هەمووان بپرسێ بەڵام دەو دەمەیدا دەنگی پێیەکی هاتە بەر گوێیان. قەشەیەکی توورەی چەند چەکدارێک بەدواوە لەوێ قیت بۆوە. پرسی:

«تازە هاتوون؟»

واچاگان وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ قوربان لە خزمەتداین.»

«کامەتان شتێک دەزانێ؟»

واچاگان گوتی:

«ئێمە هەموومان کاری میلەدۆزی ئەوتۆ دەکەین نرخی هەر پارچەیەکی سەد بەرابەری نرخی زێڕ و زیو بێت.»

«هەر بەڕاستی ئەو کارەی دەیکەن هێندە بەنرخە؟»

«درۆت عەرز ناکەم، دەتوانن تاقیمان کەنەوە.»

«هەر ئێستا تاقیت دەکەمەوە، باشە... بلێ چ جۆرە ئەبزار و ئامێر و وردەواڵە و شتومەکێکت دەوێ بۆ کارەکەت و دوایە دەچنە کارگەی گشتی.»

واچاگان گوتی:

«ئیشی ئێمە لە کارگەی گشتی ئەنجام نادرێ و پێش ناکەوێ. واچاترە ئێمە هەر لێرە ئیشێ بکەین، دەربارەی خواردنیش ئێمە هەموومان هەر سەوزەخۆرین و هیچ کامێکمان گۆشتخۆر نین، چونکە بەگۆشتی دەمرین.

قەشە گوتی:



«زۆر چاکە، نان و سەوزەتان بۆ دەنێرم بەڵام ئەگەر نرخی بەرهەمەکەتان لەوە کەمتر بێ کە دەڵێن ئەوە هەمووتان دەنێرمە کوشتارگا و پێش ئەویش دەستوور دەدەم شکەنجەیەکی تێر و تەسەل و چاکتان بدرێ.»

قەشە نان و میوەی بۆ ناردن و هەموو پێکەوە دەگەڵ واجیناکدا، دانیشتن و خواردیان، دوایی واچاگان دەستی بەئیشێ کرد. نەخشەیەکی ئەوتۆی دانا کە هەرچی ڕەنج و ئێش و ئازار و ناخۆشی دۆزەخی ئەو ژێرزەمینە بوو. بەڵام کەس سەرەدەری لەو نەخشە و پیلانە دەرنەدەکرد. قەشە زۆری کەیف بەو میلەدۆزیە هات کە واچاگان دروستی کردبوو!

واچاگان بەقەشەی گوت:

«لە پێشدا پێم گوتی کە ئەو پارچەیە نرخەکەی سەد بەرابەری نرخی زێڕ و زیوە، بەڵام چاک بزانە کە نرخی ڕاستەقینەی ئەم پارچەیە لە تەلیسمی ئەو میلەدۆزییە دایە کە تێیدا چنراوە. زۆریش بەداخەوە کە خەڵکی سادە و ساکار تێی ناگەن و نرخی نازانن. تەنیا کەسێک کە بتوانێ پەی بەنرخی ئەم شتە بەرێ تەنیا ئانائیتی شاژن و هۆشمەندە.»

کە قەشە لە نرخی ئەو زێڕدۆزییە تێگەیی، لە خۆشیان هەر دوو چاوی لە مۆلەق وەستان. بڕیاری دا سوودی ئەم جۆرە پارچانە هەر بۆ خۆی بێت و بەکەسی دیکە نەڵێ و قەشەی گەورەشی لێ ئاگادار نەکات و تەنانەت میلەدۆزییەکەشی هەر پێشان نەدا و هات قۆناغە و قۆناغ ملی لە ڕێیە نا.

ئانائیت بەبێ مێردەکەشی کاروباری وڵاتی زۆر بەڕێک و پێکی بەڕێوە دەبرد. تەنانەت هیچ کەسێک نەیدەزانی کە پاشا لە شاریش وەدەرکەوتووە. بەڵام شاژن بۆ خۆی لە دڵدا زۆر ناڕاحەت و غەمبار و نیگەران بوو. دە ڕۆژ بوو ڕۆیشتبوو کەچی هەر سەر و سۆراغێکیشی نەبوو. شاژن شەوانە خەونی زۆر ناخۆشی دەدیتن. بەڕۆژیش بیر و خەیاڵی وی ئازاری دەدا و هەراسانی کردبوو.

زەنگی، سەگەکەی هەمیشە دەیقرووسکاند و دەیناڵاند. ئەسپەکەی ئالیکی نەدەخوارد و وەک جوانووی لە دایک دابڕاو دەهەژا. کەڵەباب و مریشکەکان هەموو لە پەنا و پەسیوێکی مۆڵیان دەخوارد و لێک خڕ دەبوونەوە و دەتگوت قەلەباچکەن دەقیژێنن. شەپۆلی ڕووبارەکان بێ هاژە و خوڕە و بێ هەست و چرپە و بێ دەنگ بوون. ئانائیتی ئازا زۆر دەترسا، تەنانەت سڵی لە سێبەری خۆشی دەکردەوە.

بەیانیەکی زوو پێیان ڕاگەیاند کە کابرایەکی بازرگانی بیانی شتوومەک و پارچە و کاڵای زۆر بەنرخ و بەهای پێیە و هاتۆتە ئێرە. ئانائیت فەرمانی دا ئەو کابرا بازرگانەی بۆ بێنن.

پیاوێکی ناقۆڵا و ترسناک لە بەرامبەر شاژنێ ئیکلامی کێشا و ئەو پارچەیەی لەسەر سینییەکی زیو بردە بەر دەستی شاژنێ.

شاژن بێ ئەوەی گوێ بداتە نەخشەکە سەیرێکی پارچەکەی کرد و پرسی:

«ئەوە بای چەندە؟»

«بانوی بەڕێز! سێ بەرابەری نرخی زێڕ. تۆ سەیری ئەو ئیش و ئەو شتانەی تێیدا بەکارهاتووە بکە. هەرچەندە کار و پیشە و دەستکردی خۆمە بەڵام تۆ خۆت داوەری نرخەکەی بە.»

«هەر بەڕاستی وا گرانە؟»

«شاژنی دەست و دڵ فراوان! بێ هاوتایە! تۆ سەیری نەخش و نیگارەکانی کە؛ خۆ ئەمانە نەخش و

نیگارێکی هەر وا سادە نین. ئەوانە هەمووی تەلیسمن. هەر کەسێ ئەم پارچەیە لەبەر کا لە تەواوی ژیانیدا غەم و ناخۆشی چییە ڕووی تێ ناکا و لە هەموو بەدبەختییەکیش ڕزگاری دەبێ.»

ئانائیت گوتی:

«بەڕاستی؟»

پارچەی زێڕچنی لێک کردەوە. سەیری کرد هیچ تەلیسمێکی تێدا نییە، بەڵکە تەنیا نامەیەکە و بەس. ئانائیت بەبێ دەنگی خوێندیەوە:

«ئانائیتی بێ هاوتام، کەوتوومەتە دۆزەخێکی زۆر ترسناک، ئەو کەسەی ئەو پارچە زێڕچنەت دێنێتە لا یەکێکە لە زیندانەوانانی ئەو دۆزەخە. واجیناکیشم لەگەڵە، لە ڕۆژهەڵاتی شاری پرۆژ لە ژێرزەمینی پەرەستگایەکداین. بەبێ یارمەتی و فریاکەوتنی ئێوە هەموومان لەناو دەچین.

«واچاگان»

ئانائیت وە لەرزە هات، نامەکەی جارێکی دیکەش و بۆ جاری سێهەمیش خوێندەوە و زۆری ستایشی ئەو نەخش و نیگارانە کرد. دوای ماوەیەک گوتی:

«ڕاست دەکەن، پارچەکەتان توانایەکی وای تێدایە، ئارام بەخشە و ئاسوودەیی بەمرۆڤ دەدا. بەیانی زوو زۆر دڵتەنگ بووم بەڵام ئێستا هەموو لەشم سووک بووە و شاد و دڵخۆشم. بەڕاستی پارچەکەتان لەوە بەنرخترە بتوانی نرخی لەسەر دانێی و بەزێڕی هەڵنێی. بێ گومانم کە دەبێ نیوەی سامانی پاشایەتی لە پێناو دانێم. بەڵام دەزانی کە هەر کارێکی هونەری بەرز بەنیوەی نرخی هونەرمەندەکەی نابێ.

ئەگەر ئەو کەسەم بۆ بێنی کە دروستی کردووە، چەندم داوە بەتۆ هێندەش دەدەم بەو.»

قەشەی دەهۆ گوتی:

«شاژنی گەورەم، نازانم کێ چنیویەتی و من ئەوەم لە هیندستان لە کابرایەکی جوولەکە کڕیوە و ئەویش لە عارەبێکی کڕیبوو. ئێستا چووزانم ئەو عارەبە لە کوێیە.»

«بەڵام خۆ تۆ ئێستا دەتگوت ئەو شتانەم زۆر گران لەسەر کەوتووە کە لێی دروست کراوە جا بەوەیڕا دیارە کە تۆ ئەوەت نەکڕیوە بەڵکە بەڕادانت داوە و بۆیان چنیوی.»

«گەورە و پایەبەرز ئەوە شتێکە کە لە هیندستان پێیان گوتووم و منیش...»

ئانائیت تووڕە بوو و گوتی:

«بێ دەنگ بە، من دەزانم تۆ کێی. ئاهای پاسەوان، وەرن ئەو کابرایەی باوێنە زیندانێ.»

دوای ئەم فەرمانە ئانائیت دەستووری دا تەپلی خەتەر لێدەن. خەڵکی شاری کە هەر یەکەو قسەیەکیان دەکرد بەنیگەرانییەوە لە دەوری کۆشکی خڕ بوونەوە. کەس نەیدەزانی چ باسە. ئانائیتی پڕ چەک لەسەر سوێی کۆشکی وەدەرکەوت و گوتی:

«هاوولاتیان، ژیانی پاشاتان لە خەتەر دایە. ئەوانەی پاشایان خۆش دەوێ و گیانی ئەویان مەبەستە وەدووم کەون. دەبێ بۆ دەمی نیوەڕۆیە بگەینە شاری پرۆژ.»

دوای سەعاتێک خەڵکی شاری هەموو چەکیان لە خۆ بەست، ئانائیت سواری ئەسپی خۆشبەز بوو و فەرمانی دا:



«بۆ پێشەوە! هەمووتان بەدوای مندا.»

هەر بەغار و چوارناڵی بەرەو پرۆژ کوتایان. لە مەیدانی شاری پرۆژ ڕاوەستان، خەلکی پرۆژ پێیان وابوو ئەوە پەری ئاسمانییە. هەموو بەچۆکدا هاتن و لە بەرانبەری وی ئیکلامیان کێشا.

ئانائیت بەلووت بەرزیەکەوە پرسی:



«ڕابەرتان کێیە؟»

یەکێکی خەڵکی پرۆژی گوتی:

«بەندەی مل کەچ و خزمەتکارتان ڕابەری ئەم خەڵکەم.»

«دڵ ڕەقی ترسنۆک! تۆ تەنانەت نازانی لە ناو پەرستگای خودایاندا چ باسە؟»

ئەوەی خۆی بەرابەر ناساندبوو گوتی:

«خزمەتکاری ڕاستگۆتان ئاگای لە هیچ نییە و چ نازانێ.»

«ئەدی خۆ دەزانی پەرستگا لە کوێیە؟»

«بەڵێ، ئەڵبەتە، دەزانم. ئەڵبەتە.»

«کەواتە ڕێمان پێشان دە.»

ڕابەر لەگەڵ ئانائیتدا وەڕێ کەوتن. ئەو خەڵکەشیان وەدوو کەوت. قەشەکان پێیان وا بوو ئەو خەڵکە بۆ نوێژان هاتوون. یەکەم دەرگای ئاسنیان کردەوە، ئانائیت هەڵیکوتایە نێوەڕاستی مەیدانێ و فەرمانی دا دەرگای پەرستگای وەکەن. دەو دەمەیدا بوو کە قەشەکان تێگەیشتن کە تووشی چ چارەنووسێکی ڕەش هاتوون.

قەشەی گەورە ئامبازی ئەو شۆڕەسوارە بوو بەڵام ئەسپی وریا و چاپووکی ئانائیت وەبەر چەپۆکانیدا و لە بن سماندا پلێشاندیەوە. ئینجا سەربازەکانی کاری قەشەکانیان یەک لا کردەوە. خەڵکی بەسەرسامی و واقی وڕەوە تەماشای ئەو ڕووداوانەیان دەکرد.

ئانائیت هاواری کرد:

«خەڵکینە وەرنە پێشتر تا بزانن لە ماڵی خواوەنداندا چ هەیە و چ باسە.»

هەر خێرا دەرگایەکانی پەرستگایان هەموو لە ڕێسمە بردن و شکاندیانن. دیمەنێکی یەکجار زۆر ترسناکیان هاتە پێش. لەو سیاچاڵەوە خەڵکی وەک مردووی گۆڕستانان دەخزین و سەریان بڵند دەکرد. زۆربەیان لە دەمی گیانەڵا و سەرەمەرگدا بوون و خۆیان لەسەر پێیان ڕانەدەگرت و هەندێکیشیان کە لەبەر ڕووناکی ڕۆژێ چاویان هەڵنەدەهات ساتمەیان دەکرد و بەملاولادا دەکەوتن. لە دوای هەموان واچاگان و واجیناک پێکەوە هاتنە دەرێ. دەستیان بەچاوانەوە گرتبوو و لەبەر ڕووناکی ڕۆژێ دەترسان

کوێر بن. پیاوانی چەکدار خۆیان لە سیاچاڵێ هاویشت تا لاشەی مردووەکان و دام و دەزگای ئەشکەنجە دانێ و شڕ و شاڵاتی کارکردنێ بێننە دەرێ.

خەڵکی شاری کە لە شەرمەزاریان ڕوویان نەبوو سەر هەڵێنن هاتبوونە یارمەتیدانیان دوایە ئانائیت چووە نێو ئەو چادرەی کە تازە و بەپەلە هەڵیان دابوو و واچاگان و واجیناک لەوێ چاوەڕوانی بوون. دوو خۆشەویست بەتەنیشت یەکەوە دانیشتن، نەیاندەتوانی چاوان لێک بتروکێنن. واجیناک دەستەکانی ئانائیتی ماچ کردن و زۆر بەکوڵ گریا:

«شاژنی بێ هاوتا، ئەمڕۆ تۆ گیانی ئێمەت کڕییەوە و ئێمەت ڕزگار کرد.»

واچاگان گوتی:

«بەهەڵە چووی، ئەو زۆر لە پێش ئێستاوە ئێمەی ڕزگار کردووە. هەر ئەو ڕۆژەی کە گوتبووی ئایا کوڕی پاشای چ کارێکی دەزانێ؟ بیرتە کە لە دڵی خۆتدا چەندت گاڵتە بەو پرسیارەی هاتبوو؟

بەسەرهاتی واچاگان شا لە تەواوی شار و شارۆچکە و گوند و دێهاتاندا بڵاو بۆوە. تەنانەت لە شوێنانی دیش باس هەر باسی واچاگان شا و ئانائیت خانمی شاژن بوو و لە هەموو شوێنێک ستایشیان دەکرا. گۆرانیبێژ و دەنگخۆشان جۆرەها گۆرانییان بەسەردا هەڵدان کە زۆر بەداخەوە هیچ یەکێک لەو گۆرانییانە لەیادی کەسدا نەماون بەڵام لە جیاتی ئەوانە تا ئێستا بەسەرهاتی واچاگان و ئانائیت هەر لە سەر زمانانە.



# برایم

## ئەفسانەی ئازەری

هەبوو نەبوو لە سەردەمانێکی زوو، دوو دراوسێی لێک نێزیک هەبوون. یەکیان ناوی ئەحمەد و ئەویدیش ناوی محەمەد بوو، هێندەیان یەکتر خۆش دەویست هەموو کەس پێی وابوو بران. هەر دووکیان دوو بازرگانی هێندە بەوەج بوون هاوتایان نەبێ. هەرچی ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنی ئەو شارەی هەبوو، لەبەر دەستی ئەو دوانەدا بوو.



تا دەهات کارەکانیان ڕوو لە بەرفراوانی و پەل و پۆ هاویشتن و ڕەونەقی زیاتر بوو تا وای لێ هات سامانێکی یەکجار زۆر ئەستووریان وەسەر یەک نا.

ئەو دوانە غەمێک نەبێ، دەنا هیچ غەمێکیان نەبوو، ئەو غەمەشیان وەجاغ کوێری بوو. ڕۆژێکی محەمەد لە ئیشێ وەڕەز بوو و لە ماڵێ لێی پاڵدایەوە. ئەحمەد چووە سەردانی. دیتی محەمەد یەکجار زۆر دڵتەنگ و کزومات و دڵگیرە. لێی پرسی:

«ئەوە چ بووە براڵە، دەڵێی زەرەر و زیانێکت وێ کەوتووە؟»

محەمەد هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

«نا، براڵە کار و ئیشی بازرگانی زۆر چاکە.»

هەر دەسبەجێ ئەحمەد زانی سەری گلۆڵەکەی لە کوێیە. چونکە ئەویش بۆ خۆی هەر هەمان غەمی لە دڵیدا بوو. هەر دووکیان پێکەوە ئەسپیان زین کردن و سوار بوون و ڕوویان لە دەر و دەشتێ کرد تا تۆزێک بای باڵی خۆیان بدەن و کەمێک غەمان بەبادەن. لە شاری وەدەر کەوتن.

هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا هەر دووکیان گەینە سەر چەند سەرچاوە و کانیاوێکی سارد و فێنک و خۆش و با سەفا. لە ئەسپان دابەزین تا هێندێک ئاو بەسەر و چاویاندا هەڵپرژێنن و کەمێک خۆ فێنک کەنەوە و تاوێک وەحەسێن.

محەمەد داهاتەوە لە کانییە و چەند لالوێچێکی لە ئاوی ساردی کانیە خواردنەوە. ئەوجا ئەحمەدیش هەر بەهەمان پێودانی محەمەدی، هات ئاوێ بخواتەوە. لەپڕ لە بنی کانییەدا سێوێکی سوور سووری کەوتە گۆلمێ. تەماشایەکی ئەو لاو لای خۆیانیان کرد تا بزانن داخوا ئەو سێوە لە کوێرا پەڕییە وێ. بەڵام لە تەواوی ئەو دەوروبەرەیدا نەک هەر دارسێوێک بەڵکە بنکە دارێکی دیکەشی هەر لێ نەبوو. هەر چوار دەوری کانییە، وشک و برینگ و بێ گیا و گۆڵ و سەوزایی بوو. هەردوو برادەر زۆر بەسەر سامییەوە

لێکیان پرسی:

«ئەو سێوە لە کوێڕا هات؟»

دەبیر و خەیاڵانەوە چوون و سەرسام و واق وڕماو، ئەبڵەق بوون. سەرەنجام ئەحمەد گوتی:

«نازانم تۆ دەڵێی چی؟ من پێم وایە چارەنووسی ئێمە بەم سێوەوە بەندە، من ئەوەم لا ڕوونە کە ڕازی چارەنووسی ئێمە لەودا شاراوەیە. تۆ نیوەی ئەم سێوە لەگەڵ ژنەکەتدا بخۆ و من و هاوسەریشم نیوەکەی دیکەی دەخۆین.»

***

ڕۆژ و هەفتە تێپەڕین، دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و... ژنەکەی ئەحمەدی کوڕێک و ژنەکەی محەمەدی کچێکی بوو. ئەو دوو منداڵە هێندە وێک دەچوون دەتگوت سێوێکن و لەت کراون، هەر دووک لا پێکەوە بانگی شەوارەی ئەو منداڵانەیان دا و هەرچی خەڵکی شاری هەبوو هەموویان بانگێشتن کردن و هەر لەبەرانبەر چاوی ئەو خەڵکەش ئەو دوو منداڵانەیان لێک حەڵاڵ کردن و ناوی یەکدییان لێ هێنان.

چاکترین دایەن و بەردەست و لەلەیان بۆ ڕاگرتن پەروەردەیان کەن. هەر دوو خێزان ماوەی پێنج ساڵی دیش پێکەوە زۆر بەخۆشییان گوزەراند. ڕۆژێکی ئەحمەد نەخۆش بوو و هەرچی حەکیم و لوقمان و داو و دەرمان هەبوو، دە هانای نەهاتن دوای چەند ڕۆژێکان بەدەردی دەڵێن تەمەنی درێژی بۆ برایمی کوڕی بەجێ هێشت. دوای مردنی ئەحمەدی محەمەد وای هاتە سەرێ ئەو شارەی بەجێ بێڵێ و بچێتە شارێکی دی، چونکە چاوی بەرایی نەدەدا دوکانی ئەحمەدی برادەری کە وەک برایەکی ئازیز و خۆشەویستی خۆی بوو هەموو ڕۆژێ جارێک بەداخراوی ببینێ.

هەرچی وەبەر دەستی هات فرۆشتی، ئەوەی بۆ سەفەرێش پێویست بوو هەمووی کڕی و ڕێی دوور و درێژی سەفەر و دوورکەوتنەوەی لەو شارەی گرتە بەر، تا گەییە شارێکی دی و لەوێ دوکانێکی دی دانایەوە و دەستی کردەوە بەکاری بازرگانی.

محەمەدی لێرە لەگەڵ ئیشی بازرگانیدا بەجێ دەهێڵین و دەچینەوە سەر و سۆراغی هاوسەری ئەحمەدی.

***

خێزانی ئەحمەدی بێوە ژن بوو و هەرچی دار و نەدار و سامانی ئەحمەدیش بوو هەمووی بۆ وی بەجێ ما. داواکار سەریان تێ کرد، هێندەی خوازبێنی دەهاتن ئاسوودەیی و ئارامیان لێ هەلگرتبوو. هەر کە ڕۆژ ئاوا دەبوو ئیدی ئەوە هەر دەڵال و ئەم و ئەو بوون بەردەرگەیان پێ دەگرت و هێندەی نەدەما دەرکەی لە گرێژەنە و ڕێسمە بەرن، بەڵام ئەو هەرگیز وەڵامی نەدەدانەوە و داوایەکانیانی ڕەت دەکردنەوە و ملی نەدەدا. چونکە ئەو خۆی تەرخانی کوڕە تاقانەکەی کردبوو لە سەری دانیشێ و گەورەی کا.

برایم گەورە بوو، بووە لاوێکی قۆڵ و بازو و تێکسمڕاو و توند و تۆڵ، ئەوەی بیدیبایە لە جوانیە وی ئاوی لە گەروێ گیر دەبوو، هەر بەڕاستی دەتگوت یوسفە و لە ئازایەتیەشدا دەتگوت ڕۆستەم و لە وشیاری و زرنگی و هۆشمەندیشدا ئەوە هەر لوقمانی حەکیمێک بوو بۆ خۆی. کە تەمەنی گەییە هەژدە ساڵەیی دایکی دەرکی دوکانێی بۆ کردەوە و خستیە سەر کاری بازرگانیە، ڕۆژ و مانگ تێپەڕین و ساڵ



ڕابردن. وای لێ هات ڕاستە و چەپەی خۆی بناسێ و سەر لە کاری بازرگانیە دەرکا، تا بووە بازرگانێکی وا، نموونەی بازرگانان.

برایم جێی بابی گرتەوە و زۆریشی پێ نەچوو لە تەواوی شاریدا کەس نەبوو قەرەی لە قەرەی بدا. داکە کە دیتی کوڕەکەی بۆتە پیاو، ئەو زێڕ و زەبەرەی کە لە دوای مردنی ئەحمەدیش بۆی بەجێ مابوو هەمووی خستەوە بەر دەستی برایمی و ڕۆژێکی پێی گوت:

«ڕۆڵە، یەکێکی دوور لەو شارەی ئێرە هەیە، دەبێ بچی بیخوازی و بیهێنیەوە. کە منداڵ بوون، ناوتان لێک هاتووە. ئێستا ئەو کچی عازەبە و تۆش ئەوا پیاوێکی تەواوی. بڕۆ بیبینەوە و بەبووکی بیهێنەوە ئێرە.»

دایکەکە دوو نامەی نووسی و گوتی:

«دوای ئەوەی کە دیتتنەوە، ئەم نامەیان دەدەیەی و ئەوی دیکەشیان دوای ماوەیەکی دی.»

لاوە کەل و پەلێکی زۆری لە بازاڕی خڕ کردەوە و کاروانێکی گەورەی بازرگانی وەپێش خۆی دا و کەوتە ڕێ. ئەو کاروانە چەندی پێ چوو کەس نازانێ. بەڵام دوای ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی چەندین قۆناغی دوور و نیزیک، گەیشتنە ئەو شارەی محەمەدی لێ دەژیا.

برایم لەجێ و ڕێی محەمەدی پرسی و بەپرسیاران دیتیەوە.

چووە دوکانەکەی، سڵاوی لە ئاواڵی بابی کرد. نامەکەی داکی دایە دەستی و زۆر هێمنانە لە لایەکی ڕاوەستا. محەمەد نامەکەی خوێندەوە، سەری بڵند کرد و لە برایمی ڕاما. سرنج و تەمەشایان تێک ئاڵقان و محەمەد چاوی پڕ بوون لە ئاو. ئامبازی یەک بوون و یەکترییان لە باوەش وەرێنا. هەر وەک بەڕاستی مام و برازا بن وا بوو.

دوایە کەوتنە قسان و بۆی گێڕایەوە کە چۆن هاتۆتە سەردانی یەکێکی وەک مامی خۆی و هەندێک کەلوپەلی بازرگانیشی هێناوە ساغی کاتەوە. برایم هێشتا دووەمین نامەی نەدابووە مامی.

محەمەد و برایم وێکڕا چوونە کاروانسەرایە و هەموو ئەو کاڵا و شتومەکانەیان هێنانە مەزادخانەی و لەوێیان بڵاو کردن. یەک دوو سەعاتی نەبرد ئەوی هەبوو و نەبوو هەر هەمووی فرۆشرا. ئێوارێ وەختی ڕۆژاوایە چوونەوە ماڵێ. کە ژنێ محەمەدی برایمی دیت وەک جگەرگۆشەیەکی زۆر خۆشەویستی خۆی دە ئامێزیی گرت و زۆری بەخێرهێنا.

نانی ئێوارێیان خوارد. کاتێ چوونە سەر جێی نووستنێ برایم دووەمین نامەی داکی دایە دەست مامی. محەمەد نامەکەی خوێندەوە و تەماشایەکی برایمی کرد و گوتی:

«ڕاستە کوڕەکەم، دەزانم ئێوە هەردووکتان دەزگیرانی یەکن. هەر لە یەکەم جاری چاو پێکەوتنم لەوە زیاتر بیرم لە هیچ شتێکی دیکە نەکردۆتەوە. بەڵام چ بکەم، نازانم چ بکەم، منیش مرۆڤێکی بەختیار و خۆشگوزەران نەبووم. هەر وەک برایە خودالێخۆشبووەکەم، شانس و ئیقبال و بەخت و ناوچەوانم نەیهێنا، ئەوەی ڕاستی بێ کچەکەی خۆم بەشایستەی تۆ نازانم و ئەو بەهاوشانی تۆ دانانێم.»

«بۆ مامە محەمەد؟»

«کوڕەکەم. ئەو کچە چاوێکی کوێر و قاچێکی گۆج و ئیفلیجە. دەم و چاوی هەموو زیبکە زیبکاوییە و لایەکی قژە سەری وەریوە، ئەو لە جحێڵێکی وەک تۆی لێهاتووی ڕێکوپێک و جوان ناوەشێتەوە. لەو

شارەدا کچی جوان یەکجار زۆرن، گەڕێکی بدە و وەرەوە و بزانم کێهەت دەسنیشان کردووە و من زەماوەندەکەی هەر لێرە لە ماڵی خۆمان بۆ ساز دەدەم.»

برایم گوتی:

«نا مامە، چارەنووسی من لەو کچەی ئێوە نووسراوە. من هەر ئەوم دەوێ و جگە لەو بەهیچ کەسێکی دی ڕازی نیم.»

محەمەد زۆری هەوڵ دا برایمی قایل کا بێ سوود بوو، چەندی کردی و کڕاندی برایم نەچووە گوێی، بەکورتی ناچار مان و هاتن ئەوەی بۆ زەماوەندی پێویستە ئامادەیان کرد. برایم بۆو ژن هێنانەی تەنیا مەرجێکی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە هەم لەوێ ژنی بۆ بگوازنەوە و زەماوەندی بۆ ساز دەن و هەم لە ماڵی خۆشیان لە لای داکی زەماوەندی ژن هێنان و گواستنەوەی بۆ بگێڕن، تا داکیشی دڵشاد و بەختەوەر کا. تەپڵ و دووزەلە و شەیپوور و کەڕەنا گوێی ئاسمانێیان کەڕ کردن حەوت شەو و حەوت ڕۆژان لە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنایان دا. تا توانیان خواردن و شەربەت و شەکراویان خواردنەوە و گۆرانییان گوتن و هەڵپەڕین.

سەرەنجام زاوا چووە پەردەی بووکێ. چ ببینێ، کچێک نە بکەی و نەبخۆی، تەماشای سای گەردنێی کەی.

کچێک کە قەڵەم لە نووسین و زمان لە دەربڕینی جوانی ویدا لاڵە. لە جوانیەدا دەتگوت مانگی چاردەیە و شەبەقی داوە. برایم هیچی نەگوت، گەڕایەوە و لە پەردەی هاتە دەرێ. میوانان هەموو بەغار چوونە لای محەممەدی و ئەو هەواڵەیان دایە کە زاوا بووکی بەتەنێ بەجێ هێشتووە.

محەممەد چووە دوو پەیسەری زاوای و پرسی:

«ها ڕۆڵە چ قەوماوە؟»

برایم وەڵامی دایەوە:

«مامە! باشە ئەو کارەت بۆ کردووە؟ من پێم گوتی لە کچەکەی تۆ زیاتر کەسی دیکەم ناوێ. کچە کوێر و کەچەڵەکەی تۆ بەلای منەوە زۆر لە کچی شای ئازیز و خۆشەویستترە.»

مامی قاقایەکی بڵندی کێشا و گوتی:


«کوڕەکەم، بڕیارم دابوو تاقیت کەمەوە. ئەوە کچی من و دەزگیرانەکەی خۆتە. هەر بەئانقەست گوتم ناشیرین و نالەبار و بەدفەڕە تا بزانم چ دەکەی؟»

برایم کە تێگەیی مامی بەڕاستی مەبەستی تاقیکردنەوەی وی بووە لە خۆشیان لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوە، کە تەواو ئارام بۆوە هەستا چووە نێو بازاڕی و ئەو کەل و پەل و کاڵا و کوتاڵەی دەیزانی لە شاری خۆیان دەفرۆشرێ هەمووی کڕین، کەژاوەیەکی هێنا و پڕی کرد لە قاڵی و مافووری زۆر بەنرخ و لە پشتی حوشترێی نا، تا بووک بەئاسوودەیی بگاتەوە ماڵی بەختی و لە ڕێیە لە سواری کەژاوەیدا ماندوو نەبێ.

برایم ماڵاوایی لە خەسوو و خەزووری کرد. محەممەد برایمی دە ئامێزێ وەرێنا و پشتێندەکەی لە پشتی خۆی کردەوە و دایە برایمی و گوتی:

«ڕۆڵە! ئەو پشتێندەی لە پشتی ببەستە، بەڵام نەکەی هەرگیز لە خۆتی کەیتەوە و لێت دوور بێ.»





برایم پشتێندەکەی لە پشتی بەست و لێک جودا بوونەوە. کاروان وەڕێ کەوت. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا دەمەدەمی خۆراوایە گەیشتنە سەر چەند سەرچاوە و کانیاوێکی. باریان لە وەڵاغان کردەوە و بڕیاریان دا شەوێ لەوێ بمێننەوە. برایم نەبێ کە خەوی نەدەچووە چاوان، دەنا هەموویان نووستن. هەستا خۆی توند کرد و لە چادری وەدەرکەوت و دەستی کرد بەهاتوو چوونی دەوری ئوردوی. تاریکە شەوێکە ئەنگوستە چاوی بێ مانگ و ئەستێرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چوار دەوری دەتگوت چراخان و ڕۆژی ڕووناکە، سەری سووڕما، باشە ئەوە چییە؟ ماوەیەک بەبێ دەنگی لە جێی خۆی ڕاوەستا، تا تێگەیی کە ئەو ڕووناکییە لە پشتێندەکەی وییەوەیە. تازە دەهات تێدەگەیی کە ئەوە پشتێندێکی ئاسایی نییە، بەڵکە پشتێندێکی ئەفسووناوییە، برایم کەوتە سەر خولیای زانستی ڕازی تەلیسمی ئەو پشتێندەی، پاڵتۆیەکەی داکەند و هەڵیدایە ئەولاوە، ئەوی لەو ناوە بوو بەو ڕووناکییە بەدەر کەوت، هەر دەو دەمەیدا عەرد و بەرد وەلەرزە هات، ئاسمان گرماندی و دەنگێکی یەکجار زۆر ترسناک هات کەمووی لەشی برایمی هەموو ڕاست بوونەوە لە حەژمەتان، لە پڕ دیتی ئەوا دێوێکی زەبەللاحی زۆر ترسناک بەرەو لای وی دێت، برایم خۆی کۆکردەوە. چووە پشت درەختێکی ئەو نزیکانە و خۆی پەنادا، شمشێری هەڵکێشا و ئامادەی شەڕ و نەبەردی دێوەی بوو.

دێوە گەیشتێ و گرماندی:

«برایم. ئومێدەوارم دایکت لە پرسەکەت دانیشێ، چۆن ئەوە تۆ بووی پشتێندەکەی منت دزیوە. ئەوە چەندین ساڵە بەدوایدا وێڵ و سەرگەردانم.»

دێوە پڕی دایە هەر دوو لاشانەکانی برایمی و ویستی بەعەردی دادا، بەڵام برایم خۆی لە چەنگی دێوەی دەرێنایەوە و شمشێرێکی وای گەیاندێ لەگەڵ عەردی تەخت کرد و گیانی چەپەڵی لە لەشی بۆگەنی جودا کردەوە. هەر خێرا سەری دێوەی بڕی و چوو چاڵێکی هەڵکەند و هاویشتیە ناوێ و خۆڵی وەسەردا.

لاشەکەشی لە لایەکی دیەوە لە بن گلّی ناو زەوییەکەی وا پامالّ کردەوە و وای شوێن ون کرد کەس نەزانێ لاشەکەی لە کوێیە. کە لەو کارانە بوەوە، دەستوبرد چووە سەر کانییە، تا دەست و دەم و چاوی بشوات و سەرێکیش لە چادری نەوبووکەکەی خوارکاتەوە.

کە هاتەوە دیتی دەزگیرانی نەنوستووە و هەر چاوەڕێی وییە بێتەوە. هەردووکیان پێکەوە تاسبەی سالّحان دانیشتن و قسەیان کرد. کە بەیانی بەردا لە چادرێ هاتە دەرێ، بار و بنە و شت و مەکیان بارکردەوە و کاروان کەوتە ڕێ.



یەک دوو ڕۆژ ڕابرد: سەرلەنوێ گەینەوە سەر کانی و ئاوێکی دی. برایم دیتی کاروان زۆر ماندووە و حوشتر و یەسترەکانیش تینوون و لەوە زیاتر بڕ ناکەن. بڕیاریان دا شەوێ لەسەر ئەو کانی و ئاوەی بخەون، هەر وەکوو جاری پێشوو هەر زوو هەموویان لە تاوی خەوێ بەلادا هاتن و لالّ و پالّ بوون و نوستن و کەوتنە پرخە پرخێ.

برایم هەستا و وەدەرکەوت و چەرخێکی بەدەوری ئوردوویدا دا. دووبارە وەک شەوانی دی و هەر لەهەمان کاتیشدا زەمین وەلەرزە هات و گرمە گرم لە ئاسمانی هەستا و دێوێک پەیدا بوو. دێوێکی یەکجار زۆر دڕندە و ترسناکتر لە دێوی پێشوو. دێوی سێ سەر!

هێشتا برایم دەستی بەخۆی ڕانەگەیبوو کە دێوە گورزێکی یەکجار گران و جانانەی حەوالّەی برایمی کرد و شمشێرەکەی لە دەست پەڕاند.

دێوە نارەتەیەکی لێدا:

«تازە ئەجەلت بەدەستی من هاتووە و هەر دەبێ بەدەستی منیش بچی و داکت لە پرسەت دانێم. ئەو کەسەی کوشتت ئەوە برای من بوو! مەرجە لە تۆلّەی وی گۆشتەکەت بکەمە کەباب و خوێنەکەشت بخۆمەوە.»

پەنجەی زۆرانبازی و ململانێی مەرگ و ژیانیان لێک دا. لە مەیدانی یەکدیرا هاتن. هێندەیان یەکدی هێنا و برد شل و کوت ببوون. تا دەمە دەمی بەیانی، برایم لەگەلّ تەکانێ دێوەی لە عەردی کوتا و نەیکردە نامەردی و هەلّیکێشایە شمشێری و دایهێنایە ملی دێوەی و هەر سێ سەری وێکڕا لە لەشی جودابوونەوە و هەر یەکەیان بەلایەکیدا لێک بلاّو بوون. هات هەموو سەرە دێوەکانی بەتەنێ لە چالّێکی نان و چوو لەسەر ڕووبارێ خۆی شووشتەوە و لەسەرەخۆ بەرەو لای چادری دەزگیرانییەوە چوو. بۆ بەیانی زوو کاروان باری بەستەوە و سەرلەنوێ وەڕێکەوتنەوە تا گەینە جێیەکی زۆر لە شارەکەی مالّی برایمیەوە دوور نەبوون لەو شوێنەش سەرچاوە و کانیاوێکی زۆر سارد و ڕوون و فێنکی لێ هەلّدەقولّی، و هەر لەوێ دیسانەوە بارگەیان خستەوە.



برایم لە دلّی خۆیدا گوتی:

«ئەگەر خوا بکا ئەو شۆ هیچ ڕوو نەدا، ئیدی ئەوە لە کۆلّ دەردەسەرییان دەبمەوە.»

هەر کە هاوڕێیەکانی نووستن، سەرلەنوێ لە چادری هاتە دەرێ و کەوتەوە گەڕانی دەوری ئۆردووی. تا بەری بەیانی هەر هات و چوو. بەلاّم هیچ نەبوو و چ شتێکیش ڕووی نەدا. هێندێکی دیش ڕاوەستا. کەس نەبوو. تا دەشهات بەیانی زیاتر دەنگوت. برایم دلّنیا بوو کە چ نابێ، هاتە سەر کانییە تێکەوێ، خۆی ڕووت کردەوە، پشتێندەکەی لە لایەکی دانا تا ڕووناکییە زیاتر بدات و خۆشی هاویشتە کانییە. هەر لەگەل خۆ تێهاویشتنێ وەک گوێی لە دەنگێکی بووبێ دەستوبرد هاتەوە سەر ئاوی، سەری بلّند کرد، لە حەژمەتان زمانی گیرا، بالّندەیەک داهاتە پشتێندەی و وەک تیرێک لە کەوان دەرچووبێ لە شەققەی بالاّنی دایەوە و هەستایەوە و فڕی.

هەر برایم برایم بوو لە کانیە دەرپەڕی و دەستوبرد جلەکانی لەبەرکردنەوە و سەری لە دوو بالّندەی فڕیو نا، هەر ئەو لەسەر عەردی بەغار و بالّندە لە ئاسمانێ بەبالاّن. دەڕۆیشتن. تا وای لێ هات بالّندەکە لەبەر چاوان ون بوو. برایم سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، دیتی ئەوا هەوا خەریکە ڕووناک دەبێ و وردە وردە گزنگێ دەدا. لە تاوان لەپەوڕوو کەوت و هەر پەککو پەککوی بوو کە ئەو هەموو شەو بێداری و ئەو هەموو بەگژداچوونەی دێوان و دواییش بالّندەیەک بەزەقایی چاوی وی پشتێندەکەی فڕاند و ڕۆیی؟ ئێستا چۆنا و چۆن بچێتەوە بەردەمی دەزگیرانی؟ چی پێ بلّێ و بلّێ چی؟

چێشتەنگاو قایم و هەوا گەرم ببوو. کە سەری بلّند کرد لەو نیزیکانە شارێکی بەدی کرد. ڕاست بۆوە و بەڕێ کەوت: هەرچی بوو بوو...

***

دەزگیرانی برایمی هەر چاوەڕێ بوو داخوا برایم کەینێ دێتەوە. هەروا چاو لە ڕێ بوو کە ئێستا نا ئێستا پەیدا دەبێتەوە و لەو غەم و نیگەرانی و دلّەڕاوکێیەی ڕزگار دەبێ. بەلاّم برایم هەر وەک قەت نەبووبێ، نەهاتەوە و نەهاتەوە و نەهاتەوە. کچە باوەڕی نەدەکرد وابێ. لە چادری هاتە دەرێ بەدوایدا بچێ. سەرێکی لە چادری برایمی خوار کردەوە. تەواوی ئەو دەوروبەرەی پشکنی بەلاّم نەیدیتەوە. زۆر تەنگەتاو و هەراسان بوو و دەستی بەبیرکردنەوێ کرد:

«دەبێ هاوسەرەکەی چی بەسەر هاتبێ؟»

هەر بەدەم بیر و خەیالاّنەوە هەنگاوی دەنان تا خۆی لە سەر کانییە دیتەوە. پێلاّو و کلاّوە ئاوریشمینەکەی برایمی لە قەراغی کانیە دیتنەوە بەلاّم چ هەوالّێک لە خاوەنەکانیان نەبوو. ئەوەی کە لە برایمییەوە بەجێ مابوون کۆی کردنەوە و زۆر بەوردی چاوێکی بەدەوروبەریدا گێڕا. جێ پێیەکانی برایمی کە بەرەو قوولاّیی بیابانی چووبوون بەدی کرد. ئەوەی بەخەیالّدا هات:

«ئەگەر کاروانچییەکان بزانن برایم لێرە نییە و ئەو بەتەنێیە، کێ دەزانێ چ ڕوو دەدا؟»

خۆی تێک نەدا و دەستوبرد هاتەوە نێو چادرەکەی برایمی و یەک لە بوخچە جلەکانی برایمی کردەوە و دەستە جلێکی وی دەرێنا و لەبەری کرد، تەماشایەکی ئاوێنەی کرد. بۆ خۆشی سەری لەو هەموو وێکچوونەی بەبرایمی سووڕ مابوو. هەروەک سێوێک بووبن و لەت کرابن. تەنیا جیاوازییەکی کە هەیانبوو ئەوە بوو کە برایم چاوی ڕەش و ئەو چاوی شین بوو. کیژە پارچە ئاوریشمێکی هێنا و

سووتاندی و دەوروبەری چاوی خۆی پێ ڕەش کرد و هاتەوە بەر ئاوێنەی، بەڵام تا ئێستا جیاوازی هەر ماوە. بڕیاری دا چاوەکانی بەپارچە ئاوریشمێکی تەنک ببەستێ. ئەوەی زوو کرد و چاوەکانی شاردنەوە و چووە دە چادری برایمی و چاوەڕێ ما.

هەموو لە خەوێ هەستان و ئۆردوو وە جموجۆڵ کەوتەوە. بارگە و بنەیان لە وەڵاغان نایەوە و یەک لە پیاوەکان سەرێکی لە چادری برایمی خوار کردەوە و پێی وابوو تا ئێستا هەر نووستووە:

«هەستە براله، هەستە ئەوە ڕۆژ لە تاقی ئاسمانێیە، دەبا ئێستا لە ڕێیە باین.»

کیژە بێ ئەوەی هەستی لێ بێ هەستا و لە چادری وەدەرکەوت. ئەسپی برایمیان بۆ هێنا. زۆر چاپووکانە خۆی هاویشتە سەر پشتی. کاروان وەڕێ کەوت. کە پیاوەکان دیتیان ئەربابیان چاوی خۆی بەستوونەوە پرسیان:

«کاکە ئەوە چ بووە؟»

«کچە دەنگی خۆی گۆڕی و گوتی:

«دوێ شەوێ لە سەر کانییە خۆڵم چووە دە چاوییەوە.»

سەرەنجام دوای چەند ڕۆژێکان کاروان گەییەوە شاری برایمی. کچە بەپیاوەکانی گوت:

«من چاوم بۆ هەڵنایەن کاروانەکەی بەرەو ماڵی خۆمان لێخوڕن.»

داکی برایمی لە پێشدا هەواڵی هاتنەوەیانی پێگەیشتبوو. بەخۆشی و شادییەوە بەرەو پیری چوو، بەڵام کە دیتی چاوی پێچاون دڵی خورپەی کرد و زۆر بەدڵەڕاوکێوە، دەئامێزێی گرت و بەسینگ و بەرۆکی خۆیەوە نووساند و پرسی:

«ڕۆڵە، کوڕەکەم ئەوە چاوت چی بووە؟»

«چ نییە دایە گیان، هێندێکم خۆڵ چۆتە دەچاوان.»

چوونە ژووری ماڵێ.

پیاوەکان لێرە لەگەڵ بار خستنێ بەجێ دەهێڵێن و دێینەوە سەر و سۆراغی داکێ برایمی.

دایکە بەرەو کەژاوەکێ چوو، سەری پێ داگرت کەسی تێدا نەبوو.

گەڕایەوە دیوی ماڵێ:

«ڕۆڵە! ئەدی دەزگیرانت کوا؟»

«کام دەزگیران؟ ئەتۆ ئەمنت ناردە دووی کچێکی شەل و کوێر و کەچەڵ و پێت گوتم ئەوە دەزگیرانتە و بڕۆ بیهێنە، وەک کچ لە دنیایە نەمابن. پێت وابوو کچێک بۆ من قاتە بیهێنم.»

داکی زۆر ناڕەحەت و دڵتەنگ بوو و گوتی:

«بەڵام کوڕی خۆم، وەرەوە سەر خۆ و تێمگەیەنە چ ڕووی داوە؟ ئەو کچە چۆن شەل و کوێر بوو؟ من سەرم لەو شتەی دەرناچێ.»

کچە بەسەرهاتەکەی دەست پێ کرد:

«مامەکەم کچێکی هەیە، لاقێکی شەلە و چاوێکی کوێرە و دەم و چاوی دەڵێی توێڵکە شووتیە و مریشکان دەندووکیان لێداوە و پیس و پۆخڵ و چڵکن و کوڵکن. ئەگەر توورەکە هەرزنێکی لەسەر دەم و



چاوان ڕۆکەی دەنکێکی ناکەوێتە عەرزی.

لەوەش خراتر، تووڵەک بووە و هەموو قژی سەری وەریوە.»

داکەکەی دەبیرەوە چوو و دوای تاوێک گوتی:

«نا، نا، ڕۆڵە، ئەوە شتێکی تێدایە، خراپی تێگەییوی، مامت نەیویستووە کچەکەیت داتێ. من لەوە دڵنیام نە دەم و چاوی ئاوڵاوی و نە سەریشی ڕووتاوەتەوە. ئەو دەڵێی مانگی چاردەیە لە ئاسمانێ هێندە جوانە. ئەوە دەبێ چی بەسەر هاتبێ؟ فێڵێکی تێدایە. هەڵیان خەڵەتاندووی.»

کچە گوتی:

«من ئەوە نازانم، نەمهێنا و بڕایەوە، وا چاترە هەر لێرە کچێکی بۆ خۆم بێنم.»

دوای نان خواردنێ داکی برایمی بەکوڕەکەی گوت:

«زۆر چاکە ڕۆڵە، جارێ بچۆوە ژوورەکەی خۆت و تاوێک بنوو و هێندێک وەحەسێ، دیارە زۆر ماندووی.»

بەڵام کچە چووزانێ بچتە کوێ. چۆن بزانێ ژووری برایمی لە کوێیە! گوتی:

«دایە! من ناتوانم چاوان هەڵێنم، وەرە دەستم بگرە.»

ژنە هات دەستی گرت و بردیە ژووری برایمی. هەر کە داکەکە ڕۆیی، دەستوبرد جلەکانی دانان و درێژ بوو و خەوی لێکەوت. بەیانی شەبەقیان هەستا. چاوەکانی بەستنەوە، قاوەڵتی کرد و بانگی پیاوەکەی کرد:

«وەرە خێرا بمبە دوکانێ.»

پیاوە دەستی کچەی ڕاکێشا. بەڕێیەدا هات هەتا گەینە دوکانێ. چووە ژوورێ و دەستی بەڕێکخستنی دووکانێ کرد. پارچەکەی سەرچاوی کەمێک هەڵکێشا و دەستی بەکارێ کرد. وەختی نیوەڕۆیە چەرخێکی بەبازاڕیدا لێدا و تەماشایەکی بازاڕ و دوکانەکانی کرد. هێندێکیشی کل کڕی و لەگەڵ خۆی هێنایەوە ژووری دوکانێ و دەرکی دوکانێی دادایەوە و دەستی بەچاو و برۆ ڕەش کردنی خۆی کرد. دە ئاوێنەی ڕوانی، چاوی هێندێک ڕەش ببوون، بەڵام نەک وەک ڕەشی چاو و برۆی برایمی. کچە نەیویست چ بەداکی برایمی بڵێ. لەوەی دەترسا بەبیستنی ون بوونی کوڕە تاقانە جگەرگۆشەکەی بەلادا بێت و دڵی ڕاوەستێ. ئێوارێ دەرکی دوکانێی داخست و بەرەو ماڵ بۆوە. ڕۆژی پێشتر ڕێ و بانی نیشانە کردبوو و پێی دەزانیەوە. داکە هەر وەک جاران بەرەو پیلی کوڕەکەی چوو. کە تێی ڕوانی سەری سوڕما کە ڕەنگی چاوی زیاتر بەلای شینیەدا دەنوێنێ، بەڵام دەنگی نەکرد. هەستی کرد کوڕەکەی ماندووە و تەندروستیشی باش نییە.

بەڵێ هەر کارێکی برایمی هەبوون کچە هەمووی ئەنجام دان و تا دەشهات کارەکانی ڕەونەقیان زیاتر پەیدا دەکرد و بەناو و ناوبانگتر دەبوو. تا وای لێ هات لەو شارەیدا کەس نەبوو شان لە شانی بدات. ئێستا با ئەو لەگەڵ ئەنجامدانی کاروباری مێردەکەی بەجێ بێڵێن و بچینەوە سەر و سۆراغی برایمی و تا بزانین تاک و تەنیا و سەرگەردان چ دەکا و چ بەسەرهات و ڕووداو و کارەساتێکی دێتە ڕێ.

***

برایمـان لە ڕێیـە بەجێ هێشـتـبـوو، ڕووی لە شـاری کـرد. خـۆرەتاو سـووتـاندبووی، لەوبەری شـاری کەلاوەیەکی چۆڵی هاتە پێشێ و ڕووی دەوێ کرد و چووە وێ، دیتی ئەوا پیرێژنێک نانی بەتەندوورێوە دەدا. تەندوور چەرە دووکەڵێکی وای لێ دەهاتە دەرێ چاوی پیرێژنێی پڕ کردبوو لە ئاو. برایم سڵاوی لێ کرد:

«داپیرە سڵاو!»

«سەرچاوان ڕۆڵە!»

پیرێژن جێیەکی بۆ برایمی ڕاخست و سەرینێکی وەبن سەری دا و گوتی:

«دانیشە کوڕی خۆم.»



برایم دانیـــشت. پیـــرێژن دیتی برایم زۆر دڵتـــەنگە، پرسی:

«کوڕە لاو! پێم ناڵێی بۆ وا هێندە نائومێد و غەمبار و دڵتـەنگی؟ بڵێ بزانم، بەلکە ئێ بتـوانم یارمـەتییـەکت بدەم.»

برایم هەرچی ڕووی دابوو دانیشت هەمووی بۆ پیرێژنێ گێڕایەوە. پیرێژن گوتی:

«کوڕەکـەم! ئەو پشـتێندەی تۆ جادووگەری حەوت باڵ بردوویەتی.»

«جادووگەری حەوت باڵ کێیە؟»

پیرێژن وەڵامی دایەوە:

«جـادووگـەرێکە لە کـێـوی "ئەنبـەرگی یۆخ" دەژی و گـەیشـتنە وێش کـارێکی هەروا ئاسـان نیـیـە. هەمـوو کـەسێک ناگـاتە ئەو کـێـوەی. گـەیشـتنە وێندەرێ یانە مـردن. تا ئێـسـتـا هیچ کـەسـێک بەزیندووەتی لەوێڕا نەگەڕاوەتەوە. بەڵام من نهێنییەک هەیە پێت دەڵێم.»

برایم گوتی:

«داپیرە! دەی تکات لێ دەکەم زووبە پێم بڵێ.»

«کوڕەکەم، هەموو شتێکت پێ دەڵێم، بەڵام نەکەی لە بیریان کەی.»

پیرێژن لەو تەلەزگەیەشی ئاگادار کردەوە کە:

«تەنانەت ئەو کـەسـەی ئەو ڕازەش بزانێ دەبێ زۆر ئازا و دلێـر و بەزیبک و زاکـون بێ تا کـاری جادووگەرەی یەکسەرە کاتەوە.»

برایم زۆری پەلە لێ کرد:

«تۆ هەرگیز غەمی ئەو لایەنانەت نەبێ. تۆ تەنیا ئەو شتەم پێ بڵێ و هەقت نەبێ.»



پیرێژن وەڵامی دایەوە:

«زۆر چاکە، پیـرێژن مـەنجـەڵێکی یەکـجـار زۆر گـەورەی هەیە. ئاگـرێکی خـۆشی لە بنە، شـەو و ڕۆژ ئاگرێکی وەک ئاگری دۆزەخ بەتینی لە بن دەسووتێ. ئەگەر بتەوێ دەستت بگاتە ئەو جادووگەرە، دەبێ دەپێشدا ئەو ئاگرەی وەمرێنی و بیکوژێنیەوە.»

برایم پرسی:

«داپیرە، دەکرێ پێم بڵێی ئەو ئاگرەی چۆن وەمرێنم؟»

«پێت دەڵێم چۆنی وەمرێنی. لێرەوە تا دەگەیە ئەو کێوە و سەر ئەو مەنجەڵە ڕێی حەوت مانگانە. دە ڕۆژی دوایی پرزەت لێ دەبڕێ و توانای ڕێکردنت نامێنێ. ئاور زمانەی دەکێشێ و گەرما لە پەل و پۆت دەخا. بەڵام تۆ هەر برۆ و ڕامەوەستە، نەگەڕێیەوە. جا ڕۆلە ئێستا بەتەواوی لەقسەکانم گەیشتی؟»

«بەڵێ داپیرە، زۆر چاک تێگەیشتم.»

«گـوێت لەوەش بێ، لە لای ڕاسـتی مـەنجـەڵەکەوە درزێک لە بەردێکی دایە، دار سـێـوێک لەو درزەی دایە و یەک تاکە سێوی پێوەیە، دەبی تۆ ئەو سێوەی لێ بەردەیەوە عەرزی، بەڵام کارەکە بەوەندەی تەواو نابێ. ئەگەر توانیت و سێوەکەت بەردایەوە ئەوە دەبێ خۆت بۆ هێرشێکی یەکجار توند و تیژ و ترسناک ئامادە کەی کە لە هەر چوار لاوە بۆت دێت. بەڵام نەکەی هەڵخەڵەتێی، هیچ نییە.»

برایم ڕاست بۆوە و سوپاسێکی زۆری لە پیرێژنێ کرد و هێندێکی دراو دە دەستی نا و دوای پرسیاری جەمسەری ئەو ڕێیەی ملی لێنا.

تا ئەو لە ڕێیەیە با بچینەوە سەر و سۆراغی - درۆزنە برایم-ی دەزگیرانی.

کیـژۆڵەکـە هەرچی کـارەکـانی بازرگـانی هەبوون هەمـوویانی زۆر بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدان و کـڕیار و فـرۆشیـارێکی زۆری لە خـۆ خڕ کـردبوونەوە. دوکـانی بازرگـانی برایمی لە چاو دوکـانی بـازرگـانەکـانی دی هەمیشە پڕ لە کڕیارتر بوو و جمەی دەهات. ناو و ناوبانگی وی لەسەر هەموو زمانان بوو و هەمیشە ڕێز و متمانەیەکی تایبەتی و جیاوازتری وی لە نێو خەڵکیدا هەبوو.

دارۆغـە، گـەورە ئەفـسـەری شـاری، ناو و ناوبانگی ئەو بـازرگـانە لاوە دەبیـسـێ. داوەتێکی گـەورەی سازکرد و ئەوی بۆ ماڵە خۆی بانگهێشت کرد. پێ دەچوو دارۆغە یەکجار زۆر شیفتەی ئەو بازرگانە لاوە بووبێ. دارۆغـە ئەوی لە تەنیشت خـۆیەوە دانا و بەری قسـە و باسانیـان لە هەمـوو بارەیەکـەوە بەرهەڵدا کرد. دوای نانی شێوان "برایم" هاتەوە مـاڵێ. دوو سێ ڕۆژی دیکە پێـچۆوە و سەرلەنوێ دارۆغـە برایمی بانگهێشتن کردەوە.

دارۆغە لە هەلێکدا بەمێوانەکەی گوت:

«دۆسـتی ئازیزم، پێم خـۆشـە لاوێکی وەک تـۆ ئازا و زرنگ و هوشـیـار و چاپووک و وریا کـچـێکی وا بێنێ کـە شـایسـتـە و شایانی شانو شـەوکـەتی خـۆی بێ، بۆیە وام پێ چاکـە کـچـێکی لەو چەشنانەت بۆ بدۆزمـەوە و تـۆش بیـخـوازی و بیـهـێنی، نەک لاوێکی ئاوای وەک تـۆ تووشی بەتـووشی کـچـێکی بێ بنەچەکە و ناخانومان و ناڕەسەنەوە بێت.»

دەزگیرانی برایمی تێمابوو چۆن و چ وەڵامێکی دارۆغەی بداتەوە؟

هاتەوە مـالێ. دە بیر و خـەیالّی ئەوەیدا بوو ئەگـەر دارۆغـە هەر پێی داگـرت کـچـێـکی بۆ بدۆزێتـەوە بیهـێنێ، چ بکا ؟ کـچەی بەسـتـەزمـان هێندەی ئەو بیر و خـەیالاّنە دە مێـشکی خۆیدا هێنان و بردن ئەو شەوە تا سبەینێ خەوی نەچووە دەچاو ان.

پێش تاو هەلاّتێ چووە دوکـانێ، دەو دەمـەیدا کـە دەرکی دوکـانێی دەکـردەوە، دەنگی بازرگـانەکـەی تەنیشتی بیست کە پێش وی هاتبووە بازاڕێ و خەریکی هەلّوێژاردنی دوکانەکەی بوو. هەر کە کچە چووە ژووری دوکـانێ، دراوسێـیەکـەی چووە لای و دەرکی دوکـانێی پێـوەدا و لەلایەکـیەوە دانیـشت و دەسـتی بەقسان کرد:

«پێشینیانمان پەندەکیان هەیە دەڵێن: دراوسێی چاک لە کەسوکاری دوور چاکترە. ئەوە چەند مانگە کە ئێـمـە دراوسـێین، نەک هەر سـاردیەکـمـان نەبووە بەلّکە پشت و پەنا و یاریدەدەری یەکـتـریش بووین. ئێستاش بۆ شتێکی یەکجار زۆر گرینگ هاتوومە لات. ئەویش دەپێشدا پێم خۆشە بزانی داخوا ئەوەی بەبیر و مێشک و خەیالّی مندا دێت دەتوانم بەڕاشکاوی پێت بلّێم و گوێی لێ بگری یان نا ؟»

کچە وەلاّمی دایەوە:

«ئەو قسـانە چن؟ مەبەستت چیـە کە دەڵێی داخـوا دەتوانم قسـان بکەم یان نا ؟ فەرمـوو گـوێم لێـتـە. ئەوەی بەدلّتدا دێت بیلّێ.»

دراوسێیەکە سەری بەردایەوە و بێدەنگ بوو. دوای تاوێک زۆر بەگرانی دەستی بەقسان کرد:

«دیارە مـاوەیەکی زۆر نیـیـە کـە من دراوسـێی تۆم. کـاتێ کـە ئێـوە چوونە سـەردانی مـامـتـان من ئەو دووکانەم کردەوە. ئەودەمەی هاتیەوە یەکـترمان دیت. من پێم خۆشە ئەو دۆستایەتیەمان تا بێ پتەوتر بێت و هەرگیز ناخۆشیمان نەکەوێتە نێوانێوە.»

کچە گوتی:

«خوا نەکا! جا بۆ ناخۆشیمان دەبێ؟»

دراوسێیەکە وەلاّمی دایەوە:

«لەپێشدا پەیمانم بدەیە کە ئەو قسانەمان هەر لە بەینی خۆمان دەبێ و کەس پێی نازانێ.»

کچە گوتی:

«زۆر چاکە، پەیمان بێ.»

جا ئەوجار دراوسێیەکە سەربوردەکەی دەست پێ کرد:

«دوای دوو ڕۆژان کە هاتمە ئەم شارە، ئەم دووکانەم کردەوە، پاشا دارۆغەی پێش ئەوەی ئێستای لەسەر کـار لادا و ئەوەی ئێـسـتـای خسـتـە جێی- ئەو دارۆغـەیەی کـە دوو جـارانت چاو پێـکەوتووە - هەرچەندە من لەوێ نەبووم، بەلاّم پێش گـەڕانەوەی ئێـوە، لە لای ئەو چەند جـارێکان هاتمە مـالّێ وان. و هەر ئەو قسانەشی بەتۆ گوتوون کە ماوەیەک پێش ئێستا بەمنیشی گوتوون.»

«جا قسەکانی دارۆغەی چ بوون؟»

«ئەو پێشنیاری کچەکەی خۆی بۆ کردم بیهێنم.»

کچە ویستی زار هەلّێنێتەوە و شتێکی بلّێ، دراوسێیەکەی قسەکەی پێ بڕی.



«دەزانم پرسیاری ئەوە دەکەی داخوا ئەو قسانەی دارۆغە بۆ تۆی کردوون من چۆنم بیستوونەوە. پێت دەڵێم. کە لێشت دوور کەوتمەوە و ڕۆیشتم پێم خۆشە قسـەکانم سەد جار تاوتوێ کەیت و هەلّیانسەنگێنی و دوایی ئەنجامەکەیم پێ بلّێیتەوە. کچی دارۆغەی بۆ خۆی قسـەکانی ئێوە و ئەوی بۆ گێڕامەوە. پێم خۆشە ئەوەشت پێ بلّێم کە پێش هاتنەوەی ئێوە لە سەفەرێ من دەولّەمەندترین و لاو چاکترین کوڕی ئەو



شارە بووم. دارۆغەش ئەوەی چاک دەزانێ و هەر بۆیە منی بەزاوای خۆی هەلّبژارد. بۆیە هات منی بانگهێشتی مالّە خۆیان کرد و بردمیەوە مالّێ. جارێکی داوای لێ کردم کە دەبێ هێندێک زێڕ و زەبەر و مـرواری و خـشلّ بەرم پێشانی کچەکەی بدەم. چووم. بەڕاستی کچەکەشی هێندە نەرم و نیـان و دلۆڤـان و ژیکەلّە بوو هەر لەوێ شـەیدای بووم، ئەویش هەر بەهەمـان شـێـوە گـیـرۆدەی من بوو، سوێندمان بۆ یەکدی خوارد تا سەربین بۆ یەکدی. کە تۆ گەڕایتەوە، دارۆغە بەوەی زانی کە تۆ لە من دەولّەمەندتر و بەتواناتری، هات بڕیارەکەی پێشووی خۆی گۆڕی کە کچەکەیم داتێ و تۆی بۆ ئەو زاوایەتییە ڕەچاو کردووە... بۆیەش ئێستا ئەوا من هاتووم و دەستەودامانی تۆم...»

هاوسەری برایمی قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

«بەسیەتی دراوسێیەکەم، بەسیەتی. هەموو شتێکی تێگەیشتم، بڕیاری منیش هەر ئەوەیە کە تۆ و ئەو کچە هەر دەبێ بۆ یەکتری بن.»

دراوسێیەکە هیچی نەگوت. تەنها سرنجێکی ستایش ئامـێـزی دایە و هەسـتـا لەسـەرخـۆ وەدەرکـەوتن بەلاّم کیژۆلّەکە دەبیر و خەیالّێکی تا بلّێی یەکجار قوولّەوە چوو.

«چاکە کچی دارۆغەی شەیدا و ئەویندارە؟ دەبێ لایەنی ئەو دوانە بەرنەدەم و کارێکی هەر بکەم.»

هەر دەو دەمەیدا پاسەوانێک لەبەر دەرکی دوکانی پەیدا بوو و گوتی:

«دارۆغە فەرموویەتی کە جوانترین و شایستەترین زێڕ و زەبەر و خشلّی ژنانەی کە هەتانە، بەرنە مالّی دارۆغەی تا کچەکەی یەکێکیانی بۆ خۆی لێ هەلّبژێرێ.»

هاوسەری برایمی گفتی دا کە ئەو کارەی بکا. هەر کە پاسەوان دوور کەوتەوە، ئەو خێرا و دەستوبرد خۆی گەیاندە دووکانی دراوسێیەکەی و هەموو شتێکی پێ گوت:

«ئێستا دەچم، زێڕ و زەبەران دەگەلّ خۆم دەبەم و هەولّ دەدەم هەموو ئەو بڕیار و پەیمانانەی لە نێوان خۆماندا داومانن هەمووانی پێ بلّێم و هانیشی بدەم بیرێک لەو کارەش بکاتەوە. دەبێ ئەو کارەش وابکەین کە سەرەنجامەکەی بەخێر و چاکە و خۆشی بگەڕێ. دەنا ئەگەر وانەبێ دارۆغە زۆر بەئاسانی دەتوانێ تۆلّەمان لێ بکاتەوە و دەمارمان لە ڕۆژگاری دەربێنێ. کەسێک کچەکەی خۆی بەزێڕ و مالّی

دنیایە بدا چاوەڕێی ئەوەشی لێ دەکرێ هەرچی لە دەستی دێ بیکا.»

بەڵێ "برایم" یەک توورەگە ئەڵماس، ئەنگوستیلە و گوارە و بازنە و خرخاڵی هەڵبژاردن و بەرەو ماڵێ دارۆغەی وەڕێ کەوت. دارۆغە بانگی خزمەتکارەکەی کرد تا "برایم"ی بەرێتە ژووری کچەکەی. دارۆغە بەبازرگانی گوت:

«ڕێی بدەن هەرچی هەڵبژارد دەستی وەبەر دەستی مەنێ. دواییش وەرەوە لای خۆم هێندێک قسە هەن دەیان کەین.»

خزمەتکار ئەوی بردە ژووری کچێ دارۆغەی. لەگەڵ ئەوەشدا کە "برایم" تەنیا یەک وشەشی لەگەڵ خزمەتکارەکەی نەگوتبوون بەڵام دیسانەوە خزمەتکارەکە تێگەیی کە "برایم" خاتری کچەکەی زیاتر دەوێ لە خاتری دارۆغەی و زیاتریش لایەنی وی دەگرێ. ئەویش ئەوەی پێ خۆش بوو. دوای تێپەڕین بەلای چەندین ژوور و داڵاناندا گەیشتنە ژووری خانمێ. بازرگان کچەی بەپێچە و چارشێوەوە دیت، خۆی داپۆشیوە. خانم بەخێرهاتنی میوانی کرد و پێی گوت دانیشێ. دانیشت، توورەگەی هەڵڕشت و هەرچی زێڕ و زەبەر و خشڵی ژنانەیە، ئەنگوستیلە و گوارە و ملوانکە و بازنە و خرخاڵ. هەمووی لە پێش ڕۆنان. کچی دارۆغەی دەستی بۆ هیچیان نەبرد. بەڵام تێیرا دیار بوو کە دڵی کەوتۆتە سەر یەک لەئەنگوستیلەکان و پشتێندێکی و چاوی و ڕوویان لێ وەرناگێڕێ.

کچی دارۆغەی گوتی:

«ئێوە هیچ دراوسێیەکی گەوهەر فرۆشتان هەیە ناوی ئەحمەد بێ؟»

وەڵامی دایەوە: «بەڵێ.»

کچی دارۆغەی دەستی لە بن چارشێوی هێنایە دەرێ و گوتی:

«ئەوەی دەبینی؟ ئەو ئەنگوستیلەیە ئەو بۆی هێناوم. سەیری کە! چ ئەڵماسێکی ساغە، ئەوانەی تۆ لە چاو ئەوەی هەموو دەڵێی تەنەکەن و وەک شووشەی پیس و پەلۆخ لێڵ و تاریکن.»

بەڵام بازرگان زۆر لەوی شارەزاتر بوو کە سەیری ئەو ئەنگوستیلەیەی ئەحمەدی کرد و لەگەل ئەوانەی خۆیدا بەراوردی کردن دڵنیا بوو کە ئەوانەی وی سەد بەرابەری نرخی ئەو ئەنگوستیلەیە بەنرخترن، بەڵام تێگەیی کە کچی دارۆغەی بەئەنقەست ئەو قسانەی کردن.

دوایی کچە ئاماژەی بۆ ئەو پشتێندەی بەردەمی کرد و گوتی:

«ئەوە لە بەرانبەر ئەوەی کە ئەحمەد بۆی هێناوم هەر هیچ نییە، نا، نەخێر هەر هیچ نییە و من هەرگیز ئەو پشتێندەی تۆم بەپوولێک ناوێ و بەخۆڕاییشی لە پشتی نابەستم. ئەو شتانەی تۆ هیچیان لەگەڵ ئارەزوو و حەز و سەلیقەی مندا وێک ناکەونەوە. تۆ وەک بازرگانێکی دەوڵەمەند چ ڕەوشتێکی چاکت هەیە؟ تۆ پێت وایە کە بێ ئەمەکی و خەیانەت لەگەل دۆستایەتی و ڕاستی و خۆشەویستیدا پێکەوە هەڵکەن؟»

میوان وەڵامی کچی دارۆغەی دایەوە:

«نەخێر خانم، من لەوانە نیم هەرگیز بتوانم بێ ئەمەکی و خیانەتێ بکەم. پێش ئەوەی بێمە ئێرە لەگەڵ دراوسێیەکەم دواوم. ئەو، ئەوی لە دڵیدا بوو پێی گوتم.

باوەڕ کە گەورەترین ئارەزووی منیش هەر ئەوەیە هەمیشە و هەتاهەتایە ئەنگوستیلە و پشتێندی وی



لە پەنجە و کەمەری تۆدا ببینم.»

کچی دارۆغەی بەدوودڵیەوە پرسی:

«ئەدی بۆ هاتووی هەموو ئەو گەوهەر و زێڕ و زەبەرە بێ نرخانە بەمن پێشاندەی؟ ئەوانە چ نرخێکیان هەیە لای من؟»

کچە وەڵامی دایەوە:

«خانم! باوکتان خەیاڵی زەماوەندی من و تۆی لە کەللەی داوە. من و ئەحمەد و تەنانەت تۆش ئەوە دەزانین، ئیدی بۆ خۆتم لێ هەڵە دەکەی؟ ئێوە بۆ خۆتان دەزانن ئەگەر من گوێ نەدەمە قسەی دارۆغەی ئەوە من و ئەحمەد و تۆش هەر هەموومان پێکەوە لە ناو دەبا، ئێمە دەبێ هەرسێکمان پێکەوە دەست بدەینە دەستی یەک تا ئەو گەمەی ببەینەوە.»

بە کورتی، هەرسێکیان بوونە یەک، بەڵام ئەحمەدی بازرگان و کچی دارۆغەی هەرگیز بەلای ئەوەدا نەدەچوون کە ئەو ئاواڵە خۆشەویستەیان کوڕ نییە و کچێکی شۆخ و شەنگە.

ئێستا با ئەوان بەقسانەوە بەجێ بێڵین و بچینەوە سەروسۆراغی برایمی ڕاستەقینە و بزانین چ دەکا.

***

ئەومان لە سەرەتای ڕۆیشتنێدا بەجێ هێشت. پیرێژنێک ڕێی کێوی "ئەنبەرگی یۆخ"ی پێ گوتبوو، برایم دەیویست هەرچی زووتر بەدوای دۆزینەوەی پشتێندەکەیدا کە جادووگەری حەوت باڵ فڕاندبووی، بڕوات و بیهێنێتەوە.

برایم پاڵتۆیەکەی لەبەر کرد و کالە و پێتاوی لە پێی خۆی داپێچا و وەڕێ کەوت! برایم وەک بای بەنێو خەرەندان و وەک لافاوی بەسەر کەند و لەندانداو وەک هەرەسی کوێستانان بەرەو کێوی ئەنبەرگی یۆخ هەلینگی دەدا. سەرەنجام گەیییە پێدەشتی گەرمەسێرێکی یەکجار گەرم و کە لە هەر چوار لاوە تەنگی پێ هەڵچنی و هەراسانی کرد و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا تا دەهات گەرمایەکە زیاتر دەبوو و زمانەی ئاگریش کڵافەی کردبوو. گەرمایەکە لەوەی نەبوو بتوانێ خۆی لەبەر ڕاگرێ. برایم تێگەیی کە پیرێژن ڕاست دەکا. زۆر بەسەختی کەمێکی دی چووە پێشێ. بەڵام ئیدی قاچەکانی تاوی ڕاوەستانیان نەما... جلەکانی لەبەر خۆی دادڕین. ددانی دەچیڕەوە بردن، پێڵووی چاوەکانی نیوە دادانەوە و ملی لێنا. هەر چی دەبێ با ببێ! ئارەقەی وەک لووزەوێ بەسەر چاواندا دەهاتە خوارێ بەڵام ئەو لە ڕۆینێ هەر نەکەوت. ئیدی ڕێی گەڕانەوێ نەما... هەر دەبێ بچێتە پێش. هەنگاوێک، دوو هەنگاو، یەکێکی دی... برایم هەستی کرد گەرمایەکە تا دێ کەمتر دەبێتەوە. زانی کە یەکەم لەمپەری تێپەڕاندووە کە پیرێژن پێی گوتبوو دێتە ڕێی. ئێستا لەو ئاگرە زۆر نیزیک بوو کە دەتگوت ئەوا نیوەی ئاسمانێی داپۆشیوە. چەڕە دووکەل بەتۆپەل بەهەوادا دەچوو. مەنجەڵێکی گەورە لەسەر ئاورەکەی دەکولا و هەڵمی لێ هەڵدەستا. هەر ڕاست ئەو مەنجەڵەی پیرێژن گوتبووی. لاوە ئاهێکی هاتەوە بەرێ، دەستوبرد بەرەولای ئاورەکە چوو. تەواوی لێ نیزیک ببۆوە، دوایی هەر وەک پیرێژن ڕێ و شوێنی بۆ دانابوو، بەلای ڕاستدا وەرچەرخا و دارسێوەکەی لە درزی بەردەکەدا بەدی کرد کە تەنیا یەک سێوی سوور سووری بەلاخێکیەوە بوو.

برایم هەڵیکێشایە شمشێری و بەرەولای دارسێوەی چوو و هەر لەگەڵ یەکەم ڕاوەشاندنی شمشێرەی سێوەکە بەر بۆوە سەر عەرزێ و بووە دوو لەت. هەر لەو دەمەیدا بڵێسەی ئاگر هەستا و شاڵاوی هێنا و

دووکەڵ هەموو لایەکی داپۆشی. خاکی ژێر پێی گرماندی، پێی وابوو ئێستا نا ئێستا لەبەر یەک دەچێ و پارچە پارچە دەبێ، برایم پێی وابوو ڕۆژی حەشرێیە و دنیا خرابووە.

لە پڕ وەئاگا هاتەوە، دیتی هەر چوار لای بەمار و ئەژدیها و دێوی ترسناک گیراوە. برایم پشتی وەبەردێکی دا و دەستی لە مشتوی شمشێرێ توند کرد و بەهەر چوار لایاندا کەوتە شمشێر وەشاندنێ. جەنگ و پێکدادان کۆتایی هات و بڕایەوە، لاشەی ئەو دڕندە و گیانلەبەرە سەیرانە لەسەر یەک کەڵەکە بوون، دەو دەمەیدا دیتی ئەوا ئەژدیهایەک بەرەو لای وی دەخزێ. لاشەویلاکەی بەو سەدان ددانە تیژەوە بۆ هەڵلووشینی وی داپچڕابوون. بەڵام لاوە خۆی لەدەست نەدا و لەو دەمەیدا شمشێرێکی گەیاندە خاڵیگەی چەپی ئەژدیها و خوێن فیچقەی کرد. ئەژدەها نارەتەیەکی وای کێشا تەواوی مووی لەشی برایمی لە حەژمەتان ڕاست بوونەوە. پاڵەوانی مە چاوی نوقاندن کە چاوی هەڵێناوە شتێکی زۆر سەیری دیت. نە دێو و ئەژدیها و مار، نە ئاگر و نە مەنجەڵ. تەنیا بێدەنگییەکی سامناک باڵی بەسەر تەواوی ئەو ناوەدا کێشابوو. تەنیا کانیاوێک نەبی لە قووڵایی زەوییەوە هەڵدەقوڵا. هەر لەو شوێنەی کە ئاوی ئەو کانییەی لێ دەبووە ڕووبار، لۆتکەیەکی لەسەر ئاوی ڕووبارێ چاو کرد. دیتی ئەوە پشتێندەکەی لەوێدایە، بەقەڵەمبازان بەرەو لای ڕووبارەکە چوو و خۆی هەڵدایە ناو لۆتکەکە و دەستی درێژ کرد پشتێندەکەی ڕاکێشێتەوە، بەڵام ئەو کارەش هەروا ئاسان نەبوو، چەنگاڵێکی لە شانان گیر بوو و لە عەرزی ڕا بردیە ئاسمانێ. برایم سەری بڵند کرد، جادووگەری حەوت باڵی ناسییەوە. لێوێکی لە عەردی و ئەوی دیکەی لە ئاسمانێ بوون جادووگەر برایمی بردە بن هەوران.

برایم وای بەبیردا هات:

«تازە تەواو، چارەنووسی من ئەمە بوو.»

چاوی نووقاند و هەناسەی لەخۆ بڕی، هەر چاوی لەوە بوو جادووگەر لەو بەرزاییەوە هەڵیداتە خوارێ. بەڵام جادووگەر ئەوی بردە نێو هەروان و پێی گوت:

«برایم! ئومێدەوارم دایکت لە پرسەی مەرگت دانیشێ و جلی ڕەشت بۆ لەبەر کا. تۆ هەر پشتێندی کوڕەکەی منت نەدزیوە و هەر ئەویشت نەکوشتووە: جگە لە کوشتنی کوڕەکانی دیکەشم، تۆ ئاگری ئێمەت کوژاندەوە و ئێمەت لە ناو برد. لە ئاسمانێت لێ دەگەڕام و لە عەردیم وەدەست کەوتی. ئێستاش تۆ لاوێکی ئازا و دلێری، هەڵبژێرە: یا پشتی من دەگری تا لە قەیرانێکی گەورە ڕزگاریم دێت، یا لەو ئاسمانە بڵندەوە هەڵتدەدێرم.»

برایم پرسی:

«قەیران و تەنگ و چەڵەمەی تۆ چییە؟»

«من دێوی سپیم دوژمنە و نایەڵێ بەئاسوودەیی بژیم، ژیانی لێ تاڵ کردووم، منیش هێندە بەتوانا نیم دەروەستی وی بێم، بەڵام دەزانم ئەوەی بتوانێ ئاگری ئێمە وەمرێنێ دەشتوانێ دەروەستی ویش بێت. ئەگەر ئەو دێوەم بۆ لە ناو بەری ئەوا پشتێندەکەشمت دەدەمێ و بۆ خۆشم دەتبەمەوە ماڵی خۆتان. دەنا بەدەستی من لە ناو دەچی.»

برایم گوتی:

«زۆر چاکە، ڕازیم. بەگژ دوژمنەکەی تۆشدا دەچم.»



جادووگەر برایمی هاویشتە سەر لاباڵێکی و لە هەوران وەسەر کەوت و ڕووی لە ڕۆژهەڵاتێ کرد. برایم نەیدەزانی چەند فڕیون، باشە ئەو چووزانێ! لەپڕ وەئاگا هاتەوە کە جادووگەر گوتی:

«سەیر کە برایم، دێوی سپی لەوێیە. ئەوە خەریکە دەجووڵێ.»

برایم تەماشایەکی خوارێی کرد و لە ترسان ناوکی کەوت. ئەوەی دیتی دێو نەبوو، هەر ڕاست کێوێکی سپی بوو و دەجووڵا.

جادووگەر هەر فڕی تا گەیشتنە قەراغ شارێکی. لەوێ نیشتنەوە و گوتی:

«دێوی سپی لە بن ئەو کێوەی دە ئەشکەوتێکیدا دەژی. دەتوانی لەوێی بەرەنگار بی.»

ئەوەی گوت و باڵی لێکدان و هەستایەوە. ئێوارە داهات و هەوا تاریک بوو – شەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاو – بەو شەوە بچتە کوێ؟ لاوە لە دەرکەی یەکەمین ماڵی دا کە هاتە پێشێ. پیرەمێردێکی ڕیش چەرمگ دەرکەی کردەوە. برایم گوتی:

«سڵاوتان لێ بێ. میوانی ڕادەگرن؟»

پیرەمێرد بەڕوویەکی خۆشەوە وەڵامی دایەوە:

«ئەو ماڵە وێران و کوێر بێتەوە دەرکێ لە سەر میوانی داخا و لێی نەکاتەوە. زۆر بەخێرێی.»

پیرەمێرد ئەوی بردە ژوورێ، لە ژوورێ کوڕە جحێڵێکی لێ بوو، لەبەری هەستا و بەخێرهاتنی کرد و فەرمووی دانیشتنێی لێ کرد. هەر سێکیان دانیشتن، پیرەمێرد دەربارەی جێ و ڕێ و شوێن و لە کوێوە بۆ کوێ دەچێی لە برایمی پرسیار کرد. برایمیش ئەوەی بەسەری هاتبوو هەمووی بۆ گێڕایەوە، تەنیا هۆی هاتنی بۆ ئەم شارەی پێ نەگوت. هەر پیرەمێرد دەیپرسی و برایم وەڵامی دەدایەوە. ئەو کوڕە جحێڵەی لەوێش دانیشتبوو گوێی هەڵخستبوون و هەناسەی هەڵدەکێشان.

برایم نەیتوانی لەوە زیاتر خۆی ڕاگرێ و گوتی:

«من هەموو شتێکم بۆ گێڕانەوە، ئەگەر بفەرموون دەکرێ منیش لێتان بپرسم داخوا چ غەمێکی خەست و قورس و گرانتان دە دڵیدایە وا بەم جۆرە ئەم هەناسە ساردانە هەڵدەکێشن؟»

کوڕە جحێڵە دووبارە هەناسەیەکی دیکەی هەڵکێشایەوە و گوتی:

«منیش هەر بەسەرهاتی تۆم بەسەر هاتووە، بەڵام کەمێک جیاوازتر، ئەویش ئەوەیە کە تۆ لە من ئازا و دلێرتری.»

پیرەمێرد ڕاست بۆوە و گوتی:

«بەڕاستی ئێوە هەر دووکتان پێکەوە لەو وەختەدا گەیشتنە یەک. ئێوە خەریکی قسان بن و منیش دەچم شتێک بۆ خواردنی ئێوارێ ئامادە دەکەم.»

پیرەمێرد چووە دەرێ، کوڕە جحێڵە جێی خۆی خۆش کرد تا ئاسوودەتر دانیشێ و دەستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی خۆی کرد.

***

منیش وەک تۆ کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندم. لە شوێنێکی زۆر لێرەوە دوور لە دایک بووم. پاش چەندساڵێکان خوا کچێکی دایە مامم کە لێرە دەژیا، هەر لەو دەمیەوە ناویان لێک هێناین و بووینە

دۆست و دەزگیرانی یەکدی.

بابم منی نارده لای زاناترین پیاوێکی ئەو ناوچەیە بۆ خوێندنێ. ئەو پیاوە هەرچی دەیزانی پێی گوتم و فێری کردم و زانیارییەکی بەرین و فەراوان و یەکجار زۆر بڵاو فێر بووم. بەڵام ئەو مامۆستایە منی لە ئافرەت بێزەوون و قێزەوون کرد. هەمیشە پێی دەگوتم و لە بن گوێی دەخوێندم کە ژن ترسنۆک و ستەمکار و بێ ئەمەک و فێڵباز و هیچن. ئافرەت هەرگیز چاوەڕێی چاکەیان لێ ناکرێ. هێندەی لەو بارەیەوە دەرس دام تا وام لێ هات باوەڕ بەو قسانە بێنم و لەو ڕۆژەوە بەدواوە ئیدی زۆرم ڕق لە هەموو ژن و ئافرەتێک بۆوە. هەمیشە لێیان وەدوور دەکەوتمەوە و خۆم لێ دوورەپەرێز دەگرتن و بەهیچم دادەنان.

لەو دنیایەی کە بۆ هیچ کەس تا سەر نییە و ڕەوتەنی، هیچ شتێک تا سەر وەک خۆی نامێنێتەوە. بابم مرد. پیرەمێردەش هەر ئەوەی فێری من دەکرد تا دەتوانم هەر بخوێنم و شەڕاب هەڵدەم. لەوە زیاتر هیچی دیکەی فێر نەکردم. چەندی داکم هەوڵی دا فێری بازرگانییەک یا پیشەیەکی دیکەم بکا، نەچووە گوێم، دۆست و ئاواڵەکانم منیان لاڕێ کرد، هەر خەریکی ڕابواردن و گاڵتە و گەپ و بەزم و ڕەزم و گۆرانی و ساز و ئاواز و خواردنەوێ بووین. بەو شێوەیە وردە وردە تا هەموو پارە و پوول و سامانەکەم لە دەست چوو و نەما، داکم لە داخان وەزگی دا، کە مامم ئەو هەواڵە ناخۆشانەی منی پێ گەیشت هاتە لام. بەڵام هەرچەندی کرد و کڕاند منی پێ نەهاتەوە سەر ڕاستە ڕێیە. مامۆستاکەشم لەبەر خۆی زیاتری هەوڵ دەدا پێم بسەلمێنێ کە دنیا هیچە و لەویش هیچتر و بێ وەفا و ئەمەکتر ئافرەتە.

مامم وەبیری هێنامەوە کە من دەزگیرانی کچەکەی ویم. بەڵام من هەر سواری بەند و باو و بیروڕا و بۆچوونی خۆم بووم.

مامم هیچی بۆ لەگەڵ نەکرام، ناچار وازی لێ هێنام و بەجێی هێشتم، دوای چەندساڵێک هەر میراتێکی مابووم دەگەڵ دۆست و ئاواڵەکانم ئەویشمان لەناو برد و خواردمان. تا دەهات کەم کەمە دە نەداری و نەبوونییە گەیشتم، تەنانەت نەبوونی نانێک، هەمووم لێ وەدوور دەکەوتنەوە و خۆیان لێ دەشاردمەوە و دوورە پەرێزییان لێ دەکردم. دوایین دەستە جلی بەریشم فرۆشت و پارەکەیم دا بەشەڕاب. تا مەست بووم هەر خواردمەوە، کە شەو داهات ڕووم لە قەبرستانێ کرد، تا گۆڕەکەی بابم وەبینم و پێش ئەوەی لەو دنیای دی پێک بگەینەوە گەردەنی خۆمی پی ئازاد کەم و بۆ تاهەتایە دەست لێک بەردەین. دوای ئەوەی زۆر بەکوڵ و دڵەوە پڕ بەدڵ گریانێکی گەرم گریام، خەنجەرم هەڵکێشا خۆم بکوژم، بەڵام دەستێکی بەهێز و توند و تۆڵ لە پشتەوەڕا قۆڵی گرتم. بەهەموو هێز و توانای خۆم هەوڵم دا خۆمی لە دەست دەربێنم بەڵام نەمتوانی. تەماشایەکی دەوروبەری خۆمم کرد تارمایی سێبەرێکم هاتە بەر چاوان.

دەستم بڵند کرد دەستێکی لەوی بوەشێنم، هەر ئەوەندەم ئاگا لێ بوو زللەیەکم وە پەنا گوێی کەوت و بەلادا هاتم و بێهۆش بووم، کە چاوم هەڵێنا خۆم لە ژوورێکدا دیتەوە کە ئەوەتا ئێستا ئەوە لێی دانیشتووین و ئەو پیرەمێردەم دیت کە بەسەرمدا لار ببۆوە. پرسیم:

«ئەوە من لە کوێم و کێ منی هێناوەتە ئێرە؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

«ئەوماڵە، ماڵی ئامۆزاکەی خۆتە و هەر بۆ خۆشی بوو تۆی هێنایە ئێرە.»

ڕاست لەو دەمەیدا دەرگا کرایەوە. ڕەشپۆشێک وە ژوور کەوت. ئەڵبەتە هەر یەکسەر ئەو ڕەشپۆشەم



ناسیەوە. ئەوە هەر هەمان ڕەشپۆشە بوو کە لە سەر گۆڕەکەی قۆڵی گرتم.»

ئەو ژنە ڕەشپۆشە بەچاپووکییەکی پیاوانەوە هاتە لامەوە و لەسەر لا تەختێکی دانیشت و گوتی:

«ئەوەی بزانن کە من کچی مامتانم.»

هەر لەگەڵ ئەو قسانە خەنجەرەکەی لە دەست وەرگرتم و هەڵیدایە نێوەڕاستی ژوورێ. لە پڕ وەبیرم هاتەوە کە شەوەکەی نێو گۆڕستانێ شەوێکی مانگەشەو بوو و لە بەر ڕووناکی مانگێ چاوم بەئەنگوستیلەیەکی ئەڵماس کەوت و ئەو ئەنگوستیلەیەش دەو دەستەیدا بوو کە زللەیەکی لێدام. کچە مامەکەم کەمێک بێ دەنگ بوو و ئینجا گوتی:

«کاتێک بابم، یانی مامی تۆ هاتە لات و ویستی تۆ ڕازی بکا کە من بێنی - سەرپێچیت کرد و گوتت کە هەموو ژنی دنیایە ستەمکار و شەرمێون و گێل و وێڵن و سەرچاوەی هەموو بەڵایەکن بۆ پیاوان. بابم بەرگەی ئەو قسانەی نەگرت و لە خەفەتان وەزگی دا و مرد، تەنانەت ئافرەتیک لە ناو ژیانی ڕۆژانەی تۆدا نەبوو، هەرچی دۆست و ئاشنا و ڕۆشنات بوون هەموو هەر پیاو بوون. تۆش پێت وابوو هەموویان هەر وەک تۆ ئازا و دلێر و زرنگ و وشیار و گیان لەسەر دەستن و ئاواڵی ڕۆژی تەنگانەن. کە ئەوەش ئەنجامەکەیەتی. بزانە تۆیان دووچاری چ ڕۆژە ڕەشییەکی نالەبار کرد.»

پێم خۆش بوو ببمە دڵۆپە ئاوێک و لە شەرمان بەعەردیدا بچمە خوارێ. بەڵام ئامۆزاکەم ئاماژەیەکی پیرەمێردی کرد و گوتی:

«ئەو پیرەمێردە سەردەمانێک لەلەی باوکی هەردووکمان بوو، منی بەبەر و باوەشی خۆیەوە گەورە کردووە و بۆیە ئێستاش من ئەوا هەرچی ماڵ و سامانم هەیە هەمووی دەنێمە ناو دەستی تۆ و تۆش ڕۆژانە لەگەڵ ئەم پیرەمێردەدا دەچییە دووکانێ و ئێوارانیش لەگەڵ ویدا پێکەوە دێنەوە ماڵێ.

من دەمەوێ بچمە شارێکی دی و بەڵام دڵنیابە هەمیشە چاوم هەر لێتە و خۆ ئەگەر بشتەوێ دووبارە بچیەوە سەر هەڵس و کەوتەکەی جارانت، ئەوە بەگیانی بابی هەردووکمان بستێکت بەسەریەوە باز نادەم و نایەڵم ببیە هۆی ناوزڕاندنمان و هەر بەو دەستانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مردنیان ڕزگار کردی بۆ باپیرە گەورەت تەمبێ دەکەم و دەتنێرمە لای وان.»

هەر لەگەل ئەو قسانەیدا هەستا و ڕۆیی. خەنجەرەکەی لەوێ بەجێ هێشت، بەڵام چ خەنجەرێک؟ بەڵام خۆ قسەکانی وی لە خەنجەرێیان زیاتر کار تێ کردم. دوای چەند ڕۆژێکان هاتمەوە سەرخۆ و لە تەواوی ڕۆژانی نەخۆشیەشمدا هەر وەک ئامۆزاکەم گوتبووی پیرەمێرد هەموو ڕۆژێ دەیبردمە دوکانێ و ئێوارانیش پێکەوە دەهاتینەوە، شەوانیش یاد و بیرەوەریەکانی سەردەمی زووی ژیانی دوور و درێژی خۆی بۆ دەگێڕامەوە.»

زۆری نەبرد لاوێکی ئازامان هاتە لا لەگەڵمان بژیەت. پیرەمێرد گوتی کە ئەو خوارزامە و ڕاوچییەکی زۆر بلیمەت و ئازا و چاپووکە. ئەو هەمیشە لە گرد و تەپۆڵکەکانی ماهورها بەدوای نێچیراندا دەگەڕا. کاتێ کە دەهاتە شاری لەگەڵ مەی بەسەر دەبرد، منیش ئەوەی لە کتێباندا فێر ببووم بەوانم دەگوتەوە و پیرەمێرد و خوارزاکەیم فێر دەکرد و ئەوانیش ئەزموون و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆیانیان بۆ دەگێڕامەوە.

ئێوارەیەکیان من و پیرەمێرد لە ماڵێ دانیشتبووین دەمەتەقێمان بوو، دەرکە کەوتە سەر پشتێ، کچە مامەکەم دەنێو دەروازەیدا هەڵتۆقی، ئەو هێشتا هەر ڕەشپۆش بوو و پەچەشی گرتبۆوە. زۆر بەرێزەوە

بەخێرهاتنی ئامۆزاکەمم کرد. ئەویش بەبەر دەممدا تێپەڕی و هات دانیشت. دوایە ڕووی لە پیرەمێردەی کرد و گوتی:

«زۆر سوپاس مامە! ئێوە باوک و کچتان پەروەردە کردن و ئەوا ئێستاش خەریکن ئامۆزاکەم دێننە سەر ڕێیە.»

پیرەمێرد وەڵامی نەدایەوە، دوایە ڕووی لە من کرد و گوتی:

«زۆر سوپاسی تۆش دەکەم کە گوێڕایەڵی ئەو مامە ڕەوشت بەرزەمانت کردووە. باشە، پێم بڵێ بزانم، ئێستا بیر و ڕات بەرامبەر ژنان چۆنە؟ بیر و باوەڕت دەربارەی وان گۆڕاوە یان نا؟»

من زۆر تێکچووم و سوور هەڵگەڕام و گوتم: «ئێوە پێتان سەلماندم کە لە ناو ژنانیش وەک پیاوان چاک و خراپیان تێدایە. ئەو بەڵگەیەش هێندە ڕاستە هیچ پێویستییەکی بەسەلماندنی نییە. هەر وەک چۆن ژنێکی وەک تۆ چاک و پیاوێکی وەک من خراپیش هەیە.»

ئامۆزاکەم قاقایەکی کێشا و پیرەمێردیش لاوکێکی خۆشی لە ستایشی مندا تێ هەڵکرد و بەکچەی گوت:

«چاکە! ئەگەر پێت خۆشە با زەماوەندێکی بۆ ئامۆزاکەتان ساز کەین.»

کچە وەڵامی دایەوە:

«ئەوە بەئێوەوە بەندە، ئەگەر ئێوە پێتان خۆشە زەماوەندی بۆ ساز دەن من هەمیشە ئامادەم بۆی هەڵپەڕم.»

ئەو هەستا و چووە دەرێ و من بەپیرەمێردم گوت:

«بەڵام من دەزگیرانم هەیە.»

«ئەو مێردی کرد...»

«چاکە، برایم ئێستا لەبەر ئەوەی کە تۆ ڕەوتەنیت و دەبێ بحەسێیتەوە داستانەکەت بەکورتی بۆ دەگێڕمەوە.»

لاوە دووبارە هاتەوە سەر گێڕانەوەی داستانەکەی:

«خانووەکەی مە خانوویەکی گەورە بوو، نیوەی هی ئێمە و نیوەکەی دیشی هی یەکێکی دیکە بوو. ڕێیەک بەبن پەنجەرەی ئەولاتری خانووەکەدا تێ دەپەڕی. پیرەمێردیش چەند جارێکان بەو ڕێیەدا هات و چووبوو. ڕۆژێکی کچێکم لەو دیو پەنجەرەیڕا دیت. زۆر جوان بوو، هەر دەتگوت کچی شای پەرییانە. کاتێ کە چاوم پێ کەوت لە جێی خۆم وشک بووم، ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی کە لە خۆشی چاوپێکەوتنەکەیم بووبێ، نا، نەخێر، بەڵکە ئەو خۆشییەم بەڵگەیەکی دیکەی هەبوو. کچە خەریکی ڕێکخستنی پەردەی پەنجەرەی بوو. ئەنگوستیلەکەی دەستی بریسکەی دەدا، کە ئەو ئەنگوستیلەش زۆر بەوەی کچە مامەکەی من دەچوو، کچەکەش بۆ خۆی هەر هێندێک دەچۆوە سەر کچە مامەکەی من. باشە ئێستا پێت وایە کێ بوو بێ؟ زۆر بەو خوشکەزایەی پیرەمێردێش دەچوو چەندین شەوم لەگەڵدا بەسەر بردووە. کچە خێرا پەردەکەی دادایەوە. ئاگام لێ بوو پیرەمێردیش ڕووی بەلادا وەرگێڕا.

لەویم پرسی:



«مامە ئەرێ ئەو کچە کێیە؟»

«دراوسێمانە. بۆ؟ پێت خۆشە بیبینی؟»

«زۆر زۆریش.»

پیرەمێرد سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای کرد تا دڵنیابێ کە کەس گوێی لێمان نییە، سەری لەبن گوێی نام و گوتی:

«ئەوە پێت دەڵێم تەنانەت یەک قسەش لەگەڵ ئەو کچە مامە یا خوارزایەی من نەکەی. با ئەو نهێنییە هەر لە نێوان خۆمان بێت، من پێم خۆشە تۆ لەگەڵ ئەو کچە زەماوەند بکەی. زۆر کچی چاکە. بەیانی یەکێکی بەدوای ئامۆزاکەتدا دەنێرم. با بێت و پێکەوە قسان بکەین. هەرچەندە ئەو ڕازی نابێت و خوارزاکەی منیش هەروەتر، بەڵام تۆ هەر لەسەر قسەی خۆت دەبی و پێ دادەگری کە:

«یا ئەو کچە یا هیچ کەسی دی.»

گوتم:

«زۆر چاکە، بەڵام باشە بۆ ئامۆزاکەم و خوارزاکەی تۆ بەو کارەی ناڕازین؟ چ پەیوەندییەکی بەوانەوەیە؟»

پیرەمێرد وەڵامی دایەوە:

«ئەوەش هەر نهێنییەکە بۆ خۆی.»

«چ نهێنییەک، ناتوانی پێم بڵێی؟»

وەڵامی داوە:

«نا، ئێستا نا.»

«ئەدی کەنگێ.»

«دوای ژن هێنانێت.»

هەر ئەو ڕۆژە پیرەمێرد یەکێکی بەدوای ئامۆزاکەمدا نارد. هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژەش خوشکەزایەکەی هات و دەربارەی زەماوەندەکە کەوتنە قسان. ماوەیەکی زۆری لەبارەی پەسند کردنی ئەو زەماوەندەوە ڕست. بەڵام من هیچ گوێم نەدایە قسەکانی و قبووڵیشم نەبوون.

ڕۆژی دوایی ئامۆزاکەی منیش هات و تا نیوە شەوێ لەو بارەیەوە دواین. دیسانەوە هەر بەردەوام بووین تا وای لێ هات وەڕەز بووم و توانام نەما و گوتم:

«باشە خۆ من پیاوی ئێوە نیم و منیشتان نەکڕیوە، بێن بەئارەزووی خۆتان لە جیاتی خۆم بڕیارانم بۆ دەرکەن. لاریم لەوە نییە کە من لە ژیانی خۆمدا تووشی زۆر هەڵە و گوناهان بووم، بەڵام تۆ گوناهی گەورەتریشت کردوون، وازت لە دەزگیرانەکەت هێناوە و شووت کردووە.»

هیچ وەڵامێکی ئەو قسانەی نەبوون هەستا بڕوا بەڵام پیرەمێرد تێیەوە خوڕی:

«ڕاوەستە. هەر دووکتان دانیشنەوە. ئایا ڕێی قسانم هەیە، یەک دوو قسان بکەم، یان نا؟ لە بیرتان نەچێ یا هەر ئێستا هەردووکتان پێکدێن و یان هەتا ماوم جارێکی دیکە ڕوو لەم دەرک و بانەی ناکەمەوە و پێ لەو ماڵەی نانێمەوە.»



که دیتمان خەریکە کار لە کار بترازێ و پیرەمێرد زۆر تووڕەیە هەردووکمان دانیشتینەوە و بێ دەنگ بووین و هەستمان لەخۆ بڕی. پیرەمێرد بەو جۆرە درێژەی بەقسەکانی دا:

«ئەوە منم کە پێم گوتووە ئەو کچەی دراوسێمان بخوازێ. تەنانەت چەند جارێکانیشم بەو شەقامەیدا گێڕاوە تا ئەو کچەی ببینێ.» دەو دەمەیدا ئامۆزاکەم ویستی شتێک بڵێ، بەڵام پیرەمێرد هەر لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

«ڕاوەستە! ئەگەر تەنانەت یەک وشەش بەپێچەوانەی قسەکانی من بکەن، ئەوا هەر ئێستا دەڕۆم و ئێرە بەجێ دەهێڵم.»

دوایی ڕووی لە من کرد و گوتی:

«ڕۆڵە، ئەوە بزانە کە هەر ئەو ئامۆزایەی تۆ، خوشکەزای منیشە و هەر ئەوەش کە تۆ بەدوایدا وێڵی و مێردیشی نەکردووە.»

هەر قسەکەی تەواو بوو پڕی دایە پەچەکەی سەر ڕووی کچە مامەکەم و تووڕی هەڵدایە لایەکی. خانووەکە لە دوولاوە دەرکەی هەبوون، ئەو کچە مامەی من هەرگیز نەچووبووە چ جێیان و هەر لەو خانووەیدا ژیابوو و گەورە ببوو. هەر لەگەڵ خۆمان بوو، جارجارە بەڕەشپۆشی و هەندێ جارانیش بەجلوبەرگی پیاوانەوە و هەندێ جاریش وەک ڕاوچییان و خوشکەزای پیرەمێردەی سەری لێ هەڵدەهێناین و دەهاتە لامان. هەر بەو شێوەیە پێکەوە زەماوەندمان ساز کرد و بووین بەهاوبەشی ژیانی یەکتری. بەڵام خۆشییەکەمان تەمەنی کورت بوو...»

بۆ، چی بەسەرهات؟ ئەدی ئێستا تۆ ئەو هاوسەرەت لە کوێیە؟»

لاوە وەڵامی دایەوە:

«نیزیکەی دوو مانگە دیار نییە. بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوار و سەر و سۆراغ و قولاغێکی هەبێ وەک



بەردی بن گۆمێ ونە. جێ نەماوە لێی نەگەڕێم و هیچ جێ نەماوە لێی نەکەم. بەڵام ئێستاش وەک ونە هەر ونە.»

لاوژە تازە لە سەربوردەی بەسەرهاتەکانی ببوەوە کە پیرەمێرد بەخۆ و هێندێک خواردن و خواردنەوە هاتە ژوورێ. هەر سێکیان لە دەوری یەک دانیشتن و نانی ئێوارێیان خوارد و دوایی لێی نووستن.

بۆ بەیانی برایم بەکوڕە جحێڵەی گوت:

«من کارێکی دژوارم لە پێشە، دەبێ بڕۆم. ئەگەر تا ئێوارێش نەهاتمەوە ئەوە چاوەڕێم مەبە و من بەمردوو و نەماو دانێ. ئەگەر بەساغی هاتمەوە ئەوە هێندە لێرە دەبم تا هاوسەرەکەت بۆ دەدۆزمەوە و دەیدەمەوە دەستت. هەر دوای ئەو قسانە برایم وەدەرکەوت. ماوەیەکی زۆر بەڕێیەدا ڕۆیی تا گەییە داوێنی کێوێکی. ئەو چاڵەی جادووگەر گوتبووی دیتیەوە. خۆی شۆڕ کردەوە و سەری بەسەردا گرت و تەماشای ناوێی کرد. دالانێکی تێدا دیت کە بەلای چەپدا دەڕۆیی. بەدالانەکەیدا کەوتە ڕێ، تا لە ئەشکەوتێکیدا سەری وەدەرنا. دە ئەشکەوتەکەیدا کچێکی دیت بەکەزییەکانی خۆی هەڵواسراوە. پاژنە پێیەکانیشی وەک بەدەرزیە کون کون کرابن خوێنیان لێ دەتکا. دڵۆپە خوێنەکانیش دەتکانەوە نێو لەگەنێکی زێڕەوە کە لە بن ئەو پێیانەدا داندرابوون و لەوێدا گۆمیلکەی دەکرد.

کیژە، برایمی دیت و گوتی:

«لاوە، وەرە مەردی چابە و بیکە بەخاتری جوانیەکەی خۆت لێرە بڕۆ و بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە. ئەگەر دێو بتبینێ خوێنت لە کاسەی دەکات و ئێسکەکانت ورد و خاش دەکات و دەتهاڕێ.»

بەڵام برایم تەنانەت وەڵامی یەک وشەی ئەوی نەدایەوە و لە چاوەڕێیە هاتنەوەی دێوەیدا دانیشت. لە پڕ دار و دیوار وەلەرزە هات، ژێر پێیەکانی هەڵتەکین و وەلەرزە و گرمە کەوت و دێو پەیدا بوو، هەر کە چاوی بەبرایمی کەوت، مستی خڕ کردن و پەلاماری برایمی دا. تا ئێوارێ یەکترییان هێنا و برد، جارێک دێوە برایمی دەخست و جارێک برایم دێوە. بەڵام هیچیان دەروەستی یەکتری نەدەهاتن. سەرەنجام برایم خۆی خڕ کردەوە و تینی دەخۆی کرد. ملی دێوەی گرت و بەرەو پشتەوەی بادا، تەکانێکی واشی پێدا دێوە خۆی ڕانەگرت و بەهەر چوار پەلان تەخت بوو. پێش ئەوەی هەستێتەوە برایم لەگەنە زێڕەکەی جادووگەر پێی گوتبوو هەڵیگرت و ئەوەی تێیدا بوو بەسەر و چاوی دێوەی داکرد.

دێوە دەستبەجێ کوێر بوو. برایم خۆی هاویشتە سەر سینگی و شمشێری دەرکێشا...

بەڵام کت و پڕ دێوە ون بوو، برایم لاشەی ژنەکەی خۆی لە بەردەمی خۆیدا دیت! شمشێرەکەی بەدەستەوە لەرزی. بەڵام هەر لەو کاتەیدا لە هەورانەوە دەنگی جادووگەرەی هاتە گوێ کە: «بیکوژە، دوو دڵ مەبە، ئەگەر تۆ نەیکوژی ئەو دەتکوژێ و پارچە پارچەت دەکا.» برایم، چاوی نووقاند و نووکی شمشێرەکەی لە چاوی ژنەکەی ڕاکرد و ملی پەڕاند. کە چاوی هەڵێنان ئەوجا زانی ئەوە بەڕاستی دێوەکەیە. دوایە جادووگەرەکە لە ئاسمانێوە هاتەوە خوارێ و چووە دە ئەشکەوتێ. لەگەنێکی زۆر گەورەی تاو دایە، پڕی کرد لە خوێنی دێوەی و بەبرایمی گوت:

«بگرە، چەندی ئەو خوێنەی بپژێنی هێندەی دەبێ بەزێڕ، تۆ دێوی سپیت کوشت، هەرچەندە ئەو دەیویست هەڵتخەڵەتێنێ و خۆی وەک هاوسەرەکەت پێشان بدا. ئەو کچەی هەڵیشواسراوە ئەوە ئامۆزاکەی هەمان کوڕە لاوژەیە کە تۆ شەوی لە ماڵێ وان بووی و تا ئێستاش هەر دڵگرانی خەم و کەسەری ویە. ئەوە دێوی سپی فڕاندبووی و هێنابوویە ئێرە.»

برایم کچەی هێنایەوە ماڵە خۆیان. دوایە چوو لەسەر لابالێکی جادووگەری دانیشت و لە چاوترووکانێکدا گەییەوە شار و بەردەرکی ماڵی خۆیان. ئا لێرە جادووگەر پشتێندە ئەفسووناوییەکەی وێدایەوە.

برایمی ڕاستەقینە خۆی ئاشکرا کرد و برایمی دیکە - دەزگیرانەکەی - کاروباری دایەوە دەستی و سەرەنجام پاڵەوانەکانمان بەئارەزووی خۆیان گەیشتنەوە.

ئەحمەدی بازرگانیش بەکامی خۆی گەییەوە.

چل شەو و چل ڕۆژ لە تەققەی دەهۆڵ و زوڕنایان دا.

ئای چ ئاهەنگ و زەماوەند و شایی و لۆغان و خواردن و خواردنەوەیەکی بەتام و چێژ بوو! بریا ئێوەش لەوێ بان!



# ئەمیران

## ئەفسانەی گورجی

دە دارستانێکی چڕ و پڕ و دوورەدەستدا، کە دار و درەختەکانی لووتیان بەسینگی ئاسمانەوە نابوو، کێوێکی تا بڵێیی بڵند و سەرکەش هەبوو، هێندێک بەولاوەتری دارستانێ ڕاوچییەک هەبوو ناوی (داردژلان) بوو. ئەو ڕاوچییە زۆر جارانی خۆ دە تەلەزگەی داوێشت و بەدوای ڕاوو شکارێدا دەچووە نێو قوولایی دارستانێ. ڕۆژێکیان لە لایەکی کێوەیڕا نووزەیەکی وەک دەنگی ژنانی هاتە بەر گوێی. سەری بڵند کرد و دە کێوەی هەڵڕوانی بەڵام نەیتوانی لەبەر بڵندیان دوندی کێوەکەی ببینێ. چونکە دوندەکە هێندە بڵند و بەرز بوو دە هەوراندا ون ببوو. ویستی بەو کێوەیدا هەڵگەڕێ، بەڵام چونکە هەر هەمووی خەرەند و هەڵدێر و سووری ماهی بوو چەندی کردی و کڕاندی نەیتوانی.

ڕاوچییە هاتەوە ماڵێ، ژنەکەی چاوەڕێی بوو، چ ژنێک؟ بەلا، تا بڵێیی بەدفەڕ و گۆج و ئیفلیج. ڕاوچی پێی ڕاگەیاند کە تیشووی سبەینێی بۆ ئامادە بکات و بۆ خۆشی چووە لای ئاسنگەری و ژمارەیەکی چەکوچ و قەڵەم و سمۆرە و سینگی ئاسن پێ ڕاسپاردن بۆی دروست کا. بۆ سبەینێ هەموو شت ئامادەبوو، توێشووی لە پشتی بەست و چەکوچ و بزمار و سینگ و قەڵەمی تاودانێ و کێوە خۆ بگرە هات. دەستی بەداکوتانی ئەو مێخانە کرد و یەک بەدوای یەکدا لە سنگی کێوەی چەقاندن و وەک پلیکانان پێیان هەڵاڕۆیی. کاتێ گەییە ترۆپکی کێوەی تەنانەت سینگێک چییە پێی نەمابوو و چەکوچەکەی دەستیشی لەوەی دەرچووبوو بەکار بێتەوە. تەماشایەکی ئەو لاو لای خۆی کرد و کەلێنێکی لە سینگی کێوەیدا بەدی کرد، چووە تێی، هەر ڕۆیی تا سەری بەئەشکەوتێکەوە نا و دە ئەشکەوتەکەیدا ژنێک ڕاکشابوو. ناوی دالی بوو، بەڵام چ ژنێک؟ هێندە جوان، زۆر لە ئادەمیان بەولاوەتر لە جوانییە. قژێکی زەردی زێڕین سەری داپۆشیبوو. هەر کە دالی داردژلانی دی لە یەکەم سرنجەوە شەیدای یەکدی بوون. ڕاوچییە لە لای دالی دایکوتا، هەرچەندە دالی پێی خۆش نەبوو و نەیدەویست ڕاوچی لەوێ لە لای وی وەمێنێ بەڵام ئەوین و دڵدارییەکەی بێ دەسەڵاتیان کرد و ملی مانەوەی ڕاکێشا و تەسلیم بوو. بۆ سبەینێ دالی زۆری هەوڵ دا ڕاوچییەی وادار بەگەڕانەوەی بکا، بەڵام قەبووڵی نەکرد و هەر لەوێ مایەوە و نەچۆوە. سەرلەنوێ بەیانیەکی دی هەر کەوتەوە سەر هاندانی ڕاوچییەی تا بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵەکەی:

«هەستە بڕۆوە! ئەتۆ دەزانی کە ژنەکەت جادووگەرێکە تای نەبێ. ئەو وا ڕاهاتووە هەموو ئێواران جارێکت ببینێ. ئەگەر نەچیەوە چیدیت لەسەر ڕاناوەستێ و بەشوێن پێیەکانتدا وەدووت دەکەوێ و ئەودەم هەردووکمان دەدۆزێتەوە و لە ناومان دەبا.»

داردژلان گوتی:


«نا، ژنێ من شەلە. ئەو زۆر بەناڕاحەتی تا دەچێتە لایەکی حەوشێ، چۆن دەتوانێ بێتە ئێرە، دڵنیا بە هەرگیز نایە.»

ژنی داردژلانی زۆری سەر لە نەهاتنەوی وی سووڕ مابوو. دوو ڕۆژان ڕاوەستا، بەڵام سەری سێیەی

وەڕێ کەوت. توێشووی لە پشتی بەست و بەجێ پێی مێردەکەیدا ڕۆیی تا گەییبە داوێنی کێوەکەی.

بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا و بەرەو ترۆپکی هەڵکشا و چووە دە ئەشکەوتە کێوە. دالی و مێردەکەی دیتن پێکەوە دە پرخەی خەوێدان. ژنێ ڕاوچییەی مقەستە زێڕینەکەی دالی دیتەوە و چوو لە بنڕا کەزییەکانی دالی قووت کردن و پرچەکانی دەگەڵ خۆیدا بردن. دالی و داردژلان ڕاست بوونەوە، دالی سەری بڵند کرد دیتی سەری یەکجار زۆر سووکە، دەستێکی بەسەریدا هێنا زانی هیچی بەسەریەوە نەماوە. هەستا بەدوای مەقەستەکەدا گەڕا، مقەستەش لە جێی خۆی نەمابوو. دەیزانی ئەوە کاری کێیە، ڕووی لە مێردەکەی کرد و گوتی:

«تۆ بوویە مایەی بەدبەختی من. پێم گوتی کە ژنەکەت دەستی هەر دەمانگاتێ. ئیدی ئێستاش من هێندەم نەماوە بۆ مردنێ. بەڵام ئێمە منداڵێکمان دەبێ، ئەو منداڵەش دەبێتە پاڵەوانێک مەپرسە. جا باش گوێ بدەیە، هەرچیت پێ دەڵێم و چ کارێکت ڕادەسپێرمێ هەمووی ئەنجام دە. کە ئەو منداڵە بوو سێ مانگانی لە پێستی گای گرە و با دەوێدا بمێنێتەوە جێیەکی گەرم و نەرمە و دەیپارێزێ. دوای ئەو سێ مانگەش بیهێنە بیخە نێو لانکێکی و بیبە لە قەراغ ڕووباری (ئای ئامان) بەجێی بێڵە و لێی گەڕێ. بەسەروەختیەوە هەر دێن و لەوێ دەیشۆن و وسڵی چلەی لێ دەردەکەن. ئەو کەسەی هەڵیشیدەگرێتەوە تەواوی هەموو ئەو شتانەی کوڕەکەمان پێویستیەتی فێری دەکەن.»



***

ڕاوچییە هەرچییەکی دالی پێی گوتبوو هەمووی ئەنجامدان. ڕێبوارانێکی زۆر بەلای ڕووباری ئای ئاماندا ڕەت دەبوون و بەدیتنی ئەو منداڵەی ناو لانکێ دەیانپرسی:

«ئەدی داک و بابت، کێ دەتشوا و وسڵی چلەت لێ دەردەکا.»

منداڵە وەڵامی دەدایەوە:

«من داک و بابی خۆم نەدیون، بۆیە دەبێ فریشتەیەک بێ و بمشوات و وسڵی چلەم لێ دەرکا.»

بەرێکەوت فریشتەیەک لەوێ تێپەڕی و هەمان پرسیاری لە منداڵەی کرد، منداڵەکە هەر هەمان وەڵامی ئەویشی دایەوە کە بەخەڵکانی دیکەشی دابۆوە. فریشتەکە سێ جارانی هەر ئەو پرسیارە لێ دووپات کردەوە و منداڵەش هەر سێ جاران هەر هەمان وەڵامی ئەوی دایەوە. ئەوجا فریشتەکە تاوی دایە و پاک و خاوێن شوشتی و ناویشی لێ نا ئەمیران، خەنجەرێکیشی بۆ دە پوزەوانەکەی چەقاند و پێی گوت، لە کاتێ زۆر پێویستدا نەبێ بەکاری نەهێنی. فریشتە هێندێکی نزا و وێرد و پاڕانەوە بەسەردا



خوێند و گوتی: «تازە هیچ هێزێک دەروەستی تۆ نایە و کەسیشت پێ ناوێرێ.» ئەوجا بەجێی هێشت. بەردەست و پیاوەکانی ئای ئامان چوونە ئاو هێنانێ، کە گەینە سەر ڕووبارێ و ئەو منداڵەی ناو لانکێیان دیت لەگەڵی کەوتنە جەفەنگان.

ئەمیران تووڕە بوو و هەر ڕاست بۆوە و سەری دوانی گرت و پێکی دادان و گۆزەکانی شکاندن و ڕاوی نان و پیاوەکانی ئای ئامان بێ گۆزە و بێ ئاو چوونەوە هەر هەموو شتێکیان بۆ ئای ئامان گێڕایەوە.

ئای ئامان زۆر ناڕاحەت بوو و هەر ڕاست بۆوە و بەرەو ڕووبارێ چوو. بەڵام هەر کە چاوی بەلانکۆڵەکەی کەوت لە خۆشیان گوتی:

«ئەوە بەڕاستی ئاواڵێکی چاکی ئوسیبی و بەدری منە.»

لانکەی بەمنداڵەوە تاو دایە و هێنایەوە ماڵێ.

ژنی ئای ئامانیش هەر خۆشحاڵ بوو: «ئەو منداڵە دەتوانێ منداڵەکانم ئوسیبی و بەدری ڕاژێنێت و بیشیان نوێنێ.»

ڕۆژی یەکەم هەموو شتێک بەچاکی ڕابرد. دووەم ڕۆژ ژنی ئای ئامانی چوو مانگایان بدۆشێ و ئوسیبی و بەدری هەردووک دە لانکێ نان و بەمنداڵەکەی گوت ڕایانژێنێ تا دەنوون و هەڕەشەشی لێ کرد، ئەگەر بیانگریەنی ئەوا تەمبێت دەکەم.

داکەکە زۆر نەڕۆیبوو کە ئەمیران درەوشەیەکی تیژی پەیدا کرد، هەر جارەی لە لەشی یەکێکیانی ڕادەکرد و منداڵەکان زریکەیان لێ هەڵدەستا.

داکەکەیان زۆر تووڕە بوو و قیژاندی:

«وریا بە، چاکت ئاگا لە منداڵەکان بێ دەنا بێمەوە چ خراپە ئەوەت پێ دەکەم، من تەنانەت لە ئەمیرانی کوڕی دالیشم قبووڵ نییە بەقسەم نەکا، جا چ جای تۆ؟»

ئەمیران لەبەر خۆیەوە گوتی:

«ئاگات لە چییە، ئەدی ئەمن ئەمیرانی کوڕی دالی نیم کێم؟»

ژنی ئای ئامانێ گوێی لەو قسەی بوو، مانگایەکانی بەنیوە دۆشراوی بەجێ هێشتن و هەر بەغار هاتەوە لای وی. ئەمیرانی دە ئامێزێ نا و کەوتە ماچ کردنی. هێنای بەشیری مانگای جوان جوانی شوشت و جوانترین جل و بەرگی دەبەرکرد. لەو دەمیەوە ژنی ئای ئامانی ئەو منداڵەی وەک منداڵەکانی خۆی بەخێو دەکرد، ئای ئامان و ژنەکەی بەوە زۆر دڵخۆش و خۆشحاڵ بوون کە منداڵەکانیان لەگەڵ برایەکی ئاوادا پێکەوە گەورە دەبن.

هەر سێ منداڵ گەورە بوون. هەر وەک پاڵەوانی ڕاستەقینە تەنومەند و بەهێز و ئازا و دلێر دە گژ هەر کەسێکی ڕاچووبان، ڕۆژهەڵاتی بان یان ڕۆژاوایی هەموویان بەئەژنۆدا دێنان و بەو ڕێیەیاندا دەناردنەوە کە لێوەی هاتبوون. جارێکی تەواوی ئەوانەی زەبری وانیان دیبوون پێیان گوتن:

«ئێوە بۆ خۆتان لەسەر ئێمە هەڵدەشەنگێنن؟ ئەگەر ئێوە بەڕاستی ئازان و هیچتان لە دەست دێ بۆ ناچن تۆڵە لەو کەسە بکەنەوە کە چاوی ئای ئامانی باوکتانی کوێر کردووە.»

هەر سێ لاو کە ئەمەیان بیست بەرەو لای ژنی ئای ئامانێ چوون و تکایان لێ کرد:

«پێیمان بڵێ کێ چاوی ئای ئامانی کوێر کردووه.»

دایکەکە ڕاستی پێ نەگوتن و هەڵیخەڵەتاندن و گوتی:

«ئای ئامان خروێلکە (ئاوڵە)ی گرت و هەر بەوەش کوێر بوو، دەنا سوێندێ دەخۆم لەوەی زیاتر چیدی نەبووه.»

بەڵام دوای ماوەیەک خۆی پێڕانەگیرا و ڕاستیەکەی چ بوو پێی گوتن:

«ئای ئامان ماوەیەکی زۆر دوژمنایەتی ئەو دێوەی کرد کە سەرانەی لێ دەستاند. کاتی ئوسیبی و بەدری لە دایک بوون، دێوە هات و داوای یەکێکی لەو منداڵانە بەناوی سەرانەوە کرد و گوتی: «ئەگەر قایلیش نی منداڵێکم دەیەی، ئەوە لە جیاتانی دەبێ چاوی ڕاستەتم بۆ دەربێنی و بمدەیەی.»

ئای ئامان توانای لێکدابڕانی هیچ یەک لە منداڵەکانی نەبوو، بۆیە چاوی ڕاستی خۆی دایە دێوەی. هەر کە ئەمیران و کوڕەکانی ئای ئامان گوێیان لەو قسانە بوو ڕاست بوونەوە و خۆیان بۆ شەڕی دێوەی ئامادە کرد.

ئەوانە داوایان لە ئای ئامان کرد تا سەر و تیروکەوانێکی ئاسنیان بۆ بەڕادان دات. تیر و کەوانیان وەرگرتنەوە و دەستیان بەتاقیکردنەوێیان کردن کەوانی ئەمیرانی خۆی لە بەرهێز و بازوو و توانای وی ڕانەگرت و شکا. دوایە ئەمیران سێ مەنی ئاسن هێنا و بردیە لای ئاسنگەرێکی تا بۆی بکاتە تیر و کەوانێکی وا بەرگەی قۆڵ و بازووی وی بگرێ. بۆ سبەینێ هەر سێکیان بۆ شەڕی دێوەی وەڕێ کەوتن. هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا لە مێرغوزارێکی لووتیان بەلووتی دێوێکیەوە بوو کە باغێکی جوانی سێوانی هەبوو، لە بن دارسێوەکانیش هەرمێگەلە مەڕ بوون و دەلەوەڕان.

دێوە ئەو سێ لاوەی دیتن و هاواری کرد:

«زۆر چاکە کوڕینە، ئێستا وەرن خۆتان تاقی کەنەوە و هێز و توانای قۆڵ و بازووتان پێشاندەن. بزانم کەستان دەتوانی تەنانەت سێوێکی لە دارێکی بەرداتەوە و یان سێوێکی باوێتە دارێکی.» ئوسیبی و بەدری زۆریان هەوڵ دا بەڵام نەیانتوانی تەنانەت سێوێک چیە بەری دەنەوە. ئەمیران تیری لە کەوان کێشا و تیر لە کەوان دەرچوو، تێکڕای سێوی لایەکی دارسێوێکی هەموو هەڵوەرین و کەوتنە ئەولای دیکەی دارسێوەکەی.»

دێوە دیسان گوتی:

«لاوینە، هێز و توانای خۆتان تاقی کەنەوە، ئەگەر دەتوانن مەڕێکی لە عەردی بڵند کەن یان یەکێ بگرن و لە عەردی دەن.»

ئوسیبی و بەدری هیچ کارێکیان لەو کارانە نەتوانی ئەنجام دەن، ئەمیران کەوتە ناو مەڕی و پەلی هەمووانی یەکە یەکە دەگرت و لە عەردێی دەدان. دێوە تووڕە بوو و ئوسیبی و بەدری لە باغیدا بەجێ هێشتن و ئەمیران کە لە نێو مەڕیدا بوو هەمووی وەپێش خۆدان بۆ ماڵی و لە ژوورێڕا دەرکەی لە سەر کلۆم دان.

دێوە چوار مەڕی قەڵەوی بۆ شێوان وەسەرنا. گۆشتەکەی بۆ خۆی دەخوارد و ئێسکەکانیشی بۆ خوشکەکەی خۆی کە بەزنجیران بەدیواریەوە بەستبۆوە دەهاویشتن. دێوە دوای نانی شێوان گوتی:

«ئەوا ئەوشۆ تێر بووم، ئەمیرانیش دەکەمە قاوەڵتی سبەینێ و دەیخۆم.»



ئەوەی گوت و نووست.

ئەمیران خۆی گەیاندە خوشکی دێوەی و داوای ڕێنماییەی لێ کرد تا کاری دێوەی یەکسەرە کاتەوە. خوشکی دێوەی گوتی:

«تەنیا ڕێگای کوشتنی برایەکەم شمشێرەکەی خۆیەتی کە دە هیزە ڕۆنێی گرتووە. بەڵام شمشێرەکە وا دە ڕۆنی چەقیوە و وا چۆتە خوارێ پێم وانییە بەتەنێ بتوانی دەریکێشیەوە. بەڵام برایەکەم پشتێندێکی قایشی هەیە، بڕۆ ئەوی بێنە و سەرێکی لە شمشێرەکەی خەو سەرەکەی دیشی وە من دە، تا بەهەردووکمان تێی نووسێین و بیەنینە دەرێ. ئەودەم شمشێرەی دێنێ و لە برایەکەم نیزیک دەبیەوە، جا ئەو دەمی هەر چی دەیکەی بیکە، تەنیا نەکەی شمشێرەکەی لێ ڕاوەشێنی و لێی دەی، تەنیا شمشێرەکەی لە سەر ملی ڕادەگری و هیچی دی، شمشێرە بۆ خۆی وردە وردە لە ملی دەچێتە خوارێ و سەری لە لەشی جودا دەکاتەوە.»

خوشکی دێوەی زۆری تکا لە ئەمیرانی کرد کە هەر کە دێوەی کوشت ئەویش ئازاد کا، ئەمیران سوێندی خوارد کە ئازادی دەکات. ئینجا چوو پشتێندەی هێناو سەرێکی لە شمشێرەی بەست و سەرەکەی دیکەشی دایە دەست خوشکی دێوەی و بەهەردووکان دەپشتێندەی نووسان. شمشێرەیان هێنایە دەرێ، بەڵام هێندە بەتوندی وەعەردی کەوت دێوە لە خەوێ ڕاچڵەکی بەڵام باش بوو زوو خەوی لێ کەوتەوە. ئەمیران شمشێرەی تاو دایە و چوو لە سەر ملی دێوەی دانا. شمشێرە سەربەخۆ دەستی بەبڕینی کرد، تەنانەت ئەمیران تەکانێکیشی پێ نەدا.

شمشێرەکە نیوەی گەردەنی دێوەی دابڕیبوو کە وەئاگا هاتەوە، کەوتە پەلەقاژەی مەرگ بەڵام تازە لەوەی دەرچووبوو. زۆری نەبرد شمشێرە سەری دێوەی لە لەشی جودا کردەوە. بەو جۆرە ئەمیران کاری دێوەی دیت.

خوشکی دێوەی لە ئەمیرانی پاڕایەوە تا ڕزگاری کا. بەڵام ئەمیران سوێندەکەی لە خۆی خست و ئەویشی کوشت.

دوایە هەرچی دار و نەدار و سامانی دێوەی هەبوو هەمووی بوە ئی ئەمیران و ئاواڵەکانی. ئەوانیش چەندیان پێ هەڵگیرا هەڵیان گرت و هێنایان و ئەویدیشیان بەجێ هێشت و لێیاندا ڕۆیشتن. هەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن تا گەیینە دارستانێکی چڕ و پڕی دارکاژان، لە ناوەڕاستی دارستانێدا کێوێکی زۆر گەورە هەبوو کە گوڵشاپی دێوە زلە لە سەر لووتکەی ئەو کێوە بڵندە خوری دەڕست. تەنیا قەبارەی چەرخەکەی بەقەد درەختێکی تەنومەندی گەورە دەبوو و قورساییەکەشی هێندەی بەرداشێکی. ئەوەش هەر ئەو دێوە بوو کە چاوی ئای ئامانی کوێر کردبوو.

دێوە ئەمیران و ئاواڵەکانی دیتن و بەدەم هاوارێوە گوتی:

«ئەهای، ئەرێ ئەوە ئەو مێشوولانە چ دەکەن لەوێ؟ دەی خێرا بگەڕێنەوە، دەنا گۆشت و پێستتان لە ئێسکان دادەماڵم و دەتانخۆم.»

ئەمیران نەڕاندی:

«ئەهای، بەدفەساڵ، پیس و خەلیس، لەسەرخۆ، واش نا، خۆ ئێستا نەتخواردووین.»

دێوە تووڕە بوو، خوری ڕستنی بەجێ هێشت و داگەڕا. زۆریان یەکتر هێنا و برد، ئەمیران سێ تیری

هاویشتنە دێوەی، یەک لە جیاتی خۆی و دووەکەی دیش لە جیاتی ئوسیبی و بەدری: دێوە هاتە پێشتر، شەویلاکەی هەڵپچڕین و ئەمیرانی هەڵلووشی. هەر کە ئەوی قووت دا بەرەو ماڵ بۆوە. ئوسیبی و بەدری بەتەنێ مانەوە، کاتی کە دێوە گەیییەوە ماڵێ و خەریکی چوونە ژوورێ بوو، ئوسیبی خۆی گەیاندێ و لە پشت ڕا کلکی گرت و بڕی. دێوە چووە ژوورێ و هەر دەگەڵ پێی دە دیوی ماڵێ نا و دەرکە داخرا. ئازارێکی زۆر کوشندە دە زگیدا دەستی پێ کرد.

«ئای دایە گیان! دڵم، ئەوە ئەو زگ ئێشە چییە گرتوومە؟»

دێوە بەرەولای شیپانی دەرکێ چوو، زگی خۆی دە شیپانی دەرکێ سوو، تا بەڵکە ئێ تۆزێکی ئازار کەمتر بێ، بەڵام بەبێ کلک نەیدەتوانی خۆی لەسەر پێیان ڕاگرێ و هەر هەڵدەستا و دەکەوتەوە.

کە داکەکەی دیتی ئەو هەموو ئازارەی هەیە پرسی:

«ڕۆڵە ئەوە چ بووە، دەبی ئەو ئازارەت ئی خواردنی ئەوڕۆت نەبووبێ؟»

«ئای دایە! ئەوڕۆ سێ مێشوولەم هاتنە سەر ڕێیە و ئەمنیش یەکێکیانم قووت دا.»

«ئای قوڕم بەسەری! ئەگەر ئەوەی قووتت دا کوڕی دالی بووبێ.»

ئوسیبی و بەدری لە پشت پەنجەرەیڕا گوێیان لە تەواوی قسەکانی ئەو داک و کوڕەی بوو کە لەگەڵ یەکیان دەکردن. ئەوان بەدەنگێکی زۆر بەرز و بڵندەوە بەئەمیرانیان گوت:

«ئەمیران، ئەمیران...

خەنجەرێکت لە بەر پووزەوانێدایە،

خێراکە خێرا دەریبێنە و گوڵشاپی پێ هەڵدڕە.»

ئەمیران گوێی لە دەنگی وان بوو و بیری کردەوە:

«هەرگیز هەلی وام بۆ هەڵناکەوێتەوە!»

خەنجەری هەڵکێشا و بە هەموو لایاندا دە خالیگەی دێوەی گێڕا.

دێو نارەتەی لێدا:

«ئاخ... کوڕە مەمکوژە، ئەگەر حەزت لێیە تا بەهێڵنجێکی بتهێنمەوە یان هەروا تفت کەمەوە.»

«بەد فەسالّ، پیسی خەلیسی هیچ و پووچ. نە دەمەوێ یەکێکی وەک تۆ تفم کاتەوە و نە بوونەوەرێکی وەک تۆ بێ نرخ بمهێنێتەوە.»

دێوە گوتی:

«دە چاکە! دوو پەراسوانم بشکێنە و دەوێڕا وەرەوە دەرێ.»

ئەمیران لایەکی خالیگەی وی هەڵدڕی و هاتەوە دەرێ. بەڵام چاوێکی کوێر ببوو. ئەمیران نەڕاندی:

«هەر ئێستا چاوەکەم بخەوە جێی خۆی و چاکی کەوە، دەنا نایەڵم پێ دەبەر پێ نێی و پارچە پارچەت دەکەم.»

دێوە گوتی:

«کەمێکم لە جەرگی ڕەش و جەرگی سپی لێکەوە و بیخە سەر ڕەشێنەکەی. چاوت لە جاران تیژتر دەبێت.»



ئەمیران پارچە جەرگێکی گەورەی لە ڕەشە جەرگ و پارچەیەکی گەورەتریشی لە سپیە جەرگی دێوەی بڕین و هاویشتنیە سەر گلێنەی چاوی. چاوەکە لە جاران چاتر بۆوە. دێوە داوای لە ئەمیران کرد کە خالیگەکەی بۆ بدروێتەوە و ئەویش پارچە تەختێکی هێنا و بەقەدەر جێ برینەکەی لێی بڕیەوە و خستیەوە سەر جێ برینەکەی[1]. دوایە ئەمیران داوای لە دێوەکەی کرد کە چاوە ڕاستەکەی ئای ئامانی بۆ بێنێتەوە و بیداتەوە. دێوە نەیدەویست ئەو کارەی بکا، بەڵام نەیتوانی داوایەکەی ئەمیرانی ڕەت کاتەوە. دێوە ئاماژەی بۆ نیرگێکی کرد و گوتی:

«پرێسکەیەک دەو نیرگەی نراوە و لە ناو ئەو پرێسکەشدا پرێسکەیەکی دی هەیە. بڕۆ بیهێنە، ئەوە چاوەکەی ئای ئامانی دەوێدایە.»

ئەمیران چاوەکەی دیتەوە و هەڵیگرت. دێوەیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە ماڵێ کردەوە. کە گەیشتنەوە ماڵێ چاوی ئای ئامانیان لە جێی خۆی دانایەوە و تاوێک حەسانەوە. زۆری نەبرد ئەمیران بڕیاری دا بەگژ یەکێکی دیکەشدا بچێ، داوای لە ئای ئامان کرد ئوسیبی و بەدری لە لای خۆی لە ماڵێ گلداتەوە:

«کاتێ کار دەگاتە قایمەی و خەتەر پەیدا دەبێ ئەوانە دەبنە مایەی سەر ئێشە بۆ من.»

ئوسیبی و بەدری کە گوێیان لەو قسانە بوو لە ئەمیرانی پاڕانەوە کە بەتەنێ لە ماڵێیان بەجێ نەهێڵێ. ئەوان بەئەمیرانیان گوت کە بەبێ وی هەڵناکەن و ناتوانن بژین.

ئەمیران ناچار بوو ئەوانی ڕەگەڵ خۆدا. هەر سێ برا پێکەوە سەرگەردان بوون و ڕێیان ون کرد تا لە جێیەکی تووشی سێ دێوان بوون، دێوەکان پێیان گوتن:

«ئێوە وەختێکی دەتوانن بەخۆتان بڵێن پاڵەوان کە دەستتان بگاتە کچی کەک لۆتس شا، زۆر لە کوڕە جحێڵ و لاوژانیش لەو ڕێیەیدا کۆشان بەڵام هیچیان بەهیچ نەکرد.»

ئەمیران جێ و ڕێی کەک لۆتس شا و جێی ئەو کچەی ویان پرسی. دێوەکان پێیان پێشاندان و گوتیان:

«شا، کچەکەی لە نێو قوللەیەکی بەزنجیر بەستراوە و بەئاسمانێوە هەڵواسیوە.»

بەڵێ پاڵەوانەکانمان دێوەکانیان بەجێ هێشتن و ڕوویان لە وڵاتی کەک لۆتس شای کرد. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە سەر دەریایەکی. دەریایەکی پان و پۆڕ و بێ سەر وبن و بێ کەنار، هیچ ڕێیەکی تێراڕۆینێی نەبوو. ئا لێرە بوو کە تووشی ژنی دێوەی بوون و ئەمیران ڕێی پەڕینەوەی دەریایەی لێ پرسی. ژنی دێوەی گوتی:

«هیچ ڕێیەکی پەڕینەوێ نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە ئەو لەگەڵ خۆیاندا بەرن.»

ئەمیران بەوەی قایل بوو کە ژنی دێوەی لەگەڵ خۆی بەرێ.


دێوە هێنای بسکێکی خۆی بڕی و بەسەر دەریایەیدا ڕاهێشت و کردیە پرد. لە پێشدا ئوسیبی و بەدری و دوایەش ئەمیران بەسەریدا پەڕینەوە ئەوبەری. ئینجا دوای وان ژنی دێوەی هات بپەڕێتەوە، بەڵام

(١) دە ئەفسانەاندا هاتووە ئەگەر لا کەلەکێکی دێوان تەختە و دار نەبایە دنیا کاول دەبوو. کە ڕۆژ دەگیرێ ئەوە دێو ڕۆژێ قووت دەدا. بەڵام تینی خۆرەکە ئەو تەختەیە دەسووتێنێ و سەرلەنوێ لەوێڕا خۆیان پێ پیشان دەداتەوە و دێتەوە دەرێ. –وەرگێڕ–

هێشتا نەگەیشتبووە نیوەی کە ئەمیران شمشێرێکی لە پردەکەی دا و ژنی دێوەی کەوتە نێو نێرینەی ئاوی دەریایە و نقووم بوو و خنکا. ئەمە دووەمین جار بوو کە ئەمیران سوێندی لێ بکەوێ.

هەر سێ برا ماوەیەکی زۆر بەدەشتێدا ڕۆیشتن، لە دەشتێ گەیشتنە پیاوێکی کە ناوی ئەندەر ڕۆب بوو. ئەندەر ڕۆب هێندە زل و زەبەلاح و تەنومەند بوو هەژدە جووت گاجووت ئەو گالیسکەیان ڕادەکێشا کە ئەوی لەسەر ڕاکشابوو. ئەندەر ڕۆبیان دەبردە گۆڕستانێ زیندە بەچاڵی کەن. ئەگەر چاوەڕێیان کردبا تا دەمری ئەوە بەهیچ کەس نەدەنێژرا و نەدەبرایە گۆڕستانێ و هەر لەو گۆڕەی دەمایەوە. پێیەکی لە گالیسکەیڕا هاتبووە خوارێ و وەک گاسنی خەتێکی قووڵی لە زەوی دەدا. ئەگەر چی حەشاماتێکی زۆریشی لە دوو دەڕۆیی بەڵام کەس توانای ئەوەی نەبوو پێیەکەی باوێتەوە سەر گالیسکەکە، کە ئەمیران ئەوەی دیت هەر بەکەوانەکەی پێیەکەی هاویشتەوە سەر گالیسکەکە. ئەندەر ڕۆب سەری سوڕما:

«ئەوە کێیە هێندە بەهێزە وا بەئاسانی پێیەکەی هاویشتمەوە سەر گالیسکەکە؟»



ئەمیرانیان پێ پێشان دا، ئەندەر ڕۆب دەستی درێژ کرد، ئەمیران ترسا و گوتی:

«لەوانەیە بەهەموو هێزی خۆی دەستم بگوشێ و ئەو دەم دەستم ورد و خاش دەبێ.»

لە جیاتی دەستی خۆی تاتە بەردێکی دە دەستی نا، ئەندەر ڕۆب وای دە نێو دەستی خۆیدا گوشی ئاوی لێ هێنا.

ئەندەر ڕۆب دووبارە دەستی بۆ لای ئەمیران ڕاداشتەوە. ئەو جارەیان دەستی خۆی دەناو دەستی نا. ئەندەر ڕۆب تکای لە ئەمیران کرد کە چاوەدێری کوڕەکەی بکا و ئاگای لێی بێ و هەروەک برایەکی خۆی دەستی بەسەریدا بێنێ. ئەمیران سوێندی خوارد.

ئەندەر ڕۆب بەرەو گۆڕستان بەڕێوە بوون کوڕەکەشی کەوتە دووی ئەمیران. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، ئەمیران خەوی هات. سەری کردەوە و خەوی لێ کەوت، کە ئەو دە پرخەی خەوێدا بوو کوڕی ئەندەر ڕۆبی بەدەستی بەتاڵ چوو دوو شووری گەورەی بەنێچیر گرتن و بەقەدی درەختێکەوەی بەستنەوە.

ئەمیران بێدار بۆوە و پرسی ئەوانەی چۆن گرتوون؟ کە ئەمیران بیستی کوڕی ئەندەر ڕۆبی و بەبێ چەک و بەدەستی بەتاڵ ئەو دوو شوورەی گرتوون لە دڵدا زۆری پێ ناخۆش بوو و بەبیریدا هات:

«ئەوە ئێستا بەو منداڵییە ئەوەی لە دەست بێ بێ گومان ئەوە گەورە بێ لە ناوم دەبا.»

ئەمیران بڕیاری دا کوڕی ئەندەر ڕۆبی بکوژێ و بڕیارەکەی خۆشی بەجێ هێنا. ئەوە سێیەمین جار بوو



کە ئەمیران سوێندی لە خۆی خست و شەرتی خۆی شکاند. لاشەی کوڕەیان دەچاڵێکی نا و بەرەو لای کچی کەک لۆتس شای وەڕێ کەوتن، کاتێکی زۆر بەڕێوە بوون تا سەرەنجام گەیشتنە قوللەیەکی کە کچی کەک لۆتس شای تێدا دەژیا.


ئەمیران بەئوسیبی گوت:

«بڕۆ خۆت هەڵدە و بزانە دەتوانی ئەو زنجیرەی بگری و بەخەنجەرەکەت هەڵیبڕی.»

ئوسیبی چوو خۆی تێ هەڵاویشت بەڵام تەنانەت دەستیشی نەگەیشتە زنجیرەکە، بەدریش هەروەتر، دوایە ئەمیران خۆی تێ هەڵکرد و زنجیرەکەی گرت. خەنجەرێکی وای گەیاندە زنجیرەکەی کە قوللەکە لە حەواوە کەوتە سەر عەردی. ئەمیران و کتۆ هەر لە یەکەم سەرنجەوە شەیدای یەگدی بوون. کەک لۆتس شای باوکی کتۆی ئەو هەواڵەی بیست و بەهەرچی هێز و سوپا و لەشکریەوە هەیە چوار دەوری قوللەی دا و ئابڵوقەی دا. سەربازەکان لە سێ لاوە ڕیزیان بەست. ئەمیران دە سەرو چاوی سەربازەکان ڕاما، بەڵام هیچیانی لێ خۆش نەهاتن. دە ئوسیبیەوەی ڕاخوڕی بەرەنگاریان بێ. ئوسیبی چاپووکانە پەلاماری دان. یەکەمین هێڵی بەرگری سەربازەکانی شکاند و لە کەک لۆتس شا نیزیک بۆوە. شا گورزێکی کوشندەی وای گەیاندە ئوسیبی هەر وێی کەوت و مرد. دوای وی بەدری هاتە پێشێ، هێڵی دووەمی بەرگری سەربازانی شکاند، بەڵام هێشتا مابووی بگاتە کەک لۆتس شای کە گورزێکی وای وێ کەوت لەگەڵ عەردی تەخت بوو.

ئەمیران ناڕاحەت بوو و بڕیاری دا خۆی لەگەڵ کەک لۆتس شادا دەستەویەخە بێ. کتۆ بەئەمیرانی گوت:

«بابم تاشە بەردێکی گەورەی لە سەر سەریە و ئەو بەردەش بەزنجیرێکی زێڕ بەلەشیەوە بەستراوە. لێی نیزیک بەوە و هەوڵ دە زنجیرەکە بپسێنی. ئەگەر زنجیرەکە پسا سەری بەپێشتدا دێ و گەردە ملی



دەردەکەوێ. ئەوجا دەتوانی خەنجەرەکەت هەڵکێشی و ملی هەڵبڕی و سەری لە لەشی جودا کەیەوە. لەوە زیاتر هیچ ڕێیەکی دی نییە بتوانی بابمی پێ بکوژی.»

ئەوەی ئەو کچە بەئەمیرانی گوتبوو، هەمووی لە سینگ و مێشکی خۆیدا هەڵگرتن و بەرەو پێش خۆی ڕانا و کەوتە نێو سەربازانەوە و ئەوەی لە دەستی ئوسیبی و بەدری ڕزگاریان ببوو هەمووی کوشتن و ئەوجا کەوتە سەر سەر و سۆراغی کەک لۆتس شای. شا گورزێکی واشی گەیاندە ئەمیرانی بەچۆکیدا هێنا. بەڵام دەستوبرد خەنجەری هەڵکێشا و زنجیرەکەی ملی کەک لۆتس شای هەڵبڕی. تاشە بەردەکە سەری کەک لۆتس شای نەوی کرد و گەردە ملی وەدەرکەوت. ئەمیران خۆی هەڵدایە پێشی و خەنجەری بەملی شایدا هێنا و گۆشاوگۆشی سەربڕی. دوایە گەڕایەوە لای قوللەکەی کتۆی. یەکجار زۆر غەمی لە دەستدانی ئوسیبی و بەدری بوو.

«بە بێ وان ناچمەوە ماڵێ، ئەگەر بەبی وان بچمەوە چ وەڵامێکی ئەو پیرە بابەیان بدەمەوە.»

کتۆ پرسی:

«ئایا دەتوانی لاشەکانیان لە نێو ئەو هەموو لاشانەدا بناسیەوە؟»

ئەمیران وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ، ئوسیبی نیشانەی خۆری دە ئەنگوستیلەکەیدایە و بەدریش نیشانەی مانگی دە ئەنگوستیلەکەیدایە.»

ئەمیران و کتۆ چوونە نێو لاشەکان و بەدوای دۆزینەوەی لاشەی ئوسیبی و بەدری داکەوتنە گەڕانێ. دیتیانەوە. کتۆ چوو دەسرۆکەیەکی هێنا و بەسەر و دەم و چاوی ئوسیبی و بەدریدا هەڵکێشا و هەردووکیان زیندوو بوونەوە. ئەمیران هەم بەهاوسەری کتۆر و هەم بەزیندوویی چوونەوەی ئوسیبی و بەدری بۆ ماڵێ زۆر خۆشحاڵ و شاد و شەنگوڵ بوو. هەر چی سامانی کەک لۆتس شاش بوو هەموویان هێنا و بەرەو ماڵە خۆیان بوونەوە.

گەیشتنەوە ئای ئامان.

ئای ئامان بەدیتنی ئەمیران و کوڕەکانی کە بەسەرکەوتوویی دێنەوە زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام ئەمیران بەئای ئامانی گوت کە لەمەودوا و جارێکی دی ئوسیبی و بەدری بۆ هیچ جێیەکی دی لەگەڵ خۆیدا نابات. چونکە ئەوان پاڵەوان نەبوون و وەک وییان پێ نەدەکرا.

دوای ئەوە ئەمیران هەر بەتەنێ وەدەردەکەوت و لە شەڕ و هەرا و پێکداهاتنانیشدا کەس نەبوو شانی لە شانی بدات و بەرامبەری ڕاوەستێ. هەموو دوژمنەکانی خۆی لە ناو بردن. لە تەواوی دنیایەدا تەنیا سێ دێو و سێ بەراز و سێ دار بەڕوو هەبوون کە ئەو دەروەستیان نەیەت. ئەمیران تەنانەت سێ جارانی سوێند لێ کەوتبوو و زۆر کاری نالەباری دیکەشی کردبوون.

بۆیە ئەمیران بەسزای خۆی گەیشت و بە زنجیرێکیەوە بوو کە بەسینگێکی ئاسنی درێژ و پتەو تا ناخی زەوی ڕۆچوو و قایم کرابوو لەگەڵ تاژییەکی ڕاوێ کە ناوی کۆرشا بوو و کارە کێوییەکی زۆری ڕاوکردبوون بەسترابوونەوە.

ئەمیران و کۆرشا هەمیشە ئەو زنجیرەیان ڕادەکێشا تا ئەو سینگە لە زەوی هەڵکێشنەوە و ڕزگاریان بێ. ڕاست دەو دەمەیدا کە سینگی زنجیرەکە هەڵدەکشا و خەریک بوو لە زەوی بێتە دەری، باڵندەیەک



دەهاتە سەر سینگەکە و لە سەر وی دەنیشتەوە. ئەمیران لە پێستی خۆی دەهاتە دەرێ و بەزنجیرەکەی دەیوەخراندە ئەو باڵندەیە و زنجیرە وەسەری سینگەکەی دەکەوت و سەرلەنوێ باڵندەکە هەڵدەفڕییەوە و سینگەکەش وەک جاران هەتا بن دەسکان بەناخی زەویدا دەچۆوە خوارێ. ساڵەهای ساڵان ئەو کارەیان هەروەها بەردەوام دەکردەوە.

کۆرشا گوجیلەی داڵێک بوو. هەموو ساڵێ مێیەی ئەو داڵە کە ناوی ئوربی بوو لە نێو هێلانەکەیدا (وەڕەق)(٢)ێکی دەبوو. کە چاوی پێ دەکەوت چەنگی لێ دەدا و دەچووە تاقی ئاسمانێ و لەوێڕا (وەڕەق)ەی بەردەدایەوە تا کەس نەتوانێ بەزیندوویی پەی پێ بەرێ و بەخێوی کا. ڕاوچییەک ئەو کۆرشایەی کە ئێستا دەگەڵ ئەمیرانی دە زنجیرێدایە، دەدۆزێتەوە و دەیباتەوە ماڵێ و بەخێوی دەکا و نایەڵێ بتۆپێ. باڵی داڵەی لێ دەڕوێن و هێندەش لەش سووک دەبێ هەر بەدوو بازان چ بزنە کێوییەکی لە بەر چنگان دەرناچێ. کە ئەوە بەڕاستی نەنگی و شەرمەزارییەکی گەورە بوو. لە تۆڵەی ئەو هەموو کارە کێوییە بەستەزمانانە، کۆرشا دەگەڵ ئەمیراندا بەو سزایە گەیشتن. سوانی شیعرێکی بۆ کۆرشا دانابوو، کە لاواندنەوەی ڕاوچییەکە بوو بۆ سەگە ون بووەکەی:

کۆرشا، کۆرشای خۆم،
کۆرشای بزربوو، کۆرشا.
تۆم نیوە شەوێ لێ ون بووی.
هەر ڕاست نیوە شەو!
ئای لە خۆم، چ خاکێک بەسەری خۆمدا کەم ئەگەر خوانەکا بازرگانێک بتبا،
بازرگانێک؟
ئای لە خۆم، ئەگەر بەدخوویەک تۆ لە من بدزێ چ بکەم.
دەم و گوێی کۆرشا وەک زێڕن، زێڕ.
چاوەکانی کۆرشا، چاوەکانی وەک مانگە شەون مانگە شەو.
وەڕینی کۆرشا دەتگوت هەورە تریشقەیە،
پەنجەکانی دەستی کۆرشا هەر دەتگوت پانایی جێ خەرمانێن
بازی کۆرشا- بەئەندازەی کێڵگەیەک بوو
خواردنی کۆرشا، خواردنەکەی!
نانی گەرم و نەرم و تازە.
ئای لە خۆم، چ بکەم ئێستا ئەگەر وردە نانی پاشماوەت بدەنێ، وردە نانی پاشماوە!
خواردنەوەی کۆرشا، خواردنەوەکەی...
شەڕابی شیرن و تازەیە.
ئای لە خۆم ئەگەر ئێستا ئاوی ڕاوەستاو و بۆگەنیوت بدەنێ.
چارپای کۆرشا، چارپاکەی-

(٢) وەڕەق: بەو گیانلەبەرە دەگوترێ، کە لە ئەنجامی جووت بوونی سەگێک و تاژییەکدا پەیا دەبێ، جا نە سەگە و نە تاژی. بەو پەدیدەیە دەگوترێ (وەڕەق). -وەرگێڕ-

لێفە و پەتۆی نەرمە.
ئای لە خۆم، ئەگەر ئێستا لە سەر تەڕاشانت بنوێن. لە سەر تەڕاشی زبر!
کۆرشا. کۆرشای خۆم،
لەسەرڕا شێری
لەبەرڕا قەرەقاوڵ
لە وشکانیە دەڵێی قارەمانی
لە دەریایەدا کەشتی ماندوو نەناس!
کۆرشا، کۆرشای خۆم
لە پرسەی تۆدا دەگریم، هەر دەگریم.
غەمێکی زۆر گەورەم دە دڵی دایە، غەم.
ئێستا ئەوە ساڵێکە، ساڵێکی ڕەبەق.



# کچێ بازرگانی و حەوت برا

## ئەفسانەی ئازەری

سەردەمانێکی زۆر زوو بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو ناوی خواجە ئەبوتالیب بوو. ئەو بازرگانە ژنێکی بەناوی پەریزاد و کچێکی بەناوی نیگارەوە هەبوون. خواجە زۆری دڵ بەماڵ و منداڵەکەی خۆی خۆش بوو، ئەو دەمەی ناچار دەبوو بۆ بازرگانیە بچێتە ئێرە و ئەوێ هەوڵی دەدا هەرچی زووترە بگەڕێتەوە چونکە زۆری دڵ بەژن و کچەکەیەوە بوو.

ڕۆژێکی نەگبەتی ڕووی تێ کردن و پەریزاد خان نەخۆش بوو و زۆری پێ نەچوو مرد. بازرگان زۆر دڵتەنگ بوو لە تاو ژنەکەی ماوەیەکی زۆری هەر بەگریە و ناڵە و هەناسەی ساردەوە بەسەر برد. خواجە ئەبوتالیب لە دوای مردنی ژنەکەی نەیدەتوانی وەک جاران بچێتە سەفەرێ و نیگاری جوان و شۆخی بەتەنێ لە ماڵێ بەجێ بێڵێ، کەسیش نەبوو چاوەدێری کچ و ماڵەکەی بۆ بکات، بۆیە تا دەهات کار و کاسبیەکەی ڕوو لە خراپی بوو. خواجە ئەبوتالیب چی لە دەست دەهات و دەیتوانی چی بکا؟ زۆری بیر کردنەوە، تا سەرەنجام هاتە سەر ئەوەی ژنێ بێنێتەوە. چونکە چ چارەیەکی دیکەی نەبوو. کچە بازرگانێکی دەوڵەمەندی بەناوبانگی خواست کە ناوی گوڵناز بوو، سێ شەو و سێ ڕۆژان شایی گەڕا و دەهۆڵ و زوڕنا لێدرا و ئەو شۆخەیان بۆ خواجەی گواستەوە.

بازرگان گوڵنازی ژنی هێنایە بەر ماڵێ و پێی گوت:

«ئاگاداری کە نیگاری کچم لە خۆم خۆشتر دەوێ، دەبێ تۆش وەک کچی خۆتی تەماشا کەی.»

گوڵناز وەڵامی دایەوە:

«لەوەی دڵنیا بن. کە نیگار کچی ئێوەیە کچی منیشە.»

ساڵ هاتن و تێپەڕین. نیگار بووە پازدە ساڵان. هێندە جوان و شۆخ و شەنگ بوو لە تەواوی شاریدا دەنگی دابۆوە و باس هەر باسی جوانی و زیرەکی ئەو بوو. خوازبێنی زۆری دەهاتن، یەک لەوانەش شوانکارەیەکی جحێڵە بوو ناوی مراد بوو. ئەو مرادە هێندەی نیگار خۆش دەویست نە خواردنی مابوو نە خەو، سەرەنجام دەردی دڵی خۆی بۆ داکی هەڵڕشت و داکەش سەربوردەکەی بۆ بابی مرادی گێڕایەوە، کە بابی مرادی لە ئەوینی کوڕەکەی بەکچی بازرگانی دەوڵەمەند ئاگادار بوو، پێی گوت:

«کوڕەکەم، بەخۆڕایی خۆت هەڵمەخەڵەتێنە، بازرگان هەرگیز کچی ناداتە لاوێکی هەژاری وەک تۆ. وا چاترە ئەو خەیاڵەی لە سەرت دەرکەی.»

مراد بەبیستنی ئەو قسانە تێر گریا. بابی زگی پێی سووتا. کە زانی هەر ناچاریشە چووە خوازبێنییە کچی بازرگانی. کە خواجە ئەبوتالیب لە مەبەستەکەی بابی مرادی حاڵی بوو، هەر لێی ڕاست بۆوە و لە ماڵە خۆی وەدەر نا. بابی مرادی لە ڕێی گەیاندنی ئەو هەواڵە بەکوڕەکەی، بەجێ دەهێڵێن و شتێکتان دەربارەی ژنی خواجە ئەبوتالیب -گوڵناز-ەوە بۆ باس دەکەین.

***

گـولّناز ئاوێنەیەکی هەبوو وەک ئادەمیـان دەدوا. ئەو هەمـوو ڕۆژێ جـارێکی دەگـەڵ ئەو ئاوێنەیەی دەکەوتە قسان. خۆی دەڕازاندەوە و بەخۆی هەڵادەگوت. جارێکیان دوای خۆ لە تەل دانێ، چووە بەردەمی ئاوێنەکەی و پرسی:

«پێم خۆشە بزانم داخوا لەو دونیایەیدا کەس لە من جوانتر هەیە؟»

ئاوێنە وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ هەیە.»

گولناز بەتووڕەیییەوە قیژاندی:

«کێ؟»

و ئاوێنە گوتی:

«نیگار، نیگاری شۆخ و شەنگ.»

گوڵناز بەو قسە زۆر تێکچوو و ئارامی لێ هەڵگیرا. ماوەیەکی زۆر بیری کردەوە چ بکا؟ سەرەنجام بۆ ئەوەی خۆی تاکە جوانی دنیایە بێ بڕیاری دا نیگاری جوان بکوژێت. گوڵناز ئەویندارێکی هەبوو هەرچی پێی ڕاسپاردبایە تەنیا ئاماژەیەکی ئەوی بەس بوو خۆی دە ئاوری هاوێ و ئەوەی ناکرێ بیکا. ڕۆژێکی کە خواجە ئەبوتالیب بۆ کاری بازرگانیە چووە سەفەرێکی دوور، گوڵناز ئەو کوڕەی بانگ کرد و پێی گوت:

«نیگارێ بەرە نێو دارستانێکی دوور و بیکوژە. دوایەش جلە خوێناویەکانیم بۆ بێنەوە ئێرە.»

کوڕەی شەیدا نەیپرسی داخوا بۆ ئەو کارەی بکات و کچی بازرگانی بۆ بکوژێ. ئەوەندە نەبێ گوتی:

«تۆ شتێکی دەرخوارد دە با بێهۆش بێ، ئەو دەمی بۆ خۆم دەزانم چ دەکەم.»

ئێوارە داهات، کاتی نان خواردنی شێوان، گوڵناز دەرمان خەوی بۆ نیگاری دە چێشتێ کرد. هەر کە خواردنەکەی چووە دیوی زگی بەلادا هات و خەوی لێ کەوت. دوایە دڵخوازەکەی گوڵنازی هات و نیگاری دە پارچە کلیمێکیەوە پێچا و بەشانی دادا و دارستان خۆت بگرە و هات. کە گەییە دارستانێ کلیمەی لێ کردەوە و ویستی سەری کچەی ببڕێ، هەر کە چاوی بەو جوانییەی ئەو دەم و چاوە خەوالّووەی کەوت لە دڵی خۆیدا گوتی:

«باشە ئەمن ئەو کچە بێ گوناهە بۆ بکوژم؟ هەر لێرەی بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم. دڵنیام دڕندە و گورگ هەر دەیخۆن.»

نیگاری لەسەر عەردی بەجێ هێشت و کلیمەکەی بەسەردا هەڵکێشایەوە. دوایە چوو کەروێشکێکی ڕاو کرد و خوێنەکەی لە کراسەکەی نیگاری هەڵسوو و بردیەوە. لە ڕێی گەڕانەوێی بۆ شاری لایدایە لای گوڵنازێ، کراسە خوێناویەکەی دایە دەستی و گوتی کە کارەکەی ئەنجام دا. گوڵنازی لێرە بەجێ دەهێڵین کە پێی وایە جوانترین ئافرەتی سەر ئەو دنیایەیە و دەچینەوە سەر و سۆراغی نیگارە جوانێ.

***

نیگار سێ شەو و سێ ڕۆژان هەر نوستبوو. سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی سێیەم کە وە ئاگا هات خۆی لە دارستانێکی چڕ و پڕ و تاریک و ترسناکدا دیتەوە. نیگار زوو تێگەیی کە زڕداکەکەی لە بەر ئیرەییان



ئەو کارەی کردووە. کچە ماوەیەک گریا و فرمێسکی زۆری هەڵوەراندن. بەڵام گریان چارەی وی نەدەکرد. تۆزێک هاتەوە سەرخۆ، چاوی خۆی سڕینەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشان نەفرینی لە چارەنووسی خۆی کرد و بەناو دارستانێدا کەوتە ڕێ. هەر ڕۆیی ڕۆیی تا گەییە کێوێکی قووتی زۆر بڵند. لە دەور و بەری خۆی ڕوانی چەند خانوویەکی لە داوێنی کێوەکەوە دیتن. کچە برسی و تینوو و شەکەت و ماندوو بوو، بیری کردەوە:

«ئێرە ئەو لا چەپە تەنیا جێی دێوانە. دەچمە دەو خانووەیەوە، با دێو بمخۆن، چییە خۆ هەر نەبێ لەو هەموو ئێش و ئازار و ژان و ژوار و ڕەنجەم ڕزگار دەبێ.»

نیگار بەرەو خانووەکە چوو. لە پڕ چاوی بەسەگێکی گەورە و ترسناک کەوت کە لە بەر دەرکێ وەرکەوتبوو، کچە زۆر ترسا بەڵام سەگەکە خۆی تێ نەگەیاند. هەر هێندە لێی هاتە پێشێ خۆی لە لاق و لەتەری هەڵسوێ، کچە ئاهێکی هاتەوە بەرێ و چووە ژوورێ و سەری دە هەموو ژوورەکان هەڵکرد و کەوتە ئیشان. ژوورەکانیماڵین و خاوێنی کردنەوە. دوایە مەنجەڵە پلاوێکی گەورەی لێنا، کە پێگەیی دانیشت هەتا تێر بوو خواردی، ئەویدیشی لە سەر ئاورێکی کز دانا، تا سارد نەبێتەوە.

خۆر لە کێوان ئاوا بوو و شەو داهات. لە پڕ کچە گوێی لە دەنگی سمی ئەسپان بوو. چوو خۆی پەنادا و چاوەڕێ ما. زۆر نەچوو حەوت پاڵەوانی وەک ڕۆستەمی زاڵ هاتنە ژوورێ. پاڵەوانەکان هەر هەموویان پیاوی چاک بوون و بەحەوت برا ناسرابوون. لەبەر بێدادی و زۆر و زۆرداری هەڵاتبوون و هاتبوونە ئەو داوێنەی کێوی بێستوون. دوندی ئەو چیایە هەمیشە هەر بەفر بوو. برایەکان لەو دەور و بەرەیان ڕوانی. دیتیان ژوورەکان هەموو پاک و خاوێن و ڕێکوپێک و ڕازاوەیە و پلاوی ئامادە ئەوە لە سەر ئاگریە. بەسەر سامییەوە لێکتر ڕامان، دەبێ ئەوە چ بێ؟ خۆ لە ترسی ئەو سەگە دڕەی وان، باڵندە ناوێرێ بێتە ژوورێ. دوای ئەوەی هەر حەوت برا نانیان خوارد، برا گەورە گوتی:

«با تا بەیانی ڕاوەستین، هەر دەزانین چییە.»

بە درێژایی شەوێ نەنووستن و سبەینێ زووش لێیاندا وەدەر کەوتن، هەر کە ئەوان ڕۆیشتن نیگار لە پەنایێ هاتە دەرێ و جێ و بانی شەوێی هەڵگرتن و ژوورەکانی ماڵینەوە و مەنجەڵێکی دیکە پلاوی وەسەر نا. بۆ خۆی نەختێکی خوارد و ئەوی دیشی لەسەر ئاگرێکی کز هێشتەوە تا سارد نەبێتەوە.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەش هەر حەوت برا هاتنەوە ماڵێ. هەر وەک ڕۆژی پێشتر ژوورەکان ماڵدرابوون و چێشت لێنرابۆوە و لە سەر ئاگری بوو. ڕۆژی سێیەمیش هەروا ڕابرد.

برا گەورەکەیان گوتی:

«براینە! یەکێک لێرەیە. کە ئێمە وەدەر دەکەوین ئەو ئیشەکانی ماڵێ دەکا و چێشتی لێدەنێ و کە ئێمەش دێینەوە ئەو خۆی دەشارێتەوە.»

برایەکان بەدەنگێکی بەرز گوتیان:

«ئاواڵی خۆشەویست! خۆتمان لێ ئاشکرا کە. ئەگەر پیرەمێردی ئەوە باوکمانی. ئەگەر لاوی برامانی، ئەگەر پیرێژنی داکمانی و ئەگەر کچیشی ئەوە خوشکمانی.»

کە نیگار ئەو قسانەی بیست لە پەنایە هاتە دەرێ. هاتە لایانەوە و هەموو بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بۆ گێڕانەوە.

برایەکان هەموو هاواریان کرد:

«خوا تۆی بۆ ئێمە ناردووە. ئێمە خوشکمان نییە. ئێستا ئەوە تۆ خوشکی مەی. ئێمە وەک چاوی خۆمانت دەپارێزین و ئاگامان لێت دەبێ. هەر لە سەر چاوانت دادەنێین، ئەو چاوەیان شل بوو ئەویدی.»

نیگار یەکجار زۆر شاد بوو لە خۆشیان سوور هەڵگەڕا و دڵیشی وەک گوڵی گەشایەوە.

لەو ڕۆژە بەدواوە هەموو ڕۆژێ ئەو حەوت برایە دەچوونە دەرێ و ئەو لە ماڵێ دەمایەوە، ماڵەکەی ڕێک دەخست و چێشتیشی لێدەنا. ئێستاکە نیگار لەگەڵ برایەکانیدا بەخۆشی و شادییەوە دەژین. لێرەیان بەجێ دەهێڵین و دەچینەوە سەر و سۆراغی خواجە ئەبوتالیب و ژنە ئیرەییەکەی -گوڵناز-.

* * *

خواجە ئەبوتالیب نیگاری کچی یەکجار زۆر خۆش دەویست. کە لە سەفەری هاتەوە، یەکەم شتێک کە لە گوڵنازی پرسی ئەوە بوو:

«ئەدی نیگارەکەم کوا؟»

گوڵناز گریانی هێنایە خۆی و بەدەم نووکە نووک و هەنیسکانەوە گوتی:

«کچەکەمان بۆ گەڕانێ چوو بووە نێو بێستانی شووتیان و لەوێ کارەساتێکی ترسناکی بەسەر هات. گورگێک پڕی دەداتێ و دەیخوا. ئەوەش جلە خوێناویەکانیەتی.»

خواجە ئەبوتالیب زۆر بەکوڵ گریا. ماوەیەکی زۆر دەینالآند و بەسەری خۆی دادەدا. هەموو بازرگانی شاری هاتنە لای و کەوتنە دڵدانەوێی:

«خواجە ئەبوتالیب! ئەو گریان و هات و هاوار و داد و بڕۆ و لە خۆدانە کچەکەت نایەنێتەوە.»

بەڵام ئەو هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی نیگارە شۆخەکەی لە دڵ دەرکا و لە بیر خۆی بەرێتەوە. لەو ڕۆژەوە کە ئەو هەواڵە ترسناکەی مەرگی کچەکەی بیستبوو هەموو شەوێ دەخەونێیدا دەدیت.

بەڵام گوڵنازێ خواجە ئەبوتالیبی کە پێی وابوو لە دنیایەدا کەس لەوی جوانتر نییە، ڕۆژ لە ڕۆژێ و جار لە جارێ دڵشاد و خۆشحاڵتر بوو و هەمو دەمێ هەر دەتریقایەوە. ڕۆژ تا ئێوارێ لە بەر دەمی ئاوێنە ئەفسووناوییەکەی ڕادەوەستا و لە خۆی ڕادەما.

ڕۆژێکی گوڵناز لە بەر ئاوێنەی بەجوانییەکەی خۆی هەڵدەگوت. لە ئاوێنەکەی پرسی:

«دەمەوێ بزانم داخوا لەو دنیایەدا کەس لە من جوانتر هەیە؟»

ئاوێنە وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ هەیە.»

گوڵناز بەڕق و کینەوە پرسی:

«کێیە؟»

ئاوێنە وەڵامی دایەوە:

«خوشکی حەوت برایان کە لە داوێنی کێوی بێستووندا دەژی.»

گوڵناز لە خەفەتان خەریک بوو شێت بێ، هەموو بەردەست و خزمەتکارەکانی خڕ کردنەوە و گوتی:

«لە داوێنی کێوی بێستووندا خوشکێ حەوت برایانی لێیە. کێ ئامادەیە و بچێ بیکوژێ؟»



هیچ یەک لە خزمەتکارەکان ئامادەی چوون و کوشتنی خوشکی حەوت برایان نەبوون.

تەنیا سەرخزمەتکار نەبێ، ئیکلامی کێشا و گوتی:

«خانم! دوو خزمەتکارم ڕەگەل خەن ئەمن دەچم دەیکوژم.»

گوڵناز گوتی:

«بڕۆ، ئەگەر سەرکەوتی ئەوا پاداشێکی چاکت دەدەمێ.»

سەرخزمەتکار دەگەڵ دووی دەدی بەرەو کێوی بێستوون وەڕێ کەوتن.

چەند ڕۆژێکان بەڕێوە بوون تا سەرەنجام گەیشتنە کێوێکی بڵند کە ئەگەر لەسەر لووتکەیڕا دەست درێژ کەی دەستت دەگاتە ئەستێران. گەیشتنە بەر دەرکەی ماڵی خوشکێ حەوت برایان. بەڵام سەگەکە ئامانی نەدان و نەیهێشت پێ دەدیوی ژوورێ نێن. ماوەیەکی زۆر لەو دەوروبەرەی سووڕانەوە تا تووشی دەروێشێک بوون. سەرخزمەتکار زۆر خۆشحاڵ بوو و پرسی:

«ئەرێ مام دەروێش کێ دەوماڵەیدا دەژی؟»

دەروێش وەڵامی دایەوە:

«حەوت برا و خوشکێک.»

«باشە دەکرێ بچیە ژوورێ؟»

دەروێش وەڵامی داوە:

«نەک هەر تۆ تەنانەت ئەژدیها و دێویش لەبەر ئەو سەگەی ناتوانن بچنە ژوورێ، چونکە دەیانگرێ و پارچە پارچەیان دەکا.»

دیسان سەرخزمەتکار پرسیەوە:

«ناوی خوشکی ئەو حەوت برایانە چییە؟»

دەروێش وەڵامی داوە:

«ئەو کچە ناوی زێبا جوانە!»

سەرخزمەتکار ماوەیەکی زۆر لەو ناوەیدا خۆی دانووساند، بەڵام سەگەکە نەک هەر نەیهێشت بچێتە ژوورێ، تەنانەت ڕێی لای دەرکێشی نەدایە، لێی نیزیک بێتەوە.

کە سەرخزمەتکار نائومێد بوو بەناچاری گەڕایەوە و ئەوەی لە دەروێشی بیستبوو هەمووی بۆ ژنی ئەربابی گێڕایەوە.

گوڵناز دوای بیستنی ئەو بەسەرهاتانەی سەرخزمەتکاری، دڵنیا بوو کە ئەو کچە هەر -نیگار-ی زڕ کچەکەی خۆیەتی. زۆری ڕق لەو کوڕە ئەویندارەی خۆی و سەرخزمەتکارەی هەستا کە کارەکەی بۆ ئەنجام نەداوە و سەرخزمەتکاریش هەواڵی نەبوونی ڕێی چوونە ژوورێی دابوویە. دەو دەمەیدا کە دە قژە سەری سەرخزمەتکاری دەنووسا قیژاندی:

«سوێندە و خواردوومە، ڕێیەکی بۆ کوشتنی ئەو چەتیوەی نەبینییەوە، ئەمن ئەتۆ بەدەستی خۆم پارچە پارچە دەکەم.»

خزمەتکارە بەترس و لەرزەوە گوتی:

«بانو سەلامەت بێ! ئەمن پیرێژنێکی جادووگەر دەناسم، ڕەنگە ئەو سەری لەو کارانە دەرچێ و بتوانێ بیفەوتێنێ.»

گوڵناز پێی لە زەوی دان و فەرمانی دا:

«هەر ئێستا خێراکە بچۆ ئەو پیرێژنەم بۆ بێنە ئێرە.»

سەرخزمەتکار هەر خێرا وەدەرکەوت و بێ ڕاوەستان چوو لەگەڵ پیرێژنی هاتەوە. گوڵناز فەرمانی دا پیرێژن زیاتر بێتە پێشێ و گوتی:

«لە داوێنی کێوی بێستوونێ خوشکی حەوت برایانی لێیە و لەوێ دەژی. ئەگەر بتوانی بۆم لە ناو بەری زێڕ و زەبەرێکی زۆرت دەدەمێ.»

جادووگەر گوتی:

«جاری تۆ لە پێشدا پێم بڵێ بزانم ئەو کچە چە کارێکی ناشایستە و خراپی کردووە؟ ئەو دەم دەچم دەیبینمەوە و دەیکوژم.»

گوڵناز بەدەم گریانێوە وەڵامی داوە:

«ئەو لە من جوانترە، حەزم لێیە لە دنیایەدا کەس لە من جوانتر نەبێ. جا تۆ بیکوژە ئەودەم هەرچییەکت بوێ لە دنیایە دەتدەمێ.»

پیرێژنی جادووگەر و چاوچنۆک کە هیچ شتێکی لە خوێنڕشتن و کارەسات بەسەر خەڵکیدا هێنان پێ خۆشتر نەبوو گوتی:

«زۆر چاکە! من دەچم و کچەی دەکوژم.»

چاکی بەدفەڕی لێکرد بەلادا و ڕووی لە کێوی بێستوون کرد.

***

شەو و ڕۆژی دانەبەرێ تا گەییە کێوی بێستوون. پیرێژن گەییە ماڵێ خوشکی حەوت برایان و ویستی لە دەرکێ دا بەڵام سەگەکە بواری نەدا و زۆر بەقەودەوەڕی. حەپە حەپی سەگەکەی نیگاری لە ماڵێ هێنا دەرێ. کە پیرێژنی جادووگەری دیت بیری کردەوە:

«برایەکان لە ماڵ نین و ئەمنیش بەتەنیم. هەر چاکە بانگی دەکەمە ژوورێ و بۆ خۆمان سەر پێکەوە دەنێین. هەر چاکە بۆ ئاودەنگییە.»

ئیدی هەر کە کچە دەستی پیرێژنێی گرت بیباتە ژوورێ سەگی تاین هار بوو، وەک پاڕانەوێ خۆی لە لاق و لەتەری نیگاری هەڵدەسوی تا پیرێژنێ نەباتە ژوورێ. بەڵام کچە گوێی نەدایە و تێنەگەیی. سەگەی چغ کرد و پیرێژنەی بردە ژوورێ. لە پەنایەک دانیشتن و پیرێژن سەر گوزەشتەیەکی خۆشی بۆ کچەی گێڕایەوە و دوایە سێوێکی دایە و گوتی:

«کچە جوان! ئەوە سێوی بەهەشتێیە، بیخۆ.»

کە نیگار سێوەکەی لە پیرێژنێ وەرگرت و ویستی بیخوا، سەگەکە چەند جارێکان هاتەوە و خۆی بەدەست و پێی دادان بەڵام کچە هەر تێنەگەیی. هەر کە گەیاندییە دەمی و قەپاڵێکی چکۆڵەی لێدا، بەلادا هات و مرد. هەر لەو دەمەیدا سەگە ئامبازی پیرێژنێ بوو و دایهاتێ و پارچە پارچەی کرد و چوو





لە ناو دەرکێ هەڵتوتەکا، دەیقروسکاند و چاوەڕێی برایەکان بوو بێنەوە.

ئێواری کە هەوا تاریک بوو، برایەکان هاتنەوە، دیتیان سەگەکەیان بەپیرەوە نایە و بێ جووڵە لە ناو دەرکێ هەڵتووتەکاوە و زۆر بەناڕەحەتیەوە نووزە نووزیەتی. برایەکان دڵتەنگ بوون.

برا گەورە گوتی:

«دەبێ خوشکەکەمان شتێکی بەسەر نەهاتبێ؟»

هەموو بەخێرایی ڕایانکردە ژوورێ، خوشکەکەیان دیت کە لە ناوەڕاستی ژووری ڕاکشاوە و هەستی نایە و هەناسەی لێ بڕاوە. سێوێکی لە دەستی دایە و پیرێژنێکی پارچە پارچە کراویشی لە تەنیشتێوەیە. هەر زوو تێگەیشتن کە ئەو کاری پیرێژنێیە و بۆیەش سەگەکە وای دڕیوە و ونجڕ ونجڕی کردووە.

سێوەکەیان لە دەستی خوشکەکەیان دەرێناو هاویشتیانە بەردەمی سەگەکە. بەڵام ئەو سێوەکەی نەخوارد. دوایە سێوەکەیان هاویشتە بەردەمی گیانلەبەرێکی دی، هەر کە سێوەکەی خوارد مرد، ئێستا دڵنیابوون کە سێوەکە ژەهراوی بوو. برایەکان لاشەی پیرێژنەیان بردە سەرانگوێلکێ و لەوێ دە چاڵێکیان هاویشت و شاردیانەوە، لە سەر لووتکەی کێوی بێستوونیش گۆڕێکی یەکجار شایستەیان لە بەردە بەنرخەکانی ئەو کێوە بۆ هەڵنا و لاشەی خوشکەکەیان دە سندووقێکی زەردی زەعفەرانیدا بەو گۆڕە سپارد و لەوێیان دانا. هەموو ڕۆژێک بەو کێوەی هەڵدەگەڕان و پەردەیان لە ڕووی خوشکەکەیان لادەدا و تێر و پڕی بەسەردا دەگریان و تاوێکی چاکی تێڕادەمان و ئەوجا ئارامگاکەیان بەجێ دەهێشتەوە.

ئێستا ئەوان لە پرسەی خوشکە خۆشەویستەکەیاندا بەجێ دەهێڵین و دەچینەوە پەیسەری خاتو گوڵنازێ.

***

گـولّنـاز مـاوەیەکی زۆری چاوەڕێی پیـرێژنـێ جـادووگـەر کـرد. بەڵام هەر نەهاتەوە، وای لێ هات ئەو بەدفەڕی بەدفـەساڵە ئۆقرە و ئـارامی لێ هەڵگیرا، هات جوانترین جلی لەبەر کرد و خۆی ڕازاندەوە و لە ئاوێنەی ئەفسووناوی پرسی:

«دەمەوێ بزانم دەو دنیایەیدا کەسی لە من جوانتر هەیە؟»

ئاوێنە وەڵامی دایەوە:

«نەخێر.»

گولّناز تێگەیی کە پیرێژنی جادووگەر نیگاری کوشتووە. زۆر دڵشاد و خۆشحاڵ و شاد و شەنگوڵ و سەرمەستانە هاتە بەردەمی مێردەکەی و بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە حەز و ئارەزۆوە پرسی:

«پیاوەکە! لە تەواوی دنیایەدا کەسی لە من جوانتر تێدایە؟»

خواجە ئەبوتالیب وەڵامی دایەوە:

«نەخێر! هاوسەرەکەی خۆم. کەس ڕێی ناکەوێ لە تۆ جوانتر بێ، بەڵام خۆزگە مێشکیشت وەک دەم و چاوت جوان بایە. هەزار ئەفسووس کە ئەلکەی.»

گولّناز قاقایەکی کێشا و گوتی:

«مێشک، مێشک... مێشک چییە؟ ئێستا هەموو ناتەواوییەکەی من هەر تەنیا مێشکە! گێلە پیاو! ئەگەر جارێکی دی ئەو قسانەت لێ ببیەم هەردوو چاوت پێکەوە دەردێنم.»

خواجە ئەبوتالیب گوتی:

«گاڵتەم کرد.»

سەری لە ناو هەر دوو دەستی خۆی نا و ناڵاندی:

«ئاە... کچەکەم نیگار! تۆ چەندە جوان بووی هێندەش بەئاوەز و وریا و بەهۆش بووی. ئای... نیگار، نیگار.»

لێرەدا خواجە ئەبوتالیب بەدەم گریان و یادی نیگارێ و گولّنازیش لەگەڵ بەخۆنازینیەوە بەجێ دێڵێن و هێندێک دەربارەی مرادی شوانکارە دەدوێین.

***

مرادی شوانکارە باوەڕی نەبوو نیگار گورگ خواردبێتی، وەبیری هاتەوە:

«هۆی مەرگی ئەو کچەی، گولّنازی زڕداکەکەی بوو.»

بەڵام مراد نەیدەتوانی ئەو گومان و بۆچوونانەی خۆی بەخواجە ئەبوتالیب بڵێ، هەر لەبەر ئەوەش کە ئەو هەژار و کوڕە هەژارێک بوو و خواجەش بازرگانێکی خواپێداو و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بوو و وەک پاشایان دەژیا و دیارە کە گوێی لە قسەی شوانکارەیەکی وا هەژار و نەدار ڕاناگرێ و لە ماڵی خۆی وەدەر دەنێ.

ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ تێپەڕین، مراد زانی کە گولّناز فەرمانی بەو کوڕە دڵدارە ئەویندارەی خۆی کردووە ئەو کچەی بەرێتە نێو دارستانێ و لەوێ بیکوژێ. ڕاوەستا تا شەو داهات. گالۆکەکەی کە قورسایی سەرەکەی سێ مەن بوو تاو دایە و بەرەو ماڵی پیاوە– ئەویندارەکەی گولّنازێ– کەوتە ڕێ، لە



عاشقی گولّنازێی پرسی:

«نیگارت لە کوێ کوشت؟»

پیاوە وەڵامی دایەوە:

«من نیگارم نەکوشتووە، نیگار گورگ خواردوویەتی.»

دوایە کوڕە شوانکارە گۆپاڵەکەی هەڵێنایەوە و گوتی:

«بە خودای لەسەران، ئەگەر تەواوی هەموو ڕاستییەکانم پێ نەڵێی کوتەکێکی وات لە مێشکی دەدەم، مێشکت وەک دەنکە هەناران بەگۆڕێ وەربێ.»

ئەویندارى گولّنازێ دەستی بڵند کردن و کەوتە پاڕانەوێ:

«دەستت بێنە خوارێ تا هەرچی بەسەرهاتە پێت بڵێم.»

مراد گالۆکەکەی هێنایەوە خوارێ و گوتی:

«قسان بکە.»

گوێ ڕاگرە شوانە! گولّناز نیگاری دەرمانداو کرد و خەوی لێ خست و لە هۆش چوو و ئەوجا فەرمانی بەمن دا بیبەمە نێو دارستانێکی و لەوێ سەری ببڕم، بەڵام من زۆرم زگ بەو بەستەزمانەی سووتا و هەروەک خۆی بەنووستوویی دەدارستانێمدا بەجێ هێشت و هاتمەوە و ئیدی نازانم دوای من چی بەسەر هاتووە.»

مراد کە بیستی خۆشەویستە دڵخوازەکەی نەکوژراوە، هەر ئەو شەوە بەدڵێکی یەکجار خۆشەوە چووە لای کۆمەڵەی شوانکارەکانی ئاوەڵی و پێی گوتن:

«من سەفەرێکی دوور و درێژم لەبەرە، تا دەگەڕێمەوە چاوتان بۆ لە پەزەکانم بێ و چاکیان بلەوەڕێنن و ئاگاتان لێیان بێ و بەرهەڵدایان مەکەن.»

دوای ئەو قسانە مراد خۆی ئامادە کرد و ملی لێنا. بەپێی پیادە شار و گوند و پێدەشتی دانەبەرێ و لە ڕێیەش گەییبا هەر کەسێکی سۆراغێکی نیگارێی لێ دەپرسی.

ماوەیەکی زۆر ڕۆیی، هەر ڕۆیی ڕۆیی بەڵام تووشی کەسێکی وا نەبوو سووسەیەکی لە نیگارێوە بزانێ. سەرەنجام دە ئەشکەوتێکیدا تووشی پیرەمێردێکی ڕیش چەرمگی بەساڵدا چوو بوو و هەرچی بەسەرهات و غەم و ناخۆشیەکانی بوو هەمووی بۆ وی گێڕایەوە. کە پیرەمێرد تەواوی بەسەرهاتەکانی کاکی شوانکارەی بیستن گوتی:

«لاوژە! تۆ بۆ خۆت دەزانی کە خۆر تەواوی ئەو دنیایە لێک دەدا و هەموو جێیەکی دەگەڕێ و هەموو شوێنێکی ڕووناک دەکاتەوە و هەمو جێیانیش پێ دەزانێ، دیارە هەر دەبێ سووسەی نیگارێش لەوی بپرسی تا پێت لێ لە کوێیە.»

بەڵام چۆن دەتوانم ئەو پرسیارانە و هەواڵانە لەوی بپرسم. ئەو لە ئاسمانێ و من لەسەر عەردی.»

«خۆر بە ڕۆژ لە گەڕانێیە و ئێوارانیش دێتەوە ماڵێ، تۆ لە ماڵێ بچۆرە لای.»

«جا باشە خۆر ماڵەکەی لە کوێیە؟»

پیرەمێردی ڕیش چەرمگ وەڵامی داوە:

«خۆر ماڵی لە پشت کێوە بڵند و سەرکەشەکانی قەوقازە و لە نێو باغی ئێرەمدایە. بچۆ لای و بڵێ: ئەی شای جوان و نازداران، خۆری مەزن! من بۆ تکا و نیاز و مەبەستێک هاتوومە لای ئێوە و ئەویش وەڵامت دەداتەوە»

شوانە زۆری سوپاسی پیرەمێردەی کرد و وەڕێ کەوت تا بچێ باغی خۆر بدۆزێتەوە. مانگێک و دوو و سێ بەڕێوە بوو تا گەییبە کێوەکانی قەوقاز. مراد بەرەو لووتکەی بڵندترین کێوێک هەڵگەڕا و ماوەیەک سەرسام و واق وڕماو و بێ هەست و چرپە ئەبڵەق بوو: درەختانی سەرسام هێنی ئەو باغە، پەل و پۆیان هاویشتبوو و سەریان لە کەشکەلانی فەلەک دابوو. گوڵ و گوڵیلکی ڕازاوە و گەشاوە ئەو ناوەیان بۆنپژێنی بۆنی خۆش کردبوو. ئێرە بەهەشت بوو، بەهەشت. هەمو شتێک جوان و سەر سووڕهێن بوو.

شوانە هاواری کرد:

«ئەی خۆری مەزن! ئەی شای جوان و نازداران! من بۆ داوا و تکا و نیاز و مەبەستێک هاتوومە لای تۆ.»

هەر دەو دەمەیدا ئاسمان پڕ بوو لە ڕووناکییەکی گەش و درەوشاوە و خۆر لە پشت تەپۆڵکەی «گردە زێڕ»ەوە سەری دەرێنا و گوتی:

«هۆۆۆی شوانە! بڵێ بزانم چت لە من دەوێ؟»

«ئەی خۆری جوان! حەوت ساڵە لە نیگاری خۆشەویستم بێ ئاگام و سەر و سۆراغێکی نازانم. ئەوە هاتووم دەستەودامانی تۆم پێم بڵێی بزانم لە کوێیە؟»

خۆر وەڵامی دایەوە:

«من نازانم لە کوێیە. لەوانەیە مانگ بتوانێ یارمەتییەکت بدا.»

«بەڵام من چۆن دەگەمە مانگ و چۆنی دەبینم.»

«حەوت شەو و حەوت ڕۆژان بەپێخواستی دە باغیدا برۆ تا دەگەیە "گردە زێوێ". بچۆ سەر تۆقەڵەی ئەو گردە و چۆنت بانگی من کرد هەر ئاواش ئەوی بانگ کە و لێی بپرسە دڵخوازەکەت لە کوێیە؟ ئەوەش بزانە کە مانگ وەزیری جوانانە.»

شوانە زۆری سوپاسی خۆری کرد و ئەو ڕێیەی پێی گوتبوو گرتیە بەرێ. چەند ڕۆژ و ڕۆژگاران بەڕێیەدا ڕۆیی تا گەییبە "گردە زێوێ". چووە سەر گردەی و هاواری کرد:

«ئەی وەزیری جوانان و نازداران! مانگی ڕازاوە! من بۆ داوا و تکا و نیاز و مەبەستێک هاتوومە لای تۆ.»

مانگ هەر خێرا لە بن هەوران هاتە دەرێ و گوتی:

«هۆۆۆی شوانە! بڵێ بزانم چت دەوێ؟»

«ئەی مانگی جوان! حەوت ساڵە کە نیگاری دڵخوازم ون بووە. دەستم داوێنت بەڵکە پێم بڵێی لە کوێیە و چۆنی وەبینم؟»


«هۆی شوانە! من نازانم نیگار لە کوێیە. با لە سەرتاسەری دنیایە دەگەڕێ. ئەگەر ئەو بتوانێ یارمەتیەکت بدا.»



مراد پرسی:

«باشە من "با"ی لە کوێ وەبینم؟»

«سێ شەو و سێ ڕۆژان بەو باغەیدا برۆ تا دەگەیە کێوێکی زۆر بڵند، بچۆ سەر لووتکەی ئەو کێوە و هەر وەک چۆنت بانگی من کرد ئەویش ئاوا بانگ کە و دوایی لێی بپرسە داخوا دڵخوازەکەت لە کوێیە. ئەوەش بزانە کە "با" شای پاڵەوانانە.»



شوانە دوای سوپاس و پێزانینی ئەو ڕێنماییانە، بەرەو دیداری (با) ملی لێنا. سێ شەو و سێ ڕۆژان ڕێی کرد تا گەییبە کێوێکی، لە کێوەی وەسەرکەوت و بەدەنگی بڵند گوتی:

«ئەی شای پاڵەوانان! بای بەهێز و توانا! بەهیوای داوایەکەوە هاتووم.»

و لە پڕ بایەکی یەکجار زۆر توند هەڵی کرد و هەموو شتێکی هەژاند. "با" پرسی:

«هۆۆۆی شوانە! بڵێ بزانم چت دەوێ؟»

«ئەی بای ئازا و نەبەز! حەوت ساڵە نیگاری دڵخواز و نازەنینم ون بووە. دەستەوداوێنی تۆم پێم بڵێ بزانم لە کوێی وەبینم.»

"با" وەڵامی داوە:

«دڵخوازی تۆ دەتابووتێکی زەردباودا و لە نێو ئارامگایەکی مەڕمەڕی سەر لووتکەی کێوی بێستووندا چاوی لێک ناوە و ڕاکشاوە.»

مراد زۆر سوپاسی "با"ی کرد و ڕێی کێوی بێستوونی دایە بەرێ. کەس نازانێ چەندی پێ چوو هەر ڕۆیی و ڕۆیی تا گەییبە خەرەند و هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار. لە پڕ تۆفان هەستا و ئاسمان گرماندی و برووسکە کەوتنە چەخماخان. زەوی وەلەرزە هات و دەو تاریکاییە ئەنگوستەچاوەدا سەر و کەللەی حەوت دێوان پەیدا بوو. هەر کە چاویان بەشوانەی کەوت لە هەموو لایەکیرا هێرشیان بۆ هێنا و پەلاماریان دا. بەڵام مراد هیچ خۆی تێک نەدا، گالۆکی ڕاست کردەوە و بەدەوری سەری خۆیدا کەوتە هەڵسووڕاندنێیی و کوتکێکی وای ڕاوەشاند سێ دێوی پێکەوە لەگەڵ عەردی جووت کردن و وای لێدان دەتگوت هەرگیزاو هەرگیز هەر زیندووش نەبوون، چوار دێوەکەی دیش کە دیتیان ئەو پارووە بەوان قووت ناچێ، هەیان لە پێی خۆیان کرد و پێیە هەڵێ و سەرێ ڕزگار کە. مراد سەری لە دوونان، کلکی یەکێکیانی گرت و خۆی هەڵدایە سەر پشتێ و سواری بوو. دێوە بەدەم پاڕانەوە و فرمێسک ڕشتنێوە گوتی:

«ئەی پاڵەوان، ئەو جارەی ببەخشە و چاو لە کوشتنێم بپۆشە، هەر چییەکت بوێ بۆت دەکەم.»

مراد گوتی:

«بمبه سەر لووتکەی کێوی بێستوون. سەر ئارامگای مەڕمەڕین، جا لەوێ بەرهەڵدات دەکەم و دەتوانی بچیەوە لای بێچووەکانت.»

دێوە دەستوبرد ڕەحەوا کەوت. ڕێی حەوت ساڵانی بەحەوت ڕۆژان بڕی. شوانەی گەیاندە لووتکەی کێوی بێستوون و سەر ئارامگەی مەڕمەڕین.

مراد گوتی:

«ئێستا ئازادی.»

دێوە وە حەوا کەوتەوە و لە چاوان ون بوو. شوانە چووە نێو ئارامگاکەیەوە و بەرەو لای تابووتەکەوە چوو. ڕووپۆشەکەی لە سەر لادا و چاوی بەنیگاری شۆخ و شەنگ و جوان کەوتەوە. هەر دوو چاوی لە سەر یەک دانابوون و لێوەکانی جووت کردبوون. دەست و پەنجەکانی سارد و سڕ. ئیدی خوێن بەدەمکارەکانیدا هات و چۆی نەبوو.

مراد بەنائومێدی و ناکامییەوە بەهەردوو چەپۆکان بەسەری خۆی دادا. ویستی خۆی بکوژێ و بۆ تا هەتایە لە تەنیشت وییەوە بینێژن. بەڵام دەو دەمەیدا حەوت براکە لەوێ پەیدا بوون. زۆریان سەر لە کوڕە جحێڵەی سووڕما کە بەبانگ و سەڵا لەوێ دەگریا و خەریکی خۆکوشتنیش بوو. دوای ئەوەی هێندێکیان دڵدایەوە و هێنایانەوە سەر خۆ، برا گەورەکە پرسی:

«تۆ کێی؟»

شوانە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی بۆ باس کرد و دوایە پرسی:

«ئەوە چەند ساڵە نیگاری شۆخ و شەنگ و جوان مردووە؟»

برا گەورە وەڵامی داوە:

«تا ئەورۆ ئەوە سێ ساڵە. بەڵام ئەو مردنەی وی تا ئێستا لای مە ڕوون نییە. هەرچەندە بەمردووان دەچێ، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە نەمردووە و بەڵکە لە هۆش خۆی چووە و دە خەوێکی یەکجار قووڵ دایە.»

شوانە هاواری کرد:

«من دەبێ ئەو گرێیە بکەمەوە و ئەو تەلیسمە بشکێنم.»

برایەکان گوتیان:

«ئەو کارە بەتەنێ لە دەست تۆ نایە، تۆ لێرە لای ئێمە بمێنەوە بەتۆوە دەبینە هەشت برا.»

«حەوت ساڵانم چاوەڕێ بن، ئەگەر گەڕامەوە ئەوە باشە، ئەگەر نەشهاتمەوە ئەوە بزانن مردووم.»

بەیانی زوو دوای ماڵاوایی کردنی لە برایەکانی کەوتە ڕێ. پێش هەموو شتێک چووە سەر کێوی بێستوون و سەرێکی لە ئارامگایەکەی دایەوە و ڕووپۆشەکەی سەر دەم و چاوی لادایەوە. بەدەم گریانێکی یەکجار بەکوڵەوە بەدڵخوازەکەی گوت:

«نیگاری شۆخ و شەنگ و جوان! هەر ئەو تەلیسمەی تۆم شکاند دێمەوە لات و بۆ تا هەتایە پێکەوە دەژین.»

شوانە زۆر لە سەرخۆ ڕووپۆشەکەی بەسەردا هەڵکێشایەوە و لە مەزارەکەی وەدەرکەوت و بەرەو خەرەند



و هەڵدێری دێوە زل و زەبەلاحەکان کەوتە ڕێ.

هەر کە پێی نایە سەرەتای خەرەندێ دیتی ئەو دێوەی بردیە سەر لووتکەی کێوی بێستوونێ ڕاست هەوە بەپیریەوە دێت.

دێوە پرسی:

«ئەی پاڵەوان سڵاو، ئەوە بۆ کوێ ئۆغر دەفەرمووی؟»

مراد گوتی:

«تکایە بمگەیەنە کێوەکانی قەوقاز، ئەو کێوە بەرز و بڵند و لووتکە قیتانەی ماڵی "با"یان لێیە.»

دێوە گوتی:

«وەرە سەر پشتم.»

شوانە زۆر لەسەرخۆ خۆی هەڵدایە سەر پشتی و سواربوو. دێوە ڕەحەوا کەوت و ئەوی بردە کێوبا. کە ئەوی دانا دووبارە هەستایەوە و دە هەوراندا ون بوو. مراد چووە سەر هەرێ لووتکەی بڵند و بەدەنگێکی زۆر بەرز هاواری کرد:

«ئەی شای پاڵەوانان! ئەی بای بەهێز و توانا، وەڵامی ئەو هاوارەم بدەوە. داوایەکم هەیە.»

و لە پڕ دەنگێکی زۆر ترسناکی هاتە بەر گوێیان و ئەو ناوەش هەمووی وە لەرزە هات. "با" پرسی:

«شوانە! داوایەکەت چییە»

«نیگاری دڵخوازم ئەوە سێ ساڵی ڕەبەقە دە تابووتێکی زەردباودا ڕاکشاوە. تا ئێستاش هەر زیندووە، بەڵام بێ هۆشە و دە خەوێکی قووڵ دایە. ئەو تەلیسمەم بۆ بشکێنە، وە ئاگا بێتەوە.»

«هۆۆۆی شوانە! ئەو تەلیسمە بەمن ناشکێ مەگەر مانگ بتوانێ یارمەتیت بدات.»

"با" دەهانای شوانەی هات و بانگی گاجووتێکی کرد و گوتی:

«وەرە شوانەی بەرە گردەزێوێ، ئەو جێیەی مانگی لێ دەژی.»

مراد سواری پشتی گایەی بوو و گاجووت ڕەحەوا کەوت و کەوتە فڕینێ بەئاسمانێدا و بەپەلە ڕووی لە گردەزێوێ کرد. شوانە چووە سەری سەرێی ئەو گردە و بەدەنگێکی بڵند هاواری کرد:

ئەی وەزیری جوان و نازداران! مانگی نازەنین، وەڵامم بدەوە، داوایەکم لێتە.»

مانگە شەو هات و گوتی:

«داوایەکەت چییە؟»

«نیگاری دڵخوازم سێ ساڵە دە تابووتێکی زەردی ئارامگایەکدا ڕاکشاوە، هێشتا هەر زیندووە بەڵام بێ هۆشە و دەخەوێکی قووڵ دایە. بەڵکە ئەو تەلیسمەم بۆ بشکێنی.»

«ئەی شوان ئەو تەلیسمە بەمن ناشکی بەڵکە خۆر بتوانێ»

شوانە بەدڵشکاوییەوە و بەدەم گریانەوە ڕووی لە باغە زێڕی خۆر کرد. لە ڕێیەدا تووشی شێرێکی بوو، شێر لێی پرسی:

«ئەرێ شوانە، ئەوە بۆ دەگری؟»

«نیگاری دڵخوازم سێ ساڵە دە تابووتێکی زەرددا ڕاکشاوە. هێشتا هەر زیندووە بەڵام بێ هۆشە و

دەخەوێکی قووڵ ڕاچووە. دەمەوێ ئەو تەلیسمەی بشکێنم.»

شێر بەبیستنی ئەو قسەیە پرسی:

«ئەدی ئەوە ئێستا خەریکی کوێیی؟»

مراد وەڵامی داوە:

«دەچمە لای خۆر.»

شێر دڵی پێی سووتا و گوتی:

«وەرە سەر پشتی من، دەتگەیەنمە باغە زێڕی خۆر.»

مراد چووە سەر لووتکەی کێوی باغە زێڕی خۆر و بەدەنگێکی بڵند هاواری کرد:

«ئەی شای جوانان، خۆری مەزن! وەڵامم بدەوە، داوایەکم لێتە.»

خۆر هات بەلایەوە و گوتی:

«شوانە! داواکەت چییە؟»

«نیگاری دڵخوازم ئەوە سێ ساڵە دە تابووتی زەرددا ڕاکشاوە. هێشتاش هەر زیندووە بەڵام بێ هۆشە و دە خەوێکی قووڵ ڕاچووە، دەمەوێ ئەو تەلیسمەم بۆ بشکێنی!»

خۆر گوتی:

«هۆی شوانە! دڵخوازی تۆ لە ژیانیدا نەگەییبە حەز و ئارەزووەکانی خۆی. ئەو حەزی لێیە بژییەت و ئەویینداری بکات و دڵداربێ. هەر بۆیەش تا هێشتا نەمردووە و بێ هۆشە و دەخەوی قووڵ ڕاچووە چونکە چاوی لە دنیایەیە.»

مراد بەدەم هەنیسکی گریانێوە گوتی:

«ئاە، ئەی دانای هەموو دانایان! ئەی خۆری جوان! دووبارە نیگارەکەم زیندوو کەوە و ژیانی دووبارەی پێ ببەخشەوە.»

خۆر زۆری دڵ بەحاڵی شوانەی سووتا و گوتی:

«ئەی شوانەی بێکەس و بێدەر! دڵتەنگ مەبە! بچۆوە لای نیگارەکەت و لەوێ فریشتەی خۆشبەختی و شادی و بەختیاریت چاوەڕێیە.»

مراد خۆری بەجێ هێشت و بەرەو کێوی بێستوون کوتای، چل شەو و چل ڕۆژان ڕۆیی، تا گەییەوە باریکەی خەرەندێ و لەوی دێوەێ خۆی بانگ کردەوە. دێوە هات و گوتی:

«سڵاوت لێ ئەی پاڵەوان! فەرموو فەرمانت چییە؟»

شوانە داوای کرد:

«بمگەیەنەوە کێوی بێستوون و ئارامگای مەڕمەڕین.»

دێوە گوتی:

«وەرە سەر پشتم.»

شوانە چووە سەر پشتی دێوەی و دێو ڕەحەوا کەوتەوە، هەر ڕۆیی ڕۆیی تا گەیشتنەوە ئارامگای مەڕمەڕین.



شوانە زۆر سوپاسی دێوەی کرد و گوتی:

«ئەوە سێ جارانم لە هانا هاتی، ئەوجا وەرە با ببینە برای یەک.»

شوانە و دێو یەگدیان دەئامێز نا و دوایە لێک جودا بوونەوە. مراد چۆوە سەر ئارامگایەکە و ڕووپۆشەکەی سەر دەم و چاوی نیگاری جوانی لادایەوە، هەر دەو دەمەیدا گزنگی زەردی خۆرەتاوی لە سەر بڵندترین لووتکەکانی کێوی بێستوونەوە سەری وەدەرنا. خۆر تیشکە زێڕینە پڕشنگدارەکانی خۆی بەکەلێنی بەردی ئارامگاکەدا ناردنە ژووری مەزارێ و چووە سەر دەم و چاوی نیگارێ. کچە گرژ بوو و پشمی و چاوەکانی هەڵێنان. دە نێو تابووتەکەیدا دانیشت و بەسەرسامییەوە گوتی:

«ئای کە زۆر نووستم! ئێستا برایەکانم دێنەوە. خۆ دەبێ نانی شێوانیان بۆ ئامادە کەم.»

نیگار هەروا دە تابووتێدا ڕاست بۆوە و چاوی بەشوانەکەی کەوت و بەسەرسامییەوە پرسی:

«ئەوە تۆ چۆن گەییویە ئێرە؟»

دوایە ئەوەی بەسەری هاتبوو، مراد هەمووی بۆ گێڕایەوە.

کە نیگار تەواوی قسەکانی مرادی بیست گوتی:

«ئەی کوڕە لاوی ئازا! تۆ ڕاستی پەیمانی خۆشەویستی خۆت بەمن سەلماند. منیش تۆم خۆش دەوێ و پێم خۆشە ببمە هاوسەری تۆ.»

لەو سەر و بەندەیدا هەر حەوت برا هاتنە دە ئەشکەوتێ. کە نیگاریان بەزیندوویی دیت خەریک بوو لە خۆشیان شێت بن و جێیان بەخۆیان نەدەگرت.

نیگار تاک تاکەی هەموو برایەکانی ماچ کردن و گوتی:

«ئەو لاوە دەست و داوێن پاکە گیانی دووبارەی وەبەر نامەوە.»

برایەکان هەموو شوانەیان دە ئامێزی وەرێنا و لەگەڵ نیگارێدا بردیاننەوە ماڵێ. حەوت شەو و حەوت ڕۆژانیان کردە شایی و لۆغانی زەماوەندی شوانە و نیگارێ.

ئێستاش هەر حەوت برا و مراد و نیگارێ لەگەڵ شایی و بەزم و ڕەزمی خۆیان بەجێ دێڵێن و دەچینەوە سەر و سۆراغی گوڵنازی تاوانکار.

***

گوڵناز هەر وەکوو جاران ڕۆژانە لەبەر ئاوێنەی ئەفسووناوی دادەنیشت و دەخۆی ڕادەما و لەگەڵیدا دەدوا.

ڕۆژێکی هەروا کە گوڵناز خەریکی بەخۆداهەڵدانێ بوو لە ئاوێنەکەی پرسی:

«پێم خۆشە بزانم! داخوا لە دنیایەدا کەس هەیە لە من جوانتر؟»

ئاوێنە وەڵامی دایەوە:

«بەڵێ کەسێکی وا هەیە.»

گوڵناز خەریک بوو لە داخان شەق بەرێ. تەنانەت لە خەفەتان هەر نەشیپرسی کێیە، بیری کردەوە:

«ئەوە هەبێ و نەبێ دەبێ هەر نیگار بێ و زیندوو بووبێتەوە.»

گوڵناز بانگی سەرخزمەتکارەکەی خۆی کرد و گوتی:

«هەر ئێستا بڕۆ بزانە خوشکی حەوت برایان لە کوێیە و چ دەکا.»

سەرخزمەتکار توێشووی ئامادە کرد و کەوتە ڕێیە. ماوەیەکی زۆر بەڕێیەدا ڕۆیی تا گەیییەوە کێوی بێستوون و لە لووتکەی کێوەکەی هەڵڕوانی تا ئارامگاکەی دیتەوە. بەکێوێ هەڵگەڕا تا گەیییە نێو ئارامگاکە، تەنیا تابووتەکەی دیت کە بەزێڕاوی لێی نووسرابوو:

«کچێ بازرگانی، نیگاری شۆخ و شەنگ لێرەدا ڕاکشاوە.»

هێشتا لە خوێندنەوەی نووسینەکە نەببۆوە کە سەرخزمەتکار لێی پرسی:

«دەروێش پێم نالێی کێ ئەو ئارامگایەی دروست کرد و گۆڕی کێی تێدایە؟»

دەروێش وەڵامی داوە:

«حەوت برا خوشکەکەیان نیگار کە کچی بازرگانێک بوو مرد. ئەوانیش ئەو ئارامگایەیان لە بەردی گرانبەها و بەنرخ بۆ دروست کرد و کچۆڵەکەیان دە تابووتێکی زەرددا درێژ کرد و لە سەریان نووسی:

«کچێ بازرگانی نیگاری جوان و شۆخ و شەنگ دێرەدا ڕاکشاوە. دوای سێ ساڵ دووبارە هەستایەوە و زیندوو بۆوە و لە تابووتێ هاتە دەرێ و ئارامگایەکەی بەجێهێشت و چوونەوە ماڵێ حەوت برایەکان.»

کە سەرخزمەتکار زانی نیگاری جوان و شۆخ و شەنگ دووبارە زیندوو بۆتەوە و چۆتەوە ماڵێ حەوت برایان ڕاستە و ڕێ گەڕایەوە لای گوڵنازێ خانمی و ئەوەی بیستبووی پێی گوت. گوڵناز دەستوبرد هەموو جادووگەرەکانی ئەو ناوەی کۆکردنەوە و گوتی:

«هەر یەکێک لە ئێوە بتوانێ نیگاری جوان و شۆخ لە ناو بەرێ بەقەدەر قورسایی خۆی پارە و زێڕی دەدەمێ.»

چاوی برسی و چاوچنۆکی جادووگەران زیت بوونەوە و یەکێک لەوان زوو هەڵیدایە و گوتی:

«من دەیکوژم.»

جادووگەر بەرگێکی سواڵکەرانەی لەبەر کرد و گۆچانێکی تاو دایە و بەشەلە شەل بەرەو کێوی بێستوون وەڕێ کەوت. کاتێ گەیییە ماڵی حەوت برایەی دەستی بەناڵە و هاوار و داد و بێدادی کرد و گوتی:

«دەو دنیا پان پۆڕ و بەرینەیدا بێکەس و بێدەر خۆم، خێرتان دەگاتێ بمگەنێ و بەزەیییەکتان پێمدا بێتەوە!»

کە نیگاری جوان و شۆخ چاوی وێ کەوت دوو دڵ بوو، هەمان ئەو جادووگەرەی وەبیر هاتەوە کە ئەو بەڵا گەورەی بەسەر هێنا. لە دڵی خۆیدا گوتی:

«خودایە، ئەوەش یەک لەو جادووگەرانەیە کە لەگەڵ ئەو جادووگەرەی دی دەڵێی سێوێکن و لەت کراون.»

کە جادووگەر گوێی لەو قسانە بوون گۆچانەکەی بڵند کرد تا لەسەری نیگارێی دا، بەڵام هەر لەو وەختەیدا ڕاست، هەر حەوت برا گەیشتنێ و پێش ئەوەی جادووگەر بتوانێ چ کەتنان بکا، پارچە پارچەیان کرد. دوای بەرتەرەف بوونی ئەو تەلەزگەیەش نیگاری جوان و شۆخ لەگەڵ هەر حەوت برا و هاوسەرەکەیدا بەخۆشی کەوتنە ژیان بەسەر بردنێ.





ڕۆژێکی نیگار بەهەر حەوت برا و هاوسەرەکەی گوت:

«زۆر غەریبیە دیتنی بابم کردووە، وەرن مەردی چا بن با هەمووماں پێکەوە سەرێکی لە بابم هەڵێنین و دوای ئەوە دێینەوە ئێرە.»

مراد و هەموو برایەکانیش زۆریان پێ چاک بوو. کەژاوەیەکی زێڕینیان هێنا و نیگاریان خستە ناوێ و ئەوانیش ئەسپیان زین کردن و بەرەو شاری وەڕێ کەوتن، ئەو شارەی خواجە ئەبو تالیبی لێ دەژیا.

ئێستاش ئەوان بەتەنێ لە ڕێیەدا بەجێ دەهێڵین و دەچینەوە سەر و سۆراغێ گوڵنازێ گێل و لە خۆبایی.

***

گوڵناز لە سەر ئاو و ئاگران بوو تا جادووگەری پیر دێتەوە، هەر چاوەڕێ بوو، هەموو ڕۆژێ خۆی دەگۆڕی و خۆی لە تەل دەدا و لە بەرانبەر ئاوێنەی ئەفسووناوی ڕادەوەستا و بەردەوام دەیپرسی:

«پێم خۆشە بزانم دە تەواوی دنیایەدا کەسی لە من جوانتری تێدایە یان نا؟»

وەڵام هەمیشە هەر یەک وەڵام بوو:

«بەڵێ هەیە.»

گوڵنازی بەدفەڕ بیری دەکردەوە:

«دیسانەوە نیگار هێشتا هەر زیندووە.»

ئیدی سەری دنیایەی لێ وێک دەهات. جارێکی دیش چووە بەر ئاوێنەی و پرسی:

«پێم خۆشە بزانم داخوا دەو دنیایەیدا کەسێکی دی لەمن جوانتر هەیە؟»

و ئاوێنە دیسانەوە وەڵامی دەداوە: «بەڵێ هەیە.»

گوڵناز هێندە ناڕەحەت بوو لە حەژمەتان هەر ئاوێنەی بڵند کرد و لە تەختی عەردێی کوتا و بەپێیانی کەوتە سەری و ورد و خاشی کرد. ئاوێنە ورد و خاش بوو، بەڵام تێکڕای هەموو پارچەکانی دەیانگوت:

«هەیە... هەیە... هەیە.»

گوڵناز هەر دوو گوێیەکانی خۆی توند توند گرتن و لە ماڵێ وەدەرکەوت. هەر کە گەییە دەرکێ لووت و بزووت لەگەڵ نیگاری جوان و شۆخدا ڕووبەڕوو گەیشتنە یەک. گوڵناز هەر لەگەڵ چاوی بەنیگارێ کەوت قریشکەیەکی لێدا و بەلاداهات و مرد. دەودەمەیدا خواجە ئەبوتالیب گەیشتەوە، دوای ئەو هەموو ساڵانە بەکچەکەی شاد بۆوە و لە ئامێزێی گرت و دەستی بەسەریدا هێنا و هەردووکیان یەکتریان ماچ کرد و فرمێسکی گەرم و سوێری شادییان لە چاوان هەڵوەرین. ئەو جا نیگاری جوان و شۆخ بەباوکی گوت:

«ئەوانە هەر حەوتیان برامن و ئەوەش مێردمە.»

خواجە ئەبوتالیب ئەوانیشی ماچ کرد، کە ئاوڕی دایەوە لاشەی ژنەکەی دیت لەسەر عەردی پان ڕابووە.

نیگار بەباوکی گوت:

«بۆی دڵگیر و ناڕاحەت مەبە، ئەو ژنە بەدفەساڵ و بەدفەڕە هەر بۆ مردنێ چاکە.»

هەر ئەوێ ڕۆژێ گوڵنازیان بەخاک سپارد و لەسەر گۆڕەکەیان نووسی:

«پێم خۆشە بزانم داخوا لەو دنیایەیدا کەس لەمن جوانتر هەیە؟»

نیگاری جوان و شۆخ و برایەکانی و مرادیش هەر هەموویان هەرچی ڕووداو و بەرسەرهات و کارەسات بوو بۆ خواجە ئەبوتالیبیان گێڕایەوە و هەر یەکەش نەفرینێکی بۆ گوڵنازێ نارد.

ڕۆژی یەکشەممە
ڕێکەوتی ١٩٩٩/٢/٢١
وەرگێڕانەکەی بۆ کوردی تەواو بووە

# ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی

تکا لە نووسرانی بەڕێز دەکەین:

*بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانیان لە دەزگای ئاراس تکایە ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن کە پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستانە:*

**یەکەم**: گیروگرفتی پیتی (و).

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوە دەنووسرێ:

١- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت (و: u)

بۆ نموونە: **کورد. کورت. کوشت.**

Kurd. Kurt. Kust

٢- پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ (وو: û )

بۆ نموونە: **سوور. چوو. دوو.**

Sûr. Çû. Dû

٣- پیتی (و)ی کۆنسۆنانت (نەبزوێن). واتە (و: w)

بۆ نموونە: **ئاوایی. وەرە. هاوار. ئاو**

دەنگی (و) لێرەدا هەندێک جار لە زاراوی کرمانجیی سەروودا دەبێ بە دەنگی (ڤ)

Awayî (Avahî). were. Hawar. Av

٤- پیتی (ۆ)ی کراوە. واتە (ۆ: o)

بۆ نموونە: **دۆڵ. گۆڕ. نۆ.**

Dol. Gor. No.

**دووەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی سەرەتای وشە.

هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەست پێ بکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە: **وریا. وڵات. وشە. ورد.**

wirya. wilat. wise. wird.

**سێیەم**: گیروگرفتی پیتی (ی):

نیشانەی (ی) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

١- پیتی (ی)ی بزوێن. واتە (ی: î).

بۆ نموونە: **زەوی –** Zewî

٢- پیتی (ی)ی کۆنسۆنانت. واتە (ی: y)

بۆ نموونە: **یار –** yar



• **سەرنج ١**: پیتێکی (ی)ی بزوێنی فرە کورت هەیە کە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینیدا نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە وەک لە وشەکانی: من – Min ، کن – Kin ، ژن – jin. ئەم نیشانەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا نییە.

• **سەرنج ٢**: نیشانەکانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی کۆنسۆنانت واتە (î) و (y) لە پیتی عەرەبیدا هەردووکیان هەمان نیشانەی (ی)یان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن و لە کاتی بە دوای یەکتر هاتنیاندا دەبێ هەردووکیان بنووسرێن.

وەک: **نییە. چییە. دیارییەکە. زەوییەکە.**

Nîye. Çîye. Dîyarîyeke. Zewîyeke

• **سەرنج ٣**: لە کاتی هاتنی سێ پیتی (ی) بە دوای یەکتردا وەک لە وشەکانی (**ئاواییەکەمان**...) (**کۆتاییەکەی**...) (**وەستاییەکی**...) (**کۆتاییی بە کارەکە هێنا** ) دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن، واتە سێ (ی) بە شێوەی (ییی) بە دوای یەکتردا دێن.

(Westayîyeki....) (Kotayîy be Kareke hêna)

**چوارەم**: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە هەر کوێیەکی وشەدا هات دەبێ بە نیشانەکەیەوە بنووسرێت. واتە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەر (ڕ)ی گرانی نیشانەدارە.

وەک: **ڕۆژ. بڕیار. کەڕ.**

**پێنجەم**: گیروگرفتی پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن (عطف):

پیتی (و)ی بەیەکەوەبەستن، بە شێوەیەکی جیاواز لە وشەی پێش خۆی و پاش خۆیەوە دەنووسرێت و مامەڵەیەکی سەربەخۆی لەگەڵدا دەکرێت.

بۆ نموونە: **من و تۆ. ئارەزوو و وریا.**

• **سەرنج**: لە هەندێک وشەی لێکدراودا پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستن بووە بەشێک لە هەردوو وشە لێکدراوەکە و بە هەموویان وشەیەکی سەربەخۆیان دروست کردووە.

وەک: **کاروبار. دەنگوباس. ئەلفوبێ. هاتوچۆ.**

لەم بارانەدا مامەڵەی سەربەخۆ لەگەڵ پیتی (و)ی بەیەکەوە بەستندا ناکرێت و وشەکە هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت وەک لە نموونەکاندا پێشانمان دا.

**شەشەم**: وشەی ناسادە چ ناو بێ یان زاراوە دەبێ بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە دەنووسرێن. وەک:

ناو: **چەمچەماڵ. بێکەس. دڵشاد. زوورگەزراو. بێخاڵ. ناڵپارێز. میاندواو. کانیکەوە. سپیگرە.**

زاراوە: **ڕێنووس. ڕێپێوان. دەسبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. دەسبازی. وڵاتپارێز. ئازادیخواز. دووشەممە. سێشەممە. پێنجشەممە. یەکسەر. ڕاستەوخۆ. یەکشەوە** (مانگی یەکشەوە).

**حەوتەم**: پیتی (ت) لە کۆتای کار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەشنووسرێت.

وەک: **دێت و دەڕوات** (یان) **دێ و دەڕوا.**

**هەشتەم**: نیسبەت لە زمانی کوردیدا زۆربەی جار بەهۆی پیتی (ی) لە کۆتای ناودا دەکرێت.

وەک: **پێنجوینی. هەولێری.دهۆکی. شێخانی.**

هەروەها ئەم نموونانەی خوارەوە:

ئەحمەدئاوا: **ئەحمەد ئاوایی**

یارمجە: **یارمجەیی.**

تووزخورماتوو: **تووزخورماتوویی.**

شنۆ: **شنۆیی.**

ئاکرێ: **ئاکرێیی** (یان) **ئاکرەیی.**

لادێ: **لادێیی.**

• **سەرنج:** ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی (ی) تەواو دەبن پێویست ناکات (ی)ی نیسبەتیان بخرێتە پاڵ. وەک:

سلێمانی: **کامەران سلێمانی.**

کانیماسی: **حاجی حوسێن کانیماسی.**

ئامێدی: **ئازاد ئامێدی.**

**نۆیەم:** هەر وشەیەکی بیانی چ هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، یان هەر ناو و وشەیەکی تر کە لە نووسینی کوردیدا دێتە پێشەوە، دەبێ بەرێنووسی کوردی بنووسرێت.

وەک: **ئەڵڵا. قەڵەم. ئەکبەر. قاهیرە. ئۆتۆمۆبیل. دۆستویێفسکی.**

**دەیەم:** ئامرازی (تر، ترین) کە بۆ بەراورد بەکاردێن دەبێ بەوشەکانی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن. وەک:

**جوان: جوانتر – جوانترین.**

**خاو: خاوتر – خاوترین.**

• **سەرنج:** ئەم ئامرازەی (تر) جیاوازە لە وشەی (تر) کە بەواتەی (دی، دیکە) دێت. ئەمەی دوایی دەبێ بە جیاواز لە وشەی پێش خۆی دەنووسرێت.

وەک: **ماڵێکی تر، چیی ترم ناوێ.**

**یازدەیەم:** جێناوی نیشانەی وەک: ئەم. ئەو. ئەڤ.

ئەم جێناوانە ئەگەر ئاوەڵکاری (کات – یان – شوێن)یان بەدوادا هات پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

وەک: **ئەمشەو. ئەمڕۆ. ئەڤسال. ئەمجارە. ئەمبەر و ئەوبەر. ئەڤرۆ.**

**دوازدەیەم:** نیشانەکانی نەناسراوی وەک ( ...یەک، ...ێک، ...ەک) بە شێوەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

١– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (...یەک)یان دەخرێتە پاڵ. وەک:

**چیا: چیایەک.**

**زەوی: زەوییەک.**

**وێنە: وێنەیەک.**

**دێ: دێیەک.**



٢– ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو) یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواو بووبن ئەوا نیشانەی (ێک – لە کرمانجیی خواروو) و نیشانەی (ەک)یان لە کرمانجیی سەروودا دەچێتە سەر.

**خانوو: خانووێک، خانووەک**

**گوند: گوندێک** (کرمانجیی خواروو)، **گوندەک** (کرمانجیی سەروو).

**ژن: ژنێک** (کرمانجیی خواروو)، **ژنەک** (کرمانجیی سەروو).

**سێزدەیەم:** گیروگرفتی پاشگرەکانی (دا. ڕا. وە. ەوە)

ئەم پاشگرانە بە وشەکانی پێش خۆیانەوە دەلکێنرێن. وەک:

دا: **لە دڵدا** (هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی کەن). (خەمێکم لە دڵدایە).

ڕا: **لە ئامێدیڕا** (لە وێڕا بەپێ هاتووین). (لە خۆڕا دڵی گۆڕاوە).

وە: لە چوارچراوە (لە وێوە هاتووین).

ەوە: بە ماڵەوە (بە ماڵەوە ڕۆیشتین).

(جارێکی تر نووسیمەوە). (خانووەکەم کڕییەوە).

• **سەرنج:** پاشگری (دا) جیایە لە وشەی (دا) کە فرمانە و چاوگەکەی (دان)ە.

وەک: **تیرێکی لە دڵی دا. تیرێکی لە دڵی داوم.** ئەم (دا)یەی فرمان بەجیا دەنووسرێ.

**چواردەیەم:** گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ. دا. ڕا. وەر. دەر)

١– ئەم پێشگرانە کاتێ دەچنە سەر چاوگ یان فرمان یان هەر حاڵەتێکی تر، پێیانەوە دەلکێن بەمەرجێ جێناوی لکاو نەکەوتبێتە نێوان پێشگر و وشەکەی دوای خۆی. وەک:

* چاوگ:

**هەڵ: هەڵکردن. هەڵگرتن. هەڵکورمان. هەڵکێشان.**

**دا: دابڕان. داخستن. داڕمان. داکردن.**

**ڕا: ڕاگرتن. ڕاکێشان. ڕاپەرین.**

**وەر: وەرگرتن. وەرسووڕان.**

**دەر: دەرکردن. دەرهێنان.**

* فرمان:

**هەڵ: هەڵگرە. هەڵمەخە. هەڵکشێ.**

**دا: دانێ. دامەبڕە.**

**ڕا: ڕاکێشە. ڕامەپەڕێنە.**

**وەر: وەرگرە. وەرسووڕێنە.**

**دەر: دەربێنە. دەرخە.**

* حاڵەتی تر. وەک:

**هەڵکشاو. هەڵنەکشا. دانراو. ڕاپەڕیو. ڕانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.**

٢– ئەگەر جێناوی لکاو کەوتە نێوان پێشگر و فرمانەکەی دوای خۆی ئەوا بەجیا دەنووسرێن و جێناوەکە بە پێشگرەوە دەلکێنرێ.

**هەڵ: هەڵم گرن. هەڵیان کەن. هەڵمان کێشن. هەڵمان مەواسن.**

**دا: دامان نەنایە. دایان خەن. دای بڕە.**

**ڕا: ڕایان دەگرین. ڕام کێشە. ڕام پەڕێنە. ڕاشیان پەڕێن.**

**وەر: وەرمان گرتایە. وەری نەگری. وەریان سووڕێنەوە.**

**دەر: دەریان پەڕاندین. دەری خە.**

**پازدەیەم:** گیروگرفتی وشەی لێکدراو.

ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بەجیا دەنووسرێن:

**ڕێک دەکەوین. پێکیان هێنایەنەوە. پێک نەهاتین. یەکیان نەگرتووە. دەستمان نەکەوت.**

بەڵام ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو ئەوا هەردوو وشەکەوە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: **ڕێککەوتن. پێکهاتن. یەکگرتن. دەسخستن. یەکگرتوو. دەسکەوتوو. پێکهاتە.**

**شازدەیەم:** ئامرازی (ش)ی تەئکید کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە دەبێ بە بەشێک لە وشەکە و نابێ بە هۆی لەتبوونی وشەکە. وەک: **بشتەوێ ناتدەمێ. نەشخۆی.** گوتی دێم... **نەشهات. نەشمانگرتن. بشمانبەن.**



# ناوەڕۆک

پێشدەستی ..... 5
لوقمانی حەکیم- ئەفسانەیەکی ئەرمەنییە ..... 9
بەسەرهاتی مانگا سووری- ئەفسانەیەکی ئەرمەنییە ..... 14
ئوخیک- ئەفسانەی ئەرمەنی ..... 20
کچی خۆر- ئەفسانەی گورجی ..... 25
گوڵی ئیژوان- ئەفسانەی گورجی ..... 36
ئەو دێوەی ویستی کوڕی ئاشەوانی بکوژێ- ئەفسانەی گورجی ..... 43
بەسەرهاتی هەتیوێک- ئەفسانەی ئازەری ..... 51
بولبولی ئازەران- ئەفسانەیەکی ئەرمەنییە ..... 66
کوڕی پاشا و ڕێوی فەرماندە- ئەفسانەی گورجی ..... 86
ئانائیت- ئەفسانەی ئەرمەنی ..... 96
برایم- ئەفسانەی ئازەری ..... 108
ئەمیران- ئەفسنەی گورجی ..... 132
کچێ بازرگانی و حەوت برا- ئەفسانەی ئازەری ..... 144